حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی کۆمەڵناسی

# بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە کۆمەڵناسیدا

لەلایەن خوێندکار

نیاز عزالدین محمد

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د.عالیە فەرەج موستەفا

٢٧٢٢کوردی ٢٠٢٢زاینی ١٤٤٣کۆچی

## بڕیاری لیژنەی سەرپەرشتیار

ئەم تێزەی خوێندکار ( نیاز عزالدين محمد) بە ناونیشانی (بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی) بەسەرپەرشتی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە ، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە کۆمەڵناسیدا، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ

سەرپەرشتیار: د. عالية فرج مصطفى

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار: ٩ / ٦ / ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

واژۆ

ناو: د. أمير خدا كرم

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

بەروار: ١٩ / ٧ / ٢٠٢٢

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم تێزەی خوێندکار (نیاز عزالدين محمد)بەناونیشانی (بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی)خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا بە پلەی(                )بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە کۆمەڵناسیدا پێ بدرێت.

واژۆ
ناو : د.حسين إسماعيل علي
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە
بەروار ١٩ / ٧ / ٢٠٢٢

واژۆ
ناو:د. کەژاڵ حسێن محمد
پلەی زانستی:پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار ١٩ / ٧ / ٢٠٢٢

واژۆ
ناو: د.شهلا ولي جبار
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار ١٩ / ٧ / ٢٠٢٢

واژۆ
ناو:د. هەتاو کریم خدر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار ١٩ / ٧ / ٢٠٢٢

واژۆ
ناو:د. توانا فريدون حسين
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار ١٩ / ٧ / ٢٠٢٢

واژۆ
ناو:د. عالية فرج مصطفى
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار ١٩ / ٧ / ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان /زانکۆی سلێمانی

واژۆ
ناو: د.إبتسام إسماعيل قادر
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
پلەی زانستی:پرۆفیسۆری یاریدەدەر
بەروار ١٦ / ٨ / ٢٠٢٢

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

ئەم نامە/ تێزەی خوێندکار(  نیاز عزالدين محمد) کەناونیشانی بریتییە لە (بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی) پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆکراوە ئەو هەڵانەشی کە تێیدا بووە ڕاستکراوەتەوە بەوەش نامە/تێزەکەی لە ڕووی زمانەوانی و شێوازی دەبڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژۆ

ناو:

ڕێکەوت:     /     /٢٠٢٢

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

ثُمَّ جَعَلْنَاكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ مِن بَعْدِهِمْ لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ

صدق الله العظيم

سورة يونس –الاية (١٤)

## پێشکەشکردن

- به دایك و باوکی خۆشەویست و ئازیزم.
- هاوسەری خۆشەویستم کە هاندەر و پاڵپشتم بوو لە تەواوکردنی ئەم تێزەدا .
- بە مناڵە چاوگەشەکانم .
- بەخوشك وبرا دڵسۆزەکانم
- سەرجەم ئەو مامۆستایانەی کە بە ووشەیەك فێریانکردووم و هاوکارم بوون .
- بە ئەو بەڕێزانەی ڕێکخراوە دەستنیشانکراوەکانی ناو تێزەکەم کە هاوکاری تەواویان کردم بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان.

توێژەر

نیاز عزالدین محمد

## سوپاس و پێزانین

(سوپاس بۆ خوای گەورە و پەروەردگار کە ئەم کارەی بۆ ئاسانکردم )

پاشان سوپاسی بێ پایانم بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی کە دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنی بالاّ- دکتۆرا- بۆ ڕەخساندین.

سوپاسی تایبەتم بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێز(**پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. عالیە فەرەج موستەفا**) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم تێزەی گرتە ئەستۆ کە هەمیشە ڕێنیشاندەر و یارمەتیدەرێکی بەردەوام بووە لەم کارە زانستیەدا بە سەرنج و تێبینیە بەپێز و بەسوودەکانی هەرلەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی و گەیشتن بە ئەنجامەکانی.

سوپاس و پێزانین بۆ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەتایبەت ڕاگری کۆلێج (**پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. إبتسام ئیسماعیل قادر** ) کە هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەرمان بووە ، هەروەها سوپاس بۆ بەشی کۆمەڵناسی و سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی پێشوو(**پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. کەژاڵ حوسێن محەمەد**) و سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی لە ئێستادا (**د. ئەمیر خودا کەرەم**).

سوپاس بۆ فەرمانبەرانی کتێبخانەی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ و کتێبخانەی گشتی و کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەدین بۆ هەموو هاوکاریکردنێکیان.

سوپاس بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر **د. توانا فەرەیدون حسێن** و **د. پەروین ئەبوبەکر** و **د. شیلان علی عارف** و **م. سورێن أبوبکر عبداللە** بۆ هاوکاریکردنم لە پێدان و بەخشینی زانیاری و کتێب تایبەت بەم تێزەم.

**توێژەر**

**نیاز عزالدین محمد**

## پێڕستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| أ | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| ب | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| ج | بڕیاری لیژنەی زمانەوانی |
| د | قورئانی پیرۆز |
| ه | پێشکەشکردن |
| و | سوپاس وپێزانین |
| ز-ك | پێڕستی بابەتەکان |
| ل-ع | پێڕستی خشتەکان |
| ف | پێڕستی پاشکۆکان |
| ١-٤ | پێشەکی |
| ٥-١٩٣ | دەروازەی یەکەم/ لایەنی تیۆری |
| ٦-٢٨ | بەشی یەکەم / ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمکەکان |
| ٧-٩ | باسی یەکەم / ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە |
| ٧ | یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە |
| ٧ | دووەم: گرنگی توێژینەوەکە |
| ٨ | سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە |
| ٨-٩ | چوارەم: ئاستەنگی توێژینەوەکە |
| ١٠-٢٨ | باسی دووەم /ناساندنی چەمکەکان |
| ١٠-١٣ | یەکەم: شار |
| ١٣-١٥ | دووەم: شارنشینی و ژینگەی شارنشینی |
| ١٥-١٦ | سێیەم: گەشەی شارنشینی |
| ١٦-٢٠ | چوارەم: بەشاریبوون |
| ٢٠-٢١ | پێنجەم: مەدەنییەت |
| ٢١-٢٥ | شەشەم: هۆشیاریی |
| ٢٥-٢٧ | حەوتەم: کۆمەڵگەی مەدەنی |
| ٢٧-٢٨ | هەشتەم: کۆچکردن |

| | |
|---|---|
| باسی سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو | ٢٩-٤١ |
| یەکەم: توێژینەوە کوردستانییەکان | ٢٩-٣١ |
| دووەم:توێژینەوە عێراقییەکان | ٣١-٣٣ |
| سێیەم: توێژینەوە عەرەبییەکان | ٣٣-٤٠ |
| باسی چوارەم : تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو | ٤٠-٤١ |
| بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە | ٤١-١٠٢ |
| باسی یەکەم: ڕاڤەکردنی ئاڕاستە هزرییەکان بۆ شیکردنەوەی بەشاریبوون | ٤٣-٨٠ |
| دەستپێك | ٤٣ |
| یەکەم: ئاڕاستەی مێژوویی | ٤٣-٤٧ |
| دووەم: ئاڕاستەی دەروونی-کۆمەڵایەتی | ٤٧-٥٤ |
| سێیەم: ئاڕاستەی دانیشتوانی(دیمۆگرافی) | ٥٥-٥٦ |
| چوارەم: ئاڕاستەی ڕێکخستن | ٥٦-٦٠ |
| پێنجەم: ئاڕاستەی ئیکۆلۆژی کۆن | ٦٠-٦٩ |
| یەکەم: تیۆری ئەستێرەی دەریا | ٦٢-٦٣ |
| دووەم: تیۆری بازنەی یەك ناوەند | ٦٣-٦٧ |
| سێیەم:تیۆری کەرتبوونی هومر هوایت | ٦٧-٦٨ |
| چوارەم: تیۆری شاری چەند ناوکی هاریس و ئۆلمان | ٦٨-٦٨ |
| شەشەم: ئاڕاستەی ئیکۆلۆژی نوێ | ٦٩-٧١ |
| حەوتەم: ئاڕاستەی کولتووریی شارنشینی | ٧١-٧٣ |
| یەکەم: تیۆری لویس وێرس: شارنشینی وەکو شێوازێك بۆ ژیان | ٧١-٧٢ |
| دووەم: تیۆری بەیەکگەیەنراوی لادێ و شار | ٧٢-٧٣ |
| هەشتەم:ئاڕاستەی بەهای کولتووریی | ٧٣-٧٤ |
| نۆیەم: ئاڕاستەی سیاسی و کارگێڕی | ٧٤-٧٥ |
| دەیەم: ئاڕاستەی ئابوری | ٧٥ |
| یانزەیەم: ئاڕاستەی تەکنەلۆژی | ٧٥-٧٧ |
| دوانزەیەم:ئاڕاستەی ڤەیبەری نوێگەری | ٧٧-٧٨ |
| سیانزەیەم: ئاڕاستەی مارکسی نوێگەری | ٧٨ |
| پوختەی ئاڕاستە هزریەکانی شیکردنەوەی بەشاریبوون | ٧٩-٨٠ |
| باسی دووەم:بەشاریبوون لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکاندا | ٨١-٩١ |

| | |
|---|---|
| دەستپێك | ٨١ |
| یەكەم: جۆری بەشاریبوون لە دەوڵەتی تازەپێگەیشتوودا: ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەكی | ٨١-٨٦ |
| دووەم: جۆری بەشاریبوون لە دەوڵەتی تازە پێگەیشتوودا: هۆكار و ئاماژەپێدەرەكانی | ٨٦-٩٠ |
| پوختە | ٩١ |
| باسی سێیەم: بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی لە دەوڵەتە پێشكەوتووەكاندا | ٩٢-١٠٢ |
| دەستپێك | ٩٢ |
| یەكەم: بەشاریبوون و شارنشینی لە دەوڵەتە پێشكەوتووەكاندا و ئاماژەپێدەرەكانی | ٩٢-٩٤ |
| دووەم: بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی لە دەوڵەتە پێشكەوتووەكاندا: هۆكارەكان | ٩٥-١٠٠ |
| پوختە | ١٠١-١٠٢ |
| بەشی سێیەم/پەیوەندی نێوان فرەیی سیاسی و هۆشیاریی مەدەنی | ١٠٣-١٤٩ |
| باسی یەكەم: خستنەڕووی چەمكی فرەیی سیاسی و هۆكارە كاریگەریەكان لە ئاڕاستەكردنیدا | ١٠٤-١٢٠ |
| دەستپێك | ١٠٤-١٠٥ |
| یەكەم: چەمكی فرەیی | ١٠٥-١٠٦ |
| دووەم:چەمكی فرەیی سیاسی | ١٠٦-١١٣ |
| سێیەم: هۆكارە كاریگەرەكان لە ئاڕاستەكردنی فرەیی سیاسی | ١١٤-١١٨ |
| پوختە | ١١٩-١٢٠ |
| باسی دووەم: میكانیزمی فرەیی سیاسی و هۆشیاریی سیاسی | ١٢٠-١٣٧ |
| دەستپێك | ١٢٠ |
| یەكەم: دیموكراسی | ١٢٠-١٢٦ |
| دووەم: بەشداریكردنی سیاسی | ١٢٧-١٣١ |
| سێیەم: ئاڵوگۆڕی ئاشتییانە بۆ دەستەڵاتەی سیاسی | ١٣١ |
| چوارەم: ڕێزگرتن لەماف و سەربەستییەكان | ١٣٢-١٣٤ |
| پێنجەم: سستمی سیاسی نوێنەرایەتی(التمثيلي) | ١٣٤-١٣٦ |
| پوختە | ١٣٧ |
| باسی سێیەم: پەیوەندی نێوان فرەیی پارتی سیاسی و هۆشیاریی مەدەنی | ١٣٨-١٤٩ |
| دەسپێك | ١٣٨ |
| پوختە | ١٤٨-١٤٩ |
| بەشی چوارەم/هۆكارە كاریگەرەكان لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی | ١٥٠-١٩٣ |
| باسی یەكەم: هۆكارە كاریگەرەكانی كۆچ و جۆرەكانی | ١٥١-١٦١ |
| دەستپێك | ١٥١ |

| | |
|---|---|
| یەکەم: جۆرەکانی کۆچ | ١٥١-١٥٤ |
| دووەم: گرنگترین هۆکارەکانی کۆچ | ١٥٤-١٦١ |
| باسی دووەم: پەیوەندی نێوان گەشەی سالأنەی کۆچ و بەشاریبوون | ١٦٢-١٨٠ |
| دەستپێك | ١٦٢ |
| یەکەم: کاریگەری گەشەی دیمۆگرافی و سالأنەی کۆچ لەسەر بەشاریبوون | ١٦٣-١٧٠ |
| دووەم: کاریگەری کۆچ لەسەر تێکەڵبوونی کولتووری | ١٧٠-١٧٧ |
| پوختە | ١٧٨-١٨٠ |
| باسی سێیەم: پەیوەندی نێوان بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی | ١٨٠-١٩٣ |
| دەستپێك | ١٨٠-١٨١ |
| یەکەم: پەیوەندی نێوان بەشاریبوون و هۆشیاری مەدەنی | ١٨١-١٨٦ |
| دووەم: خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | ١٨٦-١٩١ |
| پوختە | ١٩٢-١٩٣ |
| دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی | ١٩٤-٢٨٢ |
| بەشی پێنجەم/ چوارچێوەی میتۆدی و ڕێکارە مەیدانییەکەی توێژینەوەکە | ١٩٥-٢١٠ |
| باسی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە | ١٩٦-١٩٩ |
| یەکەم: میتۆدی ڕووپێوی کۆمەلأیەتی | ١٩٦-١٩٧ |
| دووەم: بەراووردکاریی | ١٩٧-١٩٨ |
| سێیەم: توێژینەوەی چۆنێتی | ١٩٨ |
| چوارەم: میتۆدی تێکەلأو | ١٩٨-١٩٩ |
| پێنجەم: میتۆدی شیکاری تەوەرەیی(المحوري) | ١٩٩ |
| باسی دووەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە | ١٩٩-٢١٠ |
| یەکەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ١٩٩ |
| دووەم: نموونەی توێژینەوەکە و قەبارە و جۆرەکەی | ١٩٩-٢٠٠ |
| سێیەم:دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەکە | ٢٠٠-٢٠١ |
| چوارەم:ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | ٢٠١-٢١٠ |
| بەشی شەشەم/ ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی | ٢١١ |
| باسی یەکەم: خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە | ٢١٢-٢١٧ |
| باسی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنی | ٢١٧-٢٥٢ |
| بەشی حەوتەم / خستنەڕووی زانیاری تایبەت و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانیەکە | ٢٥٣-٢٨٢ |
| باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیاری تایبەت بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپیەکە | ٢٥٤-٢٧٢ |

| | |
|---|---|
| باسی دووەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ٢٧٩-٢٧٣ |
| باسی سێیەم: پێشنیاز و ڕاسپاردەکان | ٢٨٢-٢٨٠ |
| سەرچاوەکان | ٣٠٦-٢٨٣ |
| پاشکۆکان | ٢٢٧-٣٠٧ |
| پوختەی تێزەکە بە زمانی عەرەبی | أ-د |
| پوختەی تێزەکە بە زمانی ئینگلیزی | A-D |


## پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ئەو گۆڕاوانەی بۆ پێوانەی پلەی بەشاریبوون دانراون لەلایەن ڕێدفێڵدەوە | ٦٠-٥٩ |
| ٢ | ژمارەی دانیشتوانی ١٠گەورە پایتەختی جیهان لە نێوان ١٩٥٠-٢٠٠٠(بە ملیۆن) | ٨٦-٨٥ |
| ٣ | ڕێژەی شارنشینان بە گوێرەی ناوچەکان و مەزندەکانی داهاتوو(٪) | ٨٧ |
| ٤ | پەرەسەندنی دانیشتوانی شار وەکو دانیشتوانی عێراق و هەندێ دەوڵەتی عەرەبی لەماوەی (١٩٩٠-٢٠٠٩) | ١٦٦ |
| ٥ | تێکڕای گەشەی ساڵانەی بۆ کۆچ (ڕێژەی سەدی) | ١٦٨ |
| ٦ | ڕوونکردنەوەی ڕێژەی سەدی پەسەندی بڕگەکان بەپێی شارەزایان دەردەخات | ٢٠٤-٢٠٣ |
| ٧ | توانای جیاکاری بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ بڕگەکانی تەوەرەی (کۆچ، فرەیی، ڕێکخراوەکان، دیاردەپەیوەستەکان) | ٢٠٥ |
| ٨ | هاوکۆلکەی پەیوەستی بڕگەکان لەگەڵ تەوەرەکاندا دەردەخات | ٢٠٧-٢٠٦ |
| ٩ | هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ | ٢٠٧ |
| ١٠ | دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز | ٢١٢ |
| ١١ | دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی تەمەن | ٢١٣ |
| ١٢ | دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوونی | ٢١٤-٢١٣ |
| ١٣ | دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی باری خێزانی | ٢١٤ |
| ١٤ | دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی ئاستی خوێندن | ٢١٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی کارکردن لەڕێکخراوەکاندا | ٢١٦ |
| ١٦ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و کاریگەری کۆچکردنی ناوخۆیی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون | ٢١٧ |
| ١٧ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و کاریگەری کۆچکردنی دەرەکی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون | ٢١٩ |
| ١٨ | دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات بەپێی جۆری کاریگەری لەسەر خاوبوونەوەی پرۆسەی بەشاریبوون | ٢٢٠ |
| ١٩ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەی ڕاستەقینەی نموونەکەو کاریگەری کۆچکردنی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون | ٢٢٠ |
| ٢٠ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکەو کاریگەری کۆچکردن لەسەر تێکەڵبوونی کولتووری | ٢٢٢ |
| ٢١ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکەو کاریگەری تێکەڵبوونی کولتووری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی | ٢٢٣ |
| ٢٢ | تاقیکردنەوەی دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ تەوەرەکانی (کۆچ ، فرەیی ، ڕێکخراوەکان ، دیاردەکان)بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی بەدەردەخات | ٢٢٦ |
| ٢٣ | تاقیکردنەوەی ئاماری شیکاری (ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری تەوەرەی (کۆچ)لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی بەپێی کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا دەردەخات | ٢٢٨ |
| ٢٤ | تاقیکردنەوەی ئاماری (LSD)کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا بۆ کاریگەری تەوەرەی کۆچ لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەخات | ٢٢٩ |
| ٢٥ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکەو ڕۆڵی فرەیی ڕامیاری لە گەشەکردنی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا | ٢٣١ |
| ٢٦ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکەو کاریگەری بەشداریکردنی ئافرەتان لەبواری سیاسەتدا لەناو پارتە جیاوازەکاندا لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی | ٢٣٢ |
| ٢٧ | ڕیزبەندی کارو چالاکی پارتی سیاسی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا | ٢٣٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٨ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە کاریگەری ڕۆڵی هەماهەنگی پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لای تاکی کورد | ٢٣٤ |
| ٢٩ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکەو ڕۆڵی فرەیی سیاسی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مەدەنی لای تاکی کورد | ٢٣٥ |
| ٣٠ | خشتەی تاقیکردنەوەی ئاماری شیکاری (ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری تەوەرەی (فرەیی سیاسی)لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی بە پێی کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا | ٢٣٦ |
| ٣١ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە ڕۆڵی ڕێکخراوە ناوچەییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا | ٢٣٧ |
| ٣٢ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە ڕۆڵی ڕێکخراوە جیهانییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا | ٢٣٨ |
| ٣٣ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە ڕۆڵی ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا | ٢٣٩ |
| ٣٤ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە کاریگەری فۆڕمی چالاکی ڕێکخراوە ناوچەییەکان لەسەر بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستان | ٢٤١ |
| ٣٥ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە کاریگەری فۆڕمی چالاکی ڕێکخراوە جیهانییەکان لەسەر بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستانی | ٢٤٢ |
| ٣٦ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە ڕۆڵی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناوچەییەکان و جیهانییەکان لە خێراکردنی پڕۆسەی بەشاریبوون لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا | ٢٤٣ |
| ٣٧ | تاقیکردنەوەی ئاماری شیکاری (ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری تەوەرەی (ڕێکخراوەکان) لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەخات | ٢٤٤ |
| ٣٨ | تاقیکردنەوەی ئاماری (LSD)کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا بۆ کاریگەری تەوەرەی ڕێکخراوەکان لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەخات | ٢٤٥ |

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ٣٩ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە هاوکاری دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی | ٢٤٧ |
| ٤٠ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە کاریگەری زیادبوونی چڕی دانیشتوانی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون | ٢٤٧ |
| ٤١ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە کاریگەری بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیای پەیوەندی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا | ٢٥٠ |
| ٤٢ | کاریگەری زیادبوونی چڕی دانیشتوان لای نموونەی توێژینەوەکە بەدەردەخات | ٢٥١ |
| ٤٣ | تاقیکردنەوەی ئاماری شیکاری (ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری تەوەرەی (دیاردە پەیوەستەکان) لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی | ٢٥٢ |


## پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆکان | ناونیشانی پاشکۆ | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ئاماری مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی | ٣٠٨ |
| ٢ | ناوەندی ژمێرەیی لیکارت | ٣٠٩-٣١١ |
| ٣ | ناوی شارەزایانی هەڵسەنگێنەر بۆ دروستی پرسیارەکان | ٣١٢ |
| ٣ | فۆڕمی پرسیارنامە | ٣١٣-٣٢٥ |
| ٤ | پەسەندکردنی ڕای شارەزایان بەڕێگەی لاوشی | ٣٢٦ |
| ٥ | پێوانەی بۆ قبوڵبوون یان قبوڵنەبوونی هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ | ٢٢٧ |

# پێشەکی

دیاردەی بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی دیاردەیەکی بەربلاّون لەسەر ئاستی کۆمەڵگە جیاوازەکان کە هۆکار و کاریگەرییەکانیشیان جیاوازن بە جیاوازی مێژووی دروستبوونیان، جیاوازی ئەم گەشەیە لەسەر ئاستی دەوڵەتەکانیشدا بە ئاسانی تێبینیدەکرێت .

دیاردەی بەشاریبوون دیاردەیەکی جیهانی و گشتگیرە، و پرۆسەیەکە کە کۆمەڵگە تیایدا لەشێوەیەکی سادەوە دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی ئاڵۆز، واتە گۆڕانی ڕیشەیی دروست دەکات لە بونیادی کۆمەلاّیەتییدا، ئەمەش بەهۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە بوو کە کۆچی لادێنشینی بۆ ناوچەیەکی شارنشینی دروست کرد بەمە وایکرد زیادبوونی چڕی دانیشتوان و جۆرێك لە نەگونجانی کۆمەلاّیەتی و ئالّۆزبوونی سیستمەکان تیایدا ڕوودبدات.

دیاردەی بەشاریبوون یەکێکە لە گرنگترین ڕووکارەکانی گۆڕانی کۆمەلاّیەتی لە ئێستادا، هەر ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی گشتی شێوەیەکی دینامیکی هەیە لە دەوڵەتە تازە پێشکەوتووەکاندا و زیاتر هەستیپێدەکرێت بەوەی ڕێژەی چڕی دانیشتوانەکەی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ڕووی لە زیادبوونە کە ئەمانە دەبنە هۆی دروستبوونی گرفتی کۆمەلاّیەتی لەسەر ئاستی ناوچە جیا لەیەکەکاندا.

دیاردەی بەشاریبوون لە بابەتە گرنگەکانە کە لە گرنگی پێدانی کۆمەڵگەکانەوە بووەتە یەکێك لە دیاردە سەرەکییەکانی سەردەم، ئەم گرنگیپێدانەش لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکان و هۆشیاریی بەشاریبوون و چالاکی ئەو کۆمەڵگەیانەوە دەوەستێت، هەروەها تاچەندە دەتوانن لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا بڕۆن کە سوودی بۆ کۆمەڵگەکە هەیە لە بەرەو پێشچوونی ژینگەیەکی شارنشینییدا.

ژیانی شارنشینیش ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ چوونە ناو قۆناغێکی نوێ ترەوە کە کۆمەڵگەی مەدەنییەتە، هەر بوونی ئەم شێوە ژیانە وادەکات مافە ڕەواکانی تاکەکان دەستەبەربکرێت بەهۆی بوونی بەژداریکردنیان لە هەموو کایەکانی ژیانە کۆمەلاّیەتییەکەدا لە ڕێگەی فۆڕمە جیاوازەکانی چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە .

گرنگیدان بە بابەتی بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی لەلایەن زۆرێك لە دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان و دامودەزگا ئەکادیمییەکان لە ڕێگەی کۆنفرانس و خولەکانەوە پرسێکی سەرەکی بووە بۆ خستنەڕووی پەرەسەندنی شار و شارنشینی، سەرەڕای ئامادەکردن و پێشکەش کردنی خولی ڕاهێنانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لە کۆمەڵگەکاندا بۆ ئەو چەمکانەی کە وابەستەن بە پەرەسەندنی شار و بەشاریبوونەوە، هەروەك هەڵسوکەوتی شار و شارنشینی و بەهای لێبوردەیی دیموکراسییەت  و هاوکاری و هۆشیاریی مەدەنی کە ئەم چەمکانە و بەدەستهێنان و ناسینیشیان دەستنیشانی  پەرەسەندنی ئاستی هۆشیاریی و بەشاریبوونیان دەکات.

زیادبوونی ئەو هۆشیارییەش لای تاکەکان وابەستەیە بە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە کە لەخۆگری سیستمێکی پەروەردەییە لە کۆمەڵگەدا، کە تاکو چەندە ئەو سیستمە کاریکردووە بۆ برەودان بە کۆمەڵگەکە و تاکەکانی ناویشی لە ڕێگای ئەو پرۆگرامانەوە کە دارشتەیکردووە بۆیان کە ئەمانیش بەستراونەتەوە  ڕاستەوخۆ بە سستمە ڕامیاریەکەوە، کەوادەکات ناسینی بەشاریبوون و بەرزی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی بخاتەڕوو.

بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەو پەیوەندییە لەنێوان بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی لای تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بدۆزرێتەوە لەڕێگەی ئەو گۆڕاوانەوە کە کاریگەری کردۆتەسەر دۆخی کۆمەڵگەکە، ئەمانەش وایانکردووە کاریگەری دیاری خۆیان هەبێت لەسەر دیاردەی بەشاریبوونی کۆمەڵگەکە.

دەرکەوتنی دیاردەی بەشاریبوون و ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا ڕووبەڕووی ئاڵۆزی و زیادبوونی گیروگرفتەکان بۆتەوە بەوەی زیادبوونی چڕی دانیشتوانی بەهۆی هەردوو کۆچی ناوخۆیی و دەرەکییەوە وایکردووە بەشێوەیەکی هەڕەمەکییانە و بێ پلان زیاد بکات و کاریگەری ئەمانەش وادەکات ئاستی بەشاریبوون خاوبکاتەوە، سەرەڕای کاریگەری فرەیی پارتە ڕامیاریەکانیش لەسەر دۆخی کۆمەڵگەکە و دیاردە پەیوەستەکانیش بەهەمان ئاڕاستە.

تێزەکە پێکدێت لە دوو دەروازە، دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆرییە و چوار بەش لەخۆدەگرێت، بەشی یەکەم پێکدێت لە چوار باس، باسی یەکەم ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە واتە کێشە

وگرنگی و ئامانج و ئاستەنگەكانی توێژینەوەكە، باسی دووەم چەمكەكانی توێژینەوەكەیە كە پێكهاتووە لەچەند چەمكێك لەوانە: شار، شارنشینی و ژینگەی شارنشینی، گەشەی شارنشینی، بەشاریبوون، هۆشیاریی، كۆمەڵگەی مەدەنی، كۆچكردن، لەباسی سێیەمدا توێژینەوەكانی پێشوو خراونەتەڕوو كە ژمارەیان (٩) توێژینەوەیە و دابەشبوون بۆ توێژینەوە: كوردستانییەكان و توێژینەوە عێراقییەكان و توێژینەوە عەرەبییەكان و توێژینەوە بیانییەكان، لەباسی چوارەمدا توێژینەوەكانی پێشوو تاوتوێكراون.

بەشی دووەمیش سێ باس دەگرێتەوە لە باسی یەكەمدا ڕاڤەكردنی ئاڕاستە هزرییەكانە بۆ شیكردنەوەی بەشاریبوون كە تیایدا كۆمەڵێك ئاڕاستە خراونەتەڕوو كە پەیوەندیدارن بە بابەتی توێژینەوەكەوە، لە باسی دووەمدا باس لە بەشاریبوون لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەكاندا لە ڕووی ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەكییەوە كراوە پاشان لە ڕووی هۆكار و ئاماژەپێدەرەكانیشیەوە، لە باسی سێیەمدا بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی لە دەوڵەتە پێشكەوتووەكاندا لە ڕووی ئاماژەپێدەرەكان و هۆكارەكانەوە خراوەتەڕوو.

لە بەشی سێیەمدا سێ باس دەگرێتەوە لە باسی یەكەمدا چەمكی فرەیی ڕامیاری و هۆكارە كاریگەرەكانی لە ئاڕاستەكردنی ڕامیاریدا خراوەتەڕوو، لەباسی دووەمدا باس لە میكانیزمی فرەیی ڕامیاری و هۆشیاریی ڕامیاری كراوە لەوانە: دیموكراسیەت، بەشداریكردنی ڕامیاری، ئاڵوگۆڕی ئاشتییانە بۆ دەسەلاتی ڕامیاری، ڕێزگرتن لە ماف وسەربەستییەكان، سیستمی ڕامیاری نوێنەرایەتی، لەباسی سێیەمدا باس لە پەیوەندی نێوان فرەیی ڕامیاری و هۆشیاریی مەدەنی كراوە.

بەشی چوارەم سێ باس دەگرێتەوە، لە باسی یەكەمدا هۆكارە كاریگەرەكانی كۆچ و جۆرەكانی خراوەتەڕوو، لەباسی دووەمدا پەیوەندی نێوان گەشەی سالآنەی كۆچ و بەشاریبوون باسكراوە و هەوڵدراوە پەیوەندی نێوان كۆچ و تێكەڵبوونی كولتووری لەڕێگەی چاوپێكەوتنەوە لەگەڵ ڕێكخراوێكی كۆمەڵگەی مەدەنی بخرێتەڕوو سەبارەت بە ئاوارەكان و كەمپەكان، لەباسی سێیەمدا باس لە پەیوەندی نێوان بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی كراوە.

دەروازەی دووەم بریتییە لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە هەرسێ بەشی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم دەگرێتەوە، سەبارەت بە بەشی پێنجەم لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم میتۆدەکانی توێژینەوەکەیە کە پشتی بە دوو جۆر توێژینەوەی سەرەکی بەستووە توێژینەوەی چەندێتی و چۆنێتی لە توێژینەوەی چەندێتیدا میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە و بەراووردکاریی و میتۆدی تێکەڵاو و میتۆدی شیکاریی تەوەرەیی بەکارهاتووە لە توێژینەوەی چۆنێتیدا چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپ بەکارهاتووە بۆ دەستکەوتنی زانیاری پێویست سەبارەت بە توێژینەوەکە، لە باسی دووەمدا کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەی توێژینەوە و بوارەکانی توێژینەوەکە و ئامڕازەکانی خراوەتەڕوو .

بەشی شەشەم بریتییە لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی و لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە، باسی دووەم خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنی.

بەشی حەوتەم بریتییە خستنەڕووی زانیاری تایبەت بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپەکە و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی چۆنێتی توێژینەوەکە لە سێ باس پێکهاتووە، باسی یەکەم خستنەڕووی زانیاری تایبەت بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپەکە باس کراوە، باسی دووەم دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، باسی سێیەم پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، سەرەڕای خستنەڕووی سەرچاوە کوردی و عەرەبی و بیانییەکانیش کە توێژەر لە توێژینەوەکەدا بەکاریهێناون لەگەڵ پاشکۆکاندا لە کۆتاییدا توێژینەوەکە دوو کورتەی لەخۆگرتووە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری

# بەشی یەکەم

## ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمکەکان و توێژینەوەکانی پێشوو

### باسی یەکەم : ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە

دووەم : گرنگی توێژینەوەکە

سێیەم : ئامانجەکانی توێژینەوەکە

چوارەم : ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە

### باسی دووەم : ناساندنی چەمکەکان

یەکەم: شار

دووەم: شارنشینی و ژینگەی شارنشینی

سێیەم: گەشەی شارنشینی

چوارەم: بەشاریبوون

پێنجەم: مەدەنییەت

شەشەم: هۆشیاریی

حەوتەم: کۆمەڵگەی مەدەنی

هەشتەم: کۆچکردن

## باسی سێیەم : توێژینەوەکانی پێشوو

## باسی چوارەم : تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

## بەشی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمکەکان و توێژینەوەکانی پێشوو

## باسی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە The Problem of study

ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتەسەر لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان پرۆسەی بەشاریبوون و ئاڕاستەبوونی گەشەی هۆشیاریی مەدەنی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بووە و هەیە و بەدواداچوونی زانستی بۆ قۆناغ و هۆکارە کاریگەرەکانی ئاستی گەشەی هۆشیاریی مەدەنی لای هاوڵاتیانی کوردستانی ئەنجامدەدات بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق.

### دووەم: گرنگی توێژینەوەکە The importance of the study

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەندا خۆیدەبینێتەوە:

### یەکەم/ گرنگی تیۆری Theoretical importance

هەرێمی کوردستان بە یەکێك لە کۆمەڵگە خامەکان ( سەرەتایی لە ڕووی بوونی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە سەبارەت بە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەیی) دادەنرێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی دەبێت لە ڕووی خستنەڕووی جۆری پەیوەندی نێوان هۆکارە کاریگەرەکان و هەلومەرجە گۆڕاوەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بە پشت بەستن بە تیۆرە زانستییە پەیوەستەکانی بوارەکانی بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی، لەگەڵ دۆکیومێنت کردنی ڕۆڵی ئەو پەیوەندییە لە ئێستادا لە ئاڕاستەکردنی هۆشیاریی مەدەنی لای هاوڵاتی کوردستانی و گرنگی ئەو دۆکیومێنتکردنە بۆ توێژینەوەکانی بواری بەشاریبوون لە داهاتوودا، هەروەها دەوڵەمەندبوونی کتێبخانەی ئەکادیمی لەم بوارەدا.

### دووەم / گرنگی پراکتیکی Applied importance

پیادەکردنی ڕێوشوێنی زانستی بۆ گرێدانی بەشاریبوون بە هۆشیاریی مەدەنییەوە لە ڕووی پەیوەندی و کارلێك و کاریگەربوونەوە پێویستی بە ئاستێکی بەرچاو هەیە لە توانایی ئەکادیمی و بۆخۆی بەهای ئەکادیمی هەیە، لەگەڵ کاریگەری و خزمەت کردنی کاری مەدەنی و پیشەیی ڕێکخراو

و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان لە بواری هەریەکە لە: بەشاریبوون، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی و گۆڕانکارییەکان تیایدا.

## سێیەم / ئامانجەکانی توێژینەوەکە Research Objective

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: زانینی ڕۆڵی بەشاریبوون وەکو پڕۆسەیەکی بەردەوامی پلان بۆ دانەڕێژراو لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا لە ئاڕاستەکردنی گەشەی هۆشیاریی مەدەنی لە دوای ڕاپەڕینەوە. لە ئامانجە لاوەکیەکانی توێژینەوەکە:

١- خستنەڕووی ڕۆڵی کۆچکردنی ناوخۆیی و دەرەکی لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی.
٢- خستنەڕووی ڕۆڵی بوونی فرەیی ڕامیاری لە ئاڕاستەکردنی گەشەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا.
٣- زانینی ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی و بوونی ڕێکخراوە ناحکومییە ناوچەیی و جیهانییەکان لە ئاڕاستەکردنی پەیوەندی نێوان بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنیدا.
٤- خستنەڕووی ڕۆڵی دیاردە پەیوەستەکان بە بەشاریبوونەوە لە دیاریکردنی گەشەی هۆشیاریی مەدەنی لای هاوڵاتیانی کۆمەڵگەی کوردستانی.

## چوارەم / ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە Research challenge

وەك ئاشکرایە هەموو توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بەهەوڵ و ماندووبونێکی زۆرە بۆ گەیشتن بەئەنجامێکی ڕاست و دروست سەبارەت بەواقیعی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا توێژینەوەکەی لەبارەوە دەکرێت، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا قورسایی و بارگرانی دێتە بەردەم لەکاتی کارکردندا ئەوانیش:

١- نەبوونی سەرچاوەی پێویست و زانستی سەبارەت بە بابەتەکە و هێنانی سەرچاوە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و پێویست بوونی کاتێکی زۆر بۆ دەسکەوتن و هێنانیان و وەرگێڕانیان .
٢- لەگەڵ بوونی کەمی سەرچاوەش لەهەمان کاتیشدا پەتای کۆرۆنا هۆکارێکی تر بوو بۆ ئاستەنگ لەبەردەم دەسکەوتنی سەرچاوەکاندا بەوەی زۆرینەی کتێبخانە و شوێنە تایبەتەکان و گشتییەکانیش داخراوبوون بەڕووی خوێنەراندا.

٣- ئاستەنگیەکە لە لایەنە مەیدانییەکەوە لەوەدا بووە کە زۆر بە گران قەناعەت بە یەکەی توێژینەوەکە بکرێت لە وەرگرتنی فۆڕمی ڕاپرسیەکە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و تەرخان نەکردنی کات بۆی لەلایەن لێتوێژراوانەوە.

٤- بەفیڕۆدانی کات: دابەش کردنی فۆڕمەکان چەند جارێك بەهۆی کەمتەرخەم بوونی لێتوێژراوانەوە لە هەڵگرتنی ئەو فۆڕمانە و گەڕاندنەوەیاندا.

٥- ئاستەنگێکی تر لە لایەنە مەیدانییەکە پابەندنەبوون بە بەڵێنەکانیانەوە لەلایەن زۆرێك لە ڕێکخراوەکان پاش چاوەڕوانییەکی زۆر بە مەبەستی ڕێکخستنی لێتوێژراوانیان بۆ چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپیەکان.

٦- کارکردن بەشێوەی ئۆنلاین لەگەڵ کۆمەڵەی فۆکەس گرووپێکدا ئەمە ئاستەنگیەکی ترە بەهۆی چەند جارێك پچران و هاتنەوەی لێتوێژراوان بۆ ناو چاوپێکەوتنە فۆکەس گروپیەکە لەلایەك و نەبوونی کاتی ئەم چالاکوانانە مەدەنییانە بەوەی بەردەوام کاردەکەن لە ڕێکخراوەکاندا توانای بەردەوام بوونیان نەدەبوو.

٧- وەڵام نەدانەوەی چەند لێتوێژراوێك بۆ هەندێك لە پرسیارەکان بەهۆی ترسیان لەوەی بۆ لایەنی فەرمی میری بێت، کە ئەمەش وایکرد بوو توێژەر دوو هێندە هەوڵبدات بۆ ڕازی کردنیان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

# باسی دووەم

# ناساندنی چەمکەکان

## دەستپێك:

چەمك و زاراوە زانستییەکان یەکێکە لە ڕێبازە گرنگەکان لە دیزاینی توێژینەوەدا، کە پێویستە لەسەر توێژەر چەمکەکان دیاریبکات وهەوڵبدات بۆ دیاریکردنی پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکەکان، گرنگترین چەمکەکان:

## یەکەم: شار

وشەی شار واتە جێگیریەکی گەورە، کە ژمارەی ماڵەکانی زیاترە لە ماڵەکانی لادێ، پێکهاتەی وشەی "مدن بالمکان"بە عەرەبی واتا جێگیربوون یاخود نیشتەجێبوون تیایدا، بەکۆ (المدن) واتە شارەکان، بەڵام بنەچەی ووشەی شار دەگەڕێتەوە بۆ ئارامییەکان بەو شوێنانەیان ووتووە کە یەکسانی تیادا بووە، لەبەرئەوەی پارچە یاخود بەشی"دین" لە ووشە عەرەبیەکەدا ئاماژەیە بۆ یەکسانی، و ووشەی **"الديان"** یەکێکە لە ناوەکانی خوای گەورە، واتا فەرمانی دادوەر یان دادگەر، هەربۆیە دەبینین کە شار شوێنێکە ئاسایش و یەکسانی تیادایە مەڵبەندی دەسەڵاتی دادوەرە (دعكور ،٢٠٠٤: ٤٧).

هەروەها **"سمنر"** جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شار ڕواڵەتێکی جیاکراوەی هەیە و شێوازی ژیانی مرۆڤە لە چەرخی نوێدا، کۆبوونەوەیەکی گەورەیە کە ناوەندە دیاریکراوەکانی تیایدا دەبنەهۆی تیشکدانەوە و بڵاوبوونەوەی بیرۆکەکان لێوەی کە دەتوانرێت پێی بڵێین زاراوەی شار(غيث،١٩٨٦: ١٣٥).

شار دەستەبەری پێویستییەکانی مرۆڤ و بژێویی ژیانی دەکات ، هەربۆیە پسپۆڕان لێکۆڵینەوە لە لایەنی پلاندارێژی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و هیتر دەکەن و گرنگی پێدەدەن بۆ هاتنەدی ژیانێکی شایستە و باش بۆ مرۆڤایەتی، بەمەش **"لويس ممفۆرد "** لەلایەنی **مێژووییەوە** پێناسەی دەکات بەوەی شار ڕاستییەکی کەڵەکەبووە بەپێی شوێن و کات، دەتوانرێت مێژووەکەی بخوێنرێتەوە لەناو کۆمەڵێك لە کەڵەکەبوونیی مێژووییدا، بە وەرگرتنی بنەما مێژووییەکەی کە دەڵێت شار مێژووییەکی کۆنی هەیە، ناسینیشی بەهۆی گەواهیدەری ئاوەدانی کۆنەوە دەبێت (عيد، ٢٠١٥: ٢٠-٢١)، یان شار بریتییە لەکۆمەڵە کەڵەکەبوونیەك کە بە شێوەیەکی یەك لەدوای یەك پەرەدەستێنێ بەوەی

پرۆسەکە کەڵەکەبوونییە و ناوەندیش تیایدا بەرزترین وێنەی کەڵەکەبوونی کاتی و شوێنی لەخۆدەگرێت یاخود بەرجەستە دەکات، و شوێنێکە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ بەدەستی هێناوە تیایدا لە ڕابردوودا لەوێدا کۆبۆتەوە (زهية ،٢٠٠٦: ٤٤).

شاری جێگیری مرۆیی کۆبوونەوەی دانیشتوانی گەورەی تیادایە کە ڕووبەرێکی دیاریکراوی هەیە و دابەشکراوە بۆ گەڕەك و شوێنی نیشتەجێبوون کە چالاکی ئابوری تیایدا بەندە بە پیشەسازی و بازرگانی و گواستنەوە و خزمەتگوزارییەوە بەوەی ڕێژەی ئەو کەسانەی کاری کشتوکاڵی تیایدا دەکەن کەمە، و لە ڕووی خزمەتگوزاری و دامودەزگاوە جۆراوجۆرە و جیاکراوەیە بە سیفەتی کارگێڕیی کە چڕی دانیشتوانی زۆرەوە و خانوو و باڵەخانەکانی ڕێکخراوە بە شێوەیەکی ئەندازەی کە گواستنەوە تیایدا ئاسانە، دەتوانرێت شار پێناسە بکرێت بە سێ ڕێگای پێوانەیی ئەوانیش :

١- ژمارە و چڕی دانیشتوانی کە نیشتەجێن تیایدا.
٢- سروشتی کارکردن کە دانیشتوانی شاری لەسەر بەندە.
٣– دابەشکردنی کار(صعب،٢٠٠٩: ١٦٢).

هەر ئەم زاراوەی شارە و بەکارهێنانیشی لەلایەن پسپۆڕانەوە جیاوازبووە ، هەروەها جیاوازیش بووە بە جیاوازی ژینگە و ڕاگرە ئابورییە بەردەستەکانیەوە لە شاردا، سەرەڕای ئەو جیاوازیانەی کە لە پێکهاتەی دانیشتوانیەکانیدا بوونی هەبووە، هەربەمەش وایکردووە ڕۆڵ و ئەرکی شار لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکیتر جیاواز بێت.

شار هاوواتای چەمکی شارۆچکەیە(البلدة) لەهەندێ کۆمەڵگەدا بەوەی کە ڕووبەرێکی جوگرافی گەورە و چڕی دانیشتوانی زۆر تیادا بوونی هەیە، زۆرینەی دانیشتوانەکەی سەرقاڵی چالاکی ئابورین لە دەرەوەی بواری کشتوکاڵی کە ئەمە دانیشتوانی لادێ و گوندەکان دەگرێتەوە (القنوص،١٩٩٤: ٣٦).

سەرەڕای ئەمانەش پێناسە دەکرێت لەلایەنی **دیمۆگرافیاوە** بەوەی کۆمەڵگەیەکی جێگیرە و چڕی دانیشتوانی و ئاوەدانی بەرزی هەیە، دانیشتوانەکەی پیادەی چالاکی جۆراوجۆری ئابوری و کارگێڕی و خزمەتگوزاری دەکەن، ئەویش بە پێی ئەو کولتوورەی دانیشتونەکەی هەیەتی کە لە ئاستی

بەشاریبوون و ڕێکخستندایە کە بە دەربڕینی هونەری تەلارسازی و پلان داڕشتن دەناسرێتەوە لە چەرخ و کاتە جیاوازەکاندا یاخود قەبارەیەکی گۆڕاوی هەیە لە ڕووی شێوە و ئەرکیشەوە(الدليمي، ٢٠٠٢: ٢٣).

لە لایەنی **جوگرافیەوە "فریدریك ڕاتزاڵ"** پێناسەی شار دەكات بەوەی ئەنجام و دەستەبەری ئەو کارلێکە ژینگەییەیە کە لە کارلێکی کرداری مرۆڤەوە دەردەچێت کاتێك لەگەڵ کارتێکەرەکانی ناو ئاوەدانییەکە لە ژینگە سروشتییەکەدا کارلێك دەکات، کە وادەکات گۆڕانی هەمیشەیی و بەردەوام بوونی لە جۆرەکانی ژیانیدا دروست بکات(راضية، ٢٠١٥: ٣).

وادادەنرێت، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شار پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ بێت کە لە ئەمڕۆدا بە پەیوەندییە ژینگەییەکان یان بە ناوچە کاریگەرەکانی نێوان شار و مرۆڤ ناوزەند دەکرێن، ئەمەش واتا پرۆسەی پێکەوە ژیان لە نێوان ئەو دوانەدا، جوگرافیە شارنشینییەکان زاراوەی کێڵگەی شارنشینی بەکاردێنن کە ئاماژە دەکەن بەناوچەی کارتێکراو و کاریگەر کە شار ڕۆڵێکی بەهایی گرنگ لە ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتووری تیادا دەگێڕێت(خطاب،١٩٩٠: ١٦٣-١٦٤).

لەکاتێکدا **" لویس وێرس"** پێناسەی شار دەکات و دەڵێ بریتییە لە ناوەندێك کە کاریگەرییەکانی ژیانی شارنشینی لێوە بلاْودەبێتەوە بۆ دوورتر یاخود ئەو پەڕی لا لە زەویدا، و تیایدا یاساش بەسەر هەموو خەڵکیدا جێبەجێ دەکەن (رشوان ، ١٩٨٩: ٥٩).

**"ڕۆبەرت پارك"** لە قوتابخانەی شیکاغۆدا هەڵدەستێ بە پێناسەکردنی لە لایەنە **کۆمەڵایەتیەکەوە** بەوەی شار تەنها شوێنێك نییە بۆ ژیان کە لە تایبەتمەندییەکانیدا کورت بکرێتەوە کە کۆمەڵەی لێکچوو داگیری دەکەن، بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتی لەخۆگری ئاڵوگۆڕ و جموجۆڵیشە کە دانیشتوانەکەی دەتوانن زۆر بە ئازادانە تێکەڵ ببن یاخود پێکەوە بلکێن بەهۆی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو بوارەدا(القطبي، ٢٠١٧: ١٣).

هەروەها شار پێناسە دەکرێت بەوەی بریتییە لە پێشکەوتووترین و ئاڵۆزترین شێوەی ئاوەدانی، کە مرۆڤ لەسەر زەوی بونیادی نابێت، چونکە لەهەر شارێك مرۆڤ گڵکۆی شارستانیەتی داناوە، بەمە

**کۆنترۆڵی لایەنەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و ڕۆشنبیری ئەو هەرێمانەی کردووە کە کەوتوونەتە ناویەوە(زێباری،٢٠٠٠: ٢٩٤).**

**هەرلەمەشەوە دەتوانرێت بوترێت کە شار ئاماژەپێدەری مێژووی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوری خۆی هەیە، شار بەمە دەبێتە بونیادێکی یەکگرتوو کە ئەم لایەنانە تیایدا تەواکاردەبن لەگەڵ یەکتردا و دەبەسترێنەوە بە لایەنە ئاوەدانییەکەوە، و قورس دەبێت مرۆڤ و ئەو ئاوەدانییە لەیەکتر جیابکەینەوە لە کاتێکدا ڕووبەڕووی چەمکی ڕاستەقینەی شار دەبینەوە بەوەی شار ئاوێنەی شارستانییەتەکان و ناسنامەکان، و نیشانەی سەرهەڵدان و دەرکەوتن و پەرەسەندنەکانیشە ، و پێکهاتووە لە بونیادێکی ئاڵۆز لە چالاکی و کردارەکان ( العابد،٢٠١٣: ١٦-١٧ ).**

## دووەم: شارنشینی و ژینگەی شارنشینی

**شارنشینی بریتییە لە کۆچی خەڵکی گوندەکان بەرەو شار و زۆربوونی ڕێژەی ژمارەی شارەکان(ئامێدیان، بەبێ ساڵ: ٣٧٨).**

**ژینگەی شارنشینی بەجۆرە جیاوازەکانی سستم و دامودەزگای کۆمەڵایەتی و شارستانێتی جیادەکرێتەوە، کە پێکهاتووە لە کۆمەڵەیەکی گەورە لە سستمەکان و کاریگەری ئاڵوگۆڕیان لەسەر یەکتر هەیە، کە هەر سستمێك ژمارەیەکی گەورە لە توخم و پێکهاتە لەخۆدەگرێت، ئەو سستمانە لە نێوان خۆیاندا کارلێك دەکەن و کاریگەریان دەبێت لەسەر یەکتر و لەسەر مرۆڤیش کاریگەری دروست دەکەن.**

**هەروەها شارنشینی بریتییە لە کۆمەڵێك سستمی بەیەکداچوون لەگەڵ یەکتریدا و هەر سستمێك لەو سستمانە دەربڕینی بەشێکە لە بەشەکانی سستمە گەورەکە، کە ناوەرۆکە ژینگەییەکەشیان ژمارەیەك لە پێکهاتەی سستمی جیاواز لە خۆدەگرێ (الموسوي واخرون،٢٠٠٦: ٩٣).**

**ژینگەی شارنشینی بریتییە لە کۆمەڵە هۆکارێکی سروشتی و نوێگەری و دەستکردیە کە مرۆڤ تیایدا دەژی و جێکەوتەشی لەسەر تەندروستی و چالاکی و بەرهەمیشی دەبێت (** Scott&Marshall,2005: 192**)، یاخود بریتییە لە ژینگەی شار لەگەڵ کۆبوونەوەی دانیشتوانیدا، کە سەرچاوەی پیسبوونیی**

جۆراوجۆری تیادایە، و ئەویش بەهۆی چالاکی ڕۆژانەی مرۆیی و پیشەسازیەکانەوە لە ناوەندەکانی شارو دەوروبەردا(بابکر،٢٠٠٤: ٦).

ئەگەرچی دووجۆر لە ژینگە بوونیان هەیە یەکەمیان ژینگەی سروشتییە، کە پەروەردگار دروستی کردووە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە دەوروبەری مرۆڤدا هەن بە زیندوو نازیندووەوە(علي ٢٠١٨، ٦-٧)، دووەمیان ژینکەیەکی دەستکردییە، کە مرۆڤ بۆخۆی دروستی دەکات بە پشت بەستن بە ژینگە سروشتییەکە و بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوە و تواناکانی وەکو ژینگە ئاوەدانییەکە هەموو ئەوانە لەخۆدەگرێت کە لە کۆبوونەوەی شارنشینیەکدا بوونی هەیە و جیاوازیش دەبێت بە پێی پلەی بەشاریبوونەکەی لەلایەك و لە ڕووی چڕی دانیشتوانیشەوە لەلایەکیترەوە( کرار،٢٠١٥: ٢٤).

"**لویس وێرس**"ئاماژە بە زاراوەی شارنشینی دەکات بەشێوەیەکی گشتی کە شێوازێکی ژیانە دروست دەبێت بە شێوەیەکی جیاواز لە ژێر سێبەری بارودۆخی شارنشینیدا(السامرائي، ١٩٧٨: ١٩٣).

سستمی شارنشینی بەمانا گشتگیرییەکەی کۆمەڵێك لە جێگیرییە مرۆییەکانە، توخمەکانی لە ڕووی شوێنی جوگرافی و کۆمەڵایەتییەوە جیاکراوەن، لەو تۆڕە جێگیرییە مرۆییانەدا پەیوەندی کارلێکی شوێنی تیایدایە کە سستمێکی شارنشینی دیاریکراو وەردەگرێت، ئەم سستمە شارنشینییە سێ ئاست لە خۆدەگرێت کە وابەستەن بە ئاستی (نەتەوەی –هەرێمی – خۆجێی یاخود ناوخۆیی)، دابەشکردنی شوێنی ناوەندە شارییەکان و قەبارەیان شێوەی سستمی شارنشینی دیاری دەکات(الكناني واخرون، ٢٠١٦: ٣٢).

سەرەڕای ئەمانەش شارنشینی پێناسە دەکرێت بەوەی کە شێوازێکە دانیشتوانی کۆمەڵگەی شارنشینی پێ جیادەکرێتەوە و بەندە بە جۆرێتی لە پیشە و دابڕان لە سروشت و زۆری چڕی دانیشتوانی و نەگونجانی دانیشتوانی و زۆربوونی جیاوازی و پلەبەندی کۆمەڵایەتی و بزاوتی کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونی پەیوەندییە لاوەکییەکان تیایدا( مجموعة الباحثين العرب،١٩٨٣: ٤٧)، نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانەش لە لاوازی وابەستەبوونی خێزانی و خزمایەتی دا بەدەردەکەوێت کە سەروەری یاسا و زۆربوونی پسپۆڕی کار و دابەش کردنی تیادا بوونی دەبێت، هەرئەمەش وادەکات گۆڕان ڕووبدات لە چەمك و بەهادا لەو کۆمەڵگەیانە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ حاڵەتی بەشاریبوون (سلامة، ٢٠١٠: ١٩).

**کۆمەڵگەی شارنشینی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە خاوەنی ئەم خەسڵەتانەیە: دابەشکردنی کار، نەگونجان، و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەکاندا، و جیاوازی ڕێکخستنی کۆمەلآیەتی، و گەورەیی لە قەبارە، و چڕی دانیشتوان، و پەیوەندییە فەرمییەکان، و جوڵەی کۆمەلآیەتی، و ئاڵۆزی شێوازەکانی کارلێکی کۆمەلآیەتی**(سەید،٢٠٠٧: ٢٢٦).

**سەرەڕای ئەمانەش شارنشینی چەمکێکی ستاتیکییە، ڕەنگدانەوەی وێنە و شێوازی ژیانی کۆمەڵگەیەکە، ئەم چەمکە لە چەمکی بەشاریبوون گشتگیرترە بەوەی بەشاریبوون کۆتا پرۆسەیە و بەرهەمی قۆناغە جۆراوجۆرەکانە لە پرۆسەی بەشاریبوون بە تێپەڕبوونی کات، کاتێك دەوترێت ئەم کۆمەڵگەیانە پێشکەوتوون کۆمەڵگەی شارستانیەتن واتە ئەم کۆمەڵگەیە بە قۆناغە یەك بەدوایەکەکاندا تێپەڕبووە بۆ بەشاریبوون، جۆری بەرهەمی لەگەڵ جۆری پیشەسازیەکەیدا گۆڕاوە**(سلامة،٢٠١٠: ١٩).

**"جیرالد بریز G.breese "هەڵدەستێ بە پێناسەکردنی بەشاریبوون بە شێوەیەکی گشتگیری و وورد شار خۆی بەدەرناخات لە شێوەیەکی نوێ لە ڕێکخستنی ئابوری ، و فیزیکی جیاوازدا، بەڵکو خۆی دەنوێنێ لە سستمێکی کۆمەلآیەتی نوێدا، کە کاریگەرییەکی توندی لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ و بیرکردنەوەشی دەبێت، بەشاریبوون وایکردووە سەرهەڵدانی شارنشینی وەکو شێوەیەکی ژیان بێت، کە قەبارەی دانیشتوان و چڕی و جیاوازیان لە کاروباردا کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی کۆمەلآیەتی و سروشتی مرۆڤایەتیشیان ببێت. شار بەشێوەیەك لە شێوەکانیدا خۆی بەدەردەخات لە دەستوەردانی کولتوورییدا بەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر بونیادی کۆمەلآیەتی و پرۆسەکان و سستمی کۆمەلآیەتیش**( حمید ،٢٠٠٨: ١٨).

**پێناسەی ڕێککاری شارنشینی:** بریتییە لە زاڵبوون و جێگیربوونی تایبەتمەندییەکانی ژیانی شار.

## سێیەم : گەشەی شارنشینی

چەمکی گەشەی شارنشینی ناتوانرێت  کورت بکرێتەوە لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتواندا بەڵکو گەشەیەکی زۆر خێرایە لە دەوروبەر و لایەکانی شاردا. وادادەنرێت کە گەشەی شارنشینی کۆمەڵێك لە گۆڕان و گۆڕانکاری بێت لە جۆر و شێوەی چالاکییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکاندا کە ڕووبەڕووی دەبنەوە بەوەی زۆربوونی ئەم چالاکییانە دەبێتە هۆی گەشە و فراوان بوونی بەردەوامی شارنشینی(فوزي،٢٠٠٩: ١٨).

گەشەی شارنشینی وەکو دیاردەیەکی جیهانی خۆی بەدەردەخات، کە هۆکار و ئەنجامی ئەو پرۆسە ئیکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئابورییە جیاوازانەیە کە لە ژینگەی سروشتی و مرۆیدا دەردەچێت، و پێناسەشی دەکرێت بەوەی زیادبوونە لە ژمارەی دانیشتوانی شارنشینیدا کە بەندە لەسەر کۆچ لە لادێ بۆ شار لەلایەك و زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی لەلایەکیترەوە (ڕەواندزی،هەنارەیی،٢٠١٤: ١٤٢)، فراوان بوونی شار خۆی بەدەردەخات بەوەی هەندێك فراوان بوونی شارو زیادبوونی دانیشتوانی بەیەکەوە دەبەستنەوە و پێناسەی دەکەن بە ئارەزووی دانیشتوانە بۆ شار، و فراوان بوونی قەبارەکانی ئەو شارانە کە لەخۆی دەگرن(عبدالقادر ،الادريسي،٢٠١٢: ٦).

سەرەڕای ئەوەی هەندێکجاریش ئاماژە دەکەن بە گەشەی شارنشینی کە فراوان بوونی ئاوەدانی و گۆڕانی ئەرکێتیە، و گۆڕانە لە چالاکییە سەرەکییەکاندا لە بەکارهێنانی زەویدا بەوەی هەر ئەو چالاکییە و ئەو بۆشاییە( Space) یاخود زەویە بۆ هەر سستمێك دەبنە دوو توخمی گرنگ بۆ تێگەیشتن لەگەشەی شارنشینیەکەی (عباس، عبدالستار،٢٠١٢: ٢٤٢).

چەند هۆکارێکی سەرەکی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە فراوان بوونی شارنشینی لە جیهاندا ئەوانیش بە سێ ئاڕاستە دیاری دەکرێن لەوانە:

١- گەشەی دانیشتوانی لە ئەنجام زیادبوونی سروشتییەوە.
٢- فراوان بوونی شارنشینی لە ئەنجامی کۆچی لادێ و ڕەشماڵییە بۆ ناوەندەکانی شاری مام ناوەندو گەورە.
٣- فراوان بوونی شارنشینی بەهۆی بە پیشەسازیبوونەوە( قندوز،٢٠٠٩ :٢٢).

## چوارەم: بەشاریبوون

توێژەران و بیرمەندانی ئەم بوارە کۆك نیین لەسەر پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ چەمکی بەشاریبوون بەوەی بەکارهێنانی ئەم چەمکە دەکەوێتە سەر سروشتی ئەو کۆمەڵگەیە و پلەی بەرەو پێشچوونی شارستانیەتەکەی، لەگەڵ پەیوەندی ئەم چەمکە بە ڕێژەی دانیشتوان و پێودانگە بەکارهاتووەکانی ناو کۆمەڵگەکەوە بۆ جیاکاری و جیاوازی کردن لەنێوان لادێ و شاردا.

هەربۆیە"**فرێدمان** friedman"وەکو یەکێك لە پلاندانەران وایدادەنێت کە بەشاریبوون بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە چڕی دانیشتوانی کە لە ڕووبەرێکی فراواندا بلاّوبوونەتەوە و کاری کشتوکاڵیش دەکەن، لە هەمانکاتیشدا ناوەندە قەبارە تاڕادەیەك بچووکەکان پێکدەهێنێت کە لە بنەڕەتدا کاری پیشەسازی و بازرگانی چالاکییە سەرەکییەکانیان تیادا دەکرێت (علي،٢٠٠٩: ٣٨).

بەشاریبوون بەمانا **جوگرافییەکەی** ئاماژەیە بۆ فراوانی ناوچەی کۆبوونەوەی دانیشتوانی شارنشینی، هەر ئەم فراوانبوونە یان بەهۆی فراوانبوونی کۆبوونەوەی شارنشینییە لە ناوچەی لادێنشینی و دەوروبەریدا، یان بەهۆی جوڵەی ناوچە لادێنشینییەکانە بەرەو ناوچەی شارنشینییەکانە کە لە ئەنجامی گۆڕانی ئابوری و کارگێڕییەوە دەبێت، یان بەهۆی سەرهەڵدانی کۆبوونەوەی ناوچەی شارنشینی نوێوەیە. بەلاّم بەمانا **دیمۆگرافیەکەی** ئاماژەیە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی لە کۆبوونەوەی شارنشینیدا کە دوو پڕۆسە لەخۆدەگرێت: یەکەم بەهۆی گەشەی سروشتی دانیشتوانیەوەیە، دووەم گەشەی دانیشتوانییە لە ئەنجامی کۆچی لادێ بۆ شار(عمر،٢٠١٥: ١٥).

سەرەڕای ئەوەش پێناسە دەکرێت بەوەی پڕۆسەی گۆڕانە لە کۆمەڵگەی لادێنشینی بۆ کۆمەڵگەیەکی زۆرتر بەشاریبوو، بەلاّم لەڕووی **ئامارییەوە** بەشاریبوون بریتییە لە زۆری ڕێژەی ژمارەی دانیشتوان لەو شوێنانەی کە ناسراوە بە شارنشینی و تیایدا دەژین، ئەویش لە بنەڕەتدا بەهۆی ئەو کۆچەوە دەبێت کە لە لادێوە بۆ شار دەکرێت. ئاستی بەشاریبوون ڕێژەی سەدییە بۆ کۆی ژمارەی دانیشتوان کە لەو شارو شارۆچکانە دەژین لەکاتێکدا کە تێکڕای بەشاریبوون خۆی دەنوێنێت لەو تێکڕایەی گەشە کە لەژمارەی دانیشتواندا هەیە(صندوق الامم المتحدة للسكان، ٢٠٠٧: ٦).

**"ئێلدرج Eldridge "** ئاماژە بە چەمکی بەشاریبوون دەکات بەوەی دوو توخم لە خۆدەگرێ: یەکەم فرەیی وجۆراوجۆربوون لەناوچەکانی ناوەندەکاندا، دووەم زۆربوونی قەبارەی چڕی دانیشتوانە، ئەمەش وایکردووە کە ڕێژەی دانیشتوان لە شاردا بەرزبێتەوە (القطب، ١٩٨٤: ٢٣٩).

هەروەها پێناسەدەکرێت بەوەی تێکڕای گۆڕانە لەڕێژەی دانیشتوانی شاردا(Davoudi,Stead,2002:5). هەموو ئەمانەش پاڵیناوە بە ئەوانی ترەوە کەپێیان وابێت بەشاریبوون چەمکێکی **واتاییە**، دەربڕینی پرۆسەیەکی جوڵەییە کە پێکدێت لە زنجیرەیەك لە گۆڕانی ئەرکی و پێکهاتەیی پێویست لە بونیادی بوونەوەری زیندوودا لە توخمە ژینگەیەکەدا، ئەویش بە بەکارهێنانی هۆکار و شێوازی شارنشینی بە شێوازێك کە توانای گەشەی هەبێت (محمد،٢٠٠٤: ١٤٥).

ئەگەر هاتوو چەمکی بەشاریبوون ئاماژەیدا بە **پرۆسە**، ئەوا ئەم چەمکە وابەستە دەبێت بە مانای زۆرەوە کە ئاماژەیە بۆ جوڵەی دانیشتوانی لە لادێوە بۆ شار(حویز،١٩٨٨: ٩٥)، واتە بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوانی شارەوە دروست دەبێت ئەویش بەهۆی گۆڕینی ئەو شێوازەی ژیانی دانیشتوانە لە کولتووریی لادێنشینییەوە بۆ کولتووریی شارنشینی یاخود کولتووریی شار یان بەهۆی کۆچکردنی دانیشتوانی لادێنشینی بۆ شار، و ئەو گۆڕانانە لە هەڵسوکەوت و شێوازی ژیان و جۆری پیشە و چالاکی ئابوری و دابونەریتە کولتوورییەکان و شێوەی دانیشتوان و پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان و نزیکەکان و دراوسێکان و هاوڕێ و هیتریش دەگرێتەوە، یاخود دەتوانرێت بوترێت کە بەشاریبوون پرۆسەیەکە کە بەهۆیەوە شارنشینی شێوازی ژیانێکی جیاوازە و کاریگەرە بە هەندێ لە کارتێکەرە نوێیەکان و گونجانی لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێدا، یان کۆبوونەوەی دانیشتوانیە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کە ئەم خەسڵەتە تایبەتە بە کۆمەڵگەی شارنشینی ( الفائدي، ٢٠٠٤: ٦٧-٦٨). هەر ئەم چەمکە لە لایەنە کلاسیکیەکەوە پێناسە دەکرێت بەوەی پرۆسەی دروستبوونی شار و گەشەکردنیەتی. هەر ئەو ناوەندەی کە بەشاریبووە چالاکییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لەخۆدەگرێت کە دوابەدوای پرۆسەی گەشەپێدان و گۆڕانی کۆمەڵگەیی هاتونەتە ئاراوە و ئاڵۆز بوون(Gottdiener,Budd,2005:184). هەندێك واپێناسەی بەشاریبوون دەکەن کە زیادەیەکی ڕەهایە لە ژمارەی دانیشتوانیدا، لەکاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوانی لادێ کەمترە لەدانیشتوانی شار، بەڵام **" کلاید میشل Clyde Mitchell"** پێناسەی دەکات بەوەی پرۆسەی گۆڕانە لەکاری

کشتوکاڵییەوە بۆ پیشەیەکیتری باوی ناو شار، گۆڕانیشە لەجۆرەکانی هەڵسوکەوتدا (ڕەواندزی ، هەنارەیی،٢٠١٤ : ١٤١). لەهەمان کاتدا بەشاریبوون چەمکێکی **دینامیکی** گۆڕاویشە، ڕەنگدانەوەی شێوازی کۆمەڵگەیەکە، شێوازی گوزەرانی دەگۆڕێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر بەهۆی پەرەپێدانی کۆمەلایەتییەوە کە هەموو جۆرەکانی هەڵسوکەوت دەگرێتەوە (مجید، بەبێ سال: ١٨٩).

لەلایەنی **هەڵسوکەوتییشەوە** پێناسە دەکرێت کە پرۆسەیەکی گۆڕانی جۆرییە لە تێڕوانینی خەڵکییەوە بۆ ژیان و جۆری هەڵسوکەوتەکانیان کە پیادەیانکردووە لەناو ئەو کۆمەڵانەی کە ڕێکخراون وچاویان تیادا کراوەتەوە، ئەگەرچی لەڕووی دانیشتوانیەوە دوو توخم لەخۆدەگرێت بەشاریبوون: **یەکەم** جۆراوجۆرێتی لە شوێنی ناوەندەکاندا، **دووەم** چڕی دانیشتوانی یاخود زیادبوونی قەبارەیانە کە بەمە ڕێژەی دانیشتوانی لەشاردا بەرزدەبێتەوە (احمد، ٢٠١٨: ٦).

لەلایەکیتریشەوە بەشاریبوون پێناسە دەکرێت بەوەی پرۆسەیەکی **هەڵسوکەوتییە** خۆی لە گۆڕانی ئابوری و کۆمەلایەتی و ئاوەدانیدا دەنوێنێت کە بەهۆی گواستنەوەی دانیشتوانەوە لە لادێوە بۆ ناوچە شارنشینییەکان دەبێت کە پەیوەندییە تەکنەلۆژی و پیشەسازییەکان تیایاندا باوە (تمر، الجلبي،٢٠١٨: ١١٢).

ئەگەرچی پێناسەش کراوە بەوەی پرۆسەیەکی **کۆمەلایەتی و ئابوریی** ئاڵۆزە کە ژینگەی ئاوەدانییەکەی دەگۆڕێت، بە گۆڕانی ژینگەی لادێنشینی کە لە پێشتردا هەبووە بۆ ژینکەی شارنشینی، لەگەڵ گۆڕانی دابەشکردنی شوێنی بۆ دانیشتوانی لادێنشینی بۆ ناوچەی شارنشینی( United Nation,2019:10).

هەروەها لە لایەنە **ئابوریەکەوە** پرۆسەیەکە شار تیایدا بەهۆی بە پیشەسازیبوون و گەشەی ئابوریەوە گەشە دەکات، وادەکات کە گۆڕانی تایبەتی لە شاردا دروستبێت کە ئەوانیش لە پسپۆڕێتی و دابەشکردنی کار و هەڵسوکەوتی مرۆیدا دەبێت( Uttara,Bhuvandas,Aggarwal ,2012:1638).

لەلایەنی **ڕێکخستنیەوە** بەشاریبوون بریتییە لە گواستنەوەی کۆمەڵگە لە سادەوە بۆ ئاڵۆز بە واتایی پەرەسەندن لە سستمی کۆمەلایەتی و سەرهەڵدانی ڕێکخستنی فەرمی و نافەرمی دێت، و پەرەسەندن لە بازاڕە خۆجێیەکان و جیهانییەکاندا، کە ئەو پەرەسەندنە کۆمەلایەتییە بەوەرگرتنی

**پێداویستییەکانە لە هەردوو سستمی ئابوری و کۆمەڵایەتییدا، سەرەڕای ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە بەدوایەکانەی لە ڕووی بونیادی و ئەرکێتیەوە ڕوودەدەن وەك(خێزان، قوتابخانە، دامودەزگای ئایینی)**(وناسي، ٢٠٠٩: ٢٠).

**هەروەها پێناسەکردنی بەشاریبوون لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە پشتدەبەستێ بە جۆرە باوەکەی ژیانی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگە و کۆبوونەوەکان، و سروشتەکەیان، کە زانایانی بواری کۆمەڵناسی جیاوازن لە ڕووی بەکارهێنانی پێودانگەکانەوە تیایدا، ئەمەش وادادەنرێت پێناسەیەکی کەموکورتە، هەربۆیە پێناسەیەکی گشتگیری دەکرێت کە هەردوو پێناسەی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، بەوەی کۆمەڵێك هۆکاری پەیوەندیدار بە گەشەی ئابوری و سروشت و جۆری ژیانە کۆمەڵایەتیەکە، و شێوازی کارلێکی تاکەکان لەگەڵ ژینگەکەیاندا زیاد دەکرێت، لەگەڵ سستمی داب ونەریت و بەهاو کولتوور کە لە ناو کۆمەڵگەدا پیادەی دەکەن** (بعيرات،٢٠١٨: ١٣).

**سەرەڕای ئەمانەش بەشاریبوون پێناسەدەکرێت بەوەی پرۆسەیەکە خۆی بەدەردەخات لە کات و شوێندا، ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانانەوەیە کە ڕوودەدات لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەروەك لایەنی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەکنەلۆژیا و ژینگەییدا**(Narayan,2014:902).

**پێناسەی ڕێککاری بەشاریبوون:** بریتییە لە فراوانبوونی جوگرافیای شار و زیادبوونی چڕی دانیشتوان و گۆڕانی بەردەوام لە تێڕوانین بۆ پلەی ئالۆزی و پیشە و کار.

## پێنجەم: مەدەنییەت

**"ئیبن خەلدون"** یەکەم بیرمەند بوو کە پێشنیاری ئەم چەمکەی کردووە لە پێشەکییەکەیدا (مقدمة) بۆ ئاماژەدان بە جۆر و شێوازی ژیان بەشێوەیەکی گشتی، وایدانابوو کە ئەمە خەسڵەتێکە مرۆڤ جیادەکاتەوە لە هەموو بوونەوەرەکانی تر.

مەدەنییەت وادادەنرێت هەموو ئەو شتانە بێت کە خۆیاندەنوێنن و وابەستەن بە هۆیەکانی ژیانەوە لە شاردا لەگەڵ بوونی داواکارییە ماددییەکانی کە مرۆڤ پێویستێتی بۆ دەستکەوتنی حەوانەوە و خۆشگوزەرانی، ئەوا ئەمانەش بەرهەمی کات و شوێنی دیاریکراو نەبوون، بەڵکو میللەتی جۆراوجۆری مرۆڤایەتی بەشداربوون لە سەرهەڵدانیدا، کە ئەمە بەرهەمی زانستە و پێیگەیشتووە، واتە وەك دیاردەیەکی لەپڕ نییە بەڵکو پلەبەند و بەردەوامە.

هەندێکیش وایدەبیننەوە کە مەدەنییەت هونەرە یان سیاسەت و بازرگانییە، هەروەها بەمانای ئاوەدانی و زەوی و خاك وخۆڵ و ئاوەکەشی دێت، مەدەنییەت جۆرێکە لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی گۆڕانی ماددی و واتایی دروست دەبێت، گۆڕانە لە شێواز و جۆرە کۆنەکەیەوە بۆ شێوازێکی نوێ. هەموو ئەمانەش یەکدەگرنەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنییدا کە بازرگانی و خزمەتگوزارییەکان و سەرپێبوون(إنتماء) بۆ شار تیایدا پەرەیسەندووە(علي، ٢٠٠٩: ٤٠).

کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن **"ئادەم فرجسۆن "**ەوە بەکارهاتووە لە( An Essay on the History of Civil Society 1767 ) کە باسی لە گۆڕانی ڕەوڕەوەی مێژووی مرۆڤایەتی کردووە کە لە شێوەی زبری ژیانی بەربەریەت و هەمەجیەکانەوە بۆ کۆمەڵگەی بەشاربوو یان شارستانیەت دەگۆڕێت پێی دەڵێت"ژیری"، بۆ ئەمەش سێ قۆناغ لە پەرەسەندنی کولتووری و کۆمەڵایەتی دیاریدەکات لەوانە:

**قۆناغی یەکەم** وەحشیەتە، بە پێی ڕەمەکی(غریزة) ئاژەڵی مرۆڤ ڕەفتار دەکات .

**قۆناغی دووەم** بەربەریەتە، مولکداریێتی تایبەتی سەریهەڵدا، کە دواتریش کۆمەڵگەی بازرگانی هاتە ئاراوە کە بەند بوو بە بەرژەوەندی تایبەتی و بەدەستهێنانی سامانەوە.

**قۆناغی سێیەم** قۆناغی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە وابەستەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز سەرهەڵدەدات، و ئاکار بەڕێوەی دەبات، و سستمی ڕامیاری سەربەست و نادەستبەسەری تیادایە، هەر ئەم قۆناغە قۆناغی نواندنی شارستانیەتە لەپاڵ مەدەنییەت بوونیدا(زعطوط،ضیف،٢٠١٨: ٤٤).

چەمك و سستمی مەدەنییەت بنەمایەکی سەرەکییە لە بنەماکانی پەروەردەی نوێ بۆ هاوڵاتیبوون زانین و وەرگرتن و ڕاهێنانی لەهەموو ڕوویەکەوە، کە لە ڕێڕەوی سروشتییەوە بۆ ژیانی مەدەنییەت دەگۆڕێت و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی تاکەکەسی و بەکۆمەڵی بۆ هاوڵاتیبوون و سەرپێبوون (إنتماء)بۆ دەوڵەت و بنەما و بەها بەکۆمەڵی و هاوبەشەکان(الثليثي، ٢٠١٣: ٣).

## شەشەم: هۆشیاریی

ئەگەرچی هەستەکان، هەروەها نەستیش هۆشیارییەکی سەرەتایی لای مرۆڤ دروست دەکەن، بەڵام هۆشیاریی ئاستی بەرز تەنها بە زانین دروست دەبێت. هۆشیاریی پێش هەموو شتێك زانیارییەکە بە ڕێگەی ووشە، سیمبولی بیرکاری، بەرهەمە هونەرییەکان و هیتریش بە کەسەکان دەدرێت و دەبن بە دەسکەوتێکی ئەندامانی کۆمەڵ (میران ،٢٠١٧: ٦٥) .

هۆشیاریی زانینە، ناسینە، هەست پێکردن و پێزانینە، تێگەیشتن و ئاگادارییە، ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سروشتییە لە زهنی مرۆڤدا، مرۆڤ لە ڕێگەی هەستی بیستن و بینین، بەرکەوتن و هەستی تر هۆشیاریی پەیدا دەکات، و بۆماوەیش نییە بەڵکو پەیدا کراوە، ڕادەی بەدواداچوون و کەڵك وەرگرتنە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن، فێربوونە، کار و ئەرك و پیشەیە، و هەر تێگەیشتنێك کە واتا و ڕاڤەی هەبێت هۆشیاریی تیادایە (ئەحمەد، سەرکەپکانی، ٢٠٠٧: ٢٤).

هۆشیاریی بەواتای پەیبردنی کەسێکە بۆ دەوروبەری خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، و هەستیش بنەمای هەموو زانینێکە، دەتوانرێت هەست بگەڕێنرێتەوە بۆ سێ بەش: پەیبردن و زانین، ویژدان، مەیل و وویست، ئەم سێ ڕواڵەتە وابەستە و پێکەوە بەستراوان بەیەکتریەوە، هەستیش چەند پلەیەکی

جیاوازی هەیە ئەوانیش: هەستی دەرکەوتوو، **نەست**(**Unconsciousness**)کە مەیل و ئارەزووە چەپێنراوەکانن، پێش هەست(**Preconscious**) هەموو ئەوانەن کە شاراوەن لە پشت هەستەوە بەڕاستەوخۆیی، کە تاك دەتوانێت هەرکات ویستی دەریدەبڕێت. وادادەنرێت کە لەنێوان هەست و نەستدا بێت( الدخيل، ٢٠١٢:  ٥٢-٥٣).

هۆشیاریی پەی بردنە کە خود تێدەپەڕێنێت، بەوەی پەی بردنی هزری ڕوونە بە ڕەوشی ئێستا  و پێداویستییەکانی قۆناغەکە،  دوور لە کارتێکەرەکان و ڕێگرییەکان. (الغامدي،١٤٣٠هـ:٨٥).

هۆشیاریی ئاماژەیە بۆ پەیبردنی مرۆڤ بۆ خودی خۆی و بۆ ئەو دەورەدراوانەی کە پەیپێدەبات بە ڕاستەوخۆیی، کە بنەمای زانینێکە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ تێگەیشتن و باشی ئەو پەیبردنەیە. واتە مرۆڤ پەی بە خۆی و ژینگەی دەوروبەریشی دەبات بەواتای تێگەیشتنی بۆ خودی خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا لە کاتی کارلێککردن لە گەڵیاندا، هەوڵدانیشی بۆ تێرکردنی پێداویستی، و دەستەبەری بەرژەوەندییەکانێتی لە ژینگەکەدا بەهۆی بوونی هەڵوێستی جیاوازەوە(الخالدي، ٢٠١٧: ٣٥٦).

سەرەڕای ئەمانەش پێناسە دەکرێت بەوەی کە ئاڕاستەیەکی ژیری ڕەنگدانەوەییە، کە تاك دەتوانێت پەی بە خودی خۆی و دەوروبەر و بەکۆمەڵەکەشی ببات کە لەناویدا وەك ئەندامێکە، ئەویش بە پلەی جیاواز لە سادەیی و ئاڵۆزی، هۆشیاریی تاکە بۆ ئەرکە ژیری و جەستەیەکەی و هۆشیاریی و بەئاگایی بۆ ئەو شتانە و جیهانە دەرەکییەکەیە، هەر ئەم هۆشیارییە بەرهەمی تەواوی بیرۆکە و تیۆر و بیروڕا و هەستە کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریتی خەڵکییە کە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەیە کە کۆمەڵگەی مرۆیی و سروشتیش هەڵگرێتی(مالك ، ٢٠٠٦: ٣٩).

جگەلەمانەش هۆشیاریی پێناسە دەکرێت بەوەی کە ئاستێکی دیاریکراوی هزریی و هۆشمەندی کۆمەڵە کە بەگوێرەی ئەو ڕەفتار دەکات و هەڵوێست و چالاکی دەنوێنێت، ئەو ئاستە دیاریکراوانەش کاریگەریان لەسەر ئاستی پێکەوەیی و توخمەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی وەستاوە، ئەو توخمانەش وەك (زانست، ئەدەب، هونەر، دابونەریت، سەرچاوەکانی زانین بەگشتی)(میران، ٢٠١٠: ٢٨). ڕەنگە **"میشیل دی مۆنتینی** فەڕەنسی  **١٥٣٣-١٥٩٢"**یەکەمین کەس بووبێت هۆشیاریی بە ڕەوشی کۆمەڵایەتییەوە بەستبێتەوە کە پێیوابووە هۆشیاریی مرۆڤ لە بنەڕەتدا هۆشیارییەکی

**کۆمەڵایەتییە**(میران ، ٢٠١٧: ٦٥-٦٦) . **هۆشیاریی بەمانای ناسین و زانینە، ئاگا و هەستکردنە، پێزانین و تێگەیشتنە، ڕەنگدانەوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی و سروشتە لە مێشکی مرۆڤدا لە ڕێی هەستەکانیەوە** (سادق،١٩٨٧: ١٠).

**هەروەها هۆشیاریی زانین و تێگەیشتنە، هەست و پەیبردنە بە ئاشتی و ئارامی**(السید ،١٤١٧ھ :٥٤).

**لە لایەکیترەوە بریتییە لە پرۆسەیەکی ژیر و ویژدانی کە دوو لایەن دەگرێتەوە لەوانە لایەنی زانینیو لایەنی ویژدانی، لایەنی زانینی شوێنی یەکەمی داگیردەکات لە هۆشیارییدا، بەڵام زانینێکی ناپوخت دەکەوێتە لایەنی ویژدانییەوە، یاخود تێگەیشتن و وەرگرتنی شتێکە و کارکردنی لەپێناو باشی پەی بردنی مرۆڤە بۆ خودی خۆی و ژینگەکەشی کە لە دەوروبەرێتی بە ڕاستەوخۆی پەی پێ دەبات، و زیرەکی و هۆشیاریی کە دەورەی ئەو تاکەی داوە** (قزامل،٢٠١٣: ٧٤) .

**(بیرلز peris ١٩٧٠) هەستاوە بە دیاریکردنی سێ ناوچەی سەرەکی لە هۆشیاریی لای تاک ئەوانیش: یەکەم: هۆشیاریی بۆ خود. دووەم: هۆشیاریی بۆ جیهان. سێیەم: هۆشیاریی لەنێوان خود و جیهان، دۆزینەوەی ناوچەی کۆتا دەبێتە ڕێگری دۆزینەوەی ناوچەکانی تر، وجەخت کردنە لەسەر هۆشیاریی خودی بۆ جیهان.**

**هەروەها "فیلمان velman ١٩٩٦"ئاماژە دەدات بەوەی کە هەندێ لە زاناکان چەمکی هۆشیاریی وادادەنێن کە هاوواتای چەمکی هۆشیاریی خودییە، لەکاتێکدا تاک هۆشیاریی دەبێت لە بەرامبەر هەندێ لە شتەکانیتر کە خودیی نین وەکو جیهانی دەرەکی یاخود کەسەکانیتر، ئەوە دەربڕینێکە دەربارەی ڕەنگدانەوەی هۆشیارییە، لە کاتێکدا بابەتی هۆشیاریی بریتییە لە خود**(ناجي ، عزيز، ٢٠١٦: ١٥٩).

**هەرلەمەشەوە چەمکی هۆشیاریی بەکۆمەڵی لای "ئەمیل دورکایم " وەکو بەشێك لە هۆشیاریی بریتی بوو لە حاڵەتێکی لێکچوونی و زانینی و هەڵچوونی، سەرەڕای ئەوەی کە بۆ خودی کەسەکەیە، لە هەمانکاتیشدا تاکەکانی کۆمەڵەکەش دەگرێتەوە بە بەرژەوەندیی و بەها کولتووریەکانیشیانەوە، یان ئەو کۆمەڵە بیروبڕوا و هەستانەیە کە لە ناوجەرگەی ئەندامانی کۆمەڵگەکەدا دابەش دەکرێت،**

ئەوە دادەنرێت بە هۆکاری تەواوکاری و گونجانی کۆمەڵایەتی بەوەی سستمێکی دیاریکراو پێکدەهێنن و ژیانێکی تایبەت بەخۆیان دەبێت و ئاماژەکانیشی پێوانە ناکرێت ئەگەر هاتوو هەڵقوڵاوی جۆری هاوبەندییە باوەکەیەوە نەبێت ئەویش کە جۆری میکانیکی و ئەندامێتییە(فیربول، ٢٠١١: ٦٢).

ئەگەرهاتوو هۆشیاریی مرۆڤی هاوچەرخ لە بوارەکانی ژیانی هاوچەرخیدا بەگشتی پێویستیبێت، ئەوا هۆشیاریی سایکۆلۆجی و هۆشیاریی خودی زۆرترین گرنگێتی هەیە لەبەرئەوەی مرۆڤ لەم بوونەدا بەهادارترینە، و زانینی نەفس و هەست پێکردنی و پەیبردنی لە تێبینی مرۆڤ خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، تەواو پەی دەبات بە هەستە ڕاستەقینەییەکانی، ئەویش بە بەرەنگاربوونەوە(عزیز ، ٢٠١٥: ٢). ئاماژە بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەکرێت کە لە خۆناسین و بەهای خۆزانینەوە دەست پێدەکات، مرۆڤ دەبێت ئەوە بزانێت کە چەندین مافی سروشتی هەیە نابێ زەوت بکرێن، هەربۆیە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بریتییە لە زانین و تێگەیشتن لە بارەی پێکهات و دیاردە و گیروگرفت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی (سادق، ٢٠٠٨: ١٢١).

سەرەڕای ئەمانە هۆشیاریی بریتی دەبێت لە زانین و تێگەیشتن و پەیبردن و ڕێزدانان و شایستەدانانێکی دیاریکراو، کە یارمەتی ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتی تاك لە چاودێریکردنی لەم بوارەدا دەدات(الحلبي، ٢٠١٧: ٧).

هۆشیاریی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە هەموو کۆمەڵگەکاندا ئەویش بە زیادکردنی هەندێ بەهای باش بۆ کۆمەڵگە، یان لە کاتێکدا کە دژایەتی و بەربەرەکانی لەگەڵ هەندێ بەهای خراپدا دەکات، و هەڵدەستێت بە ڕوونکردنەوەی لایەنە خراپەکان بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگە(الغامدي،١٤٣٠ھ: ٨٥-٨٦).

بۆ ئەم مەبەستەش هۆشیاریی بەکۆمەڵی بەرهەمی هۆشیاریی تاکەکانە و دەبێتە دروستکەری دامودەزگا کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا، هەر ئەم هۆشیارییەی کە تاکەکان هەیانە لە قۆناغێکدا بەخێرایی دەگۆڕێت لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر، بەمە وادەکات گۆڕان ڕووبدات لە هۆشیاریی کۆمەڵو کۆمەڵگەکاندا، بەڵام ئەم گۆڕانە بەشێوەیەکی کەڵەکەبوویە و بە جیاوازی کۆمەڵگەکان هەنگاودەنرێت بۆ مەدەنیبوون، بەو واتایەی هۆشیاریی مەدەنی بوونی دەبێت و دێتە ئاراوە ( بکار،٢٠٠٠: ١٤-١٥).

هۆشیاریی مەدەنی لە چوار بەش پێکدێت لەوانە: یەکەم هۆشیاربوون بە مافەکان کە بنەمایە، دووەم هۆشیاربوون بە بەرپرسیارێتی، سێیەم هۆشیاربوون بە بەژداریکردن کە ئەمە ئەو هاولاّتییانە دەگرێتەوە کە هۆشیاریی ماف و بەرپرسیارێتییان هەیە دەتوانن لە ڕێگای ئەم هۆشیارییانەیان بیروڕای خۆیان دەردەبڕن لە کاروبارە گشتییەکاندا، بەمەش دەتوانن بەژداریبکەن لە گەشەپێدانی کۆمەلاّیەتیدا، کۆتا دەبێت هۆشیاریی بڕیاردانی هەبێت و چاودێری یاسا کۆمەلاّیەتییەکان بکات(liu,2017:1).

**پێناسەی ڕێککاری هۆشیاریی مەدەنی:** پەیبردنە بەدۆخی کۆمەلگە و گرتنەبەری فۆڕمێکی نوێی بۆ ژیان و یەکتر قبولکردن لای هاولاّتیانی شاری سلێمانی.

## حەوتەم: کۆمەلگەی مەدەنی

**"دۆمینیک"** پێناسەی کۆمەلگەی مەدەنی دەکات پێیوایە کە ژیانێکی کۆمەلاّیەتی ڕێکخراوە دەستپێکیشی بەو لۆژیکە تایبەتییە کە هەیەتی و بەتایبەتیش لەژیانە گشتییەکەدا کە دینامیکیەتی ئابوری و کولتووریی و ڕامیاریی لە خۆدەگرێت(الشمري، ٢٠١٣: ٣٦١).

کۆمەلگەی مەدەنی بۆ زۆرێك وەکو خەونێکی مرۆییی وایە کە لە کۆمەلگەیەکی نوێ و یەکساندا خۆی دەبینێتەوە، هەر ئەم کۆمەلگەیە ڕێگەخۆشکەرە لەبەردەم گەشەی هۆشیاریی مرۆڤایەتیدا و وادەکات گرنگیدان بەم پرەنسیپانە بێتە ئاراوە وەکو سەربەستی و یەکسانی و دادپەروەری و مافی مرۆڤ و هۆشیاریی چینایەتی نوێ ( الشيباني،٢٠١٨: ١٣٦ ).

کۆمەلگەی مەدەنی بریتییە لە کۆمەلێك ڕێکخستنی خۆبەخشانە و سەربەستانە کە ماوەی نێوان خێزان یاخود کۆمەلگە و دەولەت پڕدەکەنەوە لە پێناو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە هاولاّتیان و هاتنەدی بەرژەوەندییەکانیان یاخود کاردەکەن لە پێناو پیادەکردنی چالاکییە جۆراوجۆرە مرۆییەکانیاندا (شحادة،٢٠١٥: ١٥). کۆمەلگەی مەدەنی پێناسە دەکرێت بەوەی بریتییە لە دامودەزگایەکی خۆبەخشیە و بۆماوەیی نییە، کە خەلکی دایدەمەزرێنێت لە پێناو تێرکردنی پێداویستییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان، جا ئەمە بۆ خۆیان بێت یان بۆ ئەوانی تر لە کۆمەلگەدا(قاسم ، الغانم،٢٠١٩: ٤٢).

هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەندێ لە کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا پێناسەدەکرێت کە هەموو ئەو چالاکییانەیە لە دەرەوەی دامودەزگای دەوڵەتێکی سنورداردا هەیە، (واتە ئەوانە بەشێك نین لە دامودەزگای حکومی)، کە دامودەزگای ئایینی دەگرێتەوە ئەمەش بەپێی خەسڵەتی کۆمەڵگەکەیە، سەرەڕای بوونی هۆزگەرایی و تیرەگەرایی تیایدا، و دوورخستنەوەی پارتەکانیش بەو مەبەستەی کە ڕەنگە بەشداری بکەن لە حکومڕانیدا(سالم،٢٠٠٤: ١٥).

هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵدەستێت بە کارەکانی لە شێوەی ڕێکخراودا، هەربۆیە **بانکی نێودەوڵەتی** پێناسەی دەکات بەوەی ڕێکخراوێکی نا حکومییە و فراوان و قازانج نەوویستە یاخود پێکهاتەیە لە کۆمەڵەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە نافەرمین دەربڕی بەرژەوەندی و بەهای ئەندامەکانە یاخود کەسەکانیترە بە پشتبەستن بە لایەنی ئاکاریی و کولتووریی و ڕامیاریی و زانستی و ئایینی و مرۆڤایەتی، بەو واتایەی کە ناوەرۆکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەربڕی لایەنی چالاکییە خۆبەخشیەکان و بەکۆمەڵیەکانە کە نێوەندگیری دەکەن دەربارەی بەرژەوەندی و بنەما و بەها هاوبەشەکان(علي،٢٠٠٨: ٢٥-٢٦).

هەروەها دامودەزگای کۆمەڵگەی مەدەنی پێناسەدەکرێت بەوەی بریتییە لەو ڕێکخراوانەی کە خەڵکی دامەزرێنەرێتی، و هەڵدەستن بە کارکردن لەسەر بابەتە هاوبەشەکان تیایدا، هەروەك ڕێکخراوی ناحکومی و سەندیکای کرێکاران و پیشەوەران و دەزگا خێرخوازییەکان و ئایینیەکان(حنتولة ، نصراوين، بەبێ ساڵ: ١١).

## هەشتەم : کۆچکردن

لە ڕووی زمانەوانییەوە کۆچکردن بەواتایی دەرچوون دێت لە زەویەك بۆ یەکێکی تر، یاخود بەجێهێشتنی نیشتمان و جیابوونەوەیە لێی بۆ شوێنگەیەکی تر(حمود، بەبێ ساڵ: ٣٤٧).

کۆچ لە زمانی فەڕەنسیدا دابەش دەبێت بۆ دوو ووشە: یەکەم ووشە **Immigre**، ئەو کەسەیە کە دەچێتە ناو هەرێمی دەوڵەتێکەوە کە سەربەخۆیە وەکو کۆچبەر کە بەسەر ئەم دوو وشەیەشدا جێبەجێ دەبێت **Migrant/Immegre**، دووەم ووشە: **Emigre**، ئەمەش ئەو کەسەیە کە هەرێمی شاری خۆی جێدەهێڵێت و کۆچ دەکات بۆ شارێکی تر(سارة، بسمة،٢٠١٨: ٧أ).

**مەبەست لە کۆچکردن لە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە بریتییە لە گواستنەوەی تاکەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر، ئەگەرهاتوو کۆچ لە سنوری دەوڵەتدا بێت پێیدەوترێت کۆچی ناوخۆیی، و ئەگەرهاتوو کۆچکردن لە دەرەوەی سنوری دەوڵەتدا بێت پێی دەوترێت کۆچی دەرەکی، ئەم کۆچە یان بەشێوەیەکی یاسایی دەبێت، یان بەهۆی دزەکردنی کۆچبەرە بەشێوەیەکی نایاسایی بۆ دەوڵەتێك وەکو داواکردن بۆ چوونەژوورەوە بەمەبەستی سەردان و دواتر بەردەوامی بدات بە مانەوەکەی لە ناو ئەو دەوڵەتەدا بە ئامانجی کارکردن تیایدا، جا کۆچ یان کاتییە یان هەمیشەییە**(محمد، ٢٠١٥: ١٣١)**، یاخود بریتییە لە جوڵەی مرۆڤ کە منداڵیشی تیادایە لەناو شارێکدا یاخود لە سنوری دەوڵەتێکدا**(منظمة الاغذية والزراعة للأمم المتحدة FAO، ٢٠١٨: ٤)**، بە واتایەکی تر کۆچ بریتییە لە جوڵەی دانیشتوانی و گواستنەوەی تاك و کۆمەڵ لە نیشتمانە بنەچەیەکەیدا بۆ نیشتمانێکی تری نوێ لەئەنجامی کۆمەڵێك لە هۆکار و بارودۆخ لەوانە: ئابوری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی**(رحيم، ٢٠١٧: ٢)**.**

**لەهەمان کاتدا کۆچ پێناسە دەکرێت بەوەی پرۆسەی گواستنەوەی تاکە یاخود تاکەکانە لە ناوچەی نیشتەجێبوون بۆ شوێنێکی تر جا ئەمە بە خۆویستی بێت یان زۆرلێکردن، لە گرنگترین خەسڵەتەکانی ئەوەیە کە دەبێت بە مەبەست بێت یان پلان بۆدانراو بێت کە ئامانجێکی ڕوون و دیاری هەیە**(الماضي، منديل، ٢٠١٧: ١٧٥)**، یاخود پرۆسەی گواستنەوەی تاکەکانە بۆ دەوڵەتێکی تر بەمەبەستی مانەوەی هەمیشەیی لەوێدا** (محمد،٢٠١٧: ١٠٦)**.**

کۆچکردن وەکو زاراوە لە ڕووی **دیمۆگرافیەوە** واتە سێ هۆکاری کاریگەر کە دەبێتە هۆی گۆڕان لە ژمارەی دانیشتوان لە شوێنێکدا کە ئەوانیش(لەدایك بوون و مردن و کۆچکردن)ە ئەم سێ هۆکارە لە هەردەوڵەتێکدا بێت دەبێتە هۆی گۆڕان لە ژمارەی دانیشتواندا، بەڵام هۆکاری کۆچکردن وەکو هۆکارێکی گرنگ و بزوێنەری بنەڕەتییە لە گۆڕانی دانیشتوانیدا، ئاوارەکردنی دانیشتوان لە شوێنێك وەستانیان لە شوێنێکدا بەهێزترین و کاریگەرترین هۆکارە لەچاو ئەو دوو هۆکارەی تردا(الريس، ٢٠١٧: ٦).

**هۆکارەکانی کۆچکردن زۆر و جۆراوجۆرن، بەڵام سەرجەمیان لە دوو شێوەدا خۆیان بەدەردەخەن پێیان دەوترێت هۆکاری پاڵپێوەنان و ڕاکێشان، کە ئاڕاستەی جوڵەی تاکەکانە لە ژینگە**

پاڵپێوەنەرەکەوە بۆ ژینگە ڕاکێشەرەکە، شیکارییە دەروونییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەستێکی ناوەکی نەفرەت لە ژینگە بنەچەییەکە دەکات، وای لێدەکات کە بگەڕێت بەدوای ژینگەی نوێدا، کە پێشبینی ئەوە دەکرێت ژیان لەوێدا باشتر بێت لەو دۆخەی کە لە نیشتمانە بنەچەییەکەدا دەیگوزەرێنێت(البیل، ۲۰۱۲:۱۲). **نەتەوە یەکگرتووەکان** پێناسەی دەکەن بەوەی گواستنەوەیەکی هەمیشەییە بۆ شوێنێکی دوور لەنیشتمانە بنەچەکەی دووریەکی تەواو(جمعة، ۲۰۱۷ :۱۷۹).

لەهەمان کاتدا پێناسەش دەکرێت بەوەی کە جێهێشتنی کەسێکە یاخود کۆمەڵێکە لە خەڵکی لەشوێنی نیشتەجێبوونەکەیاندا بۆ شوێنێکی تر، بەمەبەستی مانەوە لەشوێنی نوێدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و زیاتر یاخود درێژتر لە سەردان و گەشت(عبدالحسن، عصفور، ۲۰۱۸: ۲۰۸۰)، یاخود بریتییە لە گواستنەوەی ژینگە بنەچەیەکەی تاکەکان بۆ ژینگەیەکیتر بەشێوەی هەمیشەی بەرێژەی بۆ مەبەستە دیاریکراوەکان(البرواري،الدباغ، ۲۰۱۹: ۹۳). کۆچ پێناسەی زۆری بۆکراوە لەناویاندا پۆلێنەکەی **"پیترسۆن" Peterson** دێت کە کۆچی کردووە بە پێنج جۆرەوە ئەوانییش:یەکەم: کۆچی سەرەتایی **primitive migration**، دووەم: کۆچی زۆرلێکردن **Forced Migration**، سێیەم: کۆچی بەناچاری **Impelled Migration**، چوارەم: کۆچی سەربەست **Free Migration**، پێنجەم: کۆچی جەماوەری Mass **Migration** (نظمي، ۲۰۰٦: ۷) .

# باسی سێیەم

# توێژینەوەکانی پێشوو

لە دوای گەڕان و بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر بابەتی توێژینەوەکە، بەڵام دەرکەوت هیچ توێژینەوەیەك بەدەستنەکەوت کە پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە ڕوونبکاتەوە کە ئەوانیش بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنییە، بۆیە لێرەدا ئەو توێژینەوانە دەخەینەڕوو کە پەیوەندیان هەیە بە بەشاریبوونەوە ، ئەویش بەمشێوەیەی خوارەوە:

## یەکەم: توێژینەوە کوردستانییەکان

**١-توێژینەوەی د. حسين إسماعيل علي (٢٠١٢) : المؤشرات الحضرية لمدينة كلار دراسة في علم الإجتماع الحضري.**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ئامانجی زانین و خستنەڕووی ئاماژەپێدەرەکانی شارنشینی شاری کەلارە، و زانینی ئەو ئاماژەپێدەرانەیە کە بەشداردەبن لە دەرکەوتنی ئەم دیاردەیەدا، و هەروەها شیکارکردنی لایەنە دیموگرافی و شارنشینییەکەی شارە، سەرەڕای ئەوەی خەسڵەتە پێگەی و شوێنگەیەکەی ئەو شارە بە تەنیا و بەکۆمەڵی ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە کاریگەری لەسەر شێوەی شارەکە و ئاڕاستەکان و ئاماژەپێدەرەکانی.

ئەم توێژینەوەیە وەکو هەوڵێکی دۆزینەوەیی (إستكشافية)یە سەبارەت بەشاری کەلار، و هەوڵی زانینی ئاماژەپێدەرەکانی ناو ئەو شارەیە، و کۆبیری لەسەر لایەنی تیۆرییە، کە پێکهاتووە لە دوو بەش کە بەشی دووەمی دوو تەوەرە لەخۆدەگرێ، تەوەرەی یەکەمی بەشی دووەمی بە شێوەیەکی گشتی و لە ڕوانگەی ئەدەبیاتی زانستی کۆمەڵناسی شارنشینییەوە ڕوانینیان کردووە بۆ شار و شارنشینی و گەشەپێدانی لە ڕووی ئاماژەپێدەرەکانیەوە، و تەوەرەی دووەمی بەشی دووەمی، توێژەر باسی لە ئاماژەپێدەرەکانی شاری کەلار کردووە و کەلار وەك شارێك لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و پەرەی سەندووە لە ماوەیەکی کورتدا، لە کۆتایدا توێژەر گەیشتووە بە کۆمەڵێك دەرئەنجام لەوانە:

أ-شار خەسڵەتی ڕاکێشانی هەیە وەکو ڕواڵەتێکی سەردەمیانە و خۆشگوزەرانی و بواری کارکردن وایکردووە زۆرینەی لە ژیانی شارنشینییدا بژین و کۆچی لە لادێ بۆ شار دروستبکات کە بەرگەی ئەو ڕواڵەتانە نەگرن.

ب-شاری کەلار چەندە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاد بکات ئەوندەش بەشاریبوون و شارنشینی زیاد دەکات بەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی هەیەلە نێوان شار و زیادبوونی دانیشتوانی لەگەڵیەکتردا.

ج-گرنگترین ئاماژەپێدەرەکانی خەسڵەتی شارنشینی لە شاری کەلار گۆڕانی بەسەرداهاتووە لەڕووی پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکانەوە لە شێوەی سەرەتاییەوە بۆ شێوەی لاوەکی، سەرەڕای جۆرێتی لە پسپۆڕی و دابەشکردنی کاردا.

ح-هەموو تاکێکی کەلار پسپۆڕێتیان هەیە لە جۆرێکی دیاریکراوی ئیشدا دەتوانرێت بوترێت لێکچوونی پیشەی و پلەبەندی چینایەتی بوونی هەیە.

د-ڕەهەندە زانیارییەکانی وەك ((ئەنتەرنێت و بەجیهانیبوون)) کاریگەری لەسەر شاری کەلار کردووە لە ئاڕاستە جیاوازەکانەوە کە تاك تیایدا شێوەیەکی سەردەمیانە و پسپۆریانەی دەبێت لەیەککاتدا.

ز-ئاماژەپێدەرەکانی شارنشینی تیایدا جا کولتووریی و کۆمەلآیەتی و کارگێڕیی و ئابوریی و ڕامیاریی و فێرکاریبێت بۆتە دەرکەوتوترین ڕواڵەتەکانی ئەو شارە کە تاکی ناوخۆ و دەرەوەش دەتوانن تێبینیبکەن.

**٢- توێژینەوەی: <u>Hemin Kaka Ahmed Kareem (2018) Urbanization and interrelation with appearing urbanis A sociological study about Kalar city.</u>**

**<u>( بەشاریبوون و پەیوەندی بە دەرکەوتنی شارنشینیەوە –توێژینەوەییەکی سۆسیۆلۆژیی مەیدانییە لە شاری کەلار)</u>**

ئەم توێژینەوەیە نامەی ماستەرە و ئامانجی تیشکخستنەسەر بەشاریبوون و دەرکەوتنی شارنشینییە لەشاری کەلار و هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتی تاك و کارلێکی کۆمەلآیەتییە لەشاری

کەلاردا و خستنەڕووی ئاستی شارنشینییە لەگەڵ دانیشتوانی شاری کەلار و ئەو هۆکارانەی کاریگەرە هەبووە لەسەریان. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە و ئامرازی پرسیارنامەی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە پراکتیکییەکان بەکارهێناوە، توێژینەوەکە لە قەزای کەلار بووە و قەبارەی نموونەکەشی لە (٢٠٠)کەس لە هەردوو ڕەگەز و لە تەمەنی ١٨ ساڵی بۆ سەرەوە بووە کە بە شێوەی نموونەگیری نائەگەری (sample method Non probability ) لە کۆمەڵێك شوێنی جیاوازی شارەکە وەرگیراون.

ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە لەڕێگەی بەرنامەی (spss) وە شرۆڤە کراوە دەریخستووە کە پەیوەندی نییە لەنێوان بەشاریبوون و دەرکەوتنی شارنشینی لە شاری کەلاردا و بەشێوەیەکی گشتی شارنشینی دەرنەکەوتووە لە شارەکەدا، هەروەها تەنیا لە نێوان گۆڕاوی ڕەگەز و شارنشینی پەیوەندی مانادار دەرکەوتووە و تەنیا ئەم گۆڕاوە کاریگەری هەبووە لە گۆڕانی ئاستی شارنشینی لای تاکەکان، بە پێچەوانەوە گۆڕاوەکانیتر وەك (تەمەن ، باری خێزانی، ئاستی خوێندەواری، پیشە، ئاستی ئابوری، ڕیشەی پەیدابوونی خێزان لە گوند –شار پێشینەی ژیان لە گوند ماناداریان بە ئاستی شارنشینیووە نەبووە.

**دووەم: توێژینەوە عێراقییەکان:**

**<u>توێژینەوەی م.م. عقيل حسن ياسر النجم (٢٠١٩): السكان والتحضر في الوطن العربي دراسة جغرافية.</u>**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە گەڕان و دۆزینەوەی ئەو جیاکارییە شوێنییە لەگەڵ دیاردەی بەشاریبوون لە دەوڵەتە عەرەبیەکاندا و لێکۆڵینەوە لە خەسڵەتی دیمۆگرافی دانیشتوان و پەیوەندی بە خەسڵەتەکانی بەشاریبوونەوە و جێکەوتەکانی ئەم پەیوەندیەوە، لێرەدا توێژەر هەستاوە بە وەرگرتنی خەسڵەتەکانی نیشتمانی عەرەبی و هەروەها لێکۆڵینەوە لە دیاردەی بەشاریبوون لە ماوەی نێوان (١٩٦٠- ٢٠١٨)دا بە مەبەستی دۆزینەوەی جیاکاری شوێنی و زانینی جۆرەکانی بەشاریبوون لەو دەوڵەتانەدا کە تەنها زیادبوونی سروشتی نەبووەتە گەشەی شار بەڵکو بەهۆی کۆچی یەك لە دوای یەکیشەوە بووە، لەمەشەوە هەستاوە بە وەرگرتنی سنوری کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی کە نیشتیمانی عەرەبیە کەدەکەوێتە بازنەی پانی(°٣٧,٣٨°)باکور و(°١٣,٠°)باشور لە نێوان هێڵی درێژی(°٥٩,٥٠°) ڕۆژهەلأت و (°١٧,٩°)ڕۆژئاوا، لە کۆتادا دەگاتە گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە لەوانە:

١-ژمارەی دانیشتوانی نیشتمانی عەرەبی لە نیوەی سەدەی بیستدا زیادیکردووە کە پێشبینیش ناکرێت لەم تێکرایەی ئێستای دابەزێت بەوەی تێکڕای لە دایکبوون بەرزە، لەگەڵ نزمی تێکڕای مردنەکان، ئەگەرهاتوو دەوڵەتەکانی نیشتمانی عەرەبی جیاوازبن لە قەبارەی دانیشتوانیدا ئەوا جیاوازن لە ڕووی سەرچاوەی سروشتی و ئابوریەوە، ئەوەی تێبینیکراوە ئەوەیە کە ڕێژەی لەدایکبوون و مردن جیاوازە و هۆکاریشە بۆ تەقینەوەی دانیشتوانی لە زۆربەی دەوڵەتەکانی نیشتمانی عەرەبیدا. هەر ئەو تەقینەوەیە کاریگەری دەبێت بۆ سەر ئابورییەکەی و دەبێتە هۆکاری ڕێگرکردن لە گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتیش تیایدا.

٢-ئەو شێوە چەماوەییەی بەشاریبوونی دەوڵەتەکانی نیشتمانی عەرەبی وەکو ئەو شێوە چەماوەییەی بەشاریبوون نەبووە کەلە شێوە پیتی (S)دایە، بەڵکو چەمانەوەی بەشاریبوونی دەوڵەتەکانی نیشتمانی عەرەبی بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە کە گەیشتۆتە ناوەندی ژمێرەی (٣٤,٤٪) لە ساڵی (١٩٦٠) دا کە لە ساڵی (٢٠١٨) بۆ (٧٠,٢٪) زیادیکرد.

٣-جیاکاری لە نێوان دابەشبوونی دانیشتوانی شار و شارەکانی دەوڵەتەکانی نیشتمانی عەرەبی هەیە کە ئەمەش لە ئەنجامی کارلێکی کۆمەڵێك هۆکارە لەوانە کۆمەڵایەتی و ئابوریی و مێژوویی.

٤-دەوڵەتەکانی نیشتمانی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی وا وەسف دەکرێن بەوەی جیاوازیان هەیە لە تێکڕای گەشەی دانیشتوانیدا، لەگەڵ ناوەندە شارنشینییەکاندا ئەمەش لە ئەنجامی جیاوازی هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتییە کە کاریگەری تەواوی کردووەتە سەر دیمۆگرافیا.

٥-کەلێنێکی گەورە بوونی هەیە لە خەرجییەکانی شارە گەورەکاندا لەگەڵ پایتەختەکاندا کە کاریگەرییان کردووەتە سەر ڕێژەیەکی زۆریان، بەڵام هەندێ لە شارەکانی تر نا، سەرەڕای بوونی ئەم کەلێنە لە نێوان دانیشتوانی شارەکان و لادێکاندا، بەڵام لە بەرژەوەندی شارەکاندایە بەوەی دەبنە ناوچەیەکی ڕاکێشەر بۆ دانیشتوانی لادێ.

**سێهەم: توێژینەوە عەرەبییەکان**

**١-توێژینەوەی بن يحي رابح (٢٠٠٥): أثر النمو الحضري على المحيط العمراني"دراسة حالة مدينة باتنة" ⋆من أجل مدينة مستدامة.**

ئەم توێژینەوەیە نامەی ماستەرە لە جەزائیر لە شاری باتنە ئەنجامدراوە، ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی ڕەنگدانەوەی گەشەی شارنشینییە لە دەوروبەری ئاوەدانی و پێکهاتە و ڕەهەندە بوارییەکانی فیزیایی و ژینگەیی و ئابوریی و کۆمەلایەتیدا، لەگەڵ مەودای کاریگەری گەشەی شارنشینی لە بەردەوام بوونی شاردا یان مانەوەی وەکو شوێنێك بۆ ژیانێکی خۆش و ئاستی کولتووری بەرز، کە بەردەوام ووزەکانی نوێ دەکاتەوە و کاردەکات بۆ هاتنەدی خواست و ئارەزووی هاولاتییەکانی. بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجە توێژەر میتۆدی شیکاریی بەکارهێناوە بە ڕێگای چەندێتی ئامار، هەروەها بەوەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکە لە جۆری (هێشوویی) بە دابەشکردنی بۆ گەڕەك لە بەر زۆری ژمارەی دانیشتوانی لەو شارەدا. لە کۆتایدا توێژەر کۆمەڵێك ئەنجام دەخاتەڕوو سەبارەت بە شارەکە و دەوروبەری ئاوەدانی ئەوانیش بریتین لە:

ئەنجامی ئەو زیادە سروشتییە بەرزەی دانیشتوان وایکردووە کۆچکردن هەبێت، بەتایبەتی کۆچی لادێ. ئەو گەشەی شارنشینی و دینامیکییەتە کاریگەری هەبووە لەسەر دەوروبەری ئاوەدانی شارەکە بەڕەهەندە جیاوازەکانەوە، کاریگەریش زۆربووە لەسەر ڕەهەندی بواری فیزیایی، کە کێشە وگرفتی دروست کردووە و بەکاربردن بەشێوەیەکی ناژیرانە لەبواری شارنشینیدا دروست دەکات و ڕێز لە هێزە سروشتییەکانیش ناگرێت، لەلایەکیترەوە ئەو قەبارە گەورەیەی شار و فراوانبوونی دەبێتە تێکچوونی ئەرکێتی کە ناتوانێت چالاکی شارنشینی لە خۆبگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەری کراوە و سەربەست بەتایبەتی سەوزایی و شوێنی یاریکردن بۆ منداڵ شوێنی بۆ نەکراوەتەوە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە کەموکورتی زۆرە، لە لایەنی ئابورییەوە بێکاری زۆربووە کە بۆتەهۆی دابەزینی نرخی کرێ، بەمەش چالاکی ئابوری نافەرمی دروست دەبێت کە سوود ناگەیەنێت بە شارەکە. لەڕووی کۆمەلایەتییەوە گەشەی شارنشینی کۆمەڵگەی شارنشینی دەوڵەمەند کردووە بە کولتووری جیاوازی مرۆیی، بەمە دابونەریتەکان دەگۆڕێت بە حوکمی وابەستەبوونی بەرژەوەندییەکان و ئەرکەکانی شارنشینی لە

ڕێگای کاریگەری و کاریگەربوون، لەگەڵ ئەوەی لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکەدا ناوابەستەبوون لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی دەبێت، و گرنگی پێنەدان لە لایەن تاکەکانەوە بەرامبەر گەڕەکەکانیان دروست دەبێت کە خزمەت بە دەوروبەری ئاوەدانی ناکەن نە لەدوور نە لە نزیك. لەگەڵ جێکەوتەی خراپی کۆچی لادێنشینی بە پاڵنەرە جیاوازەکانی کە دابونەریتی لادێ هەڵیانگرتووە کە ناگونجێ لەگەڵ شارەکەدا دڵەڕاوکێ و دوودڵی و جیابوونەوە دروست دەکات لای دانیشتوان.

**<u>٢-توێژینەوەی موسى سمحة(٢٠١١): التوقعات السكانية والإحتياجات السكنية للمدن الاردنية ٢٠٠٤-٢٠٢٤.</u>**

ئامانجی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بریتی بووە لە :

١-زانینی دابەشکاری جوگرافی و جیاوازی شوێنی بۆ تێکڕای گەشەی دانیشتوانی و پێداویستییە نیشتەجێبوونییەکانی داهاتووی ناوچەکانی شارنشینی کە ژمارەی دانیشتوانەکەیان (١٠٠٠٠) سەرنشین بووە.

٢-زانینی هۆکارە کاریگەرەکانی گەشەی دانیشتوانی و پێداویستییە نیشتەجێبونییەکان. توێژەر میتۆدی ئاماری چەندێتی بەکارهێناوە بۆ پێوانەی پێداویستییە نیشتەجێبوونییەکەی دانیشتوانی لە ناوچەی شارنشینییدا. لە کۆتادا گەیشتووە بەم دەرئەنجامانە :

٣-جیاوازی لە جۆرەکانی گەشەی ئابوری لەسەر ئاستی ناوچەکاندا وایکردووە کە کۆچکردن لە لادێوە بۆ ناوچەی شارنشینی ڕووبدات، دواتریش جیاوازی لە تێکڕای گەشەی پارێزگاکاندا هەیە، و بەرزبوونەوەی تێکڕای منداڵبوون و دابەزینی ئاستی مردن بەرپرسیارە لە بەرزکردنەوەی ژمارەی دانیشتوان لە شارە سەرەکییەکاندا سەرەڕای کۆچی هاتووی بەلێشاو لە دەرەوەی ئەردەن بۆ ئەو شارە.

٤-کۆمەڵگە شارنشینییەکانی وەکو عەمان ڕەصیفە و زەرقا بەزۆری چالاکییە ئابورییەکانیان تیادا کۆدەبێتەوە لەگەڵ پیشەسازی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییەکان و فێرکاری و تەندروستی لە دەوڵەتدا کە کاردەکەن وەکو هۆکارێکی سەرەکی ڕاکێشانی کۆچبەران لە لادێ بۆ شار و دەرەوەی ئەردەنیش کە پێویستی بە شوێنی زیاتری نیشتەجێبوونییە.

**٣-توێژینەوەی دعاء ربحي ابوفرع(٢٠١٨): التحولات الحضرية في التجمعات السكانية لجبال فلسطين الوسطى: نعلين و عين يبرود كدراسة مقارنة.**

ئەم توێژینەوەیە نامەی ماستەرە لە فەلەستین لە هەردوو شاری نعلين و عين يبرودە توێژەر ئامانجی لەم توێژینەوەیە بریتی بووە لە:

١- زانینی ڕەوشی بەشاریبوونە لەو دوو شارەدا (نعلين و عين يبرود).

٢- زانینی ئەو هۆکارانەی بوونەتەهۆی دەرکەوتنی گۆڕانی شارنشینی لە هەردوو ناوچەکەدا.

٣- زانینی جیاوازییەکانی ڕواڵەتی بەشاریبوونی هەردوو شارەکە و زانینی هۆکارەکانی ئەو جیاوازییە و ڕەنگدانەوەی لەسەر پڕۆژەکانی گەشەپێدانی لەو دوو شارەدا.

٤- لێکۆڵینەوە لە خەسڵەتەکانی ئابوری و ئاوەدانی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی گرنگترین ئەو کێشە ژینگەییانەی بەهۆی پڕۆسەی گۆڕانی بەشاریبوونەوە دروست دەبێت، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا (٤)جۆر میتۆدی بەکارهێناوە لەوانە (وەسفی شیکاریی ، مێژوویی ، بەراوردکاریی ، چەندێتی)، سەرەڕای پشتبەستنی بە چاوپێکەوتنی کەسێتی لە ڕێگای گفتوگۆ و دانوستانەوە لەگەڵ بەرپرسان و ئەوانەش کە بەرپرسیارێتیان نییە کە پێکهاتوون لە ( ئەنجومەنی خۆجێی لادێ، و خاوەن دوکان و بازرگانەکان و بەرپرسانی ناو وەزارەتەکانی دامودەزگا حکومییەکان) لەگەڵ کەسانی ئاسایی بۆ دەستنیشان کردنی مەدای هۆشیارییان بەرامبەر ئەو گۆڕانە شارنشینییە، لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازی بینین بە تێبینی کردنەوە و بەکارهێنانی بەرنامەی ( spss) و بەرنامەی تەکنیکی جوگرافیا ( Arc map 10.4 ) .

لەکۆتادا توێژەر گەیشتۆتە کۆمەڵێك دەرئەنجام لەوانە:

١-دیاردەی بەشاریبوون لە نعلين لەسەردەمی عوسمانییەکاندا هەبووە هەربۆیە بەشێوەی کتوپڕو لەناکاو نەگۆڕاوە بەڵکو پلە بە پلەبووە، بەپێچەوانەی عين يبرود کە پلە بە پلەیە و لەنیوەی بەشاریبووندایە.

٢-لە ڕووی ئابوریەوە نعلین لەپێش عین یبرودایە لەلایەنی بەرهەمهێنانی و قەبارەی دامودەزگا ئابوریەکانی.

٣-شانازیکردنی هەردوو شارەکە بەو پێگەیەی ئێستایان کە لەڕووی پێداویستییەکانیانەوە پێویستییان بە رام الله نەبووە خۆیان پشتیان بەخۆیان بەستووە .

٤-کەمی و کۆنی پرۆژە بونیادیەکانی ناوچەکە پشتگوێخستنی ئەو زۆربوونی دانیشتوانییە وایکردووە ناوچەکە نەتوانێت ئەو ژمارە زۆرە لەخۆبگرێت ئەمەش کاری کردۆتە سەر زیادبوونی دانیشتوانی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و لەسەر حسابی لادێکان و بڵاوبوونەوەی بینای ڕێگەپێنەدراوەی نەشیاو بەتایبەت لە نعلین.

٥-تێڕوانینیان بەرامبەر ئافرەت جیاوازبووە لە نێوانی کۆن ونوێدا، بەوەی ئافرەت دەچنە کارکردن لەگەڵ پیاواندا شانبەشان کاردەکەن لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابوریدا، و دەچنە زانکۆ و خوێندنی باڵاش تەواو دەکەن.

٦-پاڵنەری ناوەکیش وادەکات کۆچکردن بۆ نعلین و عین یبرود دروستببێت. سەرەڕای پاڵنەری ئابوری کە بواری کاردن و نزیکە کارەکە و پاڵنەری کۆمەڵایەتیش وادەکات لە خێزانی گەورە جیاببنەوە و سەربەخۆبن.

**<u>٤–توێژینەوەی ساجدة عبدالحکیم عبدالقادر محسن (٢٠١٨): الهجرة الداخلیة الوافدة الی مدینة نابلس بین اعوام (١٩٩٤-٢٠١٧)الاسباب والاثار .</u>**

ئەم توێژینەوەیە نامەی ماستەرە و ئامانجی دەرخستنی کاریگەری بارودۆخی ڕامیارییە کە گۆڕەپانی فەلەستین بەخۆیەوە بینیووە لە کاتی ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی ئۆسلۆ کە بەدوایدا دامودەزگای حکومی دروستبوو بە تێپەڕبوونی ڕاپەڕینی دووەم تاوەکو ساڵی (٢٠١٧) لەسەر تێکڕای (معدلات) کۆچکردنی ناوخۆیی بە ئاڕاستەی شاری نابلس. زانینی میکانیزمی کۆچی ناوخۆیی فەلەستینیەکانە بە جۆرەکان و ئاڕاستەکانیەوە. گەیشتنە بە جێکەوتەکانی ئەم کۆچە لە ڕووی تاکێتی و خێزانی و کۆمەڵگاییەوە.

بە پشتبەستنی بە کۆمەڵێك میتۆدی توێژینەوەی پەیوەندیدار لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجەکانیدا لەوانە: میتۆدی (مێژوویی وەسفی) لە توێژینەوەی وەسفی خەسڵەتەکانی ناوچەی توێژینەوەکەیدا، و میتۆدی مەیدانی: لە ڕێگای کۆکردنەوەی داتاکان سەبارەت بە دیاردەی کۆچی ناوخۆیی بۆ شاری نابلس بە کۆکردنەوەی فۆڕمی زانیاری – چاوپێکەوتن – سەردانی دامودەزگای فەرمی، و میتۆدی بەراووردکاریی، بەمەبەستی گەیشتن بە لێکچووەکان و جیاوازییەکان لە هەندێ لە شارەکانی نیشتمانی عەرەبی و بەراووردکارییان بە ئێستای فەلەستین.

لەناو گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەشدا توێژەر گەیشتووە بە :

١-هۆکاری ڕامیاری ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە گۆڕانی ڕێژەی دیمۆگرافیا لە نێوان ناوچەی لادێنشین و شارنشینی، لەبەرئەوەی زۆرینەی زۆری کۆچبەرەکان (المهاجرين) ئەوانەبوون کە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بوون ئەمەش وایکردووە ئاستی گەشەپێدانی ناوچەی لادێنشینی لاواز بێت.

٢- کەمی گرنگیدان بە دامەزراوەی پڕۆژە ئابوورییەکان بە جیاوازی شێوەکانی وەکو (بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی) لە ناوچە لادێنشینییەکاندا و کەمی ئاستی داهات وەك شێوەیەکی پاڵنەری لای زۆربەیان بۆ گواستنەوەیان بەرەو ناوچەکانی شارنشینی و ناوچەکانی شار.

٣- لەبەربوونی بەردەوامی چڕبوونەوەی دامودەزگا فەرمییەکان و بەتایبەت لە ناوەندەکانی شاری پارێزگاکان وادەکات پڕۆسەی کۆچی ناوخۆیی بەردەوام بێت بەمەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ناوچەی نێرەر و ناوچەی وەرگر یاخود پێشوازیکەر تاڕادەیەك.

**٥-<u>توێژینەوەی دعاء محمد ابو لطيفة (٢٠١٨):مظاهر إندماج المهاجرين الإجتماعية والإقتصادية والثقافية في المجتمعات المستقبلة – رام الله و البيرة كحالة دراسية.</u>**

ئەم توێژینەوەیە نامەی ماستەرە توێژەر هەستاوە بە خستنەڕووی تێکەڵبوون و یەکگرتنی کۆچبەرەکان لە کۆمەڵگەی پێشوازیکەر یاخود وەرگر کە گرنگی خۆی هەبووە لەوەی کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵگە هەبووە لە لایەنی ئابوریی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە کە ئامانجی توێژینەوەکەی توێژەر بریتیبووە لە:

١-زانینی ڕەوشی کۆچکردن بۆ هەردوو شاری رام الله و بیره و جێکەوتەکانی .

٢-تیشکخستنەسەر گرنگترین هۆکارەکانی کە بەژداردەبن لە پرۆسەی کۆچکردن بۆ هەردوو شاری رام الله و بیره.

٣-زانینی خەسڵەتە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی کۆچبەران بۆ هەردوو شاری رام الله و بیره.

٤-دیاریکردنی تاچەندە گونجانی کۆچبەرانە لەڕووی کلتوورییەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی وەرگردا.

٥-دیاریکردنی تاچەندە یەکگرتنی کۆچبەرانە لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە .

٦-پێشنیارکردنی ڕێگا و شوێنە بۆ پرۆسەکە بۆ زیاتربوونی ئەو گونجانەیە لەلایەن کۆچبەرانەوە لەڕووی کولتووریی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییەوە .

ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنەوە بووە لەگەڵ تێبینیکردنی مەیدانی کەدوو میتۆدی وەسفی و بەراووردکاریی بەکارهێناوە سەرەڕای میتۆدی مێژوویی .

ئەگەرچی کۆچی ناوەکی بۆ ناوچەکانی شارنشینی هۆکارێکی سەرەکی و شاراوەیە لەبەردەم پرۆسەی گەشە لە شاردا هەربۆیە ئاماژەیکردووە بە کۆچی ناوخۆیی و تیکەڵبوونی کۆچبەران لەشاری (رام الله و بیرة )و کاریگەرییە جیاوازەکانی وەکو پەرەسەندنی ئاوەدانی و گەشەی ئابوریی و کۆمەڵایەتی.

ڕاسپاردەکان:

١-کارکردن لە لایەن دەستەڵاتی نیشتمانی فەلەستینی بۆ زیاتر هاندان و ئاسانکاری کردن لە گەڕانەوەی کۆچبەرەکان (المهاجرین) کە لە (رام الله و بیرە)دان، بە تایبەت خاوەن سەرمایەکان و خاوەن ژیریی و لێهاتووییەکان بۆ ناوچەکانیان کە کۆچیان کردبوو لێوەی بۆ ئەوەی چڕبوونەوەی دامودەزگاکان تەنها لە رام الله نەبێت، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکرێت لە ڕووی وەبەرهێنانەوە لە ناوچەکانی تردا ئەویش بە دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ کارکردنی گونجاو لە ڕووی ڕێگاوبان و کارەبا و ئاو و شاری پیشەسازی نوێ.

٢-کارکردن لەسەر چڕوپڕکردنی هۆشیاربوونەوەی خۆجێیی لە شارو پارێزگاکاندا کە کۆچیان تیادایە لەبەر پێویستی مانەوە و گەشەپێدانی ئابوری خۆجێیی دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و شار لە ترسی سەرچاوەکانی زەویەکە لەلایەن داگیرکەرەوە ئەگەرهاتوو کۆچی تیاداکراو بەجێیان هێشت زەویەکە بەبەتاڵی.

٣-کارکردن بۆ دانان و چەسپاندنی بەرنامەی ڕۆشنبیری کولتووریی لە پارێزگاکانیتردا هەروەها چالاکی هزریی و ڕۆشنبیریی تەنها کۆبیرلەسەر پارێزگاکانی (رام الله و بیر)ە نەبێت.

٤-کارکردن بۆ بەرنامەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی (مجتمعي) بۆ هەموو کۆچبەرەکان و دانیشتوانە بنەچەییەکە بە ئامانجی زیاتر یەکتر قبولکردن و هۆشیاریی لە نێوان ڕۆڵەکانی یەك نیشتماندا .

**٦-توێژینەوەی رولا سوالقة -محمد العربي - ميساء الرواشدة (٢٠١٨): نمو سكان مدينة عمان ١٩٥٢-٢٠١٥دراسة ديمغرافية .**

توێژەران هەستاون بە خستنەڕووی گۆڕاوەکانی دانیشتوان کە شاری عەمانی پێداتێپەڕبوون لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لەگەڵ باسکردنی ئەو گۆڕاوانەی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا بە پشتبەستن بەو سەرژمێریانەی کە کراون لە ماوەی (١٩٥٢)دا بۆ دانیشتوانەکەی.

بە پشتبەستن بە میتۆدی مێژوویی بۆ خستنەڕووی تیکڕاکانی (معدلات) گەشەی دانیشتوانی بۆ شاری عەمان لە سەدەی ڕابردوودا و دەستپێکی سەدەی ئێستا، و میتۆدی وەسفی شیکاریش بۆ خستنەڕووی بەراووردکارییەکانی گەشەسەندووی (نمائية) دانیشتوانی شاری عەمان لە ساڵانی (١٩٥٢-٢٠١٥). ئەنجامەکانیان ئەوەی دەرخستووە کە شاری عەمان گەشەی دانیشتوانی خێرایان بەخۆوە بینیووە لە ماوەی هەردوو نیوەی یەکەم و دووەم لە سەدەی ڕابردوودا هەموو ئەمانەش بەهۆی ئاڕاستەکانی کۆچی ناوخۆیی و دەرەکییەوە بوون بە تایبەت کۆچکردنی فەلەستینیەکانەوە بووە کە یەك لەدوای یەك بووە کە شەڕی عەرەبی ئیسرائیلی بە دوای خۆیدا هێناوە .

هەستاون بە دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بوونەتەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی لەو شارەدا لە ماوەی (١٩٥٢-٢٠١٥)بەتایبەت لەماوەی (٢٠١١ – ٢٠١٥)لەوانەش:

١- کۆچی بەزۆر یاخود زۆرەملێ دانیشتوان لە شارە نزیکەکانەوە بۆ ئەردەن بەتایبەت فەلەستین لە دوای داگیرکردنی لە لایەن جولەکانەوە لە ١٩٤٨ کە شەری یەك لەدوای یەك و کۆچی زۆر بەدواوە بووە.

٢- کۆچی هەڵبژاردە (الإختياري) دانیشتوانی لە ناوچەکانی ناوەوە بەتایبەت کۆچی لادێ بۆ شار بەهۆی هۆکاری ڕاکێشانەوە کە کۆچبەری ڕادەکێشا بۆ شاری عەمان، کە ناوەندی کارگێڕی و بازرگانی و پشەسازی یەکەم بوو.

٣- کۆچی دەرەکی کە گەڕان بوو بە دوای هەلی کار و چاکردنی ئاستی بژێوی.

# باسی چوارەم

## تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

کۆمەڵێك توێژینەوە خراونەتەڕوو کە پەیوەندیدارن بە بابەتی توێژینەوەکەوە، بۆیە لێرەدا گفتوگۆیان لەبارەوە دەکەین:

١-هەندێ لە توێژینەوەکانی پێشوو ئامانجیان خستنەڕووی ڕۆڵی کۆچی ناوخۆیی و دەرەکییە لە دەرکەوتنی دیاردەی بەشاریبووندا وەك توێژینەوەی (سوالقة، العربي، الرواشدة، ٢٠١٨)و توێژینەوەی (أبو لطيفة، ٢٠١٨).

٢-هەندێ لە توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەیانداوە بە ڕۆڵی دیاردە پەیوەستەکانی وەك ( خەسڵەت و پێگە و شوێن و جوگرافیا و دیمۆگرافیا و بواری فیزیای و ژینگەی ئابوری و کۆمەلأیەتی و مێژوویی و هۆکاری ڕامیاری)بۆ بەشاریبوون وەك توێژینەوەی (علي ،٢٠١٢)و توێژینەوەی(النجم، ٢٠١٩)و توێژینەوەی ( رابح، ٢٠٠٥)و توێژینەوەی (أبوقرع، ٢٠١٨) و توێژینەوەی (محسن، ٢٠١٨)و توێژینەوەی (سمحة، ٢٠١١)و توێژینەوەی (kareem,2018).

٣-قەبارەی نموونەی توێژینەوە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەکانی پێشوودا جیاوازە هەروەك توێژینەوەی (kareem,2018) (٢٠٠)کەس لە هەردوو ڕەگەزەکە وەرگیراوە، هەروەها لە توێژینەوەی (محسن، ٢٠١٨) (١٥٠) کۆچبەر وەرگیراوە .

٤-توێژینەوەکانی پێشوو جیاوازبوون لە بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسیدا ، بەشێوەیەك کە هەندێکیان پرسیارنامەیان بەکارهێناوە و هەندێکی تریان چاوپێکەوتن و تێبینی کردنی مەیدانی و پێوەریان بەکارهێناوە. تەنها یەك توێژینەوە تیۆری بووە و هیچ کام لەو ئامرازانەی بەکارنەهێناوە.

٥-توێژینەوەکانی پێشوو ئەو ئامڕازە ئامارییانەیان بەکارهێناوە کە گونجاوە لەگەڵ ئامانج و سروشتی ئەو زانیارییانەی بەدەستیان هێناوە، بۆیە هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەیەدا ئەو ئامرٍازانە بەکاربهێنین کە شیاوی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و سروشتی زانیارییەکان بێت.

٦-ئەو ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی توێژینەوەکانی پێشوو پێشکەشیان کردووە دەکرێت سوودیان لێوەربگرین بۆ بەراووردکردن و شیکردنەوەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستامان.

# بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: ڕاڤەکردنی ئاڕاستە هزرییەکان بۆ شیکردنەوەی بەشاریبوون.

## باسی دووەم: بەشاریبوون لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکاندا .

## باسی سێیەم : بەشاریبوون لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا

## بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## باسی یەکەم : ڕاڤەکردنی ئاراستە هزرییەکان بۆ شیکردنەوەی بەشاریبوون

### دەستپێك:

دیاردەی بەشاریبوون دیاردەیەکی جیهانی و گشتگیرە، و پرۆسەیەکە کە کۆمەڵگە دەگۆڕێت لە ڕووی شێوە وخەسڵەتەکانیەوە، بەشێوە و هۆکاری جیاواز لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا دروستدەبێت هەروەك گۆڕینی بونیادی کۆمەلآیەتی لە شێوەی سادەوە بۆ ئاڵۆز یاخود کۆچکردنی خەڵك لە لادێوە بۆ شار یاخود گەورەبوونی قەبارەی دانیشتوان یان زیادبوونی چڕی دانیشتوان و نەگونجانی دانیشتوانییە، هەموو ئەمانەش بەهۆی کاریگەرییەکانی پیشەسازیەوە بووە کە وەك دیاردەیەکی شارنشینی وکۆمەلآیەتی و ئابوری بووە لەلایەك، و وەکو گرنگترین هۆیەکانی گۆڕانی کۆمەلآیەتیشە لەلایەکیترەوە کە کاریگەری کردووەتە سەر کۆمەڵگە خۆجێییەکان لە لایەنە جیاوازەکانیەوە، هەربۆیە زانایانی بواری کۆمەڵناسی و شارنشینی گرنگی دەدەن بەم بوارە لە شێوەی ڕاڤەکردن و شیکاری کردنە تیۆرییەکانیاندا سەبارەت بە گۆڕانی کۆمەڵگەکان و شارەکان و پەرەسەندنیان و گۆڕانی بونیادە کۆمەلآیەتییەکەشیاندا.

هەربۆیە پێویستە لێرەدا ئاراستە دیاریکراوەکانی ئەم دیاردەیە لێکدانەوەی بۆ بکەین و بە پێی واقیعی کۆمەڵگەکەمان لەبارەیەوە بدوێین بەوەی کۆمەڵگەی کوردیش بەدەرنەبووە لەو گۆڕانانەدا، بەمەش هەڵدەستین بە خستنەڕووی کۆمەڵێك لەو تیۆرانە لە چوارچێوەی ئاراستە جیاوازەکانەوە کە شیکاری و ڕاڤەی بۆکراوە سەبارەت بەم بابەتە، گرنگترین ئاراستەکان بریتین لە:

### یەکەم : ئاراستەی مێژوویی

گەشەی شارنشینی پرۆسەیەکی نوێیە بەراوورد بە پرۆسە کۆمەلآیەتییەکانی تر بەشێوەیەکی ڕێژەیی، کە بەردەوامە و کاریگەریشی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هەیە، هەر ئەم پرۆسەیە کەڵەکەبوونی و ئاڵۆزە کە هۆکارەکانی وابەستەیە بە دیاردەکە و ئەنجامەکانیەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دیاریکردنێکی ورد و ڕوونی ئەم پرۆسەیە و جیاکردنەوەی ماوە مێژووییەکانی نێوانیان کارێکی ئەستەم دەبێت .

سەرەڕای تازەیی لە دیاردەی بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا، بەلآم زانا پێشەنگەکانی بواری کۆمەڵناسی پییانوابووە کە مێژوو بنەمایەکە بۆ تێگەیشتنە کۆمەلآیەتییە

ڕاستەقینەکەی هەر دیاردەیەك، لەوانە " **ئیبن خەلدون ١٣٣٢-١٤٠٦** " کە سێ قۆناغ دەستنیشاندەکات بۆ پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگە پێی وایە کە ئەم حاڵەتانە سروشتی و نیمچە لەخۆوەییە لەوانە: قۆناغی یەکەم: وەحشیگەری یاخود سەرەتایی، قۆناغی دووەم: ئاوەدانی ڕەشماڵی، قۆناغی سێیەم: ئاوەدانی شارنشینی(عابدین، المصري،٢٠٠٩: ٢٤)، هەروەها" **ئۆگست کونت ١٧٩٨-١٨٥٧"** کە لە گەورەترین کتێبەکانیدا باس لە فەلسەفەی مێژوو دەکات، هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئاڕاستەکانی ڕابردوو بۆ سێ چەرخ لەوانە، چەرخی ئایین و میتافیزیقیا و زانست، کۆنت پێی وابوو کە مێژووی مرۆڤایەتی جیانابێتەوە لە زانستی کۆمەڵناسی کە ئەو کات و بۆیەکەمجار ئەوناوەی لێنابوو، هەروەها **"مارکس ١٨١٨-١٨٨٣"**(عويسي، ٢٠١٨: ٢٠) لە شیکارییەکانیدا سەبارەت بە دەستنوسەکەی بەناوی "سەرمایەداری" نموونەیەکی مێژووی باشی پێشکەشکردووە . **"هربرت سبنسر ١٨٢٠-١٩٠٣"**(عبدالجواد،٢٠٠٩: ١٦٦) لە شیکارییەکانی بۆ پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەلأیەتی جەخت دەکاتەوە سەر گەواهیدەرە مێژووییەکان هەروەك میسری کۆن و یۆنانی کۆن و ڕووسیا لە سەردەمی فەرمانڕەوای بوترسی گەورەدا(البحباح، ٢٠١٦: ٦٨).

کەواتە ناتوانرێت لێکۆڵینەوە بۆ گەشەی شار بکرێت و لایەنە مێژووییەکەی لەڕووی سەرهەڵدان و گۆڕانکاریەکانیەوە تیایدا پشتگوێبخرێت بەوەی لایەنێکی گرنگە کە هەنگاوە یەك لەدوایەکەکان دەستنیشان دەکات بۆ ئەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەربوون بۆ گەشەی شار لە زووەوە و بەردەوامبوونیشی لە ئێستا و داهاتووشدا، بۆ ئەمەش**"گراس"** لە ساڵی ١٩٢٢ **و"لۆتش"** لە ساڵی ١٩٣٧ **و "هاریس ئۆلمان "** لەساڵی ١٩٤٥ **و** کاتێك باسیان لە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی ناوچە شارنشینەکانیان دەکرد لەگەڵیاندا بەدواداچوونیان دەکرد بۆ پەرەسەندن و سروشت و جۆراوجۆرێتی و خەسڵەتەکانیشیان، سەرەڕای ئەمانیش بەژدارییەکانی **"گۆردن تشیلد"** بە گرنگترین هەوڵدان و بەناوبانگترین دادەنرێت بەوەی هەستاوە بە دیاریکردنی ڕووکارەکانی (شۆڕشی شارنشینی پێشوەختە (المبکر) کە نیشتەجێبوونێکی هەمیشەیی بووە لە شێوەی کۆمەڵبوونی چڕوپڕو کارکردنی چالاکییەك تیایدا کە کشتوکاڵی نەبووە و سەپاندنی باج و کەڵەکەبوونی سەرمایەداری و بینای گەورە و چینی فەرمانڕەوا لەگەڵ پەرەسەندنی هەندێك لە زانین و زانیاری و زانستەکاندا(عبدالغني،٢٠١٣: ١٦٤).

هەروەها "**لویس ممفۆرد**" گرنگی داوە بە پەرەسەندنی مێژوویی لە ژیانی شارنشینی و کولتووریی شارنشینیدا، لە کتێبەکەیدا بەناوی "کولتووری شار" لە ساڵی ١٩٣٨ دا تیایدا باس لە قۆناغەکانی پەرەسەندن دەکات و دەیبەستێتەوە بە نموونەی کۆمەڵگەی شارنشینییەوە، کەدەناسرێنەوە بەوەی هەڵگری خەسڵەتی کولتووری دیاریکراون **ممفۆر** هەستاوە بەجیاکردنەوەی شەش نموونەی شارنشینی لەوانە:(عبدالغني،٢٠١٣: ١٦٤-١٦٥).

١-**ئیۆپۆلیس Eopolis**: ئەمە وەك سەرەتاكانی كۆمەڵگەی خۆجێی بووە (شاری زوو(الفجر)) کە بەجێگیری لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا جیادەکرێتەوە لەدوای دۆزینەوەی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و هەستان بە چالاکی پیشەسازی دەست و پیشەگەری(الحرفية).

٢-**پۆڵس Polis**: شاری بچوك کە بریتییە لە کۆمەڵگەی خۆجێی بچوك و پەرەسەندوو تا ئەو ڕادەیەی کە بە بوونی سیسمی کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و جۆراوجۆرێتی کاروبارەکان و ئەرکەکان دەناسرێتەوە.

٣-**میترۆپۆلیس Metropolis**: ئەمە کۆمەڵگەی خۆجێی شارنشینییە پێ دەوترێت شاری دایك بەوەی شوێنگەیەکی ستراتیژی و ناوەندی هەیە، وچڕی دانیشتوانی تیایدا بەرزە و پلەی پسپۆڕی و دابەش کردنی کار و تاکێتی و بزاوتی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە.

٤-**مێگالپۆلیس Megalopolis**: ئەمە خۆی لە هەڵقولانی شارە گەورەکاندا دەنوێنێت لە سەدەی نۆزدەدا، شێوەی کۆمەڵگەی خۆجێی شارنشینییە کە زۆر گەورەتر و ئاڵۆزترە لە ڕووی ڕێکخستنیەوە کە ڕێکخستنی میکانیکی و پسپۆڕێتی و دابەشکردنی کار و ڕێکخستنی بیرۆکراسیەت تیایدا هەیە.

٥-**تێرانۆپۆلیس Tyrannopolis**: ئەمە خۆی لەبەرزترین قۆناغەکانی هەژموونی ئابوری لە شاردا دەنوێنێت، و بلاوبوونەوەی کێشە کارگێڕی و فیزیکی و هەڵسوکەوتی کەبەهۆی گەورەیی لە قەبارەدەدا دروست دەبێت.

٦-**نیکرۆپۆلیس Nekropolis**: ئەم نموونەیەی کۆتا قۆناغی پەرەسەندنی شارنشینییە، کە نەهاتۆتەدی بەس دانراوە لای ممفۆرد لەگەڵ ئەوەشدا وابەستەیە بە کاولکاری شارنشینی و دابڕانەوە(عبدالغني، ٢٠١٣ :١٦٥).

"**یوسکۆف**" هەستاوە بە دیاریکردنی شەپۆلەکانی شارنشینی کە جیهان لە مێژوودا ڕووبەڕووی بۆتەوە لەوانە: **شەپۆلی یەکەمی شارنشینی:** لە ساڵی (٤٥٠م بۆ ٥٠٠) دوای میلادی کە ماوەیەکی کلاسیکییە بۆ بەشاریبوون، بەوەی شارە سەرەتاییەکان لە نزیك دۆڵ و ڕووبارەکانەوە سەریانهەڵدا بوو.

**شەپۆلی دووەمی شارنشینی:** لەساڵی (١٠٠٠ م بۆ ساڵی ١٨٠٠) م بەوەی ئەم شەپۆلە ماوەکەی لەگەڵ سەردەمی تاریکی ئەوروپیدا بوو، کە سەرهەڵدانی شار لەم ماوەیەدا کاروباری ئاینی و بازرگانی لەخۆگرتبوو.

**شەپۆلی سێیەمی شارنشینی:** لەساڵی (١٨٠٠)م تاکو ئەمڕۆمان، ئەوەی ئەمڕۆمان وابەستەیە بەو گەشە زۆرەی پیشەسازیەوە کە کاریگەری کردۆتەسەر گەشەی ناوەندە شارنشینییەکان، و فراوان بووە تاوای لێهاتووە کێشەکان سەرهەڵبدەن لە ناو شارەکاندا، بەوەی شارەکان پێشتر ئەم ئەرکانەی بەخۆوە نەبینی بوو(فاطیمة، کریمة ،٢٠١٦: ٣٠-٣١).

"**ئێریك لامبارد**" گرنگی داوە بە ڕوونکردنەوەی شێوەکانی بەشاریبوون کە جیهان پێیدا تێپەڕبووە، وایدەبینێتەوە کە پێویستە جیاکاریبکرێت لە چوار شێوەدا لەوانە:

١-**بەشاریبوونی سەرەتایی:** مرۆڤ هەوڵی زۆریداوە بۆ نیشتەجێبوونی لە ناوەندی ئاوەدانیدا و گونجانیشی لەگەڵ دوو ژینگەی فیزیکی و کۆمەڵایەتیدا.

٢-**بەشاریبوونی هەڵکەوتووانە و سنوردارانە:** لەم شێوەیەدا بە سەرهەڵدانی شارەکان دەست پێدەکات لەگەڵ دیاریکردنی ئەرکەکانیان و دەرکەوتنی خەسڵەت و کێشەکانیان، سەرەڕای ئەم شێوە باوەی ناوچەکانی جیهان بەگشتی، بەڵام ئەمە ڕوونتربووە بە لای ناوچەکانەوە بەخۆوە بینینی لەدایکبوونی شارەکانیان لە جیهاندا بووە (عێراق- میسر).

٣-**بەشاریبوونی کۆن (کلاسیك)**:ئەمە قۆناغی کۆتاییە لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕووکارەکانی بەدەردەکەوێت، کە دانیشتوان هەوڵی کۆچکردن دەدەن بۆ ناوچە نزیکەکانی شار و مانەوەیان لەوێدا بۆ دەستکەوتنی هەلی کار و کارێکی شیاو بە پلەی یەکەم لەبواری پیشەسازیدا، بۆ ئەوەی داهاتێکی باش و ئاستێکی بژێوی بەرزیان هەبێت، بەڵام ئەم شێوەیەش بێ کەموکورتی

نەبووە لەدیاردەکان کە بەهۆی زۆری کرێکارەوە دروست دەبێت لە شارەکاندا و وابەستەبوونیانە بە کارەکانیانەوە، هەروەك (ئامادەنەبوونی کرێکار و لادان و کاتی بەتاڵ)(علي، ٢٠١٢: ٧٥٩).

**٤-بەشاریبوونی پیشەسازی:** ئەمە بە کۆچکردنی لە لادێوە بۆ شار لەگەڵ پڕکردنەوە و دەستکەوتنی بواری کارکردنی وئاستی بژێوی باشتر دەناسرێتەوە ، هەر ئەم ماوەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی چەرخی شۆڕشی زانیارییەکاندایە (نجاة، ٢٠٠٦: ٢٥).

## دووەم: ئاڕاستەی دەروونی –کۆمەلأیەتی

ئەم ئاڕاستەیە لە قوتابخانەی ئەڵمانیدا لە زانستی کۆمەڵناسی لە ڕووی ماوەوە ناسراوە بە قوتابخانەی کلاسیکی، کەوا ناسراوە بە ئاڕاستەی هەڵسوکەوتی، یاخود ئاڕاستەی ڕێکخستنی. لایەنگران و بیرمەندی سەر بەم قوتابخانەیە تەوەری گرنگیدانەکانیان بریتییە لە هەڵسوکەوت یاخود کردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوە ڕێکخستنیەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی شارنشینیدا، تاك تەنها خۆی لە سیفەتێکی شارنشینیدا نابینێتەوە وەکو شوێنی نیشتەجێبوونی لەشاردا بەڵکو ئەو پێودانگە بنەڕەتییەی کە ئەو سیفەتەی پێ دەدات بریتییە لە جۆری هەڵسوکەوتەکەی کە خۆی لە کردەیەکی ژیرانە و دوورکەوتنەوە لە وەلأمدانەوەی سۆزداریدا دەبینێتەوە لە ئەنجامی ئاڵۆز بوونی ژیانی شارنشینی.

ئەم شێوازی لێکۆڵینەوەیە لە تیۆرەکانی یان بیرۆکەکانی هەریەك لە ( **ئیبن خەلدون و فردینان تۆنیز و ماکس ڤێبەر و جۆرج زمل و شبنجلر**)دا بەدەردەکەوێت. وایدەبینەوە کە دروستبوونی هەڵسوکەوتی شارنشینی لە ئەنجامی ئاڵۆزی سستمە ناسنوردارەکانی شارەکانەوەیە، کە دەناسرێتەوە بە چڕی لە قەبارەدا و بەمە پاڵدەنێت بە نیشتەجێبووەکانی شارەوە بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ جۆرە دیاریکراوەکان لە هەڵسوکەوت و وەلأمدانەوەیان بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسێتی شارنشینییدا بگونجێن، هەروەك زاڵبوونی ژیرانەیی و پەیوەندییە ناکەسیتییەکان و هەستکردن بە چەند و کات و ئاڕاستە بەرەو پێگەیشتنی لە مامەڵەدا، کە ئەم سروشتە ئاڵۆزەی شێوازی ژیانی شارنشینی مۆرکێکی تایبەت دەخشێت بە هەڵسوکەوتی دانیشتوانی شارنشینی، هەر ئەم هەڵسوکەوتانەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر شار کە تیایدا دامودەزگا و ڕێکخستنەکان بوونیان هەیە، هەموو ئەمانەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە دانیشتوانی شارەکان هەڵگری

بۆچوون و بیرۆکەی ژیرانەن لەمامەڵە و ژیانە تایبەتیەکەیاندا، هەربۆیە ژیریّتی و شار دوو شتی پێویستن(فوزي،٢٠١٧: ٦٨-٦٩).

"**ئیبن خەلدون ١٣٣٢-١٤٠٦** " هەستاوە بە جیاوازیکردن لەنێوان دوو جۆر لە کۆمەلگە ڕەشماڵێو شارنشینی بەهۆی چەند تەوەرێکی بنەڕەتییەوە وەك کات و پێویستی، ڕەشماڵ کۆنترە لە شار، ڕەشماڵ بنەچەی ئاوەدانییبووە و شاریش بەهۆی درێژبوونەوەی ئەوەوە دروستبووە، شارنشینی دۆخی ڕەشماڵیان پێخۆش نییە، و ڕەشماڵیەکانیش کەموکورتیان هەبووە لە بارودۆخی خۆیاندا، بەلاَم شارییەکان لە ژیانێکی خۆشدا گوزەراون(عمر،بەبێ ساڵ:١٣٧). دیاردەی دەمارگیری خەسڵەتێکی دیاری ناو کۆمەلگەی ڕەشماڵییە **ئیبن خەلدون** دەڵێ "ئەمەش وەك خۆی نامێنێ بەڵکو ڕووبەرووی شەپۆلی خۆشگوزەرانی دەبێتەوە بەمە ڕەقی و زبری دەشکێنێت لە ناوەندەکانی شارنشینی و بە شارستانێتی بووندا لەناو دەچێت (القريشي، ٢٠١١: ٢٦٤).

**ئیبن خەلدون** لە توێژینەوەکەیدا جەخت دەکاتە سەر گۆڕانی کۆمەلگە کە لە شێوەی سەرەتاییەوە دەگۆڕێت بۆ شێوەی بەشارێتی و شارستانیەت، و باوەڕی بە جوڵەی بازنەیی هەبووە بۆ شارستانیەتەکان لەنێوان دوو جەمسەری بەرز و نزمدا لە شێوەیەکدا کە لە خولی ژیانی مرۆڤ دەچێت کە لەنێوان منالی و گەنجێتی و پیریدایە. تێبینی ئەمەشی لە ولاَتی مەغریب و رۆژهەلاَتی عەرەبیدا کردووە(النوري،الحسني،بەبێ ساڵ: ١٥٦).

"**ئیبن خەلدون**" دەڵێ شار ناوەندی ڕاکێشانە بۆ هەموو توێژە جیاوازە کۆمەلاَیەتییەکان بواری کارکردن و بەدەستکەوتنی خزمەتگوزارییەکانی تیادا بوونی هەیە، شوێنێکی بەپیتە بۆ پەرەسەندن و گەشەی لایەنە ماددی و واتاییەکان بۆ مرۆڤ، ئەم لایەنە بێگومان دەبێتە پالنەر بۆ خەلك کە بچنە ناوشارەوە، بەمە پێداویستییەکانیان زیاد دەبن، بەهۆی ئەو ئەزموونە پلاندانەریانەی کە کراوە لەسەر شارێکی شارنشینی ئەوە نیشان دەدەن کە هەرشارێك ئاستێکی شیاو و بوارێکی دیاریکراوی هەیە بۆ لەخۆگرتنی دانیشتوان و چالاکی ئابوری و خزمەتگوزاری، زیادبوونی قەبارەی دانیشتوان وخزمەتگوزارییەکان و چالاکییەکان تیایدا، وادەکات بارودۆخێکی خراپ لە پێکهاتەی شارو هەیکەلەکەیدا دروستبکات، بەمە گەشەی شارنشینی دەبێتە دەرکەوتووترین دیاردەکانی گرفتی شارنشینی، بەوەی زیادبوونی قەبارەی دانیشتوان لە ئاستە سروشتییەکەی خۆی و نەبوونی لێهاتوویی و دابەشکردنی چالاکی ئابووریی و بە هاوسەنگیەکی

ورد لەگەڵ دابەشکردنی هەرەمەکی خزمەتگوزارییەکان، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە و کێشە جۆراوجۆرەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، جگەلەوەی تاکێکی لادێ ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبێتەوە لەو شوێنەدا، بەوەی ژینگەکان زۆر لەیەکتر جیاواز بوون و کۆچ کردنیش کێشە و قەرەباڵغی دانیشتوانی دروستدەکات لە یەکە نیشتەجێبوونییەکاندا لەگەڵ زیادبوونی خەرجییەکان و زۆر شتی تریش، هەربۆیە **ئیبن خەلدون** ئاماژە دەکات بە نەبوونی و کەمووکورتی لە کۆمەڵگەی ڕەشماڵیدا و نەبوونی ئاوەدانی تیایدا بە ئەندازەی شار، بەمە کۆچ دەکەن بەرەو شار و پێویستییان بە دارایی زۆردەبێت بۆ خەرجی خۆیان وخێزانەکانیان، سەرەڕای ئەوەی کە دەبێت کاتی زیاتر کار بکەن و کرێی شوێنی نیشتەجێبوونییەکانیشیان دەستەبەربکەن، بەمە تاکێکی لادێی ناتوانێت لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە بگونجێ لەگەڵ ژینگە شارنشینییەکەدا (حمد،٢٠١٩ :١١١-١١٢).

"**فردیناند تۆنیز ١٨٥٥-١٩٣٦** " ، بەهۆی ئەو دەستنووسە بەناوبانگەیەوە کە بەناوی(کۆمەڵگەی خۆجێی و گرێبەستی ) کەلە ساڵی (١٨٨٧) بلاّوببوەوە ناودار بوو، لەم کتێبەدا وەسفێکی نموونەی بۆ هەردوو جۆرەکە لە وابەستە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە هەردوو ڕووی ژیانە کۆمەڵایەتییەکەیە یەکەمی ناونا: کۆمەڵگای خۆجێی، کە واتاکەی لەخۆگری هەموو پەیوەندییەکانە کەلە داب و بیروباوەڕەکانەوە سەرچاوە دەگرێت یان بەواتایەکی تر و گشتگر "هەستی هاوبەشی" کە ئەمەش جیادەکرێتەوە لەویتر بەوەی خۆشەویستی و سۆز و جێگیری ڕۆڵەکان دیاریکراوو ڕوونن، نەبوونی ململانێ، لەپاڵ بەدەرکەوتنی هۆشیاریی بەکۆمەڵی یاخود (ئێمە) نموونەش بۆ ئەم جۆرە: ڕێکخستنە خزمایەتییەکانە، و ناوچەکانی دەوروبەر، و لادێ، و ڕێکخستنە ئایینیەکانە .

بەلاّم جۆری دووەم: کۆمەڵگە یان گرێبەستی پێدەڵێت، ئەم جۆرەیان تەواو جیاوازە لە کۆمەڵگەی خۆجێی، کەپەیوەندی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری تیادایە و دەناسرێتەوە بەوەی سیفەتی گریبەستی، و وابەستەبوونی ناکەسێتی، و بوونی چینایەتی، و دەرکەوتنی تاکایەتی هەیە، هەر لێرەدا **تونیز** هەڵدەستی بە کۆکردنەوەی خەسڵەتە جیاوازە بنەڕەتییەکانی نیوان ئەو دوو جۆرە بەهۆی ئەمانەوە:

١- کۆمەڵگەی خۆجێی یەکەیەکی قەبارە دیاریکراوە، بەلاّم کۆمەڵگە ڕاستییەکی گشتییە.

**٢- کۆمەڵگەی خۆجێی ملکەچی دەستەڵاتی ئایین وداب ونەریتن، بەڵام کۆمەڵگەی گشتی ملکەچی هێزی یاسا و وابەستە گریبەستییەکان و چینایەتییەکانە.**

**٣- کۆمەڵگەی خۆجێی سۆز و بەژداربوونێکی بەکۆمەڵی تیایدا باوە، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی گشتی بەرژەوەندی تایبەت زاڵە.**

**٤- یەکەی کۆمەڵگەی خۆجێی بریتییە لە خێزان، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی گشتی یەکەی کۆمەڵەی تیادا باوە.**

**٥- موڵکدارێتی لە کۆمەڵگەی خۆجێی بەکۆمەڵییە، بەڵام لەجۆری کۆمەڵگەدا تاکییە(علي ، ٢٠١٦ :٤).**

**"تۆنیز" پێی وایە هۆکاری ئەم پەرەسەندنەی شێوەکانی کۆبوونەوەی مرۆڤایەتی لە دۆخی کۆمەڵییەوە بۆ دۆخی کۆمەڵگەی بەهۆی زۆربوونی ئاوەدانی و(بەشاریبوون)ەوەیە لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوویدا کە لە یەکێتی کۆمەڵییدا خۆی دەبینێتەوە بۆ کۆمەڵەی خێزانی و پەیوەندی کۆمەڵی (هاوبەشی و هاوڕێیەتی و کەنیسە)، دواتر بۆ پەیوەندییەکی کۆمەڵگەی (دامودەزگای تاکێتی) لە کۆتایدا دەگات بە یەکڕیزی کۆمەڵگە (دامودەزگای گەورە)(عبدالعزیز، ٢٠١٨ :٣٥).**

**هەر لەو دەستنوسەیدا تونیز هەڵدەستێت بە نزیکبوونەوەیەکی سایکۆلۆژیانە کە دەدوێت لەبارەی "کۆمەڵ و کۆمەڵگە"وە، وای دەبینێتەوە کە ویست ڕێگا بەتاك دەدات بۆ گواستنەوەی لەبارودۆخی بەکۆمەڵی مرۆڤایەتی دیاریکراوەوە بۆ بارودۆخێکی تر، کە بە جیاوازی جۆری ئەو ویستەی هەیەتی جۆری بەکۆمەڵبوونییەکەشی لێوە دروست دەبێت، و هەرجۆرێکیش لەو ویستانە شێوەیەکی دیاریکراویی بوونی مرۆڤایەتی نیشان دەدەن و ناویان دەبات بە ( ویستی ئەندامێتی یاخود سۆزداری (العضویة)و ویستی پێگەیشتوو (الرشیدة) (عبدالعزیز، ٢٠١٨: ٣٣-٣٤).**

**لە ڕاستیدا هەردوو چەمکی کۆمەڵگەی خۆجێی و کۆمەڵگەی گشتی لای تونیز تەواو جیاواز نەبووە، بەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی بەتەنها ژیری نایجوڵێنێ بەڵکو ئارەزوو و سۆزەکانیشن، کە لە بنەڕەتدا جوڵەی ویستی سروشتی و سۆزی دەیانجوڵێنێ، هەروەها وویستی ژیریەکەشی تاڕادەیەك کە ئەمە خەسڵەتی کۆمەڵگەی خۆجێییە(والي،٢٠٠٣ :٢٦٦). "تۆنیز" پێیوایە کە گۆڕانی ئەو کۆمەڵگە خۆجێییە بۆ کۆمەڵگەی گرێبەستی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:**

١-گواستنەوەی دانیشتوان لە ڕووی جوگرافیاوە، لە لادێوە بۆ شار.

٢-زۆربوونی دانیشتوان لە دوای گەشەی دانیشتوانییەوە لە ڕێگای زۆربوونی سروشتی دانیشتوان یاخود ڕەوکردنیان بۆ شارەکان.

٣-پشتبەستن بە پسپۆڕێتی و دابەشکردنی کۆمەڵایەتییانەی کار .

٤-پێشکەوتن لە کایەی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی و زانستی و تەکنەلۆژیا و گواستنەوە و گەیاندندا.

٥-بەرتەسکردنەوەی بەهای بەکۆمەڵی و لاوازی چالاکییەکەی لە کۆمەڵگەدا و بڵاوبوونەوەی بەهای تاکێتی.

٦-بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی تاك .

٧-بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و کەمبوونەوەی نەخوێندەواری .

٨-زاڵبوونی پەیوەندییە گشتییەکان بەسەر پەیوەندییە تایبەتییەکاندا دوای دەرکەوتنی دەسەڵاتی یاسا و پشتبەستن بە ئەرك ومافە کۆمەڵایەتییەکان.

٩-گۆڕانی پێگەی کۆمەڵایەتی لە پێگەی بۆماوەییەوە بۆ پێگەی وەرگیراو و بەدەستهێنراو.

١٠-گۆڕانی پەیوەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە سۆز و نەرم نیانیەوە بۆ بەرژەوەندی و ناوبانگ و دەسکەوت و قازانج( حەسەن، ٢٠١٠: ١٤٦-١٤٧).

ئەمە ئەوەنیشان دەدات کە کۆمەڵگە مرۆییەکان لە دەستپێکیاندا لای **تونیز** مۆرکێکی بەکۆمەڵییان هەبووە کە پێدەڵێت "دۆخی کۆمەڵ **Communaute**"، لەدواتردا بوار دەڕەخسێت لەبەردەم دۆخی کۆمەڵگە کە پێگەیەکی زیاتر وەربگرێت، ئەمەش لەگەڵ زیادبوونی بە پیشەسازیبوون و بەشاریبووندا دەبێت کە شێوەیەکی ڕوون و دیاری پەرەسەندنە (باندز،٢٠١٦: ٢٠).

**"جۆرج زیمل ١٨٥٨-١٩١٨"** تیۆرەکەی دوو بیرۆکەی بنەڕەتی لەخۆ دەگرێت، یەکەم: دەربارەی جیاوازی وتایبەتمەندییەکانی شار، دووەم: وابەستەیە بە وەڵامدانەوەی دانیشتوانەوە، جگەلەمەش هەستاوە بە دیاریکردنی خەسڵەتەکانی ژیانی شارنشینی و وەڵامدانەوەی دانیشتوان، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵێك لە چەمکەکان کە وابەستەن بە جۆری هەڵسوکەوتییەوە، لەوانە گونجانی شارنشینی، و پەیوەندییە ناکەسییەکان، و دابەشکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ بوارە جیاوازەکان

وەك(خێزان، كار، هاوڕێ، هیتر)، لەگەڵ ڕێكخستنی ژیرانەیی بۆ كات و بۆ چالاكی (دابەشكردنی كار)، و پشتگوێخستن، و جیابوونەوە و دابڕان و پارێزگاریكردنی كۆمەڵایەتی، ئەگەرهاتوو ئەم چەمكانە لە ناوەرۆكدا خەسڵەتی ژیانی شارنشینی پێكبهێنێت و وەڵامدانەوەی نیشتەجێبووەكانی بێت ئەوا ئەو فشاری قورسی ژیان و ئاڵۆزییە بەهۆی پاڵپشتیە ژیرانەیی و ڕاستەقینەكەوەیە ( رشیدي، ٢٠١٥: ٥٠-٥١).

سەرەڕای ئەمانەش "**زیمل**" پێوایە شار هێرش دەكاتە سەر تاك بە بەردەوامی و دەبێ تاك زاڵ بێت بەسەر ئەو هەڵوێستەدا كە زیاتر بیربكاتەوە و ژیرانەبێت، ئەمە جیای دەكاتەوە لە دانیشتوانی لادێ، و دەستنوسێكی هەیە بەناونیشانی ( میترۆپۆلیس و ژیانی ژیری)(ناصف، ٢٠١٤ :٤٥).

پێش سی و پێنج ساڵ بەر لە چاپكردنی دەستنوسەكەی وێرس بەناونیشانی (شارنشینی وەكو شێوازێك بۆ ژیان ) ئەوا **زیمل** ئەم دەستنوسەی بەناوی (میترۆپۆلیس و ژیانی ژیری) پێشكەش كردبوو، دەردەكەوێت كە جیاوازی هەیە لەڕووی هەڵسوكەوتی كلاسیكی و هەڵسوكەوتی گشتییەوە، بەڵام وێرس نەیتوانیوە پەی بەرێت بە گرنگی دەستنوسەكەی زیمل چونكە جیاوازی زۆریان هەیە لەڕووی دەربڕین وبیروبۆچوونەكانیانەوە، بیرۆكە سەرەكییەكەی زیمل بریتییە لە نوێگەرایی و نوێبوونەوە و یەكتر قبوڵكردن، **زیمل** هەر لەو دەستنوسەیدا باسی زۆربەی ئەو بابەتانەی كردووە كە لە دەستنوسەكەی وێرسدا باسی لێوە كراوە، كە پێی وابووە بەگشتی ژیان لەو شارە گەورانەدا وابەستەی كۆمەڵایەتی بەهێزی تیادا نییە، مەملەكەتێكی مرۆڤایەتی دابڕاوە و لێك تێنەگەیشتن بوونی هەیە بەوەی هەندێك هەندێكیتری پێ قبوڵ نییە.

بە بڕوای "**زیمل** "بەشێوەیەكی گشتی چوار جۆر كولتووری جیاواز بوونی هەیە كە پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە لە شارەكاندا لەوانە:

١-ژیری، واتە پەرچەكرداری شارنشینییەكان لەسەر بنەمای ژیرییە وەك لە هەست و سۆز.

٢-دانیشتوانی شارەكان هەڵسەنگاندن بۆ هەڵسوكەوتیان دەكرێت بە پێوەری ئەرێنی و نەرێنی (منفي و مثبت).

٣-مرۆڤەكان خوێن سارد و خەمۆكن لە ڕووی دەروونیەوە ماندوون.

٤-دانیشتوانی شارەكان لەگەڵ یەكتردا دڵ ساف نین و ڕاستییەكان لەیەك دەشارنەوە.

وێرسیش هاوشێوەی زیمل لە دەستنوسەکەیدا باسی لەم تایبەتمەندیانە کردووە، بەڵام پێچەوانەی وێرس، زیمل دەڵێت شارەکان سەرچاوەی پەیدابوونی جۆر و گروپی جیاوازی کولتوورین لەگەڵ ئەوەی کولتوورەکان لەناو شارەکاندا زۆرن و شارەکانیش شوێنی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانین و بەریەککەوتنیان زیاترە(ساویج، وارد،١٣٨٧: ١٥٦-١٥٧).

"**ماکس فیبەر ١٨٦٤- ١٩٢٠**"لە دەستنوسەکەیدا بەناونیشانی (شار) باسی لە دیاردەی کۆمەڵایەتی شارنشینی کردووە، مەبەستی لە شار ئەو ناوچە قەرەباڵغە لەدانیشتوانە بوو کە زۆربەیان یەکتریان نەدەناسی و جیاواز بوون لە شوێنە بچوکەکان، ئەمەش بە تێڕوانینی سۆسیۆلۆژیستەکان بۆ تیۆرەکەی کە کۆمەڵگەی خۆجێیی شارنشینییە و تیڕوانینێکی فەرمییانەیە، بەڵام لای "**ماکس فێبەر**" شار وادەبینێتەوە کە بەپێی مەرجی تایبەت و لە قۆناغێکی دیاریکراو لە قۆناغەکانی مێژوو دروست بووە، ئەم مەرجانەش لە ئەوروپادا هەبووە لەشاری پێش پیشەسازیدا، بەڵام ماکس ڤێبەر ڕوونیکردۆتەوە کە ئەم مەرجانە لە هەموو ئەوروپادا بوونی نەبووە، هەربۆیە دەبێت کاتی ڕاستەقینەی سەرهەڵدانی شار دیاری بکرێت(علي، ٢٠١٢ :٧٦٢-٧٦٣).

هەر لەو دەستنوسەیدا "**ڤەیبەر**" وەکو یەکەم کاری زانستی، کە لێکۆڵینەوەی لە ژیانی شارنشینی کردووە لەبارەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییەوە، وای دەبینێتەوە کە هەڵسوکەوتی ژیرانەی تاکی شارنشینی، لە ئەنجامی ژیانی شارنشینییەوە بووە، بەوەی ژیانی تاك لەپێشتردا جیگیر نەبووە، ژیانی ڕووبەڕووی کێشە و تەنگەشەبۆتەوە و ژیانی شارنشینی بەشداربووە لە ڕاستکرنەوەی هەڵسوکەوتەکانیدا و هەڵسوکەوتی ژیرانەی تیادا بەدەسکەوتووە( کرابیة ،٢٠١٧: ٩٨-٩٩).

شار لای "**ڤەیبەر**" واتە شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوانی، کە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی و بازرگانییە، زیاتر لەوەی کە لەسەر کاری کشتوکاڵ بژین، بازاڕە خۆجێیەکانیش بەشێکی بنەڕەتی دروست دەکەن لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا.

"**ڤەیبەر**" هەستا بە چارەسەرکردنی شێوازی شار لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە نموونەیە ئایدیالیەکەی کە ناوی نابوو " کۆمەڵگەی شارنشینی تەواو " "المجتمع الحضري الكامل "کە جیاکردنەوەی ئەو نموونەیە زۆر ڕوون بووە بەهۆی زاڵ بوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان و سەربەخۆیی(شار، بازار، دادگا....هیتر) تیایدا کە پەیوەندی و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی پەرەسەندووبوون(سمية،٢٠١٤ :١٧٤).

هەر لێرەدا "**ڤەیبەر**" پێی وایە کە شار " تیشکۆیەکە بۆ گەشەی هەستێکی بەهێزی تاکایەتی خەڵکی لەکارەکانیاندا گرێبەست دەکەن لەگەڵ یەکتریدا وەکو دوو لایەنی یەکسان، وەکو تاك لەهەمان پێگە لە کۆمەڵگەیەکی ئابوریدا چێژ وەردەگرن و پابەند دەبن و مافی یەکسانیان هەیە لەبەرامبەر یەکتردا. (الجبوري ، الكبابجي،٢٠١٢ : ٢٣٢).

## سێیەم: ئاڕاستەی دانیشتوانی (دیمۆگرافی)

ئەم ئاڕاستەیە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی زانستییانەی دانیشتوان، لە ڕووی قەبارە و چڕی و دابەشبوونیانەوە، و ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەم گۆڕاوانەدا دێت مەودای ئەو جیاوازیانە دیاری دەکەن کە دەبێتە خەسڵەتێکی تایبەت بەو ناوچەیە، هۆکارەکانیش جیاوازن بە جیاوازی ناوچەکان، هەروەك گەشەی سروشتی و کۆچکردن، جا هۆکاری کۆچکردنەکە ڕامیاری بێت کە پێکدێت لە شەڕ و ڕاگواستنی دانیشتوانی یان هۆکاری ئابوری بێت بەهۆی سەرهەڵدانی دەرامەتی ئابوری نوێوە یان هۆکاری سروشتی بێت وەك لافاو زریان و هیتریش .

زانایان و بیرمەندانی ئەم ئاڕاستەیە جەخت دەکەنەوە سەر زیادبوونی دانیشتوانی و بونیادی دانیشتوانی و گۆڕانی دانیشتوانی، پێیان وایە پرۆسەی بەشاریبوون لە ئەنجامی دوو پرۆسەی دیمۆگرافیەوە دروست دەبێت: **یەکەم** زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی کە وادەکات نیشتەجێبووەکانی وەك لادێیەکی بچوك بگۆڕێت بۆ شارێکی گەورە. **دووەم** زیادبوونێکی ناسروشتی دانیشتوانی کە لە ئەنجامی کۆچی لادێکانەوە بۆ شارەکان دەبێت(لبعل،٢٠١٨ :٦٢).

گرنگیدان بە دانیشتوان و چڕی کۆمەڵایەتی کە لە ئەنجامی کارلێکردنیانەوە لەگەڵ یەکتردا دروستبووە، لەهزری کۆمەڵناسیدا بووەتە بەشێکی گەورە لە گرنگی پێدانەکانیان و کاردەکەن لەبارەیەوە ، بەدەستپێکی " **مۆنتیسکیۆ**" کە گرنگیەکی زۆری داوە بە ژمارەی دانیشتوان لە دروستکردنی سیستمی کۆمەڵایەتیدا(البحباح،٢٠١٦: ٦٩)، لەدواتر "**دۆرکایم ١٨٥٨-١٩١٧**" (عویسي، ٢٠١٨: ٢١) ئەم ڕۆڵەی لێوەردەگرێت کە جەخت دەکاتەوە سەر قەبارە و چڕی دانیشتوانی وەکو توخمێکی

بنەڕەتی کە هاوسەنگی تێك دەدات و پاڵبە خەڵکیەوە دەنێن کە بەدوای دۆخێکی نوێ و هاوسەنگدا بگەڕێن.

**دۆرکایم** دوو هۆکار دەستنیشان دەکات، و پێی وایە یەکێك لەم دوو هۆکارە دەبێتە هۆی زیادبوونی چڕی دانیشتوانی لەوانە: **یەکەم:** یەکگرتنی کۆمەڵەکان لەگەڵ کۆمەڵە گەورەکاندا، وادەکات کە جۆرێك گونجان لەڕووی شوێنیەوە دروست بکات. **دووەم:** زۆربوونی ڕێژەی لەدایکبوون، کە ئەمە ڕێژەی شیکاری بوونەوەرە ئەندامییەکەیە، و  هۆکاری گۆڕانی بونیادی شاریش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردن وادەکات چڕی کۆمەلایەتی چڕی دانیشتوانی دروست بکات (البحباح، ٢٠١٦ :٦٩).

**"تسدالٚ"** پێی وایە دوو هۆکاری سەرەکی دەبێتەهۆی بەشاریبوون کە **یەکەمیان** بریتییە لە فرەیی ناوەندەکانی کۆبوونەوە یاخود گەشەی ناوەندە جۆراوجۆرەکانی شارنشینی. **دووەمیان** زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانی لادێیەك لە لادێکان دەبێتە هۆی گۆڕانی بۆ شار، کە دەستنیشانی دەکات بە چڕی دانیشتوانی تاکی (نزاري، ٢٠٠٩ :١٠).

گەشەی دانیشتوان گۆڕانی دانیشتوانە لە قەبارەی کۆمەلگەدا جا ئەگەر زۆربێت یان کەموکورت بێت پێی دەڵێن گەشەی گشتی، ئەمەش بەهۆی سێ هۆکاری سەرەکییەوە دەبێت لەوانە: لەدایکبوون و مردن و کۆچکردن، گەشەی دانیشتوانی لە دەرکەوتوترین و گرنگترین دیاردەکانی دیمۆگرافییە کە دەتوانرێت بەهۆیەوە پلان و پرۆژەی گەشەپێدانی کۆمەلایەتی و ئابوریی دابڕێژرێت ( الحسناوي، الظالمي، بەبێ ساڵ:٢١٦).

**" ماکلین"**  باس لە تیۆری گۆڕانی دیمۆگرافی دەکات لەبەر ڕۆشنای بەشاریبوون و دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون، پێی وایە کە دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون لە ناوچە پیشەسازییە شارنشینییەکاندا دروست دەبێت، و دواتر بلاودەبێتەوە بە ناوچە لادێنشینییەکان، ئەم تیۆرەی پێکدێت لە کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژی و کولتووریی و ئابوریی و دیمۆگرافییە، بەلام **ماکلین** هەستا بە پشتگوێخستنی کۆمەڵە مەرج و پرۆسە شارنشینییەکان کە دەبنە هۆی دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون(البحباح، ٢٠١٦: ٧٠).

**"کینگزلی دیڤیز ١٩٠٨"** (سیلز،٢٠١٠: ١٩٣) ئاماژەی بە بەشاریبوون کردووە بەوەی بریتییە لە ڕێژەی کۆی دانیشتوانی نیشتەجێبوو لە شوێنە شارنشینییەکاندا لەسەر تێکڕای دانیشتوانی ئەو دەوڵەتە

له ماوەیەکی دیاریکراودا، جا ئەمە لەهەر دەوڵەتێك بێت لە دەوڵەتەکانی جیهاندا (عبدالباقی،٢٠١٩: ٣).

## چوارەم : ئاڕاستەی ڕێکخستن

ئاڕاستەی ڕێکخستن دادەنرێت بە یەکێك لە ئاڕاستە گرنگەکان لە لێکۆڵینەوەی شارنشینیدا کە جەخت دەکەنەوە سەر چەمکی شار و فرەژێبوونی وەکو گۆڕاوێکی سەربەخۆ و سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە شار و شێوازی ژیانی شارنشینی لەو ناوەندەدا، ئەمەش لەکارەکانی قوتابخانەی شیکاغۆدا بەڕوونی بەدەردەکەوێت بەتایبەت ( **ڕۆبەرت پارك و لویس وێرس و ڕێدفێلد و ئەوانیتر)**یش کە لەدوای ئەمانەوە دێن، ئەگەرچی لەسەرەتادا لاوازی هەوڵەکان و قورسایی زۆر هەبوو سەبارەت بە ڕاڤەکردنی ژیانی شارنشینی، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕاڤەکاریانەوە بوو کە پشتبەستبوو بەچەمکە ئیکۆلۆژیەکان کە هیچ وابەستەیەکی نەبوو بە دابەشکردنی چالاکی کۆمەڵایەتییەوە، بەو واتایەی کە تەواو بابەتەکانیان قوڵبوونەوە بوو لەسەر ئیکۆلۆژیای پوخت، زۆرینەی لێکۆڵەرەوەکان لێکۆڵینەوەکانیان ئیکۆلۆژیای مرۆیبوو کە پێیدەوترا **"چوارچێوەی زیندەیی Biotic "** ، بەلام کاریگەربوون بە " **ڕۆبەرت پارك"** سەرەڕای ئەوەی بیرمەندان و زانایانی قوتابخانەکە ڕاڤەکاری جۆراوجۆریشیان پێشکەشکردبوو، بەلام تیۆرەکە بەهیچ شێوەیەك باسی لە ڕواڵەتی کۆمەلایەتی و پەیوەندییە ئالۆگۆڕییە مرۆییەکانی نەکردبوو، تەنها وەکو میکانیزمێك بۆ ڕاڤەکردنی جۆرەکانی ئیکۆلۆژیا بوو.

بەلام **"ڕۆبەرت پارك ١٨٨٤-١٩٤٤"** پێی وابوو کە زانستی ژینگەناسی زانستێکە زۆر نزیکترە لە ڕاستی مرۆڤایەتییەوە(المالکي، ٢٠١٦: ١٢٢). ئەم ئاڕاستەیە بەشێوەیەك دەیڕوانییە شار وەك شێوەیەکی ناوازەی ناو نەسەقە کۆمەلایەتییەکە یان ڕێکخستنێك بێت کە پەرەسەندنی هۆیەکانی پەیوەندی کردن و میکانیزمی کۆمەلایەتی و ڕامیاری لەخۆبگرێت، کە ڕێگادەدرا بە کۆمەڵگە لە شێوەی سادەوە بگۆڕێت بۆ ئاڵۆز، بەمە بەشاریبوونیش بەواتای کەڵەکەبوون و پەرەسەندن و ئاڵۆزی سستم بوو ( البحباح، ٢٠١٦: ٧٠).

**"لویس ویرس ١٨٩٧- ١٩٥٢"** لەم ئاڕاستەیەدا جێگادەستی دیارە بەوەی لە دەستنوسەکەیدا کە بەناوی "شارنشینی وەکو شێوازێك بۆ ژیان" کەلە ساڵی ١٩٣٨ بلاوکرایەوە جەختی کردۆتەوە سەر بوونی پڕۆسەی بەشاریبوون، لەم تیۆرەیدا سێ خەسڵەتی ئیکۆلۆژی باس لێوە دەکات لەوانە

قەبارەی کۆمەڵگە و چڕیەکەی و نەگونجانی دانیشتوانی، بەهۆی ئەمەوە دەتوانرێت پێشبینی کۆمەڵە کەسێك بکرێت کە دەتوانن بەشێوەیەکی دیاریکراو کارلێك بکەن لەگەڵ یەکتردا.

هەر لەسەر ئەم بنەمایە **وێرس** هەوڵیداوە هەستێت بە دۆزینەوەی شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستن کە لە شاردا سەرهەڵدەدەن، هەروەها گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەو سێ خەسڵەتە ئیکۆلۆژیە دەبێتەهۆی دەرکەوتنی شێوەی شارنشینی و کاریگەریشی دەبێت لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و دۆخی دەروونی دانیشتوانی شار، و ئەو زیادبوونە لە قەبارەیەشدا دەبێتەهۆی فراوان بوونی جۆراوجۆرێتی تاکێتی، بەمە جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کەسێتییەکانیش زیاد دەکات دەبێتە لاوازبوونی خزمایەتی و دراوسێ و بونیادی خێزانی. **وێرس** پێی وایە زیادبوونی قەبارەی کۆمەڵگە کاریگەری دەکاتە سەر سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان، پەیوەندییەکان لە شێوەی سادە و ساکار و سودمەندیانەدا دەبێت (صالح، ٢٠١٩: ٩).

تیۆرەکەی **وێرس** بێ کەموکووڕتی نەبوو بەڵام زانای کۆمەڵناسی ئەمەریکی "**مۆریس** R.N.Morris" زۆر گرنگی دەدا بە شیکاری کردنی تیۆرەکەی "**وێرس**" هەربۆیە پێی وابوو **وێرس** مەبەستی لە شارنشینی وەکو شێوازێك بۆ ژیان تەنها بۆ دانیشتوانی شار نەبوو، لەبەرئەوەی کاریگەرییەکانی شار ڕەنگە درێژتر ببێتەوە بۆ دوورتر لە سنورە کارگێڕیەکەی، ئەمە زانایان و بیرمەندانی بەیەکگەیەنراوی لادێنشینی –شارنشینی وایان دەووت (محمد، توفیق، ٢٠١٨: ٣٢)، "**مۆریس** "پێی وابوو تیۆرەکەی **وێرس** لە کۆتاییدا کە لایەنە سەرەکییەکانی ڕوون دەبێتەوە ئەوا زیاتر نزیکتر دەبێت لە نموونەیەکی ئایدیالییەوە کە ئەمەش بۆ لێکۆڵینەوە لەشارێکی دیاریکراو دەست نادات، بەڵکو ئەمە گونجاوە وەکو چوارچێوەیەك بۆ شیکاری کردن کە شار بەپێی بارودۆخە مێژووییەکەی و خەسڵەتە جیاکراوەکانی نزیکبێتەوە لێی یان دووربکەوێتەوە.

هەروەها "**پیتەرمان** Peter Mann "پێی وابوو قەبارە لەلای "**وێرس**" ئاماژەپێدەرێکی لاوازە، لەبەرئەوەی دانیشتوانی شارۆچکە(البلدة)ی بچوك زیاتر بەشاریبوون لە شێوازی ژیانیاندا وەك لە دانیشتوانی شارۆچکەیەکی گەورە سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان دەکەونە ناو یەك ناوچەی لادێنشینییەوە، لەبەرئەوەی سەرهەڵدانی شێوازەکانی ژیانی شارنشینی ناوەستێتە سەر قەبارە، و

چڕی، بەڵکو پشت دەبەستێت بە ئامادەبوونی لادێیەکان و کاریگەربوونیان بەشارە شارنشینییە نزیکەکانیان (محمد، توفیق، ٢٠١٨: ٣٤).

" **ڕۆبەرت پارك**" وەك گرنگیپێدەرێکی تری ئەم ئاڕاستەیە پێی وایە کۆمەڵەی دراوسێکان شێوە سەرەتایی و کلاسیکییەکەی خۆیان لەدەست دەدەن لە ژینگەی شارنشینییدا (کاظم ، محمد، ٢٠١٩: ٣٤٧).

"**ڕۆبەرت ڕێدفێڵد**" نموونەیەکی شیکارییانەی پێشکەش کرد سەبارەت بە جۆرەکانی ژیانی شارنشینی، هەستا بە دیاریکردنی کارلێکی نێوان دوو کۆمەڵگەی وەك کۆمەڵگەی میللی (فۆلکی)و ئەویتریش شارنشینی، ئاماژەی کرد بەو گۆڕانانە کە لە ڕووی پەرەسەندن و ژینگەوە دروست دەبێت بەوەی کۆمەڵگە پەرەدەستێنێ و بە شێوەیەکی پلەبەند و بەیەکگەیەنراوی کە گوزارشت دەکات لەزۆربوونی ئاڵۆزی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا (سمية،٢٠١٤ :١٧٣).

"**ڕێدفێڵد**" هەستا بە دیاریکردنی خەسڵەتی هەردوو کۆمەڵگەکە بە تێگەیشتن لە کۆمەڵێك گۆڕاو لەوانە ( بەها، بیروباوەڕ، هەڵسوکەوت، پلەی پسپۆڕی، دابەشکردنی کار)، کە ئەمانە لەکاتی گۆڕاندا ڕوودەدەن، ئەم تیۆرە پشتی بەستووە بە لێکۆڵینەوەی بەراووردکاریی بۆ چوار کۆمەڵگە لە کەرتی یوکنان لە مەکسیك، لێکۆڵینەوەی لەو گۆڕاوانە کردووە کە پێوانەی پلەی بەشاریبوون دەکەن و ئەو شتانەی بەدوای شارنشینیەوە دێت ئەوانیش (١٠)جۆر گۆڕاون بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە (باية،٢٠١٦: ٦٩)

**خشتەی (١)**

**ئەو گۆڕاوانەی بۆ پێوانەی پلەی بەشاریبوون دانراوە لەلایەن ڕێدفێڵدەوە**

| | وابەستەی کەم | کۆمەڵگەی میللی | وابەستەی زۆر | کۆمەڵگەی شارنشینی |
|---|---|---|---|---|
| دنیای دەرەوە | | × | + | × |
| جیاکاری | | × | + | × |
| دابەشکردنی کار | | × | + | × |
| پەرەسەندنی ئابوری بازار | | × | + | × |
| پسپۆڕی پیشەیی | | × | + | × |
| ڕەهەندی وابەستەی خزمایەتی | + | × | | × |
| پشتبەستنبە دامودەزگای فەرمی | | × | + | × |
| دەستگرتن بەبیروباوەڕەوە | + | × | | × |
| دوورکەوتنەوە لە داب و نەریت | | × | + | × |
| لێبوردەیی و جەخت کردنەسەر سەربەستی و تاکێتی | + | × | | × |

**ڕێدفێڵد** دەڵێ "کۆمەڵگەی بچوک ، دابڕاو، نەخوێندەوار، لێکچوو، ئەندامەکانی وابەستەن بە هەستێکی بەهێزەوە کە هاوبەندێتی بوونی هەیە و هەڵسوکەوتیان کلاسیکی و پەیوەندییەکانیشان کەسێتییە، لەم کۆمەڵگەیەدا هەرچی پیرۆزە لەسەرەوەی عەلمانیەتە، ئابوریش بەندە بە پێگە و شوێنەوە وەك لە بازار" (فوزی، ٢٠١٦: ٦٣).ئەم ئاڕاستەیەش بێ ڕەخنە نەبوو، **لویس وێرس و ڕێدفێڵد** لەلایەن ئەنترۆپۆلۆژیست لویس ئۆسکارەوە ڕەخنەیان لێگیرا ( فوزي، ٢٠١٦: ٦٤).

## پێنجەم: ئاڕاستەی ئیکۆلۆژی کۆن

پێشەنگەکانی لێکۆڵینەوەی ئیکۆلۆژیای کلاسیکی کارەکانیان وەك سەرەتایەکی بەهێز بوو بۆ سەرهەڵدانی ئاڕاستەیەکی نوێ لە لێکۆڵینەوەکانی شارنشینیدا کە ناسراوە بە ئیکۆلۆژیای مرۆیی لە سەردەستی هەریەك لە **"ڕۆبرت پارك"** و هاوڕێکەی **"ئارنست بێرجس"** و **"ڕوبرت ماکینزی"** لە ساڵی (١٩٣٠) لە ئەمەریکا دەستی پێکرد.

تەوەری لێکۆڵینەوەکانیان بریتی بووە لە دۆزینەوەی سروشتی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان مرۆڤ و ژینگەکە کە ناسراو بوو بە ئیکۆلۆژیای مرۆیی، ئەمەش تەنها باسکردن و لێکۆڵینەوە نەبوو لە چەمکی ژینگەی فیزیکی کە لە پێشتردا لەسەری دەڕۆیشتن بەڵکو درێژەی کێشا بۆ ناو سستمە جۆراوجۆرەکانی ناو بونیادە کۆمەڵایەتییە گشتییەکە کە مرۆڤ دروستکەری بوو، سەرەڕای گرنگیدانیان بە کۆمەڵێك بابەتیتر هەروەك جوڵەی دانیشتوانی و لەپەیوەندیدا بە ژینگەکەیانەوە لەگەڵ دانیشتوان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئاستی تەکنەلۆژیاشیان، لەگرنگترین کارەکانیان کە ئەم ئاڕاستەیە پێی هەستاون بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەکانی شارنشینی بووە بەوەی ئاماژەپێدەرەکانی گەشەی شارنشینی وابەستەبووە بە جیاوازی ڕێژەکانی زۆربوونی سروشتی و نەبوونی قەبارەیەکی گونجاوی خێزانی لەگەڵ مەودای بەکارهێنانی وزەی ژینگەیی و دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی ئەو گەشەیە لە چوارچێوە فراوان بوودا و فراوان نەبوودا یان شێوەی ناوەندی و ناوەندی نەبووندا، هەموو ئەمانەش وابەستەن بە زیادبوونی قەبارەی کۆمەڵگە و بەرزی چڕی دانیشتوانیەوە، کە وادەکات کێشەکان سەرهەڵبدات کە پێ دەوترێت کێشەکانی گەشەی شارنشینی ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ناوچە دواکەوتووەکان لە جۆری شارنشینییدا لە ئەنجامی زۆربوونی کۆچەوە بەرەو شارەکان و ململانێی کولتووریی و بەریەککەوتنی کۆچبەران بە کولتووری جیاواز دروست دەبێت (سليمة، عمر،٢٠١٩: ٨٦) .

**"ڕۆبەرت پارك"** وەکو زانایەکی دیاری ئەم بوارە و لە درێژەی لێکۆڵینەوە ئیکۆلۆژیەکەیدا و لەماوەی ژیانیدا تێبینی زۆرێك لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە کە ڕوویانداوە و گرنگیداوە بە کێشەکانی کۆچبەران لە ویلایەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەوەی ئەم کۆچە بۆتەهۆی گۆڕانی خەسڵەتەکانی ژیانە کۆمەڵایەتییەکان لە شیکاغۆدا وەکو زۆربوونێکی خێرا لە ژمارەی دانیشتواندا کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ بەلێشاو هاتنی ئەو کۆچبەرانە کە لە بنەچەیەکی کۆمەڵایەتی

جیاوازبوون و هاتونەتە ناو شارەکەوە، پارك پێی وایە کە کۆچی مرۆیی کۆچێکی سروشتییە هەروەك کۆچی ڕووەك و ئاژەڵەکان .

**پارك** هەوڵیدا توێژینەوە بکات لە چەمکە ئیکۆلۆژیەکان بۆ زیاتر دڵنیابوون لە دیاردەی کۆچە مرۆییەکان هەرئەمەش پێویست بوو لەڕێگای لێکۆڵینەوە و گشتاندنەوە بێت بۆ ئەم مەبەستەش دوو چەمکی بەکارهێنا یەکەم :جێنشینکراو یان جێنشینکردن(الإستخلاف)، و دووەم: هاوسەنگی (التوازن) یەکەمیانی بۆ مەبەستی دانانی بنەمایەکی تیۆری بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆچەکان کە پێی وابوو جێنشینکردنی کۆمەڵەیەك بە کۆمەڵەیەکی تر لەسەر زەویەکی دیاریکراوە، هەروەك جێگرتنەوەی کۆچبەرە سەرەتاییە ئەمەریکییەکان لەسەر زەوی هیندییە سوورەکان، بەلای ڕۆبەرت پارکەوە ئەمە لە چوارچێوەی گۆڕانە سروشتییەکانە جا ئەم جێگرتنەوەیە تەنها جوگرافی و دیمۆگرافی نەبوو بەڵکو کولتووریش بوو. هەر لێرەدا " **پارك**" باس لە تووانەوەی کۆچبەرە هاتووەکان دەکات بە چوار چەمکی بنەڕەتی ڕاڤەی دەکات کە ئەوانیش :

**قۆناغی یەکەم**: کێبڕکێ: لەم قۆناغەدا کێبڕکێ وەکو شێوەی یەکەمییە و گشتی و بنەڕەتییە، پەیوەندییە نزیکایەتییەکان بوونی نییە، کارلێکی تاکەکان بەبێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوونی دەبێت بەمەش دەچنە قۆناغێکیترەوە کە قۆناغێکی بەرەو پێشچووترە.

**قۆناغی دووەم**: ململانێ: ئەم قۆناغە ئاستێکی بەرزتری هەیە هۆشیاریی تەواو بوونی هەیە تاکەکان هەستدەکەن کە ئەم ژینگە نوێیەی لەسەری نیشتەجێبوون لە پەیوەندیدا بەمانەوەوە بەمافی ڕەوای خۆیانی دەزانن، بەمەش ململانێیەکە وادەکات کەمینەکان زۆر بەتوندی پێکەوە بلکێن و لە سستمە ڕامیارییەکەدا بەشداربن.

**قۆناغی سێیەم**: گونجان: تاکەکان لەم قۆناغەدا هاوکاری یەکتردەبن کارلێك و گونجان بوونی دەبێت لە ناو دامودەزگاکاندا، تاکەکان هۆشیاریی ئەوەیان هەیە کە ڕازیبن بەوەی جیاوازبوونی کۆمەڵەکان قبوڵ بکەن ئەمەش بەهۆی ئەو بنەمایانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت بۆئەوەی ئاسایشی شارەکە تێکنەچێت.

**قۆناغی چوارەم:** وەرگرتن و توانەوەیە: ئەنجامێکی سروشتی قۆناغی گونجانەکەیە ، ئیتر ووردە ووردە ئەو جیاوازیانە نامێنێت لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا، پارك پێیوایە ئەم تێکەڵبوونە سروشتییە و مەبەستدار نییە وادەکات هاوسەنگی بواری دروست بکات و شار دەبێتە ناوەندێکی ئاکاری بەکۆمەڵی تایبەت بەخۆی کە دورکایم پێیدەڵێت هۆشیاریی بەکۆمەڵی(قاسمي، ٢٠٢٠: ٧٩-٨٠).

هەموو ئەمانە ئەوە نیشان دەدەن کە دروست بوون و سەرهەڵدانی شارنشینی لە ناوچەیەکدا و پەرەسەندنەکەشی کۆمەڵێك لە هۆکاری جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت بەپێی کۆمەڵگە جیاوازەکان جیاوازدەبن لەیەکتری بۆ ئەمەبەستەش دەتوانرێت بوترێت کە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونەوەیە ئەم پرۆسەیە دێتە ئاراوە و دەبێتە گەشەی شارنشینی و دەرکەوتنی پلەی بەشاریبوونیشی. لێرەدا هەڵدەستین بە خستنەڕووی تیۆرەکانی پێشەنگەکانی ئەم ئاراستەیە لەوانە:

## یەکەم: تیۆری ئەستێرەی دەریا

تیۆری ئەستێرەی دەریا دادەنرێت بە یەکەم تیۆر لە تیۆرەکانی ئیکۆلۆژیا کە گرنگی داوە بەشێوەی شار. ئەم تیۆرە لەلایەن زانا (هۆنت) لە ساڵی (١٩٠٣) دا سەریهەڵداوە، بیرمەندانی ئەم تیۆرە بڕوایانوایە کە شار دەست بە فراوان بوون دەکات بۆ دەرەوەی ناوەندی شار، ئەویش لەدوای داهێنانی هەندێك لە هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندن بووە کە لە شێوە کلاسیکیەوە وەکو گالیسکە گۆڕانی بۆ شەمەندەفەر بەمە وایکردووە شار پەرەبسێنێت لە شێوەی ئەستێرەی دەریادا، ئەمەش لە شارە ڕۆژئاواییەکاندا زۆر بەربلاوبووە. شوێنە نیشتەجێبوونییەکان دووربوون لە ناوەندی شارەوە، بەشێوەیەك کە باڵەکانی ئەم ئەستێرەیە پڕکرابوونەوە بە بینا و باڵەخانەکان، ئەم باڵەخانانەش لە نزیکی شوێنی شەمەندەفەرەکانەوە بوون دوور لە ناوەندی شار.

ئەگەرچی لەسەرەتادا بینا و باڵەخانەکان لە ناوەندی شاردا بوون بەڵام دواتر بەهۆی زیادبوونی چڕی دانیشتوانەوە وایکرد شارەکان گەورە ببن و لە ڕووی قەبارەوە چینە دەوڵەمەندەکان بچنە دەرەوەی شارەکان و دەوروبەری بژین و ناوەندی شاریش ببێتە لانکەی هەژار و بێ دەرامەتان بەهۆی کەمی کرێی نیشتەجێبوونی لەوێدا ( الفائدي، ٢٠٠٤: ١٥٠).

## دووەم: تیۆری بازنەیی یەك ناوەندیی

کۆمەڵناسی شار لە ئەمەریکادا بە قوتابخانەی شیکاگۆ دەست پێدەکات، کە هەوڵیداوە توێژینەوە ئەزموونییەکانی خۆی لەگەڵ تیۆریدا تێکەڵ بکات، و سوود لە ژینگەناسی زانستی سروشت وەربگرن بۆئەوەی شێوازی چۆنیەتی جێگیربوونی دانیشتوانی مرۆیی و دامەزراوە کۆمەلاّییەتیەکان لە بۆشایی شاردا شی بکەنەوە، ئامانج لەم ژینگەناسیەیان دۆزینەوەی ئەو بنەما و یاسایانەیە کە بووەتەهۆی دەرکەوتنی نموونە تایبەتییەکانی جێگۆڕکێی دانیشتوان و جێگیربوونیان لە بۆشایی و شوێنی تایبەتدا(ممتاز،٢٠٠٧: ١٤٥). دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە**"ڕۆبەرت پارك ١٨٦٤-١٩٤٤"** (عويسي،٢٠١٨ :٣٥) بوو لە ساڵی ١٩١٦ لەدوای ڕۆیشتنی بۆ زانکۆی شیکاغۆ، دەقێکی بلاّوکردەوە لە ژێر ناونیشانی "شار: پێشنیارێك بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری مرۆڤ لە شاردا".

ئەگەرچی **"پارك"** کۆمەڵگە بە ئۆگانیزم دەشوبهێنێت، کە سوود وەرگرتنە لە زانستی بایۆلۆژی کۆمەڵە چەمکێکی وەکو ( هاوسەنگی، گەشەی کۆمەلاّیەتی، ئەرکێتی ) بەکاردێنێت هەتا ئێستاش لە کۆمەڵناسیدا باون(ممتاز، ٢٠٠٧: ١٤٥-١٤٦).

لەدوای پارکەوە قوتابییەکانی لە قوتابخانەی شیکاغۆ هەوڵیانداوە تیۆرێکی زۆر بخەنەڕوو، لەوانەش **"بیرجس ١٨٨٦-١٩٦٦"**ە کە سەبارەت بە جۆرەکانی گەشەی شار و پێکهاتە ئەرکیەکەی لە کتێبێکدا بەناونیشانی "گەشەی شار" پێشکەش کرد،لە تیۆری ئەڵقەی بازنەی یەك ناوەندەکان هەستا بە دیارکردنی چەند ناوچەیەك تیایدا، لەم تیۆرەدا پشت دەبەستێت بە نموونە بۆ گەشەی شار و ڕێکخستنی بواری وەك پلانێکی بەکارهاتوو بۆ شاری شیکاغۆ، لێکۆڵینەوەکەی لەو بیرۆکە بنەڕەتییەوە سەرچاوەی گرتووە کە نرخی زەوییەکان بە شێوەیەکی پلەبەندی بەرزدەبێتەوە تاکو نزیکبینەوە لە ناوەندی شاری بازرگانی، و بە پێچەوانەوە کاتێك دووردەکەوینەوە، بەمەش ناوجەرگەی شار نرخەکانی بەرزدەبێتەوە، ئەو ناوچانەش کە دیاری دەکات بریتیین لە :

١-**ناوچەی بازرگانی ناوەندیی:** ئەم ناوچەیە نرخی زەویەکانی زۆر بەرزە، و جەماوەرێکی زۆر ڕۆژانە دەچنە ئەم ناوچەیە و دەڕۆنە دەرەوە، ئەمەچەقی ناوەندە خاڵی سەرەکی و سەرەتایی نیشتەجێبوونی شارە، چالاکیەکان تیایدا زۆرن وەکو کۆمەلاّیەتی و ئابوریی و کولتووریی، سەرەڕای بوونی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی و گەشتوگوزاری و کولتووریی کە پێکدێت لە

میوانخانەکان و چیشتخانەکان و شانۆ و سینەماکان و مۆزەخانەکانە، و بینای کارگێڕی و بانکیشی تیادایە.

٢- **ناوچەی گواستنەوە و بزاوت یان ناوچەی بازرگانی بەکۆ و پیشەسازی سادە:** فراوان بوون و گەشەی ناوچەی کارکردنی ناوەندی وای کردووە ناوچەی گواستنەوە ڕووبەڕووی گۆڕانی بەردەوام بێتەوە، بەوە دەناسرێتەوە کە چڕی دانیشتوان تیایدا زۆرە، ئەمە نزیك بە خاڵی ناوەندی هەڵکەوتووە لە سەرەتای دەرکەوتنی شارەوە قەراغی لادێیەك بووە، دواتر بۆتە شوێنی چینە خۆشگوزەرانەکان، کە دواتر چوونەتە چەقی ناوەندی شار بەدرێژای کات دەگۆڕێت بۆ خانووبەرەی وێران و داڕماو کە بژێویان لاوازە نەخۆشیە کۆمەڵایەتییەکان تیایاندا بوونی هەیە، دانیشتوانەکەی بەرەبەرە دەبنە ئەو کۆچەرییانەی کە تازە هاتوونەتە شارەوە، کە بەدوای شوێنی نیشتەجێبوونی هەرزاندا دەگەڕێن، ئەم ناوچانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی پۆلیس و چاودێری کۆمەڵایەتیدا بوون، بە بڕوای "**بیرجس** "دوو پرۆسەی داگیرکردن و هەڵکوتانەسەر یاخود تاڵانکرن لەم ناوچەیەدا هۆکاربووە کە سروشتی(فیزیکی)درێژبێتەوە و بگۆڕێت، ئەم شوێنە ناوچەیەکی سروشتی بووە بەبێ ئەوەی پلانی بۆدابنرێت نرخی زەویەکان گۆڕاون خاوەندارەکانی زەوییەکان تەنها نرخەکانیان لامەبەست بووە کە تاکو چەندە سوود و قازانجی دەبێت بۆیان، نەك نوێکردنەوەی، هەمیشە لەگومانی بەرزبوونەوەی زەویەکاندا بوون چونکە ببووە وێرانەیەك، بەڵام لە داهاتوودا نرخەکانیان بەرز دەبێتەوە، ئەوەشی بارودۆخی دارایی لەبار بوایە دەچوونە دەرەوە ( بایة، ٢٠١٦ : ٥٥-٥٦).

٣- **ناوچەی نیشتەجێبوونی کرێکاران یاخود چینی نزم:** هەروەك زاراوەکە خۆی کە کرێکارە یەخە شینەکان نیشتەجێن تیایدا وەك کرێکاری پیشەسازی و مناڵە کۆچبەرەکان لەخۆدەگرێت، ئەو کارگانەش کە لەم ناوچەیەدان کرێکارەکانیشی پێکهاتووە لە دانیشتوانی ناوچەکە، ئێرە شوێنی نیشتەجێبوونی چینی ناوەند نییە، بەڵام بارودۆخیان لەو ناوچانەی دوورتر باشتربووە لەهەندێ لە باشیەکان سودیان وەرگرتووە، و هەوڵی باشترکردنی ئاستی بژێوی منداڵەکانیانداوە بۆ ئاستە بەرزەکان لە پلەبەندی کۆمەڵایەتییدا.

٤-**ناوچەی نیشتەجێبوونی چینی ناوەند:** شوێنی نیشتەجێبوونی چینی ناوەند و کارمەندانی یەخە سپی و تاکی پسپۆڕو خوێندەوارە، شوێنی نیشتەجێبوونی یەك خێزانییە لە پاڵ بوونی

باڵەخانە جوانەکان و هەندێ میوانخانەی نیشتەجێبوون و مانەوە، کە ئەو جۆرە لە خزمەتگوزاریانە لە ناوەندەکانی شاردا پێشکەش دەکران( سناء، ۲۰۰۹: ۲۱).

٥-**ناوچەی نیشتەجێبوونی چینی بالاَ:** ئەم ناوچەیە لەبازنەی پێنجەمدایە، نەوەی چینی بالاَ تیایدا نیشتەجێن کە خاوەنی پیشەی کارگێڕیی و پیاوانی خاوەنکارەکانن. لەم ناوچەیەدا ئاپارتمانی گەورەی تیادایە و گونجاوە لەگەڵ بارودۆخی ئابوری ئەو خەڵکانەی کە لێرەدا نیشتەجێن.

٦-**ناوچەی دەوروبەر یاخود گەڕان و گەشتی ڕۆژانە:** ئەو گەڕەکانە لەخۆدەگرێت کە لە دەورووبەری شاردان یاخود دەکەونە هێڵە دەرەکییەکانی گواستنەوەوە، ئەم ناوچەیە شوێنی نیشتەجێبوونی چینە خۆشگوزەران وداهات بەرزەکان بووە، و زۆربەی دانیشتوانەکانی پابەند دەبن بە گەشتی کارکردنی ڕۆژانەوە(الفائدي، ۲۰۰٤، ۱٥۳).

لەسەر ئەو بنەمایە "**برجس**" هەستا بە ڕاڤەکردنی گەشەی شارو فراوان بوونی بەهۆی ئەڵقە وبازنە یەك بەدوا یەکەکان، کە هەردوو پڕۆسەی داگیرکردن و هەڵکوتانەسەر یاخود تالاَنکرن خاڵی سەرەکییە لە دینامیکیەتی فراوانبوونی ناوچەیەك بۆ یەکێکی تر ( سناء، ۲۰۰۹: ۲۱).

داڕشتنەوەی نموونەی ئایدیالی یەکێك بوو لە هەوڵەکانی "**برجس**" سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە گەشەی شار لەبەر ڕۆشنایی درێژبوونەوەی سروشتی (فیزیکی) و جیاکاری بواری - بەکارهێنانی جۆرەکانی زەوی، بیرجس پێی وابوو جیاوازی بوونی هەیە لەو جۆرەدا، و گەڕاندنەوەی بۆ هۆکارەکان نەك بە تەنها بۆ لایەنی ئابوری بێت بەڵکو وەکو ڕێگرییە سروشتییەکان، دەستێوەردانی ڕامیاری لە شێوەی پلانی شاردا . هەموو ئەم هۆکارانە دەبنە تێکدانی بازنەی ناوەندەکان، هەرلەمەشەوە ئەم تیۆرەی "**بیرجس**" ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆربۆتەوە ، لەوانە "**مۆریس دیفی**" بوو (باية، ۲۰۱٦ :٥۷)، لەدوای توێژینەوە لەسەر بیست شار لە ئەمەریکا و کەنەدا بەم دەرئەنجامانە گەیشت:

١-بوونی چەقی ناوەندی کە فۆرمێکی تایبەتی نییە، لە زۆربەی نموونەکاندا شێوەی چوارگۆشە یان لاکێشەیە.

٢-سوود وەرگرتنی بازرگانی لەو زەویانەی کە لە دەوروبەری شەقامە سەرەکییەکان چڕدەبنەوە تەنانەت هەندێ کاتیش تا کەنارەکان درێژی هەیە.

٣-پیشەکان کە نزیکی هێڵە سەرەکییەکانی گواستنەوەی ئاو یان زەوی هەڵکەوتوون لە هەر شارێکدا پێگەیەکی جیاوازیان هەیە .

٤-خانووبەرەی ئاست نزم کە نزیك بە پیشەکان یان هێڵەکانی گواستنەوەدان.

٥-ناوچەکانی نیشتەجیبوونی چینە ناوەند و بالاکان، کە جیا لەیەکترین لە ناوچەیەکی تردا هەڵکەوتوون(ممتاز،٢٠٠٧: ١٥٦). سەرەڕای باشیەکانی ئەم تیۆرە کە بەدەستی هێناوە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پرسیاردەبێتەوە ، بەلام وەلامێکی دروست نەدراوەتەوە، هەربۆیە لە کەلێن وخاڵی لاواز بێ بەش نییە کە کورتکراوەنەتەوە لەمانەدا:

١-جۆراوجۆریتی لە بەکارهێنانی زەویدا، لە سنوری هەموو ناوچە و شارێکدا.

٢-دیاریکردنی سنوری ناوچەکان بەشێوەیەکی ناڕەواییانە و بێبنەمایانە(التعسفي).

٣-سنورداری گشتاندنەکەی.

٤-تاقیکردنەوەی برجس بۆ گۆڕاوەکانی ژینگەناسی

٥-بابەتی پیشەسازی قورس کە برجس وایدانابوو هۆکاری تێکچوونە لەشارەکانی تر وانییە.

٦- پیشەسازی لە ناوچە گواستنەوەیەکاندا بەتەنها نەبووە.

٧-لە زۆربەی شارەکان وابەستەبوونێك هەیە بە شوێنی پیشەسازی و نیشتەجێبوونی کرێکارەکان کە داهاتیان دیاریکراوە (سناء، ٢٠٠٩ :٢٢).

**سێهەم: تیۆری کەرتبوون لەلای هومر هوایت**

ئەم تیۆرە وەك پەرچەکردارێك بۆ ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی تیۆری بازنەی یەك ناوەندی بۆتەوە، بەمەش پشتی بەستووە بە چەمکی نوێ لای **"هۆمر هوایت ١٩٣٩"** و ڕوونی کردەوە کە دیاریکردنی نیشتەجێبوونی کەرتبوون پشت دەبەستێت بە بەهای کرێداری، و ملکەچی پرۆسەی دابەش کردنی داهاتی تاکەکان و ئاستی بژێویان دەبێت، هەرلەمەوە سێ کەرتی سەرەکی دیاری دەکات لەوانە:(عزوز ، ٢٠٠٦: ٣٧).

**١-کەرتی کرێی نزم:** ئەمانە داهاتەکانیان دیاریکراوە.

**٢-کەرتی کرێی مام ناوەند:** خاوەن داهاتە مام ناوەندەکان تیایدا نیشتەجێ دەبن.

**٣-کەرتی کرێی بەرز:** دەوڵەمەندەکان تیایدا نیشتەجێ دەبن (دودین،٢٠٠٤ :٢٩).

دەتوانرێت لەم سێ کەرتەی **" هومر هوایت"**دا لە گەڕەکە دواکەوتووەکاندا بەتایبەتی لە ناوچەی ئاوارەی لادێکاندا و لە ناو شاردا پلەبەندی ببینرێت، بەڵام ئەم تیۆرەش بێ کەموکورتی نەبووە بە هەمان شێوەی تیۆری بازنەی ڕووبەڕووی ڕەخنەبۆتەوە لەبەر پشتگوێخستنی ڕەهەندی مێژوویی کە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر پێکهاتەی ژینگەیی، وا جیادەکرێتەوە کە سنوردارو و بەرتەسکە لە بواری جێبەجێکردن کە جۆرێکی ژینگەیی دیاریکراوە و ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر ڕەوشی شار لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوویدا، بەمەش ناتوانرێن بگشتێنرێت بەسەر هەموو شارەکاندا بەوەی تێڕوانینی جیاواز لە ڕووی خەسڵەتی مێژوویی و ژینگەییەوە بوونی دەبێت .

**چوارەم: تیۆری شاری چەند ناوکی لەلای هاریس و ئوڵمان**

ئەم تیۆرەش کاتێك سەریهەڵدا کە هەردوو تیۆری پێشخۆی ڕووبەڕووی ڕەخنەبوونەوە کە لە چلەکاندا بەدەرکەوت لەلایەن هەردوو بیرمەندەوە **"هاریس و ئۆڵمان ١٩٤٥"** پشتیانبەست بە بیرۆکەی بنەڕەتی بۆ گەشەی شار کە پشتبەستن بوو بە چەند ناوکێك نەك یەك ناوکی، ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەکات کە گەشەی شار دروست دەبێت بەهۆی پەرەسەندنی بەکارهێنانی زەویەکانی دەوری چەند ناوکێکەوە، لێرەدا چەند ناوکێك بوونیان هەیە لەوانە: ناوکی سەرەکی و ناوکی بازرگانی و ناوکی پیشەسازی سووك یاخود سادە لە نزیکی ناوکی سەرەکییەوە ناوکە پیشەسازییەکان دەبینرێت لە دەوروبەرەکانی شاردا، و لە دەوروبەری ئەو ناوکانەش دابەشبوونی

ناوچە نیشتەجێبوونە جۆراوجۆرەکان دەبینرێت کە هەندێکیان داهاتیان دیاریکراوە و هەندێکی تریان داهاتیان مام ناوەندە و ئەوانەی تریش داهاتیان زۆرە بەلاّم ناوچەی دەوروبەر یاخود کەنار خۆیان دەنوێنن لە بواری گواستنەوەدا لە نێوان لادێ و شاردا کە نزیکی کارەکە و کارگەکان بێت، ئابەمە ناوچە و گەڕەکی پەنابەر کە کولتوورێکی لادێیان هەیە لە شاردا گەشە دەکەن و بەشێوەیەکی سەرسامکەر دەگەڕێن بەدوای کارو ژیانی لەباردا(رضا، ٢٠٠٦ :٤٨-٤٩).

لێرەدا ناوکە جۆراوجۆرەکان و دروست بوونیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە:

١-هەندێك لە چالاکییەکان پێویستیان بە ئاسانکاری تایبەت هەیە ، بۆ نموونە پیشەسازییە قورسەکان پێویستییان بە زەوی هێڵەکانی گواستنەوەیە، بۆ ئاسان گەیشتن بە شوێنی بازرگانی کە پێویستی بە زەوی فراوان هەیە کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی لە ناوەندەکاندا لەخۆبگرێت، و پێویستی بە خزمەتگوزاری هێڵی ئاسنییە.

٢-هەندێك لە چالاکییەکان پێویستە نزیکی یەکتربن بۆ نموونە ووردە فرۆشیارەکان بۆ ڕاکێشانی کڕیار دەبێت لەپاڵ یەکدابن.

٣-هەندێ لە چالاکییەکان ناهاوشێوەن کە بەیەکەوە ناتوانن لەگەل یەکتردابن، بۆ نموونە ناوچەی پیشەسازی لە دووری چینە دەوڵەمەندەکەوە دەبێت.

٤-هەندێك لە چالاکییەکان بەهۆی گرانی نرخی زەوییەوە ناتوانن لەناوکی ناوەندا بن، هەریەك بۆخۆی ناوکی تایبەت بەخۆی دەبێت وەکو بازرگانی بەکۆ دووردەکەونەوە لە ناوەندی شار پێویستییان بە ڕووبەرێکی گەورەیە بۆ هەڵگرتنی شمەکەکانیان (صالح، ٢٠١٩ :٢٧).

سەرەڕای ئەم تیۆرانە پێشەنگی تری ئەم بوارە هەروەك **(دونکان Duncan و شنور Shore و ماکینزی و هاو )**هەستاون بە داڕشتنی ئاوێتەی ئیکۆلۆژی، گەیشتوونەتە ئەوەی کە پلەی بەشاریبوونی کۆمەڵگە ڕاستەوخۆ هاوشانی سروشتی دابەشکردنی کارە لە کۆمەڵگەی شارنشینیدا، بەواتای چەندە پلەی دابەشکردنی کاری کۆمەلاّیەتی زیاد ببێت لە ئەنجامی زۆرسیستمی پیشەسازییەوە، لە کۆمەڵگەی شارنشینی ئەوا پلەی شارنشینیشی بەرزدەبێتەوە، کە ئەم پلەیە ڕاستەوخۆ هاوشانی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای باوە (البحباح،٢٠١٦ :٧٣).

## شەشەم: ئاڕاستەی ئیکۆلۆژی نوێ

ئەم ئاڕاستە نوێیە بە دەروازە نوێکانەوە سەریهەڵدا بۆ لێکۆڵینەوە لە گەشەی شارەکان لەدوای ئەوەی ئاڕاستەی کلاسیك لە تیۆرەکانیدا ئاماژەی پێنەکردبوون، هەرئەمانە وایانکرد پێشەنگەکانی ئاڕاستەکە بەدوای ئەو ڕاستییانەوەبن بۆ دووبارە چاوپیاخشانەوە بۆ بونیادی شار، کە توانیان بەهۆی دوو پاڵنەری سەرەکییەوە شێوازی نوێی ڕاڤەی درێژبوونەوەی شارەکان بکەن لەوانەش:

**پاڵنەری یەکەمیان**: ئەوەبوو کە شار یاخود شارنشینی بەبەردەوامی ڕێگای نوێی بۆ ژیان کردن و نموونەی نوێی لە جۆرەکانی هەڵسوکەوت بەرهەم دەهێنێت، ئەمانە بوونە پاڵنەرێك بۆ زانایانی بواری کۆمەڵناسی کە بەردەوام بەدوای ئەو جۆر و ڕێگایانەوەبن، بەلاَم بەو شێوەیەی پێشوتر نا بەڵکو بەشێوەیەکی نوێ تر هەروەك ئەوەی زانایانی بواری مرۆڤناسی بە دوای هۆزە ڕەشماڵییەکانەوە بوون.

**پاڵنەری دووەم**: بەهۆی ئەو گۆڕانە خێرایەوە بوو کە پیشەسازی هێنابوویە ئاراوە وای کردبوو پشێوی دروست بکات و کێشەو گرفتەکانیش بەردەوام لە زیادبووندابن، هەربەمە لەلێکۆڵینەوە نوێکانیاندا گرنگیان دەدا بە بابەتەکانی کۆمەڵە لاوەکییە جۆراوجۆرەکانی شار سەرەڕای هەوڵدانیان بۆ دەستنیشان کردنی هۆکارەکانی ئەم کێشانە لە شارەکاندا لەدوای شۆڕی پیشەسازییەوە لە ئەوروپا و ئەمەریکادا.

ئەم ئاڕاستەیە بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەی لە هەڵسوکەوتی لادەری لە شاردا دەکرد وای دادەنا کە ئەم دیاردەیە بەهۆی گۆڕانی کۆمەلاَیەتییەوە دروست دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئاڕاستەیە هەڵدەستان بە ڕاڤەکردنی ڕەهەندە کۆمەلاَیەتییەکان بۆ چەمکی لێکدابڕانی کۆمەلاَیەتی کە ڕاڤەکردنێکی ئاوەدانیانە بوو، ئەم ڕەهەندانەش لە ئەنجامی پڕۆسە یەك لەدوایەکەکانی شار کە پێیدا تێپەڕدەبێت دروست دەبێت، کە ڕاڤەی لادان و تاوانبار دەکات لەسەر بنەمای وابەستەبوونی هەڵسوکەوتی تاوانبار بە بارودۆخە دیاریکراوەکەوە کە بەهۆی پڕۆسەکانی گەشەی شار دروست دەبێت، ئەم ئاڕاستەیە سەیری هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی بژێویی و نەزانی و قەرەباڵغی ناکەن وەکو ئەوەی هۆکارێکبن بۆ ڕاڤەکردنی لادان بەڵکو وا سەیری دەکەن کە نیشانەیەکن بۆ

هەڵوەشانەوەی سستمی، لێکۆڵەرەوەکانی ئەم ئاڕاستەیەش **(کلیفۆشوو هنری مەکایە)**(سلیمة ،عمر، ٢٠١٩: ٩٠).

**ئەگەرچی ئەم ئاڕاستەیە و دروست بوونی'**

**بەهۆی ئەو ڕەخنانەوە بوون کە لە لێکۆڵینەوەکانی ئیکۆلۆژیای کۆن گیرابوون بۆ ئەم مەبەستەش هەندێك لە توێژەران هەستان بە پێشکەش کردنی جێگرەوەی ئیکۆلۆژیا بۆ لێکۆڵینەوە لە گەشەی شار لەوانەش:**

**یەکەم: نموونەکەی"ئەلنسۆ Alonso 1964 "یە کە هەستاوە بەدەرخستنی پێکهاتەی شار بەوەی گونجاوە لەگەڵ چەمکی شوێنگرتنەوە یاخود شوێن گۆڕین بۆ ئەوانەی بەڕێوەن یاخود هاتوون و تازە نیشتەجێن لە نزیکی ناوەندەکانی شاردا بەلاَم ئەوانەی کە لە ماوەی پێشووتردا هاتبوون بۆ ئەو ناوەندە لە ئێستادا کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ناوەندەکە، بە تێپەڕبوونی کات ئەو خەڵکانە دەجوڵێن بۆ ناوچەکانی دەوروبەر، بەم تێپەڕبوونی کاتەش درێژبوونەوەیەکی ئاسۆی بۆ ناوچە نوێیەکان دێتە ئاراوە(أحمد،٢٠١٤: ٢٠).**

**دووەم: نموونەی پەیوەندی کردن کە بیرۆکە سەرەکییەکەی بریتییە لە ئاسانی گواستنەوە وپەیوەندی کردن هۆکاری سەرەکییە بۆ گەشەی شارەکان.**

**سێیەم: نموونەی شیکردنەوەی سستمی وادەیڕوانییە شار کە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵێك سستم و بونیادی ئاڵوگۆڕکراو .**

**چوارەم: نموونەی شیکاری هۆکارەیی(التحليل العاملي) کە لایەنگرانی ئەم نموونەیە هەڵدەستان بە دیاریکردنی کۆمەڵێك گۆڕاوی جۆراوجۆر، کە کاریگەریان لەسەر ئیکۆلۆژیای شار هەبووە(عطال،٢٠٠٩: ٤٤).**

**"هاوڵی" وەکو ڕەخنەگرێکیتری بواری ئیکۆلۆژیای کۆن پێ وابوو کە ئیکۆلۆژیای کۆن پیشتیان بەستووە بە هۆکارە شوێنی و فیزیکییەکان و هۆکارە کولتووریی و ڕێکخستنیەکانیان پشتگوێخستووە، هەربۆیە پێی وایە پەرەسەندنی شارەکان و فراوان بوونیان لە ئەنجامی هۆکارە دەرەکییەکانی وەك کۆچکردنەوەیە نەك لە ئەنجامی گەشەی دانیشتوانی ناوخۆیی بێت، هەر ئەو کۆچکردنە وادەکات گەشەی شارنشینی زیادبکات و گەڕەکە دواکەوتووەکان سەرهەڵبدەن، هەروەها**

پێی وایە ئەو زیادبوونی فشارە لە بوارە شارنشینییەکەدا لە ناوچەکانی ناوەند وادەکات چینە لاواز و هەژارەکان بەدوای شوێنی نیشتەجێبووندا بگەڕێن لە ناوچە شارنشینییە دواکەوتووە یاخود پەڕاوێزەکاندا کە خانو و کرێ تیایاندا بەنرخێکی کەمن(عزوز،٢٠٠٦: ٤١).

**حەوتەم: ئاڕاستەی کولتووری شارنشینی**

گرنگترین بەشدارییە تیۆرییەکانی ئەم ئاڕاستەیە لویس وێرس و زاناکانی بواری بەیەکگەیەنراوی لادێنشینی- شارنشینییە هەروەك **سۆرۆکن و هاوارد بێکەر و زمرمان و ڕێدفێڵد**...هیتریش.

**یەکەم: تیۆری لویس ویرس: شارنشینی وەکو شێوازێك بۆ ژیان**

**"لویس وێرس"** وابەستەبوو بە قوتابخانەی شیکاغۆوە کە کەسێتییەکی دەرکەوتووی هەبووە لە بواری زانستی کۆمەڵناسی شارنشینیدا بابەتی لێکۆڵینەوەکەی بەناوی **"الجیتو"** **the ghetto** جێگای گفتوگۆ بوو یەکێك بوو لە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ژینگەناسیی کۆن لەڕابردوودا، ئەمیش بە هەمان شەپۆلی زانایانی بواری کۆمەڵناسی خاوەن قوتابخانەی شیکاغۆدا تێپەڕبووە کە ڕەشبین بووە سەبارەت بە ژیانی شارنشینی.

**"وێرس"** هەستا بە دەرخستنی دەروازەیەکی مێژوویی لە لێکۆڵینەوەی شارنشینیدا، وای دەبینیەوە کە سەرەتاکانی شارستانیەت وابەستە بووە بە جۆرێکی دەرکەوتوو لە گەشەی شاری گەورە، ئەویش گواستنەوە و ڕۆیشتن بووە لە کۆمەڵگەی لادێوە بۆ شار و زاڵبوونی مۆرکی شارنشینی، ئەمەش لە ناوچەی پیشەسازی لە ویلایەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەگەڵ یاباندا ڕوویداوە، ئەو گواستنەوەیە لەگەڵ خۆیدا گۆڕانێکی زۆری لە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتییدا کردووە، دواتر شار بەرهەمی گەشە و پەرەسەندنی دوورودرێژە نەك داهێنانی ساتێك و

نەتەوەیەك بوو بێت، و ئەو شێوازە لە ژیان و پیادەکردنانەی کاتی ئێستا ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت لە جێگا پەنجەی بۆماوەی کۆمەڵگەی میللی کۆن تیایدا کە پێشتر زاڵ بوون، کە کۆمەڵگەی خۆجێی و کۆمەڵگەی گەورە دوو جەمسەری پێشینەیین کە پێکەوە بوون و گونجاون لەگەڵ یەکتردا و لەگەڵ هەموو یەکە ئاوەدانییە مرۆڤایەتییەکاندا (عبابسي، سيد، ٢٠١٧ :٣١).

**دووەم: تیۆری بەیەکگەیەنراوی لادێ وشار**

لەم تیۆرەدا وادادەنرێت کە درێژبوونەوەی لادێ و شارە کە یەکێکیان بۆ ئەوی تریانە کە پلەبەندیەکی بەردەوامە لە نێوان لادێ بوون چیە و شار بوون چیەدایە، مرۆڤ بۆ خۆی دەبێتە کۆڵەکەیەك لەگەڵ ئەنجامی تێکۆشانەکانیدا ئەگەر چی جیاوازیشبێت لە خەسڵەتەکانیدا لە یەکێك لە بازنەکانی ئەو زنجیرەیەدا کە بەیەکگەیەنراو وابەستەیە.

ئەم بەیەکگەیەنراوی لادێ و شارە لەسەر دوو شتی گرنگ بەندن لەوانە: **یەکەمیان**: کۆمەڵگە خۆجێیەکان بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو لە ژیانی لادێنشینیەوە بۆ ژیانی شارنشینی پلەبەند دەبن، ئەویش بەهۆی کۆمەڵە خەسڵەتێکی پلەبەندیانەوە کە ئەمان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەیشیان لەگەڵ ئەوانی تردا لە پلەداربوونیەکانیان(مدارج) بۆ بەشاریبوونیش جیاواز دەبن ، **دووەمیان**: ئەو پلەبەندیە گۆڕانکاری لە جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی و ڕامیاری وجۆری ڕێکخستنی ئابوریش و بەرهەمەکەی و شێوازەکەی دروست دەکات وەکو پێویستیەك کە ژیانی دانیشتوانی دروست دەکات هەروەك ئەو خەسڵەتانەی **سۆرۆکن** باسی لێوە دەکات(عيساوي، ٢٠١٠: ١٠٤).

ئەم تیۆرە پشت دەبەستێت بە تێبینیکردنە پراکتیکییەکان، کە جەخت کردن لەسەر جۆرێکی لادێنشینی پوخت یان جۆرێکی شارنشینی پوخت نییە ، بەڵکو جۆرێك لە پێکداچوون لەنێوانیاندا هەیە ئەویش تەنها بەهۆی بوونی زۆری و کەمی خەسڵەتەکانی یەکێك لەو دووجۆرەدایە (علي، ٢٠١٦ :١٨).

## هەشتەم: ئاڕاستەی بەهای کولتووریی

ئەم ئاڕاستەیە زیاتر جەخت دەکاتەوە سەر بەهای کولتووریی لە دیاریکردنی بونیادی ئیکۆلۆژی شاردا، وایدەبینەوە کە بەهۆی هێزی کۆمەڵایەتییەوە بەها ڕۆڵێکی دیاریکراوی دەبێت لە بڕیاردان لەبارەی پلاندانانی شارەوە. لایەنگران و زانایانی بوارەکە نموونە دێننەوە لەسەر جۆری بەهاکان وکاریگەریەکانیشیان لەسەر شێوازی بونیادی کۆمەڵایەتییە گشتییەکەی کۆمەڵگە هەروەك شاری مەککە و شاری پیرۆز و ڕۆما کە کاریگەری بەهای ئایینی وایکردووە شێوە و دروستبوون وبەردەوامیەکەشی دیاریبکات ، لەوانەش **"فۆن جرنبوم"** لەساڵی ١٩٥٥ لە دەستنوسێکدا باس لە شاری ئیسلامی کۆن دەکات کە بەهای ئایینی زاڵە بەسەر هەموو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی شارنشینیدا (كرابية، ٢٠١٧: ١١٠).

ئەم ئاڕاستەیە هەوڵی ئەوە دەدات کە بەها وەکو گۆڕاوێکی سەربەخۆ بەدەربخات لە ڕووی کاریگەری وڕۆڵەکەیەوە کە هەیەتی لە بونیادی کۆمەڵایەتی شارنشینی و ئیکۆلۆژیدا بەوەی بەها یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی و سەربەخۆ نییە لە مرۆڤ، بەڵکو وابەستە و پێکەوەبەستراون لەڕووی پاڵنەر و ئامانجەکانیەوە لەگەڵ ڕەفتار و پەرچەکردارەکانیشەوە .

**"ماکس ڤەیبەر"** باس لە کاریگەری بەها دەکات لە کۆمەڵگەی شارنشینییدا، پێی وایە هەندێك لە شارەکان پێگەی تایبەت بەخۆیان بەدەست هێناوە بەهۆی بەهای ئایینیەوە کە ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە ڕێکخستنی چالاکی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی شاردا(النجم،٢٠١٩: ٣٠١).

زۆرێك لە بیرمەندانی ئەم ئاڕاستەیە باس لە گۆڕانی ڕۆڵی بەها دەکەن بە پێی جیاوازی لە ژینگەدا هەروەك گۆڕانی بەهای زەوی کەبەهایەکی واتایی هەیە لای جوتیار بەوەی گرنگی زۆری پێ دەدات وپێگە کۆمەڵایەتییەکەشی بۆ دیاری دەکات و سەرچاوەی خێر و بژێویەکەیەتی، هەموو دانیشتوانی لادێنشینی لەسەرکارکردن و بەرهەمی ئەو جوتیارانە ژیان بەڕێدەکەن، بەڵام ئەم بەهایە بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت بە گۆڕانی بارودۆخەکەی کە گواستنەوەی کارکردنە لە زەویەکەیەوە بۆ کارگەکان کە ژینگەیەکی جیاوازترە(سليمة، عمر،٢٠١٩ :٩٤)، هەروەها **"فێری"** جەختدەکاتەوە سەر بەهای کولتووریی کە بنەمایەکی سەرەکییە و یارمەتیدەری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژیای شارە.

لەسەرەتادا "**فێری**" بیرۆکە سەرەکییەکەی بریتی بوو لەوەی کە بەها ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی شێوازەکانی بەکارهێنانی زەوی لە کۆمەڵگەی شارنشینییدا، لەو لێکۆڵینەوەیەدا جەختی لە وابەستەبوونی نێوان هەست و سۆز و هۆکارەکانی ئابوری کردەوە لەشاری بۆستن لە ویلایەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا (عطال، ٢٠٠٩: ٤١).

## نۆیەم: ئاڕاستەی ڕامیاری و کارگێڕی

ئەم ئاڕاستەیە وابەستەیە بە ڕۆڵی دەوڵەتەوە لە دروست بوونی شارەکان و پلان و ڕێکخستنەکانیاندا لەگەڵ دروست بوونی ناوەندە کارگێڕییەکانیان لە چوارچێوەی سیاسەتە کارگێڕییەکەیاندا، بەو مەبەستەی کە شار بریتییە لە ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردان، دواتریش وابەستەدەبێت بە بەرژەوەندییەکانی دانیشتوانەوە .

یەکەم کەس کە ئەم ئاڕاستەیەی زیادکرد بۆ زانستی کۆمەڵناسی شارنشینی لەلایەن "**ولیام فۆرم**"ەوە بوو پێیوابوو بونیادی هێز لە کۆن وئێستادا و بەتایبەتیش هێزی ڕامیاری ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە دروستبوونی شارەکاندا لەڕووی نیشتەجێبوون و فراوانبوونی ئیکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەوە، لەگەڵ ئەوەی بونیادی ئەو هێزە کاریگەریشی هەبووە لە دیاریکردنی ڕۆڵی گۆڕاوەکانی وەکو تەکنەلۆژیا و بە پیشەسازیبوون لەو ناوەندەدا، کە وابەستەبووە بە هێزی ئەو بڕیارانەی کەوابەستەی سیاسەتە گشتییەکە و پلانە کۆمەڵایەتیەکە و ئابورییەکە بووە، لەگەڵ جێبەجێکردنی بەرنامەی شارنشینی و بەپیشەسازیبوونەوە (لبعل، ٢٠١٨ : ٦١).

زۆربەی لێکۆڵەرەوەکانی بواری کۆمەڵناسی شارنشینی لەڕوانگە ڕامیاری و کارگێڕیەکەوە دەڕواننە شار، وەکو پایتەخت یاخود ناوەند کە کاریگەری دەبێت لەسەر دەوروبەری خۆی، لەگەڵ ئەوەی کە ئاڕاستەکان و هێزە بزوێنەرەکان خەسڵەتێکی جیاکراوەی شارن و شاریان پێ دەناسرێتەوە، لەگەڵ بوونی ڕێکخستنە ڕامیارییەکان بە هەموو شێوەکانیەوە، بەڵام لایەنە کارگێڕییەکەی وابەستەیەکی توندی بەلایەنە ڕامیارییەکەوە هەیە و دابەشبوونە ڕامیارییەکە پشت دەبەستێت بە ملکەچ بوونی شارنشینی و لادێنشینی لەڕووی کارگێڕییەوە بۆ کارگێڕییە ناوخۆییەکەی کە بۆی دیاری کراوە (فاطیمة، کریمة،٢٠١٦ :٣٤).

## دەیەم: ئاڕاستەی ئابوری

ئەم ئاڕاستەیە زیاتر جەختدەکاتەسەر هۆکاری ئابوری، وای دادەنێت ئابوری بنەمایەکی سەرەکییە بۆ بونیادی کۆمەڵگە و پەرەسەندنەکەی.

بۆچوونەکانی " **کارل مارکس**" لەم ئاڕاستەیەدا خۆی بەدەردەخات بەوەی هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەی هەندێك بابەت سەبارەت بە پۆلێنکردنی شار لەسەر بنەمای شێوازەکانی بەرهەمهێنان. **مارکس** پێی وایە هۆکارە ئابورییەکان کاریگەریان هەیە لەپەرەسەندنی کۆمەڵگەکاندا و ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتییدا(سليمة، عمر، ٢٠١٩: ٩٥).

"**گراس**" وەکو بیرمەندێکی تری ئەم ئاڕاستەیە لەساڵی ١٩٣٢ دا هەوڵی خستنەڕووی مێژووی ئابوری شارستانیەتی ڕۆژئاوایی داوە، لە دەروازە پەرەسەندنییەکەیدا باس لە پەیوەندی پەرەسەندنی ئابوری بە جۆرەکانی نیشتەجێبوون و جێگیربوونی مرۆییەوە دەکات بە تێپەڕبوونی مێژوو، هەوڵ دەدات وابەستەی ڕێگا و هۆیەکانی گوزەران بە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاوە بکات لەلایەك و بەستنەوەی بە پەرەسەندنی شێوەکانی نیشتەجێبوونی مرۆییش بکات لەلایەکیترەوە (فاطيمة، كريمة، ٢٠١٦: ٣٢).

## یانزەیەم: ئاڕاستەی تەکنەلۆژی

ئەم ئاڕاستەیە زیاتر گرنگی دەدا بە ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە دروستکردنی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژیدا، کە زۆربەی زانایانی بواری کۆمەڵناسی لەم بوارەدا کاریان کردووە بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵگە و توخمە سەرەکییەکانیش تیایدا لەوانەش "**ئۆگبێرن" و "هاوڵی**" بوون کە هەردووکیان سووربوون لەسەرئەوەی ڕۆڵی هۆیەکانی گواستنەوە کاریگەریان دەبێت لەسەر جۆر و کات و شوێنەکانی شارەکان و ناوەندە شارنشینییەکان (البحباح، ٢٠١٦ :٧٥).

لەدوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم پەرەسەندن لە هۆیەکانی گواستنەوە و تەکنەلۆژیا وپەیوەندیکردندا ڕوویاندا، ئەمانەش بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریان لەسەر گەشەپێدان و دروستبوونی شوێنە شارنشینییەکان هەبوو. لەدوای ئەم پەرەسەندنە شارە گەورەکان ئارەزووی بڵاوبوونەوەیان لە ناوەندەوە بۆ دەورەبەر هەبوو ، بەمە شار گەشەی کرد و فراوان بوو بەرەو دەوروبەرەکانی و چڕیەکەشی کەمی کرد تاکو دووربکەوێتەوە لە ناوەندی شار، هۆیە تازەکانی گواستنەوەی وەکو ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەری خێرا یارمەتیدەری فراوان بوونی شاربوون، کە درێژبوونەوەی ئەم شارانە زەوییە کشتوکاڵیەکانیشی گرتەوە، ئەمە تەنها لە دەوڵەتی تازە

پێگەیشتوودا نەبوو، بەڵکو بە نزیکەی لە زۆربەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانیشدا دەبینرا لەلایەك و( الشمري،وآخرون، ٢٠١٩: ٤٠)، بە ئاسانی پەیوەندی کردن لە بازنەی نێوان تاکەکاندا لەلایەکیترەوە ببووە هۆی فراوانبوونی و گەشەکردنی شارنشینی، و گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، هەندێك لە توێژەران جەختیان لە ڕۆڵی هۆیەکانی پەیوەندی کردنی بەکۆمەڵی دەکردەوە لە دیاری کردنی ئەرکەکەی لە پرۆسەی گەشەی شارنشینییدا کە بوونەتە بەشێکی تەواوکەر لە ژیانی شارنشینیدا، و پێیان وابووە بەبێ ئەو ناتوانرێت تێڕوانینیان هەبێت بۆ چالاکی شارنشینی بەوەی هەڵدەستێت بە وەزیفە دیاریکراوەکەی خۆی لەو ناوەندەدا، زۆربەی توێژەرە کۆمەڵناسەکان وا تەماشای دەکەن کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك لەو خەسڵەتە ئالۆزانەیە کە ناوچە شارنشینییەکان بەخۆیانەوە دەبینن (Salem ،بەبێ ساڵ: ٩-١٠).

لە توێژینەوەکەی **"بیرجس Burgess"** لەساڵی (٢٠٠٠)دا بەناونیشانی (لەدەستدانی یەکگرتووی و لێکچوون یاخود دۆخی دابڕانی شارنشینی لەگەڵ شاری تۆڕی ئاماژەیکردووە بەوەی کە پیشەسازی وایکردووە کۆمەڵگەکان بگۆڕێن لە کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگەی شارنشینی، ئیتر ئەو دەوڵەتە پێشکەوتوو و پەرەسەندووە بەند نابێت بە تەنها بە تەکنەلۆژیای پیشەسازی و بە پیشەسازیبوونەوە بەوەی لە ئێستادا گۆڕاوە بۆ کۆمەڵگەکانی دوای پیشەسازی و زانیارییەکان و خزمەتگوزارییەکان هەروەك (خزمەتگوزاری کۆمپیوتەر، ڕاگەیاندن، پەیوەندیکردن، پارە ، یاسا، تەکنەلۆژیای ژیانی، پزیشکی، توێژینەوە) تیایدا بوونی هەبووە کە ئەمانەش بنەمای کۆمەڵگەی پیشەسازین لە جیاتی بەپیشەسازیبوونی کەرەستە و کالاّ توخمی سەرەکی و دیاریکراوی سروشتی کۆمەلاّیەتی و ئابوری و کولتووری لەو شارەدا بریتییە لە گواستنەوەی نوێ و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و پەیوەندییەکان کە تەواوکەردەبن لە تۆڕە جیهانییەکەدا، بەمەش بە کولتووری دوای پیشەسازی دەناسرێتەوە و باسی لێوەدەکرێت بەوەی کە ئارەزووی لێکدابڕان و جۆراوجۆرێتی و جوڵەی زۆری هەیە، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکانی لە جۆری لاوەکی و جیهانییە(الحنكاوي، حسن، ٢٠١١: ٩).

## دوانزەیەم: ئاڕاستەی ڤەیبەری نوێگەری

ئەم ئاڕاستەیە لە بەریتانیا(١٩٦٧)سەریهەڵدا و زانایان هەستان بە شیکارکردنی بازاڕی نیشتەجێبوون بەو مەبەستەی کە یەکێکە لە کارتێکەرەکانی شارنشینی، ئەمەش لە شیکارییەکانی هەریەك لە **"ڕێکس"**و**"مۆر"** دا بەدەردەکەوێت بەوەی پێیان وایە ڤەیبەر کاتێك باس لە هەڵوێستی بازاردەکات بەتەنها بازاڕی کارکردن نەبووە وەك هۆکارێك ببێتە سەرهەڵدانی کۆمەڵەکان کە پێگە و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبێت، بەڵکو ئەمە وایلێکردن لە بۆچوونی ڤەیبەرەوە وابڕوانن کە ئەو کۆمەڵانە چینی کۆمەڵایەتیین، هەربۆیە **"ڕێکس و مۆر"** هەستان بە ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی ڤەیبەر و باسکردن لەو کۆمەڵانە لەسەر بنەمای جیاوازی شوێنی کەناویان برد بە چینە نیشتەجێبووەکان، وەکو دەروازەیەکی شیکاری بونیادی شارنشینی و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریاندەهێنا .

**"ڕێکس** و **مۆر"** گەیشتنە ئەوەی جیاوازی جەوهەری بوونی هەیە لەوەی کە تاچەندە ئاسان شوێنی گونجاوی نیشتەجێبوونی دەستکەوێت تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کەلە هەمان پەیوەندیدان لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەمهێناندا. لەوبارەیەوە دان دەنێن بەململانێی چینایەتی نێوان کۆمەڵەکان کە لەسەر جیاوازی شوێنی دروست دەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی بۆ دەسکەوتنی شوێنی نیشتەجێبوون بەهەمان ئەندازەی ئەو ململانێ چینایەتییەی کە لەبواری پیشەسازیدا لەسەر ئاستی نەتەوەیدا دەکرێت.

هەردوو توێژەر هەستان بە دیاری کردنی چینە نیشتەجێبوونەکان لەبەر ڕۆشنای شێوە سەرەکییەکانی خاوەندارێتی زەوی لە بەریتانیادا کە پێکهات بوو لەسێ چین لەوانە چینی یەکەم خاوەنی نیشتەجێبوونێکی تایبەتن، چینی دووەم نیشتەجێی کرێن کە دەسەڵاتی خۆجێی خاوەنێتی (نیشتەجێی گشتی )، چینی سێیەم لەکرێدا نیشتەجێن کە کەسانێتر خاوەنی ئەم نیشتەجێبوونیەن. هەرئەم بیرۆکەیەی نیشتەجێبوونی چینیە بەکارهات لەلایەن ئەم دوو توێژەرەوە بۆ شیکارکردنی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ناوچانەی دەگۆڕێن لە برمنگهام بەوە جیادەکرێنەوە کە ژمارەیەکی زۆری لە کۆچبەرانی ڕەگەز جۆراوجۆرەکانی لەخۆگرتووە لە ناوچە کۆلۆنیالەکانی بەریتانیادا (السید،٢٠١١: ٩١-٩٢).

## سیانزەیەم: ئاڕاستەی مارکسی نوێگەری

ئەم ئاڕاستەی مارکسی نوێگەرییە لە فەرەنسا سەریهەڵدا کە پشت دەبەستێت بە چەمکە بنەڕەتییەکانی مارکسیەت و جێبەجێکردنی لە شاری ڕاستیدا یاخود ڕاستەقینەدا، کە سەرچاوەی ئەم ئاڕاستەیە فەرەنسایە، بەهۆی توێژینەوەکەی "**کاستل**" وە بووە کەجەختی لەمانە کردۆتەوە تیایدا:

١- چەمکی کۆمەڵگە و کولتووری شارنشینی لە ناواخندا ئاڕاستەکاری ئایدیۆلۆژی بەکاردێنێت.

٢- پێویستە گرنگی بدرێت بە ناواخنی کۆمەڵایەتی بۆ دیاردەکان، بەوپێیە پێویست نییە کە لە چوارچێوەی فیزیکییەوە تێی بڕوانرێت .

٣- شوێنگەکان و بوارەکانی شارنشینی ڕواڵەتێکن کە لە ململانێی چینایەتی جیابوونەتەوە.

٤- پێویستە چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون بکرێت لە پەیوەندییدا لەگەڵ بەکاربەری بەکۆمەڵی.

٥- پێویستە دووبارەی یەکخستنی بابەتی شارنشینی بکرێت لە پەیوەندییدا بە شوێن و کاتەوە کە مەبەست لێی مێژووەکەیەتی، و لە پەیوەندیدا بە جۆری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سستمی لیبرالییەوە.

٦- پێویستە گرنگی بدرێت بە چینی کرێکار و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان و بۆرژوازیە گەورەکان و کەمینە شارنشینییەکان و ململانێ و هیتر(تومي، ٢٠٠٦ :٣١).

## پوختەی ئاڕاستە هزرییەکانی شیکردنەوەی بەشاریبوون :

لەبەر ڕۆشنای جۆراوجۆر وجیاوازی لە ئاڕاستەکاندا لەڕووی بیروڕای جیاوازەوە سەبارەت بە گەشەی شارو پلەی بەشاریبوون دەگەینە ئەو پرسیارەی کە کام لەو ئاڕاستانە گونجاون یان ڕاستن بۆ ئەم مەبەستە؟.

بەشاریبوون پێناسە دەکرێت بەوەی بریتییە لە گۆڕان لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر جا ئەم گۆڕانە لە ڕووی ئیکۆلۆژی و ڕێکخستن و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دیموگرافی و هیتریشبێت بەشێوەی جیاواز خۆی بەدەردەخات ئەمە وادەکات ئەو گۆڕانە لەو ژینگەیەدا بە جۆرێتی و

چەندێتیەوە باسی لێوە دەکرێت، لێرەدا هەموو ئەو ئاڕاستانە خزمەت بە بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی بکەن، ئەو جیاوازیانەش کە هەیانە لە هەریەك لەو ئاڕاستانەدا جەخت کردنە لەسەر لایەنێك کە خزمەت بە بەشاریبوون دەکەن لە ڕووی ڕاڤەکاری و شیکارییەوە. بەشاریبوون دیاردەیەکی گشتگیرە ڕۆژبەڕۆژیش کۆمەڵگەکان ڕووبەڕووی گۆڕان دەبنەوە لە هەموو بوارەکاندا، ئەمانە دەبنە گۆڕان لە هەڵسوکەوت و بونیادی ماددی و واتاییدا وادەکات شێوازێکی جیاواز لە ڕووی پێکهاتە و ئەرکێتی دیاریکراوی خۆیەوە دەستنیشانی ئەو شێوازەی کۆمەڵگە بکرێت، هەربۆیە بە پشتبەستن بەم ڕاڤەکارییانەی ئاڕاستەکان هەستاین بە هەڵبژاردنیان:

١-ڕێکخستنی ئەو ئاڕاستانە بەندنییە بە گرنگی ئاڕاستەکانەوە بەڵکو جەخت کرنە لەسەر لایەنی مێژوویی.

٢-هەڵبژاردنی ئەو ئاڕاستانەی کە کاردەکەن لەسەر پلەی بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی .

٣-کورتکردنەوەی ئەو بیرۆکانەی کە لەناو ئاڕاستەکاندا ووروژێنراون سەبارەت بە بەشاریبوون.

٤-خستنەڕووی هەندێك لە خاڵی نێگەتیف و پۆزەتیڤی ئەو ئاڕاستانە بەجیاواز لەیەکتر بەوەی هەندێکیتر لەو ڕەخنانە خزمەت بە توێژینەوەکە ناکەن بۆیە نەخراونەتەڕوو.

لە دەرئەنجامدا توێژەر دەگاتە ئەمانە:

١-کۆمەڵگەکان ڕووبەڕووی گۆڕان دەبنەوە لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵاییەتیەکاندا، کە ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی پلەی بەشاریبوون.

٢-گەشەی شارنشینی و پلەی بەشاریبوون ئاماژە دەبێت بۆ ئاڵۆزی زیاتر لەو ژینگەیەدا .

٣-دەستکەوتنی پلەبەندی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ڕوون تر .

٤-زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانی وچڕی وەکو هۆکارێکی گرنگ بۆ پلەی بەشاریبوون.

٥-گواستنەوەی شوێنی دەبێتە خەسڵەتێکی دیاری تری پلەی بەشاریبوون.

٦-پلەی ژیرێتی زیاتر ئاماژەیە بۆ گەشەی شار و شارنشینی.

٧-زیادبوونی ڕووبەری دانیشتوانی شار لەسەر ناوچە لادێنشینییەکان.

٨-پلەی بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی شێوازێکی جیاوازی لە ناوچەکان و شارەکان دروست دەکەن.

٩-بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی تەنها یەك هۆکار و یەك لایەنی کاریگەر نابێتەهۆی دروست بوونیان بەڵکو هەموویان کاریگەری خۆیان دەبێت لە دروستکردنی ئەو دۆخە جیاوازە لە کۆمەڵگەکاندا بە ڕێژەی.

١٠-بەشێوەیەکی گشتی دیاردەی بەشاریبوون لەهەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بەدەردەکەوێت، بەڵام لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا جیاواز دەبێت لە تازە پێگەیشتووەکاندا.

١١-بەهای کولتووری کۆمەڵگەکە کاریگەری دەبێت لەسەر جۆری گەشەی شارنشینی و پلەی بەشاریبوونەکەی.

١٢-کۆچکردن دیاردەیەکی دیاری ناو زۆربەی کۆمەڵگەکانە و هۆکارێکی سەرەکییە لە زیادبوونی چڕی دانیشتوانیدا.

١٣-تەکنەلۆژیا و هۆیەکانی پەیوەندی کردن هۆکارن بۆ گۆڕینی خەسڵەتی باوی ناو کۆمەڵگەکان.

١٤-بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی کاریگەری لەسەر دەروونی تاکیش بەجێ دەهێڵێت بەوەی پێداویستییەکان ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندان.

## باسی دووەم

## بەشاریبوون لە دەوڵەتی تازە پێگەیشتوودا

### دەستپێك:

دیاردەی بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی دیاردەیەکی بەربلاّون لەسەر ئاستی کۆمەڵگە جیاوازەکان کە هۆکار و کاریگەرییەکانیشیان جیاوازن بەجیاوازی مێژووی دروستبوونیان، جیاوازی ئەم گەشەیە لەسەر ئاستی دەوڵەتەکانیشدا بەئاسانی تێبینیدەکرێت. ئەگەرچی دەستنیشان کردنی چەمکی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو و دەوڵەتانی پێشکەوتوو ئاماژەیەکی سەرپێییە بۆ تێگەیشتن لەدۆخی کۆمەڵگەکان، بەلاّم لە ناواخندا هۆکار و کاریگەری تایبەت بەخۆیان دێتە پێشەوە بۆ هەڵگرتنی ئەو نازناوە کە لە ئێستادا هەیانە لەڕووی گەشەی شارنشینی و بەشاریبوونیانەوە.

هەربۆیە لێرەدا هەڵدەستین بە خستنەڕووی هۆکارە جیاوازەکانی بەشداربوون لە بەشاریبوون و گەشەی شارنشینییدا لە دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکاندا لەڕووی ڕەهەندە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیانەوە لەگەڵ ئەو ئاماژەپێدەرانەی کە لە دەوڵەتانی تر جیایاندەکاتەوە لەوانەش:

### یەکەم: جۆری بەشاریبوون لە دەوڵەتی تازەپێگەیشتودا: ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکی

ئەوەی ئاشکراو دیارە ئەوەیە کە دیاردەی بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی هەر لە سەرەتاوە لەدەوڵەتی تازەپێگەیشتوودا بوونی هەبووە لەوانە دەوڵەتانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی نیمچە کیشوەری هیند و چین و شارەکانی نێوان دوو ڕووبار(میزۆپۆتامیا)، بەلاّم لەم چەرخە نوێیەدا شار لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا خۆی لەو جیاوازییە زۆرەدا دەنوێنێت کە لەگەڵ ژیانی لادێدا هەیەتی بەشێوە جیاوازەکانیەوە کە دژبوونی نێوان کۆن و نوێیە، لەگەڵ بوونی دیاردەی بەشاریبوون و پێشکەوتن کە لە ئێستادا شارە ئەوروپییە نوێیەکانی پێ دەناسرێتەوە (الفائدي،٢٠٠٤: ١٣٤).

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو بارودۆخە جیاوازەی کە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لەگەڵ دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا پیایداتێپەڕبوون لەڕووە مێژووییەکەوە کەوای کردووە بونیادە کۆمەلاّیەتیەکەیان بەگۆڕانی بارودۆخەکەیان بگۆڕێت ، بەمەوادەکات دەوڵەتانی تازەپێگەیشتووش جیاوازبن لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لەلایەك و دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو لەنێوخۆشیاندا

لەلایەکیترەوە، سەرەڕای بوونی هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی و بوونی جیاوازی بارودۆخی کۆمەلأیەتی وئابوری ورامیاری و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاری کە کاریگەری هەبووە لەسەریان وایکردووە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتووش نەتوانن گشتێکی لێکچوو دروست بکەن و جیاوازبن لەناوەرۆك و هەلگری کۆمەلێك خەسلەت و سیمای جیاوازیشبن لەیەکتر (ناصف، ٢٠٠٦: ١٥٥).

ئەو تایبەتمەندییە بونیادی و کولتوورییەی کە کۆمەلگەی جیهانی سێیەمی پێ جیادەکرێتەوە جێگای گرنگی بووە لەلای زانایانی بواری کۆمەڵناسی شارنشینی، ئەم زانایانە ئاماژەیاندەکرد بە ئەزموونە مێژوویەکەیان کە ڕووبەڕووی داگیرکاری بوونەتەوە، و کاریگەری جۆراوجۆری کردبووە سەر بونیادە کۆمەلأیەتی و ئابوریی و ڕامیارییەکەشیان، ئەگەرچی لەپێش داگیرکاریدا کۆمەلگەکانی جیهانی سێیەم لەڕووی تایبەتمەندی وخەسلەتەکانیانەوە هاوبەشبوون، بەلأم لەئێستادا کۆمەلێك لەخەسلەت و سیمای جیاواز لەخۆگرن کە بریتین لە بوونی سەرچاوەی سروشتی و ژمارەی دانیشتوان و ئەزموونی بە پیشەسازیبوون کە ئەمانە وایان کردووە ببنە بازنەی بەیەکگەیاندنی سەرەکی نێوان ئەودەوڵەتانە لەلایەك و جیهانی دەرەکیش لەلایەکیترەوە.

ئەو دەوڵەتە تازەپێگەیشتووانەی کە هەستاون بە جێبەجێکردنی ئەرکەی ڕامیاریی و کولتووریی و ئابورییەکان شوێنگەیەکی جیاوازیان بۆ دروست بوو بوو کە بواری دەرەخساند بوو بۆ چڕبوونەوە و زۆربوونی چالاکییەکان هەروەك شێوازەکانی سیاسەتکردن و هەستان بە پڕۆژە ئابورییەکان و ژیانی دەستەبژێرە ڕامیارییەکان و گەشەکردنی دامودەزگا کولتوورییەکان تاوای لێهات بوونە جێگای لێدانی دڵی دەوڵەت.

شارە گەورەکان لەدەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا ڕۆڵێکی ئابوری دیاریان هەبوو بەشێوەیەك بوو بوونە جێگای ڕاکێشان و کۆچپێکرنی دانیشتوانی لادێکان بەهۆی بوونی وەبەرهێنانی ئابوری تیایدا و لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە هێزی کار بۆ ئەم مەبەستە (الحسيني،١٩٨١: ٨٦). ئەم جیاوازیەی نێوان دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان لە ڕووە مێژوویی و ئابوریی کۆمەلأیەتییەوە ئەوە دەردەخەن کە دواکەوتوویی بەهۆی بوونی سەرمایەداری بیانییەوە بووە، کە دەستیوەرداوەتە ناو بونیادی ئەو کۆمەلگە دواکەوتووانەوە لە قۆناغەکانی داگیرکاریدا و دیاردەی دواکەوتوویی دروست کردووە، ودارمانی لە کەرتی ئابوری کلاسیکدا کردووە و سەرەڕای تێکدانی بونیادە کۆمەلأیەتی وکولتوورییەکەشی، و لکاندویەتی بە سستمی سەرمایەداری جیهانییەوە و کردوویەتی بە بەشێکی

تەواوكار بەشێوەیەك كە نەتوانرێت لە بونیادی ئەركیەكەی یەكێك لەو بەشانە تێبگەیت تەنها لە چوارچێوەی بونیادی سستمە گشتییەكەدا نەبێت هەروەك ئەمەریكایی لاتینی(العيسى واخرون،١٩٩٩: ١٢٨).

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە تەنها هۆكارە دەرەكییەكان كاریگەری خراپیان هەبوو بێت لەسەردۆخی كۆمەڵگەی دواكەوتوو، بەڵكو هۆكارە ناوخۆییەكانیش هۆكارێكیتربوون بۆ دواكەوتنی ئەو بارودۆخە ئابوری و كۆمەڵایەتی و كولتووریەی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو بەوەی كارلێك و دەستێوەردان وەكو دوو پڕۆسە لەنێوان ڕەهەندە خۆجێی و جیهانییەكەدا كاریان كردووە و ڕۆڵیان هەبووە لە دروست كردنی ڕەوشی دواكەوتن لە قۆناغە دیاریكراوەكاندا و هەوڵدانی چەسپاندنی ئەو دۆخەش لە قۆناغەكانی تردا، لەگەڵ ئەو وابەستەبوونەی هەبووە لەهاتنەدی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی هێزە كۆمەڵایەتییە خۆجێیەكە لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی هێزە جیهانییە دەرەكییەكەدا. بەمە ئەوەندەی خزمەتیان بە دەوڵەتانی بیانی كردووە ئەوەندە خزمەتیان بە ئابوری نەتەوەیی نەكردووە هەروەك شارەكانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا كە ببوونە بازنەی بەیەكگەیاندنی دەستەبژێری خۆجێی و جیهانی دەرەوە. هەربۆیە پڕۆسەی بەشاریبوون بەواتای گەشەی دانیشتوانی شار دێت لەو دەوڵەتانەی كە ملكەچی ئەم هۆكارانەبوون لەوانە  كەمی زەوی كشتوكاڵی لە ئەنجامی گەشەی دانیشتوانی زۆرەوە كە وایكردووە سنوری سەرچاوەی كشتوكاڵی كەم بكات، لەگەڵ نەبوونی هەلی دەستكەوتنی كاری باش(الحسيني، ١٩٨١ : ٨٦-٨٧).

سەرهەڵدانی دیاردەی بەشاریبوون بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوان لەناوەندی شارەكاندا لەسەر حسابی ناوچە لادێنشینەكان و بەهەموو گیروگرفتەكانیەوە لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی كە دەوڵەتانی سەرمایەداری بەكاریان هێناوە بۆ برەودان و پێشكەوتن بەدۆخی خۆیان لەڕێگەی بەكارهێنانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەمەوە بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئەركییەی نێوانیانەوە، بۆ ئەوەی  دەوڵەتانی خزمەتكار لە ناوەندەكانی دەسەڵاتدا بمێننەوە و دەبێت كارئاسانیان بۆ بكەن لە پڕۆسەی تەواوكاری بازاری سەرمایەداری لەلایەك و نێوەندگیری لەنێوان ناوەند و دەوروبەریشدا لەلایەكیترەوە، ئەمەش بەهۆی بەكارهێنان و دەستێوەردان بووە لە زیادەی ئابوری لەلایەن ناوەندی سەرمایەداری جیهانییەوە بۆ ئەو ناوچە

لادێنشینانەی دەوروبەری شارەکان کە ژێردەستەبوون و یارمەتی دراون لەلایەن دەسەڵاتە خۆجێییە پاشکۆکە و دەستەبژێری ڕامیارییەوە(ناصف، ٢٠٠٦: ١٥٨).

بەڵام هۆکارێکی تری ناوخۆیی کە جیاوازی بەشاریبوون لە هەندێ شاری دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا بەدەردەخات بریتی بووە لە دارمانی ژینگەی جوگرافی کە لەلایەن کەمینەیەك لە دەسەڵاتدار ودەستڕۆیشتوو ودەوڵەمەندەوە بووە کەلە زەوییە نیشتەجیبوونە فراوانەکاندا فەرمانڕەواییان کردووە، و گرنگیان نەداوە بە بەرنامەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئابوری یاخود توانایان نەبووە بۆ بەرەوپێشبردنی ناوچەکە(الفائدي، ٢٠٠٤ : ٢٠٥).

هەموو ئەمانە ئاماژەپێدەرن بۆ جیاوازی بەشاریبوون لەسەر ئاستی جیهان کە لەبارودۆخێکی تایبەتدا دروستدەبێت بەوەی شارەکانی ڕۆژئاوا لەژێر کاریگەری بزوتنەوەی بەپیشەسازیبوون فراوان بوون و گەشەیان کردووە جیاواز لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو کە بارودۆخ و هۆکارەکانی جیاوازبوون بۆ ئەم مەبەستە، لەڕاستییدا بەشاریبوون لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا تەنها زیادبوون بووە لە قەبارەدا و ناوەندە شارنشینییەکانیشی بەتێپەڕبوونی کات لە زیادبوونی بەردەوامدابوون کاریگەری خراپی ئەم دیاردە جیهانییە لەسەر دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا زۆر زیاتربووە وەك لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا(بريز، ١٩٨٩: ٣١)، هەروەك کۆچکردنی چڕوپڕ و لێشاو و بەردەوام کە ئەمە خۆی لەخۆیدا یارمەتیدەرە بۆ زیادبوونی گرفت و کەموکورتی لە خزمەتگوزاری تەندروستی و گواستنەوە دروستبوونی بێکاری و تاوان و خراپی پلاندانان و گرفتی تریش(الفائدي، ٢٠١٤: ١٣٥).

زۆربەی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو یەك خەسڵەتی دانیشتوانیان هەیە ئەویش بەرزی تێکڕای گەشەی دانیشتوانە هەروەك لە وەڵامدانەوەی حکومەتەکانی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا بۆ ڕاپرسییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان هاتووە کەلە پێش کۆنگرەی دانیشتوانی جیهانی ساڵی(١٩٧٤)کە (٢٥)دەوڵەت لە کۆی(٨٩)دەوڵەتی تازەپێگەیشتوو وادانراوە کە تێکراکانی گەشەی دانیشتوانیان لەجۆری لە ڕادەبەدەرە(العيسى، ١٩٩٩ :١٩٧).

بەمە دیاردەیەکی تر دروست دەکات کە پێی دەوترێت(بەشاریبوونی لەڕادەبەدەر) کە ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ زۆربوون و خێرای لە گەشەی دانیشتوانی شارنشینیدا بەبێ ئەوەی پەرەسەندنی ئابوری لەگەڵدا بێت کە وادەکات ببێتە ڕێگرێك لەبەردەم توانای دەستەبەرکردنی گەشەپێدانی

ئابوریدا، و خراپی خزمەتگوزاری شارنشینی، و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێكاری، و هەژاری، و دارمانی ئاستی بژێوی، ودروست بوونی لادانی كۆمەلأیەتی، و دلەڕاوكێ و پشێوی ڕامیاریی و كولتووریی، و كێشەی نیشتەجێ بوون و قەرەباڵغی لە شارە گەورەكانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا(عیاصرة ، ٢٠١٦: ١٤٣٢).

لەوانەش **"ساوپۆلۆ ، شەنگەهای ، شاری مەكسیك"** مەزنی و گەورەیی قەبارەی ئەم شارانە بەهۆی بەخێرایی گەشەكردنەوە بووە، بەمە گرفتی جۆراوجۆریان دروست كردووە لەساڵی (١٩٦٤)توێژەری ناسراو **"ڕۆناڵد ریپ"** زاراوەیەكی بەكارهێنا بۆ ئەو جۆرە شارانە كە زۆر گەورەن و توشی پیسبوون هاتوون و دەورەدراون بە ژمارەیەك شاری تر كە بە كەڵەكوخ و تەنەكە دروستكراون، ئەویش زاراوەی مێگاپۆڵیس" ئەو شارەی كە پڕە لە ئاژاوە و پشێوی و كەس ناتوانێت كۆنترۆڵی بكات، لەو كاتەوە شاری گەورە بووەتە خەسڵەتێكی جیاكەرەوە، بۆ شارەكانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، هەتا ساڵی (١٩٥٠)تەنها سێ شار لە (١٠)شارە گەورەكانی جیهان، لە جیهانی سێیەمدا بووە، بەهاتنی ساڵی (١٩٨٠)ئەو ژمارەیە بەرزبۆتەوە بۆ (٧)شار، هەروەك لە خشتەی (٢)خراوەتەڕوو(لاو،٢٠٠٤: ١٨).

**خشتەی (٢)**

**ژمارەی دانیشتوانی ١٠گەورە پایتەختی جبهان لە نێوان ١٩٥٠-٢٠٠٠(بە ملیۆن)**

| ژ | شار | ١٩٥٠ | ژ | شار | ١٩٨٠ | ژ | شار | ٢٠٠٠★ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نیۆرك | ١٢,٣ | ١ | تۆكیۆ | ١٦,٩ | ١ | مەكسیك | ٢٥,٦ |
| ٢ | لەندەن | ١٠,٤ | ٢ | نیۆرك | ١٥,٦ | ٢ | ساوپالۆ | ٢٢,١ |
| ٣ | تۆكیۆ | ٦,٧ | ٣ | مەكسیك | ١٤,٥ | ٣ | تۆكیۆ | ١٩,٠ |
| ٤ | پاریس | ٥,٤ | ٤ | ساوپاولۆ | ١٢,١ | ٤ | شەنگەهای | ١٧,٠ |
| ٥ | شەنگەهای | ٥,٣ | ٥ | شەنگەهای | ١١,٧ | ٥ | نیۆرك | ١٦,٨ |
| ٦ | بوینس ئایرس | ٥,٠ | ٦ | بوینس ئایرس | ٩,٩ | ٦ | كەلكەتا | ١٥,٧ |
| ٧ | شیكاگۆ | ٤,٩ | ٧ | لۆس ئەنجلۆس | ٩,٥ | ٧ | بۆمبای | ١٥,٤ |
| ٨ | مۆسكۆ | ٤,٨ | ٨ | كەلكەتا | ٩,٠ | ٨ | بیجینج | ١٤,٠ |
| ٩ | كەلكەتا | ٤,٤ | ٩ | بیجینج | ٩,٠ | ٩ | لۆس ئەنجلۆس | ١٣,٩ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | لۆس ئەنجلۆس | ٤،٤ | ١٠ | ریۆدۆ جانیرۆ | ٨،٨ | ١٠ | جاکارتا | ١٣،٧ |

*ساڵی٢٠٠٠ مەزندەیە نەك سەرژمێری (وەرگێرەکان)

**دووەم: جۆری بەشاریبوون لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا: هۆکار و ئاماژەپێدەرەکانی**

سەرەڕای ئەوەی کە گەشەی شارنشینی دیاردەیەکی جیهانییە و بەشاریبوونیش وەك دیاردەیەکی ئاڵۆز و کەڵەکەبوو بەدوایدا خۆی دەنوێنێت هۆکارەکان بە ڕواڵەتەکان و ئەنجامەکانەوە دەبەستێتەوە، وابەستەیەکی زۆر توند کە ئەستەمە لەیەکتریان جیابکەینەوە، ئەو هۆکارانەش جیاوازدەبن لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکیتر، بەڵام ئەم پرۆسەیە تاکو ئێستاش بەردەوامە و زۆرشتی تری بەدواوەیە کە ئەنجامەکان و کێشەکانی ڕەوشێکی پراکتیکی نیشاندەدەن کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تیایدا دەژی. زۆرێك لەبیرمەندان سەیری بەشاریبوون دەکەن وەکو ڕواڵەتێکی گرنگ لە ڕواڵەتەکانی نوێگەری و ئاماژە بە گەشە و پێشکەوتنی ئابوری دەکەن.

بەڵام بەشاریبوون لەدەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا بەشێوەیەکی جیاواز بەدەردەکەوێت و ڕوو لە زیادبوونیشە لەکاتێکدا ڕاگری بەشاریبوونی نییە و کەموکورتی هێناوە بەوەی هەمیشە ناڵاندویەتی بەدەست قەیرانی شارنشینییەوە، ئەمەش بەهۆی کاریگەری هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە بووە کەوای لێکردوون لە حاڵەتی پاشکۆیەتی بۆ دەوڵەتانی پێشکەوتوودابن. سەرەڕای خراپی بارودۆخ و بوونی کێشە جۆراوجۆرەکانیان، جیهانی سێیەم بەخێراییەکی چاوەڕوان نەکراو و سەرسوڕهێنەر بەرەو بەشاریبوون هەنگاودەنێن و قەبارەیان زیاد دەکات کە دوو ئەوەندە و سێ ئەوەندەی شارە سەرەکییەکانە هەروەك **میسر** لە (٤١،٣٪)بوو کە لە قۆناغی بەشاریبوونی لەڕادەبەدەردابوون.

بەڵام لەسەر ئاستی کیشوەری **ئاسیا** لە (٥٣،٣٪)بوو لەکۆی دانیشتوانی کیشوەرەکە لەساڵی(١٩٥٠)، ئەمە وەکو ئاماژەیەکە بۆ ئەوپەڕی شوێنی ئەو کیشوەرە لەڕووی توانایەوە کە ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشاریبوونەکەی کە (٣٣،٨٪)بووە کەدانیشتوانەکەی لە شاردا نیشتەجێبوون سەرژمێریەکەی گەیشتۆتە بیست هەزار سەرنشین لەساڵی(١٩٥٠)(عطال،٢٠٠٩: ٢٤).

دیاردەی شارنشینی لە دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکاندا بەئاقارێکدا دەڕوات کە هەرگیز لە دەوڵەتەکانی تری جیهان وێنەی نییە، لە(٣٠)ساڵی داهاتوودا کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفەریقا و

ئەمەریکایی لاتینی لە (٩٠٪)ڕێژەی شارنشینی جیهان لەخۆدەگرن، ئەگەرچی تێکڕاکانی گەشەکردنی شارنشینی ئەم سێ کیشوەرە وەکو یەك نییە، بەهاتنی ساڵی (٢٠٢٠)واچاوەڕوان دەکرێت کە (٨٣٪)دانیشتوانی ئەمەریکای لاتینی لە شارەکاندا بژین، کە ئەمە لە تێکڕای گەشەکردنی شارنشینی هەموو دەوڵەتە پیشەسازییەکان زۆرترە، بەڵام ئەو ڕێژەیە لە **ئەفەریقا** دەگاتە (٥٤٪)لە **ئاسیا** دەگاتە (٥٦٪)هەروەك لەخشتەی(٣)خراوەتەڕوو( لاو، ٢٠٠٤: ١٧).

**خشتەی (٣)**

**ڕێژەی شارنشینان بە گوێرەی ناوچەکان و مەزندەکانی داهاتوو(٪)**

| | ١٩٧٠ | ١٩٩٠ | ٢٠٠٠ | ٢٠١٠ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەفەریقا | ٢٣ | ٣٤ | ٤١ | ٤٧ | ٥٤ |
| ئاسیا | ٢٠ | ٣٣ | ٤١ | ٤٩ | ٥٦ |
| ئەمەریکای لاتین | ٥٧ | ٧٢ | ٧٦ | ٨٠ | ٨٣ |
| دەوڵەتە پیشەسازییەکانی جیهان | ٣٧ | ٤٥ | ٥١ | ٥٧ | ٦٢ |
| جگە لە ژاپۆن | ١٣ | | | | |

**"کنجزلی دافیز"** وەکو یەکێك لە زاناکانی دیمۆگرافیا وەسفی ئاڕاستەیەکی جیهانی کرد بۆ بەشاریبوون ئەویش بەدیاری کردنی ژمارەی کەسەکان کە لە شارە گەورەکاندا دەژین کە ژمارە دانیشتوانی سەد هەزار کەس و زیاتر بوو، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارە گەورانە بە خێراییەکی زۆر زیادیانکرد، لەساڵی (١٩٧٠) (٨٦٠)ملیۆن کەس لە شارە گەورەکان دەژیان کە ئەوە دوو ئەوەندەی ژمارەی ئەو کەسانەبوو لەماوەی بیست ساڵدا. **دافیز** وا پێشبینی دەکرد کە ساڵی (٢٠٠٠)لە (٣٩,٥٪)ی دانیشتوانی جیهان یان (٢,٥)بلیۆن لە شاردا بژین کە دانیشتوانەکەی دەگەیشتە (١٠٠)هەزار و زیاتر لەپێشتردا، زۆربەی ئەو دەوڵەتە تازەپێگەیشتوانە وادادەنران کە کشتوکاڵی یاخود لادێنشینیبن، لەگەڵ ئەوەشدا دەیاننالاند بەدەست کێشەکانی بەشاریبوونی لە ڕادەبەدەرەوە(السید، ٢٠١١: ١٧٧).

ئەمە ئەوە نیشاندەدات کەلە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو گەشەی شارنشینییان بەخۆیەوە بینیوە کە ئەمەش بەهۆی ڕەنگدانەوەی بارودۆخ و هۆکاری جیاوازبووە، کە ئەم گەشەیەش لە قەبارەی شارە گەورەکاندا بووە بەتایبەت لە پایتەختەکاندا، هەرئەمە پاڵینا

به توێژەرەکانەوە که بڵێن دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو دەناڵێنن بەدەست تەقینەوەی شارنشینییەوە(ناصف، ٢٠٠٦: ١٦٢).

سەرەڕای ئەمانە، لە دەوڵەتی تازەپێگەیشتودا چەند هۆکارێکی گرنگ و جیاواز لەگەشەی شارنشینیدا بەشدارن بەتایبەت لە **نیشتمانی عەرەبیدا** لەوانە:

**١)زۆربوونی سروشتی:** ئەمە هۆکارێکی گرنگ بووە و وای کردووە بەشاریبوون لە نیشتمانی عەرەبیدا زۆربێت و ڕێژەکەشی بەرزببێتەوە، ئەویش لەدوای چاکبوونی بارودۆخ و گوزەرانەوە لە دەوڵەتانی عەرەبیدا، لەدوای دۆزینەوەی نەوت زیاتر جەختیان لە پلانە تایبەتیەکان دەکردەوە و بارودۆخی ئابوری و تەندروستی و خزمەتگوزارییان لە ئاستێکی باش دابوو، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ زیادبوونی دانیشتوانی لادێ و شار تاڕادەیەك دانیشتوانی شار زۆرتر بوون لەبەر هۆکاری هۆشیاریی لای دانیشتوانی شار.

**٢)گەشەی شارنشینی لەئەنجامی کۆچی ناوخۆیی کە کۆچی لادێ بۆ شاربوو:** ئەم کۆچە ناوخۆییە لە گەشەی شارنشینی عەرەبیدا زۆرخێرایە و دیاردەیەکی نوێ بوو، بەهۆی چڕبوونەوەی گەشەی ئابوری لەشاردا وای کرد هێزی کار داوای لەسەر بێت، ئەمەش پاڵنەربوو بۆ خەڵکی لادێ.

**٣)گەشەی شارنشینی لە ئەنجامی بەپیشەسازیبوون:** ئەمە دووئەوەندە لە گرنگی شاری زیاد کرد، بەوەی هەزارەها لادێنشین پیشەسازییان قبوڵ کرد.

**٤)دۆزینەوەی نەوت و پیشەسازی نەوتی:** بووە هۆکارێکیتری بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی بەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەلادێوە کۆچیان دەکرد بۆ دەوڵەتی شاری نەوتی یاخود ئەو دەوڵەتانەی کە نەوتیان هەبووە.

**٥)ناوەندی ڕامیاریی:** چڕبوونەوەی ئەرکی کارگێڕی و ڕامیاری لەپایتەختدا خۆی لەخۆیدا ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی پێویستە و لەهەمانکاتیشدا لەخۆی دەگرێت.

**٦)دووبەرەکی ڕامیاری ناوخۆیی:** هەروەك ئیسرائیل هەستا بەبێ جێگا و ڕێگاکردنی ژمارەیەك فەلەستینی کە دەگەیشتە (٩٠٠)هەزار کە نیشتەجێی شارەکانی (کوەیت و عەمان و لوبنان)بوون.

**٧)گۆڕانکاری لە جۆرەکانی بازرگانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:** فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارەکان ڕووبەڕووی فشاری ئابوری و ڕامیاری دەبوونەوە ، بەمەش هەوڵی زۆریان دەدا بۆ پەرەسەندنی شار لەسەر حسابی لادێ(عطال، ٢٠٠٩: ٢٥-٢٦).

**لەعێراقیشدا** لە نیوەی سەدەی بیستەم لەدوای گۆڕانی دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەناوچەکەدا ڕێژەی دانیشتوانی دوو ئەوەندە لەشاردا زیادی کرد لەماوەی (١٩٥٠-١٩٧٥)کە ئەو ناوچەیە هەرگیز ئەم ڕێژە زۆرەی بەخۆیەوە نەبینی بوو، هەروەك بەرزبوونەوەی قەبارەی دانیشتوانی شاری بەغدا لە (٨١٧,٢٠٥)کەسەوە لە ساڵی (١٩٤٧)بۆ سێ ملیۆن و نیو کەس لەساڵی (١٩٧٥)بەرزبۆتەوە، و دانیشتوانی کەرکوکیش لە (٢٨٦,٠٠٥)لە ساڵی (١٩٤٧) بۆ (٦٠٠,٠٠٠)کەس لەساڵی (١٩٧٥)بەرزبۆتەوە، و ڕێژەی دانیشتوانی لە بەسرە لە ساڵی (١٩٤٧) (٣٦٨,٧٩٩) کەسبووە، بەلاّم ئەم ڕێژەیە لەساڵی (١٩٧٥)بەرزبۆتەوە بۆ (٩٤٧,٠٠٠)، هەموو ئەمانەش بەهۆی هۆکارە پاڵنەر و ڕاکێشەرەکانەوە بووە لەشارەکانی عێراقدا بەهۆی کۆچی دانیشتوانی لادێکانەوە بۆ شارەکان، و زیادکردنی ئاسۆیی شار لەسەر حسابی لادێکان ، و زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوون و کەمی مردن لەو شارانەدا ئاماژەیە بۆ بەشاریبوونی خێرا لە عێراقدا(الحسن، ١٩٨١: ٦٩-٧٠).

سەرەڕای ئەوانەش سەرژمێری دانیشتوان لە عێراقدا بۆ ساڵەکانی (١٩٤٧، ١٩٥٧، ١٩٦٥،١٩٧٧، ١٩٨٧، ١٩٩٧)کراوە دەرکەوتووە کە دانیشتوانی عێراق زیادی کردووە لەساڵی (١٩٤٧)بۆ (٤,٧)ملیۆن کەس و لە ساڵی (١٩٥٧)بۆ (٦,٣) ملیۆن کەس، بەلاّم لە ساڵی (١٩٦٥)بۆتە (٨) ملیۆن کەس و لە ساڵی (١٩٧٧)بۆتە (١٢)ملیۆن کەس و لە ساڵی (١٩٨٧)بۆ (١٦)ملیۆن کەس و ساڵی (١٩٩٧)زیادی کردووە بۆ دەوروبەری (٢٢,٥)ملیۆن کەس، ئەم ڕێژەیە ئەوە نیشان دەدات کە گەشەی شارنشینی لە مێژووی ئەو ناوچەیەدا هەرگیز ئەو شێوە بەرزییەی بەخۆوە نەبینیووە تاوەکو کۆتای چلەکانی سەدەی بیستەم، ئیتر بەم شێوەیە ئەو ناوچەیە هەنگاوینا بە ئاڕاستەی بونیادی شارنشینی، کە ڕێژەی دانیشتوانی شار لە(٢٨٪)بووە لەکۆی دانیشتوان لەساڵی (١٩٤٧)بەرزبووەتەوە بۆ لەسەدا(٣٩)لە ساڵی (١٩٥٧)بۆ دەوروبەری لە (٥٠٪)لە ساڵی (١٩٦٥)دواتر بەرزبووەتەوە بۆ لە (٦٣,٨٪)لە ساڵی (١٩٧٧)بۆ لە(٧٠,٢٪)بۆ هەردوو ساڵی (١٩٨٧، ١٩٩٧)بەدواییەکدا، ئەم زیادبوونانە ئەوە نیشان دەدەن کە دانیشتوان بەرەو ناوچە شارنشینییەکان ڕۆیشتوون بەهۆی کۆچ لە لادێوە بۆ شار و زیادبوونی سروشتی دانیشتوانەوە(محمد، ٢٠٠٤: ١٤٦-١٤٧).

هەمووئەمانەش ئەوە دەگەیەنن کە چەمکی بەشاریبوون چەمکێکی ڕێژەییە، و جیاوازە بە جیاوازی کۆمەڵگەکان، ڕێکەوتنێکیش نییە لەسەر یەك ئاماژەپێدەری (**Indicators**)چەندێتی بۆ بەشاریبوون کە پێوانەی بەشاریبوونی پێ بکرێت، هەربۆیە زانایانی بواری کۆمەڵناسی جەخت

له **سێ** ئاڕاستەی تیۆری دەکەنەوە کە ڕاڤەی بەشاریبوون دەکات لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا **ئاڕاستەی یەکەم:** هۆکاری دیمۆگرافیایە کە بەستراوەتەوە بەزیادبوونی دانیشتوانی خێراوە کە شارەکانی ئەو دەوڵەتانە لەدوای شەڕی جیهانی دووەم بەخۆیەوە بینیووە. **ئاڕاستەی دووەم:** ئابورییە کە بەستراوەتەوە بە گۆڕانی ئابوری کشتوکاڵییەوە بۆ ئابوری ناکشتوکاڵی و کە گۆڕانە لە بونیاد ئەرکییەکەیدا. بەڵام **ئاڕاستەی سێیەم:** باس لە ڕۆڵی شار و دروست بوون و بڵاوبوونەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی شار و لادێکانی دەوروبەریدا دەکات (قندوز، ٢٠٠٩: ٢٠).

**پوختە:**

دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان شێوازی جیاوازیان هەیە لەڕووی خەسڵەت و سیفاتەکانیانەوە لەگەڵ یەکتردا، و زۆرینەشیان لە ڕووی خەسڵەتی دانیشتوانەوە وەکو یەکن بەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانیان تیادا بەرزە، هەر ئەم بەرزییە لە ڕێژەی دانیشتوانیدا دەبێتە ڕێگریەکی گەورە لە بەردەم گەشەی ئابورییاندا، لەگەڵ زیادبوونی کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فێرکاری و کولتوورییەکانیان کە وادەکات هەمیشە لە دۆخێکی ناسەقامگیردا بن و توانای بەرەو پێشچوونیان نەبێت. دیاردەی بەشاریبوون بەشێوەیەکی گشتی شێوەیەکی دینامیکی هەیە هەر ئەمە لە دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکاندا زیاتر هەستی پێدەکرێت، بەوەی ڕێژەی دانیشتوانەکانیان ناجێگیرن و هەمیشەش بەئاڕاستەیەکدا دەڕوات کە جیاوازە لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا بەوەی ئەو گەشە وهەنگاوانەی کە دەینێن بۆ بەشاریبوون لە ڕووی **دیمۆگرافیەوە** بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانەیە، ئەمە وادەکات دەستنیشان کردنی ئاماژەپێدەرەکان زۆر ئاسان نەبێت بۆ دیاریکردنی دیاردەی بەشاریبوون بەوەی دەگۆڕێت بە تێپەڕبوونی کات، سەرەڕای ئەمەش نەبوونی پلانی شارنشینی گونجاو و لەبار بۆ ڕێگرتن لە کەموکورتییەکان و کەمکردنەوەی کێشەکان و برەودان بەدۆخی ئەو کۆمەڵگەیانە هۆکارێکی ترە بۆ مانەوەیان لە دۆخێکی خراپ و دواکەوتوودا لەلایەك، و بەردەوام ڕاکێشانی خەڵکی گوندەکان بەرەو ناوەندی شارەکان و زیادبوونی قەبارەی شارەکان لەسەر ڕووبەری لادێکان لەلایەکیترەوە .

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گۆڕانی دیمۆگرافی لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا دەبێتە جێگای دڵەڕاوکێ لەبەربوونی مەترسییەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ژینگەش بەهۆی ئەو گەشە خێرایەوە کە وادەکات دەوڵەتە دواکەوتووەکان یاخود پاشکۆکان توانای زاڵبوونیان نەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەبەر زۆریی ژمارەی دانیشتوانەکانیان و زۆربوونی پێداویستییەکانیان.

# باسی سێیەم

# بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا

## دەستپێك:

پرۆسەی بەشاریبوون لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا بەدوایدا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پیشەسازی هێنایە ئاراوە، دوای برینی ماوە سەختەکانیان لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، ئەمانە بوونە ئەزمونێکی باش بۆ کۆتایهاتن بە نەهامەتییەکانیان کەوابکات دیاردەی بەشاریبوون ببێتە هۆی گۆڕینی شێوازی ژیانی کۆمەڵگەکانیان و تاکەکانیان لەناو ئەو ژینگە دیاریکراوەدا کە هەڵگری خەسڵەتی تایبەت بەخۆیانبوون بۆ ئەم مەبەستە ، هەربۆیە لێرەدا هەڵدەستین بە خستنەڕووی هۆکار و ئاماژەپێدەرەکانی بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا لەوانەش:

### یەکەم: بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا: ئاماژەپێدەرەکانی

دەوڵەتە پیشەسازییەکان ئەو دەوڵەتانەن کە تاکەکانیان لە کۆمەڵبوونە دانیشتوانییە قەبارە گەورەکاندا دەژین و پیادەی پیشەی جیا لە کشتوکاڵ دەکەن. سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم بەسەدەی دەستپێکی گەشەی شارنشینی ڕاستەقینە دادەنرێت لە جیهاندا بەوەی دانیشتوانی جیهان لەساڵی (١٨٠٠)ز گەیشتۆتە (٩٠٦)ملیۆن کەس.

لە سەرژمێری دانیشتوانیدا کە گەیشتووەتە (١٠٠)هەزار کەس و زیاتر بە ڕێژەی لە (١,٧٪)نیشتەجێی شاربوون ، لەکاتێکدا (٢٠)هەزار کەس و زیاتر بە ڕێژەی لە (٢,٤٪) نیشتەجێی شاربوون، بەڵام بە ڕێژەی لە (٣٪)بۆ شارێك کە لە (١٥٠٠)کەس تێپەڕی کردبوو (نجاة، ٢٠٠٦: ٤٤).

ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (١٩٠٠)بەرزبۆتەوە کە سەدەیەکی تەواو دەکات بەوەی لەساڵی (١٩٥٠)دا بوو بە لە ( ١٤٪)، جارێکی تر ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ لە (٤٧٪) لە ساڵی (٢٠٠٠)(أبوزيد،٢٠١٣).

ئەمە ئاماژەیە بۆ گۆڕانێکی خێرا کە لە نیوەی سەدەی بیستەمدا ڕویدا بوو، بووبە هێمای بزوتنەوە یاخود جوڵەیەکی سەرەکی لەو شێوازەی کە تیایدا دەژیان کە بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارە گەورەکان بوو. لەساڵی (١٩٩٠)، (١٠) شار هەبوو کە زیاتر لە (١٠)ملیۆن کەسی لەخۆگرتبوو، بەڵام بە دەستپێکی ساڵی (٢٠١٧) کە (٣٤)لە شارە گەورەکان بەڕێژەی لە سەدا (١٢)لە دانیشتوانی جیهانی

لەخۆگرتبوو. لە ساڵی (٢٠٠٧)زۆرترین ڕێژەی خەڵکی لە شاردا دەژیان وەك لە ناوچە لادێنشینەکاندا، کە ئەمە بۆیەکەمجاربوو لە مێژوودا، بەدەستپێکی ساڵی (٢٠١٤)ڕێژەی بەشاریبوون یەکسانبوو بە لە(٨٠٪)یان زیاتر کە لە ئەمەریکای لاتینی و ناوچەی دەریای کاریبی و ئەمەریکای باکور بوو، بەڵام لە (٧٣٪)لە ئەوروپییەکاندا بوو، لە(٤٨٪)لە ئاسیایەکاندا و لە(٤٠٪)دا لە ناوچە شارنشینە جیاوازەکاندا بوو، هەندێ لە وڵاتیش تەواو بەشاریبوون لەوانە سنغافورە بەڕێژەی لە (١٠٠٪)، و قەتەر بەدوایدا لە(٩٩,٢٪)، و کوەیت بەڕێژەی لە (٩٨,٣٪)، و یابان بەڕێژەی لە(٩٣,٥٪)، و ئیسرائیل بەڕێژەی لە(٩٢,١٪)بوو (دادلي،الكسندر،٢٠١٧ :٢٢٧).

دانیشتوانی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان زۆربەیان لەشاردا ژیان بەسەردەبەن کە ئەمە دەبێتە خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی نێوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بەوەی ڕێژەی دانیشتوانی شار لە ئەوروپادا دەگاتە لە(٦٣٪)، و لە ئەمەریکای باکور لە(٧٤٪)، کە لە(١٤٪)و لە(٢٥٪)دەکەن و بەهەردوکیانەوە لە (٣٩٪)پێکدەهێنن لە ڕیزبەندیان لە کۆی دانیشتوانی شار لە جیهاندا کە لە (٩٪) و لە (١٢٪)لە دانیشتوانی جیهانیش پێکدەهێنن ، ئەمەش بەو مانایە دێت کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە شاردا دەژین بە تایبەت ئەمەریکای باکور کە لە ساڵی (١٩٩٥)لە (٧٤٪)بووە، و پێشبینی زیادبوونی ئەو ڕێژەیەشی لێدەکەن بۆ ساڵی (٢٠٢٥)ببێتە لە(٨٤٪)(رابح ، ٢٠٠٥: ٢٦).

پێشبینیشدەکرێت لە ساڵی (٢٠٣٠)ڕێژەی دانیشتوانی شارنشینی لە کۆی دانیشتوانی جیهاندا بگاتە لە(٦٠٪)ئەمانە هەموو ئەو ئاماژەپێدەرانەن کە ئاڕاستەیەکی گشتی نیشاندەدەن بۆ بەرەو بەشاریبوونی کۆمەڵگەکان بەگشتی(أبوزيد، ٢٠١٣)، لەلایەکیترەوە نەتەوەیەکگرتووەکان پێشبینی بۆ ژمارەی دانیشتوانی جیهان دەکەن کە لە(٢٠٣٠)بگاتە (٨,٥)ملیار کەس، و بەدەستپێکی ساڵی (٢٠٥٠)بگاتە (٩,٧)ملیار کەس، و دواتر لەساڵی (٢١٠٠) ببێتە (١١,٢)ملیار کەس (الأمم المتحدة، بەبێ بەروار).

بەپێی ئەو توێژینەوەیەی "**یونسێف**" لەساڵی (١٩٨٧) کردویەتی ، لەساڵی (١٩٨٥)تێکڕای گەشەی دانیشتوانی لە ویلایەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە (١,٠٪)بووە لە بەرامبەر فەرەنسا کە لە(٠,٥٪)بووە، و بەریتانیا لە (٠,١٪)بووە، و یابان گەیشتۆتە لە (٠,٩٪)، ئەمە ئەوە

نیشانده‌دات ئه‌م ده‌وڵه‌تانه‌ دره‌نگتر گۆڕانی دیمۆگرافییان به‌خۆوه‌ بینیوه‌ به‌ به‌راوورد به‌ ده‌وڵه‌تانی ڕۆژئاوا .

ئه‌وه‌ی جێگای تێبینیکردنه‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌ گۆڕانی دیمۆگرافی به‌ڕێژه‌ی له‌(١,٠٪) وه‌کو تێکڕای ساڵانه‌ی گه‌شه‌ی دانیشتوانی له‌ ویلایه‌ته‌کانی نه‌ته‌وه‌ یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکادا، ناگه‌ڕێته‌وه‌ بۆ زۆربوونی سروشتی دانیشتوانی وه‌کو ده‌وڵه‌تانی تازه‌پێگه‌یشتوو، به‌ڵکو هۆکاری گه‌وره‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ جوڵه‌ی کۆچکردنی یاسای که‌ حکومه‌تی ئه‌مه‌ریکا ڕێکی ده‌خات، و ده‌یخاته‌ سه‌ر ئه‌و زیادبوونه‌ دانیشتوانییه‌، له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌مانه‌شدا ده‌وڵه‌ته‌ پێشکه‌وتووه‌کان دیارده‌ی به‌شاریبوون تیایاندا به‌ شێوه‌یه‌کی سروشتی بوو به‌و واتایه‌ی شاره‌کان له‌ توانایاندا هه‌بوو که‌ ئه‌و ڕێژه‌ زۆره‌ له‌ دانیشتوان بگرێته‌خۆ که‌ به‌هۆی کۆچکردنه‌وه‌ ده‌ڕژانه‌ ناو شاره‌کانه‌وه‌، به‌وه‌ی تاکه‌ کۆچبه‌ره‌کانی لادێنشینییه‌کان نه‌ده‌بوون به‌ بارگرانییه‌ك له‌سه‌ر ئه‌و شاره‌ به‌ڵکو کاریان ده‌کرد بۆ گه‌شه‌کردن و پێشکه‌وتنی بونیاده‌که‌ و په‌ره‌سه‌ندنیشی، هه‌موو ئه‌مانه‌ وایانکرد ئه‌و کۆمه‌ڵگه‌یانه‌ په‌ره‌سه‌ندن و پێشکه‌وتن به‌ خۆیانه‌وه‌ ببینن(الميغري، ١٩٩٩).

سه‌ره‌ڕای ئه‌مانه‌ش "**ڕێکخراوی ته‌ندروستی جیهانیWHO**" ئاماژه‌ به‌ خێرای هه‌نگاوی به‌شاریبوون ده‌کات به‌هۆی جیهانگیریه‌وه‌ وایکردووه‌ ته‌کنه‌لۆژیا و پیشه‌سازی بگاته‌ هه‌موو جیهان، بۆ نموونه‌ له‌نده‌ن به‌نزیکه‌یی (١٣٠)ساڵی پێچووه‌ که‌ گه‌شه‌ی دانیشتوانییه‌که‌ی له‌ (١)ملیۆن که‌سه‌وه‌ ببێت به‌(٨)ملیۆن که‌س، له‌ کاتێکدا بانکۆك (٤٥)ساڵی خایاند، و سول (٢٥)ساڵ.

گه‌شه‌ی دانیشتوانی شارنشینی له‌ جیهاندا سه‌ره‌تاکانی له‌ په‌نجاکانی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا بوو که‌ ساڵانه‌ تێکڕای گه‌شه‌ی دانیشتوانی له‌( ٣٪) بووه‌. له‌گه‌ڵ فراوانبوونی پانتایی به‌شاریبوون له‌ جیهاندا له‌شاردا خه‌ڵکی به‌ قه‌باره‌ی جیاواز ژیانیان بردووه‌ته‌سه‌ر ، به‌شێوه‌یه‌کی لێکچوو دابه‌شببون به‌سه‌ر شاردا به‌وه‌ی نیوه‌ی دانیشتوانی شار چڕییه‌که‌یان له‌ ده‌ هه‌زاره‌وه‌ بۆ پێنج سه‌د هه‌زار بووه‌، له‌کاتێکدا له‌(١٠٪)له‌دانیشتوانی شار له‌ شاره‌ گه‌وره‌کاندابوون ((به‌مه‌ ڕێکخراوی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان پێناسه‌ی به‌شاریبوون ده‌که‌ن بۆ شوێنه‌ نیشته‌جێبوونییه‌ مرۆییه‌کان که‌ چڕی دانیشتوانه‌که‌ی له‌(١٠)ملیۆن که‌س تێده‌په‌ڕێت)) (تشان،كليفبي،٢٠١٠: ٧).

**دووەم : بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا: هۆکارەکان**

دیاردەی بەشاریبوون وایکردووە زۆرێك لە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشی بۆ لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بوو لەوانە:

١)دیاردەی بەشاریبوون، دیاردەیەکی نوێیە بەلای ئەو کۆمەڵگایانەش کە دامودەزگا و سیستمی جۆراوجۆریان هەبووە، لەگەڵبوونی ئەم چەمکانە وەك ئاین، زمان، خێزان، پلەبەندی کۆمەڵایەتی.

٢)دیاردەی بەشاریبوون وەکو شۆڕشێکە لەگۆڕان لە زۆربەی شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییدا .

٣) پرۆسەی بەشاریبوون دەبێتەهۆی دروست بوونی زۆرێك گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەنجامەکانی خراپدەبێت لەسەر تاکەکانی لە داهاتوودا.

گرنگی پێدانی زۆرێك لە توێژەران بە ئەنجامەکانی ئەم پرۆسەیە کە خۆیان ڕیزبەند دەکەن، بەهۆی ئەو گۆڕانانەوە بوو کە لە دوای پەرەسەندنی پیشەسازیدا ڕوویدا کە زۆرێك لە حاڵەتی ململانێ و دووبەرەکی بەدوای خۆیدا هێنابوو، هەموو ئەم حاڵەتانەش بەهۆی ئەو خێرایەوە بوو کە لە پرۆسەی گۆڕانی شارنشینی ڕوویدابوو و نایەکسان بوو لە بەشەکانی بونیادە کۆمەڵایەتییەکەدا، پرۆسەی بەشاریبوون دەبێتەهۆی گۆڕانی جۆراوجۆر لە ئاڕاستە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکاندا، لەگەڵ ئاستی بژێوی، و ڕێژەی گەشەی دیمۆگرافیدا، کە ئەم گۆڕانانە کاریگەریان دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی تاك لە شاردا.

بەشاریبوون ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو پەیوەندییانە لاوەکی و سوودمەندیی، و ئاسایی، و کاتین و کۆنترۆڵیش تیایدا زیاد دەبێت( النصار، ١٩٧٧: ٣١).

لێرەدا پێویستە جەخت بکرێتەوە لە چەند هۆکارێك کە ڕووکاری کۆمەڵگەی نوێ بەدەردەخات لە ڕاڤەکردنی پلەی بەشاریبوون لە سەدەی هەژدەدا لەوانەش:

١- **هۆکاری شۆڕشی کشتوکاڵی:** ئەمە پەیوەست بووە بە بەرهەمی کشتوکاڵیەوە زیادبوونیشی دەبووە هۆی زیادبوونی توانای بەدەسکەوتنی هێزی کار، بەمەش خۆراك بۆ ئەوانە دەستەبەردەکرا کە کشتوکاڵ نەبوون، ئەوانەش کە دانیشتوانی شار بوون پسپۆڕیان هەبووە وەکو بازرگانی و پیشە. گرنگیدانی مرۆڤ بە زەوی وایکرد کە بازنەی گرنگیدان بە چالاکیەکانیتریش فراوان ببێت، بەمە گەشەی شار وابەستەیەکی توندوتۆڵی هەبووە بە سروشتی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیەوە.

٢- **هۆكاری شۆڕشی تەكنەلۆژیا:** داهێنانەكانی مرۆڤ لە بوارە جیاوازەكاندا كاریگەری هەبووە لەسەر گەشەی شار بەوەی ئەو داهێنانانە بوونەتەهۆی زۆربوونی بەرهەم و دەستكەوتنی كرێكار كەبەمە وایكردووە چالاكییەكی نوێ دروست بكات بۆ ژیان و دەستكەوتنی بژێوی، هەر ئەمە خۆی بینیووە لە دابەش كردن و گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی، و ناوەندەكانی تەكنەلۆژیا كە بوونەتە ناوچەی ڕاكێشانی دەستی كار ( فريد، ٢٠١٨: ٦٧).

ئەگەرچی پیشەسازی بەتەنها سروشتی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و پێكهاتەی چینایەتی نەگۆڕی بەڵكو وایكرد شار و كۆچی لادێ بۆ شار دروست بكات، و هەمیشە جوتیار و كرێكار هان بدات بۆ دەسكەوتنی پیشەی پیشەسازی و گەڕانیان بەدوای بژێوییەوە كە شیاوی ژیانە كۆمەڵایەتیەكەی شار بێت، هەرلەوێدا دەستەبەری خزمەتگوزاری و چاودێری نوێگەری تیایدا دەكرا (جبارة ،بەبێ ساڵ: ٣١ ).

٣- **هۆكاری شۆڕشی بازرگانی** :لە ژێر سیبەری پەرەسەندنی پیشەسازی خێرادا زۆر ناوچە بوونەتە شاری بازرگانی گەورە كە بە هیچ جۆرێك پەیوەندییان بە چالاكی كشتوكاڵییەوە نەبووە.

٤- **پێڕاگەیشتنی زیاد و زۆر لە هۆیەكانی گواستنەوە:** ئەگەرهاتوو هۆیەكانی گواستنەوە لە زۆر كۆنەوە بازدانێك بووبێ لە پەرەسەندنی مرۆیی ئەوا ئەمڕۆ هۆیەكی بەهێزە بۆ سەرهەڵدانی شار .

٥- **هۆكاری شۆڕشی دیمۆگرافی:** ئەگەرهاتوو شۆڕشەكانی كشتوكاڵی و پیشەسازی و بازرگانی وپەرەسەندنی هۆیەكانی گواستنەوە و گەیاندن بەشدارییان كرد بێت لە پەرەسەندنی شار و گەشەكردنیدا، ئەوا هەموویان لە ئەنجامی گەشەی دانیشتوانی زۆرەوە بووە، دەتوانرێت وادابنرێت كە لە هۆكارەكانی تر كاریگەری زیاتر هەبووە لەسەر گەشەی شارنشینی بەتایبەتی ژمارەی دانیشتوانی جیهان، سەرەڕای پەرەسەندنی تەندروستی لە كەمكردنەوەی ڕێژەی مردنەكانیشدا، بەڵام نەیتوانیوە سنورێك بۆ ڕێژەی لەدایك بووان دابنێت، شاریش وادادەنرێت پەناگەیەك بێت بۆ شەپۆلە مرۆییەكان بەتایبەت كاریگەریی دەبێت لە زیاد بوونی كرێكار لە شاردا ( فريد، ٢٠١٨: ٦٧-٦٨).

زۆرێك لە توێژەرە كۆمەڵایەتییە عەرەبەكان بەشداریدەكەن لە ڕوونكردنەوەی پەیوەندی نێوان بەشاریبوون وەكو پرۆسەیەكی گرنگ كە دوابەدوای بەپیشەسازیبوونەوە دێتە ئاراوە، پێیان وابووە یەكێك لە دواكاری و خواستەكانی پەرەسەندنی پیشەسازی وایكردووە دانیشتوان لە لادێوە بگۆڕێت بۆ ناوچەی پیشەسازی، بەشێوەیەكی بەردەوام ئەم ژمارانە ڕوونیدەكەنەوە كە چڕی دانیشتوان لەشارەكاندا لە (١٨٨١)كەمتر بووە لە (٣٠٪)لە كۆی دانیشتوانی ئەڵمانیا و نەتەوەیەكگرتووەكانی ئەمەریكادا، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (١٩٥٠)بەرزبۆتەوە لە ئەڵمانیادا بۆ لە(٧٠٪)و ئەمەریكاش بۆ لە(٦٤٪)هۆكارەكەش دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی پیشەسازی لەو دوو دەوڵەتەدا(النصار ،١٩٧٧: ٣٠).

لەلایەكیترەوە دەوڵەتە پیشەسازییەكان زیاتر بواری كاركردنیان هەبووە و كارەكانیان لە جۆری پلان بۆداڕێژراو بوو كە پشتی دەبەست بە لێهاتوویی هونەری ئالۆز، كە كاتێكی تەواویان هەبوو لەبەردەستا بۆ گواستنەوەی جۆری ژیانیان بەرەو خۆشگوزەرانی، هەربەمەش باروودۆخێكی نوێ و بەرفراوان لە چینی ناوەندا دروستبوو كە ئابلۆقەی چینی هەژاری دەدا، و زیاتریش بەشداریكردنی ڕامیاری بۆ ئەم دوو چینە بەرزبۆتەوە بەشێوەیەكی تێبینی كراو كەوای كردبوو تاكەكانیان بەشداری و نوێنەرایەتییان دەكرد لە كاروبارە ڕامیارییەكانی شارەكەیاندا، كە دەستەڵاتیان هەبوو لە ڕامیاریدا لە شوێنگەی بڕیاردانەكاندا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خێرای هەبوو لەسەر پلانی شارنشینی و گەشەكردنیشی (سلامة ، ٢٠١٠: ٤٤).

ئالێرەوە دەردەكەوێت پرۆسەی بەشاریبوون لە كۆمەڵگەی بە پیشەسازی بوودا جیاواز دەبێت لە دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەكاندا ، لەبەربوونی بەرزی ئاستی بژێوی تاكەكانیان سەرهەڵدانی پلەی بەرز لە پسپۆڕی لە تەكنەلۆژیا و لێهاتوویيە جۆراوجۆرەكانیدا و كەرتی خزمەتگوزاری بەمە ئەنجامی باش خۆیان ڕیزبەند دەكەن لە هەموو لایەنەكانی وەك ئابوری و كۆمەڵایەتیدا ، كە ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەكاندا بەوەی زۆری بێكاری و، كێشەی ئابوری، و كۆمەڵایەتی و هەڵاوسانێك لە كەرتی خزمەتگوزاری تیایدا خۆی بەدەردەخات و پەرەسەندن تیایدا كەم دەبێت ، و زاڵبوونی دەوڵەتی بیانی بوونیدەبێت بەسەر خێر و بێرەكانیانەوە(النصار،١٩٧٧: ٣١-٣٢).

سەرەڕای ئەمانەش دەوڵەتە پێشكەوتووەكان لە ڕێگای هۆیەكانی ڕاگەیاندن و بازرگانی كردنەوە وایان كردووە كە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەكان داب ونەریت و بەها باوەكانی ناو كۆمەڵگەكەیان بگۆڕن بۆ خۆشەویستی سەرمایە و جۆرەكانی بەكاربردن و تاكێتی كە بەمانە وادەكەن بەشداری

کردنی جەماوەری سنورداربکەن و دیاردەی دواکەوتوویی دروست بکەن لە پێناو پێشکەوتن و خزمەتکردن بە خۆیان بەکاریانبهێنن ، بەمەش وادەکەن هەمیشە ئەو کەلێنەی نێوان ئەم دەوڵەتانە بەردەوام بمێنێتەوە( بخاري ، بەبێ بەروار).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پسپۆڕانی بواری شارنشینی هەوڵیانداوە بۆ دیاریکردنی چەمکی بەشاریبوون بەلاّم تاکو ئێستا ڕێکنەکەوتوون لەسەر دیاری کردنی چەمکە ووردەکان بۆ پێوانە کردنی بەشاریبوون و ئاستەکانی ، ئەویش لەبەر جیاوازی کۆمەڵگەکان لە سستمە کۆمەلاّیەتی و ئابوری و ڕامیاری و ئایینیەکانیاندا، و جیاوازی لە بەها و دابونەریتەکانیشیان لەگەڵ جیاوازی لە ناوچەی جوگرافی لە جیهانیشدا، و جیاوازییەکانیش لە سەرچاوە ئابورییەکاندا، هەموو ئەمانەش بوونەتەهۆی جیاوازییەکان لە پێکهاتە کۆمەلاّیەتییەکان و ڕواڵەتەکانی هەڵسوکەوتی کۆمەلاّیەتی(قنوص، ١٩٩٤: ٩٦-٩٧)، جگەلەمانەش سەربەخۆی ژینگەی شارنشینی لەناوچەکانی لادێنشیندا و دوورو نزیکی لێوەی بەشێکی ترە لە دیاری کردنی شارو بەشاریبووندا، کە پسپۆڕانی بواری جوگرافیا زۆر پشتی پێ دەبەستن لەکاتی پۆلێن کردنی شاردا لەڕووی سروشتی ژینگەی جوگرافی و ڕاگرەکانیەوە .

ئاڕاستەی نوێ لە کۆمەڵناسی شارنشینیدا پەیوەندی وابەستەی نێوان ژینگەی لادێ و ژینگەی شارنشینی وەردەگرێت، وایدادەنێت کە شار درێژبوونەوەیەکی سروشتی لادێیە بەتایبەت لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکاندا، وجیاوازیشی لە خەسڵەتی دانیشتوانی و پێکهاتە کۆمەلاّیەتییەکەدا دەبێت(قنوص، ١٩٩٤ :٩٩)، لەلایەکیتریشەوە بەشاریبوون واتا بەرزی و چڕی دانیشتوان لە شارێکی دیاریکراودا یاخود ناوچەیەك وەکو تێبینی دەکرێت لە هەندێ شارو لادێدا لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوودا کە بە چڕی دانیشتوانی بەرز جیادەکرێتەوە بەلاّم ئەمە گوزارشت لە ناوچە شارنشینییەکان ناکات ئەگەر بەراوورد بکەین بە لێکچووەکانی لە دەوڵەتی ئەوروپیدا کە کەمتر چڕو قەرەباڵغن. زۆرینەی شارەکانی کیشوەری ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتینی کەوا دادەنرێت لە قۆناغی تەقینەوەی دانیشتوانی و چڕی دانیشتوانی بەرزدا بن بەلاّم لەهەمانکاتیشدا ناوچەیەکن بۆ هەژاری و نەخۆشی و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتیش، لە ئێستاشدا تاڕادەیەکی زۆر پشتدەبەستن بە کشتوکاڵی کلاسیکی . ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە

ڕووندەکەنەوە کە دانیشتوانی ئەو سێ کیشوەرە نموونەی سێ چارەکی دانیشتوانی ئاوەدانی بووە تاکو کۆتای سەدەی بیستەم (الفائدي، ٢٠٠٤: ١٢٣).

بەگشتی چەند پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی خۆیان لەگەڵ بەشاریبووندا بەدەردەخەن ئەوانیش بریتیین لە:

**١)پڕۆسەی جوڵەی فیزیقی -جوگرافی بۆ دانیشتوان:** لەلادێوە بۆ شار بەتایبەتی بەهۆی پەرەسەندنی هۆیەکانی گواستنەوەی نوێ، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ ئەو جوڵەیەی بەرەو شار لە ئەنجامدا کە ناسراوە بە **La mobilite spatiate** .

**٢)پڕۆسەی کۆمەڵبوون و کۆبوونەوە لە شاردا و وابەستەبوونی بە جوڵەی پیشەییەوە:** ئەم هۆکارە دەبێتە چوارچێوەیەکی بنەڕەتی کە بەشدار دەبێت لە دیاری کردنی سروشتە ئابورییەکە و تایبەتمەندێتی ئەو ژینگەیە، لێرەدا توێژەرەکان دەتوانن هەستن بە دیاری کردن کە تاکو چەندە بەشداریان کردووە لە گۆڕانی شێوەی بەرهەمهێناندا و ڕۆڵی ئەوانەش لە ڕوودانی گۆڕانەکاندا لە سروشتی هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتییدا.

**٣)پڕۆسەکانی گونجاندنی پلەبەندی بۆ دانیشتوان:** ئەویش بەپێی مەرجەکانی ژیانی شارنشینی و دەرکەوتنی گۆڕان لە جۆری هەڵسوکەوتی ئەوانەی کە نیشتەجێن لە شاردا.

**٤)چەمکی بەشاریبوون وابەستەدەبێت بە بنەمای ڕەهەندی شوێنیەوە:** ئەو بەهایە زۆربەی کات وابەستە و کاریگەردەبێت بەم ڕەهەندەوە. بواری شارنشینی تەنها شوێنی نییە بەمانای جوگرافی ، یان ئابووری، بەڵکو لە بنەچەدا شوێنی کۆمەڵایەتیە کە بەهۆیەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروستدەبێت لە نێوان دانیشتوانەکەیدا جا ئەم هەڵسوکەوتە وابەستەبێت بەتاك یان بە کۆمەڵەی بچوکی بەشاریبووەوە کە ئەمە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە خەسڵەتی تاکی بەشاریبوو، یان خەسڵەتی کۆمەڵەی بەشاریبوو جا ئەمە خێزان بێت یان کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵگەی خۆجێی.

**٥)پڕۆسەی سایکۆلۆجی کە خۆیدەبینێتەوە لە ئاڕاستەی بەرەو تاکێتی:** لە ئەنجامی دابەشبوونی پەیوەندییەکان کە وابەستەی تاکە بەوانیترەوە و بەهۆی ئەو دۆخە و لێکدابڕانیان (هارون، ٢٠١٤: ٦٠).

سەرەڕای ئەمانە زۆرێك لە بیرمەندەكانی بوارەكە لەو بڕوایەدان كە شارنشینی و پرۆسەی بەشاریبوونی هاوڕێیە لەگەڵ گەشەی شارەكاندا و تێپەڕبوون لە كۆمەڵگەی وەرزێریدا و هەروەها گۆڕانی شێوە كرداری هاولآتیانی لەگەڵدا بووە. هەربۆیە دەوترێت شارنشینی دوو واتای هەیە "بەشاریبوون" و"لەشاردابوون" ئەم چەمكانە زیاتر لایەنی جوگرافی و كولتووری هەیە بەوەی هاولآتی خۆی تەرخان دەكات بۆ چوونە ناو ئەو بۆشاییەوە و لەگەڵیشیدا زیادكردنی ناوچە شارییەكانی تریشە لە ڕووی دانیشتوانییەوە، دەكرێت بوترێت كە شارنشینی خاوەن كۆمەڵێك لە سیفات و تایبەتمەندی كۆمەلآیەتی و كلتووریی خۆیەتی كردەوەی تاك یاخود كۆمەڵ لەو ژینگەیەدا كە شارنشینییە لەشارێكدا دروست دەكات(ڕەبانی ،٢٠١٣ :٢٨-٢٩).

**پوختە:**

دەوڵەتە پێشکەوتووەکان هۆکارو ئاماژەپێدەدری جیاوازیان هەبووە لەڕووی گەشەی دانیشتوانی و بەشاریبوونەوە بەوەی ئەم دەوڵەتانە لە ڕووی ئەو ئەزموونەی هەیانبووە جیاوازبوون لە دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان جگەلەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پەرەسەندنی پیشەسازی هۆکاربوون بۆ هەنگاونانیان بۆ بەشاریبوون کە دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییان لە ئاستێکی بەرزیشدا بووە، بەمە وایکرد تاکەکانیان لەڕووی پسپۆڕێتیەوە بتوانن برەو بە دۆخی کۆمەلگەکانیان بدەن و ژیانێکی شایستە دروستبکەن بۆ نەوەکانیشیان .
سەرەڕای ئەوەی ئەم کۆمەلگەیانە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە کاریان بۆ پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمەلگەکەیان کردووە، بەلاّم هەنگاوەکانیان هەڕەمەکی نەبووە بەڵکو پلانێکی لەبارو گونجاویشیان هەبووە بۆ ئەم مەبەستە کە وایکردووە لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان جیاببنەوە لە ڕووی بەشاریبوون و گەشەی شارنشینیانەوە، هەلی کارکردن و بەشداریکرن لە پرۆسەی ڕامیاریدا بوونە خەسڵەتێکی باوی ئەو کۆمەلگەیانە بەهۆی باشی لایەنی ئابورییانەوە هەوڵدەدەن بۆ گەشەپێدانی هەموو لایەنەکانی ناو بوونیادە کۆمەڵایەتییەکەوە و دروستبوونی دامودەزگاکان و هەستان بەکارەکانیان وەکو خۆی لەو دەوڵەتانەدا کە یاسا سەروەردەبێت تیایاندا.

لەلایەکیترەوە دیاردەی بەشاریبوون بە ئاڕاستەیەکی جیاواز سەریهەڵدا بوو کە تەنها هۆکاری دیموگرافی ئەمەی نەدەسەلماند بەڵکو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بواری داهێنانی کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەگەڵ جۆری کۆچکردنی ڕێپێدراو کە لەلایەن دەستەلاّتدارانی ئەو دەوڵەتانەوە ڕێکدەخرا بۆ تاکەکانیان بۆ دروست کردنی ژیانێکی شایستە بۆ تاکەکانیان بەمەش وایکرد تاك هۆشیار بێت لەبەرامبەر هەر هەنگاوێك لە ژیانیدا دەینێت بۆ ئەمەش کۆچیان دەکرد بۆ ئەو شارانەی کە پێشکەوتوو بوون لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوەی برەو بەلایەنی ماددی واتایی خۆیان بدەن کە تاکی شارەزاو لیهاتوویی دروست دەکرد و پێداویستییەکانیشیان دەستەبەردەکرد.

دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دیاردەی بەشاریبوون تیایاندا بەشێوەکی سروشتی بووە بەو واتایەی شارەکانیان لەتواناياندا هەبووە ئەو ڕێژە زۆرە لەدانیشتوان بگرنەخۆ کە بەهۆی کۆچکردنەوە ڕژاونەتە ناو شارەکانەوە بەوەی تاکە کۆچکردووەکانی لادێنشینییەکان نەدەبوون بە بارگرانییەك

لەسەر ئەو شارە بەڵکو کاریان دەکرد بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی بونیادەکە و پەرەسەندنیشی، هەمووئەمانە وایانکرد ئەو کۆمەڵگەیانە پەرەسەندن  بەخۆیانەوە ببینن.

لەمانەشەوە دەگەینە چەند خاڵێکی سەرەکی سەبارەت بە هۆکارەکان و ئاماژەپێدەرەکانی بەشاریبوون لە دەوڵەتانی پێشکەوتوودا لەوانە:

١)شار لە وولاّتە پێشکەوتووەکاندا پێش سەرجەم شۆڕشەکان ئامادەیی هەبووە ، ئەمەش وایکردووە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی بواری پیشەسازی بازرگانی تەکنەلۆژی و خزمەتگوزاری کەمترین گرفت ڕووبەڕووی شارەکان ببێتەوە بە بەراوورد بە شار لە وولاّتە تازە پێگەیشتوو و دواکەوتووەکاندا.

٢) پلاندانانی شارنشینی بەیەکێك لە ئاماژەپێدەرە جیاکەرەوەکانی گەشەی شارنشینی و بەشاریبوون لە ولاّتە پێشکەوتووەکاندا دادەنرێت کە هەریەکە لە پلاندانان بۆ شار خزمەتگوزاری دەگرێتەخۆی.

٣)کەرتی خزمەتگوزاری لە ولاّتە پێشکەوتووەکاندا گەشەکردن و بەرفراوانبوونی بە هاوتەریبی بە گەشەی بواری پیشەسازی و بازرگانی بووە و پرۆسەیەکی تەواوکاری لە بەشاریبووندا هێناوەتە کایەوە بە بەراوورد بە وولاّتە دواکەوتوو و تازە پێگەیشتووەکان کە هەلاّوسانێك لە کەرتی خزمەتگوزارییەکان لە ئەنجامی پرۆسەی بەشاریبوون وەکو گرفتێکی شارنشینی دەرکەوتووە.

## بەشی سێیەم: پەیوەندی نێوان فرەیی سیاسی و هۆشیاریی مەدەنی

### باسی یەکەم: چەمکی فرەیی سیاسی و هۆکارە کاریگەرییەکان لە ئاڕاستەکردنیدا

### باسی دووەم: میکانیزمی فرەیی سیاسی و هۆشیاریی سیاسی

### باسی سێیەم : پەیوەندی نێوان فرەیی پارتی سیاسی و هۆشیاریی مەدەنی

## باسی یەکەم : خستنەڕووی چەمکی فرەیی سیاسی و هۆکارە کاریگەرییەکان لە ئاڕاستەکردنیدا

**دەستپێك:**

فرەیی سیاسی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا شوێنی خۆی دەکاتەوە بە جیاوازی ئەو دەسەڵاتەی تیایدا پەیڕەو دەکرێت بەوەی پەیبردن بە سروشتی مرۆڤ و هاوڵاتیبوون شوێنی خۆی دەگرێت و دەچێتە ژێرباری ئەو فرەییەوە کە هەیە لە سستمە سیاسییەکەدا و گرێدراو و لێکدراو دەبێت لەگەڵ کۆی سستمەکانی تری ناو کۆمەڵگەدا، بەمەش وادەکات بەشێوەیەك لە شێوەکان ببێتە بەربەست و ڕێگریەك لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو و ململانێیەك کە لە لایەن هەر دەستەو تاقمێکەوە لە ناو کۆمەڵگە گشتییەکەدا بیانەوێت دروستی بکەن.

بوونی فرەیی سیاسی لەناو سستمە گشتییەکەی کۆمەڵگەدا واتە بڕیاردان لەسەر داهاتووی ئەو کۆمەڵگەیە کە ئەویش پاراستنی قەوارەکەیەتی لەگەڵ یەکگرتن و پێشکەوتنەکەشی لەهەموو ڕووەکانیەوە، ئەو بڕیاردانەش لەسەر چارەنوسی تاکەکانە کە دەچێتە ناو چوارچێوەی پارتە جیاوازەکانەوە کە هەریەکەیان کاردەکەن لە پێناو ئامانجی تایبەت بەخۆیان لەلایەك و کاردنیان لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا لە لایەکیترەوە.

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ئەم فرەییە سیاسی دانپێدانراوە لە ڕووی یاسایی و دەستورییەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پرەنسیپی لێپێچینەوە دەبێتە چاودێرێك بەسەر هەموو کردارەکانی تاکەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە دانراون لەبەردەم هەر لایەن و پارتێك لە پێناو گەشە و برەودان بەکۆمەڵگەکە و ڕاگرتنی هاوسەنگیەکەشی .

فرەیی سیاسی واتە بوونی بیروڕای جیاواز و هەڵویستی جیاواز، توانای کردەیی جیاوازیش کە هەموو ئەمانە لە ناو پارتە جیاوازەکان بوونیان دەبێت لە پێناو سەرخستنی سستمە گشتییەکەدا، و برەودان بە دۆخی کۆمەڵگەکە.

هەر ئەم هەنگاونانە بەرەو فرەیی سیاسیە لە کۆمەڵگەکاندا بەجیاواز هەنگاوی بۆنراوە و دادەڕێژرێت بەوەی لەڕۆژئاوادا هەنگاونانێکی جددی و کارپێکراوە بە جیاواز لە کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکاندا بەتایبەتی لە دەوڵەتانی عەرەبیدا، هەموو ئەمانەش هۆکاری تایبەت بەخۆیان هەبووە جا هۆکارەکە دەرەکی بوو بێت یاخود ناوەکی کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر

چۆنێتی ئەم فرەییە ڕامیارییە، هەموو ئەمانەش وایان کردووە کۆمەڵگە لە ڕووی پلەی بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنییەوە جیاواز بێت لەو کۆمەڵگەیانەی تر، کە ئەم فرەییە ئاماژەیە بۆ بوونی دیموکراسی و ڕێزگرتنی مافی تاکەکەس و دانپێدانان بە هاوڵاتیبوونیان بەشێوەیەکی کردەیی تیایاندا.

هەربۆیە لێرەدا هەڵدەستین بە خستنەڕووی چەمکی فرەیی و فرەیی سیاسی و هۆکارە کاریگەرەکانی سەر ئەم چەمکە لە ئاڕاستەکردنیدا:

**یەکەم : چەمکی فرەیی:**

فرەیی وەکو چەمك هاوواتایە لەگەڵ جۆراوجۆرێتی و جیاوازی و جیاکاریدا ئاماژەشە بۆ تێڕوانین وهەڵوێستەکان دەربارەی بیرۆکەیەکی دیاریکراو، چەمکی فرەیی دەچێتە ناو هەموو بوارە جیاوازەکانەوە لەوانەش (ئابوری، ڕامیاری، ئایینی، کولتووری)، کە فرەیی ئایینی گوزارشت دەکات لە بوونی ئاڕاستە و ڕێبازە ئایینیەکان لەناو یەك کۆمەڵگەدا و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە قبوڵ دەکەن، فرەیی کولتووریی گوزارشتە لە بوونی کۆمەڵە بچوکەکان لەناو کۆمەڵگەدا پارێزگاری لە شوناس یاخود ناسنامەی خۆیان دەکەن و بەریەککەوتن دروست ناکەن، بەڵام فرەیی سیاسی و ئابوری واتە بوونی زیاد لە سستمێکی ئابوری و سیاسی لە یەك کۆمەڵگەدا. توێژەرانی بواری زانستە سیاسییەکان کار لەسەر چۆنێتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە جیاوازەکان دەکەن، ئەویش بەپێی بۆچوون و بیروڕا و ئایدۆلۆژیای تایبەت بە سروشتی ئەو کۆمەڵگەیە، بەو واتایەی کۆمەڵگەکان لە ڕووری خەسڵەت و دروست بوونیانەوە لەیەکتر جیاوازن ، وەکو زاراوە و گرنگی ئەو فرەییە لە بواری سیاسی بریتییە لە بوونی سستمی سیاسی کە پاشخانێکی فەلسەفی هەیە وابەستەیە بە پەیبردن بە ڕۆڵی دەوڵەت و سروشتی هاوڵاتیبوون لەگەڵ سروشتی مرۆڤیش کە ڕووکارێکی دامەزراوەیی جێگیری هەیە، کە هاوتا دەبێت لەگەڵ پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی بوونی دۆخێکی کولتووری دیاریکراودا کە بەندە لەسەر جیاکاری ئایین و دەوڵەت و ئامانجیشی بەڕێوەبردنی ململانێی کۆمەڵایەتی درێژبۆوەیە(عزت، بەبێ بەروار:٣). بەڵام ئاماژەدان بە گرنگی ئەو فرەییە لە بواری کۆمەڵایەتیدا ئاماژەکردنە بە مەودای ئەو ئاڵۆزی فرەییە و چڕیەکەشی وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە بنەڕەتدا بەند دەبێت لەسەر چەند هۆکارێك لەوانە:

١-پلەی ڕێکخستن و دامەزراندنی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی کە لەسەری دروست بووە وەك فرەیی کۆمەڵ، کۆمەڵگە، دەوڵەت، نەتەوە.

٢-پلەی بەشاریبوون و گەشەسەندنەکەی کە پێیگەیشتووە، بەوەی پەیکەری هەریەك لەم کۆمەڵگەیانە لەیەکتری جیاوازن هەروەك (کۆمەڵگەی خێڵەکی، کۆمەڵگەی لادێ، کۆمەڵگەی شار).

٣- بوونی پلەی جۆراوجۆرێتی و جیاوازییە، بوونی ئەوجیاوازییە باوەی کە لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا هەیە، هەروەك جیاوازی لە بنەچەی ڕەگەزیی و زمانەوانی و ئاینی و کولتووریی کۆمەڵەکان کە کاریگەرییەکی باشی لە قوڵبوونەوەی ئەو جیاکاری و فرەییەی نێوانیاندا دەبێت (منجود،بەبێ بەروار :٥).

کۆمەڵگەی کوردستانیش بەدەر نییە لە بوونی ئەو فرەییە لە ڕووە ئاینی و کلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە هۆکار بووە بۆ پاراستنی قەوارەکەی و بووەتە لانکەی زۆرێك لە ئایین و بیروڕا و هەڵویستە جیاوازەکان و کۆمەڵە جیا لەیەکەکان .

**دووەم : چەمکی فرەیی سیاسی**

چەمکی فرەیی لەڕووی بەکارهێنانیەوە بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێت هەروەك فرەیی ڕامیاری ئەویش زاراوەیەکی نوێیە لەڕووی سەرهەڵدان و بەکارهێنانیەوە، پەیوەندیەکی توندی بە زاراوەی دیموکراسی ڕۆژئاواییەوە هەیە، وەکو زاراوەش وادادەنرێت کە یەکێکە لە شێوەکانی پیادەکردنی دیموکراسی لە ڕۆژئاوادا، کۆمەڵگە مرۆییەکان شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ فرەیی سیاسیدا واناسیوە کە بریتییە لە فرەیی گروپە کۆمەڵایەتییەکان کە دروستکەری چەمکە جیاوازەکانن لەیەکتری سەبارەت بە ڕەوشی داهاتووی سیاسی نیشتمانی لە ناوخۆی کۆمەڵگەیەکی گشتگیردا (عبدالکریم،٢٠١٤: ٤٣١).

ئەگەرچی ئەم چەمکە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەکارهێنراوە بەڵام تاکو ئێستاش پێناسەیەکی دیاریکراو، یان یەك تیۆری تەواوی نییە کە ناوەرۆك و توخمەکانی دیاری بکات، وەك ئەوەی بەربڵاوە لە توخمەکانی ئەم چەمکەدا و دەرکەوتووە، وەك بوونی جۆراوجۆری و فرەیی کۆمەڵەکانە لەگەڵ چۆنێتی کاریگەرییانە لە دروستکردنی بڕیارەکاندا کە چارەنوسی تاکەکانی ناو

کۆمەڵ و کۆمەڵگەکانی لەسەر بەند بووە، لەگەڵ بوونی توخمە پێکهاتەکانی هێز و کۆنەبوونەوەیان لەیەك ناوەندا لەو کۆمەڵگە جیاوازانەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا بنەمای دانپێدانانی فرەیی سیاسی بریتییە لە بڕوابوون بە هەموو مافی تاکەکان و پیادەکرنی سەربەستی کۆمەڵەکانە، لەگەڵ دامەزراندنی پارتەکان و کۆمەڵەکان و گوزارشتکردن لە بیروڕا و بۆچوونەکانیان و بەرژەوەندی و ئامانجەکانیان لە چوارچێوەی هەوڵدانیان بۆ هاتنەدی ئەو ئامانجانە ئەویش لەکاتێکدا کە بەشداری دەکەن لە دەسەڵاتدا، لەگەڵ بەشدارییان لە بڕیاردان و پارێزگاری لە مافە سیاسی و سروشتییەکانیان لەڕێگای ئۆپۆزسیۆنی یاسایی و ڕێگاپێدراوەوە کە دانپێدانراو بێت لەڕووی سیاسی و دەستورییەوە (هیدان، ٢٠١٨ :٢٠٣). لە ئێستادا چەمکی فرەیی لەکۆمەڵگە و دەوڵەتە جیاوازەکاندا زۆر بەکاردێت ، ئەوەی کە زۆر بەربڵاوە ئەوەیە جۆرێتی و فرەیی کۆمەڵەکانە و چۆنێتی کاریگەرییانە لەسەر بڕیارەکان، بەڵام زۆرێك لە لێکۆڵینەوە ڕۆژئاواییەکان ڕێککەوتوون لەسەر بنەمای فرەیی تیۆری ئەمەریکی وەکو بنەمایەك و دەستپێکێك بۆ هاتنە ئارای سستمی فرەیی، ئەم سستمە دیموکراسییە ئەمەریکییەش لە بنەڕەتدا بریتییە لە هاوسەنگی نێوان کۆمەڵە بەرژەوندییە ململانێکارەکان، ئەم مۆرکی سستمی فرەییە هاوسەنگی دروست دەکات لەنێوان کۆمەڵە جیاوازەکاندا، وادەکات سستمی سیاسی ئەمەریکی یەکگرتوو بێت. بۆ ئەم مەبەستەش چەمکی فرەیی کۆمەڵێك لە توخم لە خۆدەگرێ کە وادەکات بمێنێتەوە و پاریزراوبێت ئەوانیش بریتین لە:

١-بوونی هێزی کۆمەڵەی جیاواز و جۆراوجۆر لەگەڵ فراوان بوونی نوێنەرایەتی کردن و بەرژەوەندیەکانیان و کاریگەرییە سیاسیەکان دەبێتە ڕێگایەك بۆ چارەسەرێکی دیموکراسیانەی بابەتە گشتییەکان، بەهۆی سازان و ڕێککەوتنەوە.

٢-فرەیی پەیوەندییەکی باوەڕپێکراوی هەیە بە چەمکی دابەش کردنی دەسەڵاتەوە، هەربۆیە هیچ ڕێکخراو و ناوەندێك بۆیان نییە قۆرخی دەسەڵات بکەن.

٣-فرەیی ناوەندەکانی هێز و بەردەوامیان لە سازان و ڕێکەوتن لە بڕیارەکاندا وادەکات پێکەوە ژیانی ئاشتییانە بەرقەرار بێت.

٤-گرنگترین بنەما و توخمی ئەم فرەییە پرەنسیپی لێپێچینەوەیە لەگەڵ بەرپرسیارێتی لەسەر ئاستی کارگێڕی حکومی بۆ گرەنتیدان بە ماف و دادپەروەری.

٥-پشت بەستن بە چارەسەرێکی پلەبەندی و بەشیی بۆ کێشەکان لە پێناو هاوسەنگی ڕاگرتنی نێوان بەرژەوەندی و بیروڕا جیاوازەکانیان (کریم ، ٢٠٠٨: ١٨١).

بوونی فرەیی بیروڕا وبڕوابوونیش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تاکەکان کە خاوەنی بیروڕای جیاوازن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هاوبەشدا و کارلێك دەکەن لەگەڵ یەکتریدا و ژیان بەسەردەبەن لەگەڵ دیاردە جۆراوجۆرەکان بەمە کۆمەڵێك هۆکار لەخۆدەگرێت لەوانە: شوێنی جوگرافی، لە دابونەریت و بەهاکاندا، پلەی پەرەسەندن، و جۆرێتی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە کاردەکاتە سەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگە، دواتریش پلەی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا، و ئاستی ئابوری کە پێوانەی ئاستی بەشاریبوونی پێدەکرێت، هێزی پابەندبوونی ئایینی، و نەتەوەیی، و خێڵگەرایی، و تیرەگەری، و سروشتی سستمی سیاسی لەگەڵ نەریتە مێژوویی و سیاسیەکەدا، ئەم هۆکارانە بە پلەی جیاواز فرەژێدەبن کە جۆرێك لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست دەکەن کە بەهۆیانەوە کولتووری سیاسیش فرەژێ دەبێت لە کۆمەڵگەدا، وا لە تاکەکان دەکات بڕوابێنن بە بنەمایەك بەپێی سروشتی پەرەپێدانی خێزانی/ سیاسی، بەمەش هەڵوێست و هەڵسوکەوتی سیاسی بۆ دروست دەبێت.

دروستبوونی فرەیی ئایدیۆلۆژیەت خۆی دەبینێتەوە لە توانای هزریی و کردەیی تاکەکان لەناو پارتە سیاسیەکاندا، ئەم جیاوازییە لە ئایدیۆلۆژیەدا واتایی بوونی هۆشیاریی سیاسی دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا چوونە ناو پارتە سیاسیەکانەوە ئاماژەیە بۆ ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی سیاسی و بەرژەوەندییەکانیان و بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەشە، بەوەی ئەم ڕێکخستنە سیاسیە دەبێتە ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان پارتە جیاوازەکان لەکاتی هەوڵدانیان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، ئەم پارتە سیاسیانەش واتە بەدوای سەربەستییەکانەوەن هەوڵی نەمانی زاڵبوون و دەست بەسەراگرتن یاخود پراکتیزە کردنی دیموکراسیەت دەدەن (جواد، ٢٠١٠ : ١٥-١٦).

لە پێناسەیەکی تردا بۆ فرەیی ڕامیاری بریتییە لە قبولکردنی ڕای سیاسی دژ بەیەك لەلایەن تاکەکان و دامودەزگا گشتییەکانەوە کە دەستەڕێکخەرییەکان پاڵپشتییان لێ دەکەن و ڕێکیان دەخەن بە شێوەیەکی خۆبەخشانە، هەر بەشێکیش هەڵدەستێت بە پارێزگاری کردن لە

بەرژەوەندییە گشتییەکان، و پارتە سیاسیەکەی خۆی، سەرەڕای بوونی ڕێپێدانی سستمی هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایەتی لە ناوەندەکانی دەسەڵاتدا کە بە ڕێگا و شێوازی هەڵبژاردن دەبێت، لەسەرئەو بنەمایەی کە ڕێزگرتن، و دانپێدانان، و پابەندبوون هەبێت لەنیوانیاندا بۆ بوونی ئەو جیاوازییانە (محمود، ٢٠١٧: ٢١٨).

بەوپێیەی فرەیی سیاسی جۆرێکە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە وابەستەی بونیادە سیاسیەکە و میکانیزمی کارەکەیەتی هەمیشە، و دۆخی کۆمەڵایەتیش ئاڕاستە و ڕێبازی هزریی جیاواز لە خۆدەگرێ، هەر ئەم جۆراوجۆرێتیەش لەخۆوەیە بەرئەنجامی ئەو جۆرێتییە کە لە دۆخەکەدایە لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر.

فرەیی سیاسی چەمکێکی لیبرالییە بە شێوەیەك سەیری کۆمەڵگە دەکات کە پێکهاتەیە لە پەیوەندیە سیاسی و بەدەر لە سیاسیەکان کە جۆراوجۆرن و بەرژەوەندی ڕپێدراو و جیا لەیەکیان هەیە، بەبێ ئەوەی ئەم فرەییە ببێتە یەك ناوەندی بۆ بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایەتی کردن، یارمەتی هاتنەدی پرۆسەی بەشداری کردن و دابەش کردنی سودمەندییەکان دەدات، فرەیی سیاسی ئەمانە دەگرێتەخۆ:

**یەکەم**: دانپێدانان بە جۆراوجۆرێتی و جیاوازییەکان بەهۆی بوونی چەند بازنەیەکی سەرپێبوون (إنتماء) لە کۆمەڵگەدا.

**دووەم**: ڕێزگرتن لە بڕوابوون و بەرژەوەندی و ڕوانینی جۆراوجۆر و جیاواز. **سێیەم**: ڕێگەدان بە گوزارشت کردن لە سەربەستی، بە ڕێگای شیاو تەندروست، بۆ هەموو هێز یاخود لایەنە سیاسیەکان و ڕێگەدانیان بە بەشداریکردنێکی کارایانەی سیاسی و گوزارشتکردن لەخۆیان(عودة، ٢٠١٢ :٦٧). لەلایەکیترەوە پارتەکان و سەندیکاکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵەی بەرژەوەندی خوازەکانیش داندەنێن بە بوونی کێبڕکێ و بیروڕای جیاوازی نێوانیان، کە چوارچێوەیەکی ڕێکخستنی دامودەزگایی جێگرەوەیی دەستەبەردەکات و ڕێز لە فرەیی و جیاوازییەکە و بوونی بەها کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی نێوانیانیشیان دەگرێت وپارێزگاریشی لێ دەکەن بۆ دروست نەبوونی ململانێ لە کاتی گەیشتنە دەسەڵات (محمود، ٢٠١٧ :٢١٩).

فرەیی سیاسی بەو مانایەدێت کە ڕێگە دەدات بە بوونی ئۆپۆزیسیۆن لە شێوەی گروپ و دەستە و پارتی جۆراوجۆردا کە بە شێوەیەکی ئاشکرا پیادەی مافە ڕەواکانی ئۆپۆزسیۆنی خۆیان بکەن بە گوزارشتکردنێکی سەربەستانە بۆ هەوڵە ڕەواکانیان و هاندانیان بە پرۆگرام و کەسەکانیان لە ڕاگرتنی فەرمانڕەوایی لە چوارچێوەی ئەو دیموکراسییەتە بەردەستەی کە ئەمان وەك سستم پەیڕەوی دەکەن و تیادا جموجۆڵەکانیان ڕێکدەخەن کە ئەمانە لە کۆمەڵگەدا بەپارێزەری ئاسایش دادەنرێن هۆکارێکی بنەڕەتیشن لە هۆکارەکانی جێگیری کۆمەڵگە لە ژیانی سیاسیدا، لە کاتێکیشدا گۆڕان دروست ببێت هیچ تەقینەوە و توندوتیژی ڕوونادات .

بەوپێیەش فرەیی سیاسی شێوەی جیاواز لەخۆدەگرێت لە چوارچێوەی جۆرێتی هێز و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکانەوە لە ناو کۆمەڵگەدا، لەو نێوەندەدا دانپێدانانە بە بوونی فرەیی پارتێتی لەپاڵ فرەیی سیاسیدا، بەوەی فرەیی سیاسی هەموو هێز و دامودەزگاکان لە ناو کۆمەڵگەدا لەخۆدەگرێ.

لێرەدا پێویستە جیاکاری بکرێت لەنێوان دوو جۆرە لە فرەییدا ئەوانیش :

**یەکەم : فرەیی سیاسی لە کۆمەڵگەی دیموکراسی Pluralistic democratic society**

**دووەم : کۆمەڵگە فرەییەکان یاخود فرەیی کۆمەڵایەتی Consensual society**

جۆری یەکەم خۆی لەو سێ خاڵەی سەرەوەدا نیشاندا، و جۆری دووەم لە فرەیی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرێت بەوەی کە:

ا- ئەم کۆمەڵگەیانە سنوری دیاریکراوی خۆیان هەیە و جیادەکرێنەوە بەوەی ناجۆڵێن و پلەیەك لە جێگیریان هەیە.

ب- پۆلێن کردنی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵەکان بەهۆی جیاوازی ئایینی و زمانی و ڕەگەزیی و تیرەگەرییەوەیە نەك جیاوازی و جیاکارییەکە ڕای گشتی بێت.

ج- ڕێکخستنی ئەو کۆمەڵانە و نزیکبوونیان لە دامەزراوە ژێرخانیەکانەوە و نەبوونی کۆنترۆڵێکی دیاریکراو کاتێك قبوڵی جێبەجێکردنی سستمی کێبڕکێ دەکەن بەمەش نایەکسانی و کەموکورتی دەکەوێتە ناو پرۆسەی بەشداری کردنەوە وادەکات جیاوازی دروست بکات لەنیوان کۆمەڵگە

فرەییەکەدا جا ئەو جیاوازیەش (کولتووریی، ئابوریی، زمانەوانی، ڕەگەزیی و هیتر) بێت (مصطفى، ١٩٩٣: ٨-٩).

**"لایبهارت"** خەڵاتی جوهان سکایتی لە زانستە ڕامیارییەکاندا وەرگرت لەساڵی (١٩٩٧)لەبەرامبەر بەکارهێنانی زاراوەی سازان (التوافقية)(**Consocioational**) زاراوەی " دیموکراسیەتی بەکۆمەڵی (الإجماعية)(**Consensus Democracy**)بەکارهێنا کە هاوتای دیمۆکراسیەتی سازان (التوافقية) بوو، ئەم دیموکراسیەتە سازانییە ئامانجی زاڵبوونە بەسەر بەریەککەوتنەکان و جیاکارییەکان و شەڕ و شۆڕەکانی لایەنە سیاسیەکان کە کۆمەڵەی جۆراوجۆر و دابەش بوون لەناو یەك نیشتماندا بەهۆی میکانیزمەکان و دامودەزگاکانەوە کە وادەکەن ئەو لایەنە جۆراوجۆرانە بەشداری بکەن لە دەسەلاتدا لەڕێگەی دەستەبژێرەوە کە نوێنەری ئەو کۆمەلانەن بەمەبەستی مانەوە و پارێزگاری کردن و بەردەوام بوونی ئەو دیموکراسیەتە لەو شارەدا ( العابدين، ٢٠١٢).

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پێشووی عێراق ئەمەریکا دەیویست هەستێت بە بونیادنانی ئەزموونێکی نموونەی لە عێراقی نوێدا کە ئەزموونی دیموکراسیەتی سازان(التوافقية)بوو، ئەم ئەزموونە وەکو لێدانی دیموکراسیەت بوو کە پرۆژەیەکی گەورە بوو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. لە نوسینێکی هاوبەشی (**کیسنجر و شولتز**)دا هاتبوو هەریەکەیان پرسیاریان لەبارەی ئەوەوە دەکەن کە کاری گرنگی ئەمەریکا ئەوەیە (چۆن زۆرینەی شیعیەکان دیاری دەکەن لە فەرمانڕەوایی زۆرینەدا؟) هەروەها (جێبەجێ کردنی زوڵم و ستەمی زۆرینە بۆ فەرمانڕەوای کردن وادەکات قورس بێت ڕەوایی سیاسی بێتەدی، و کەمینەی کوردی و سونییەکان لە وولاتدا دەبنە ئۆپۆزسیۆنی بەردەوام)، لەدوای گەڕان بەدوای ناوەرۆکی ئەم بابەتەوە لە ساڵی (٢٠٠٥) یەکەم فەرمانڕەوای عێراق هەڵبژێردرا، کە پێویستە لەبەرامبەر ئەم ئەزموونە لە عێراقی نوێدا وەربگیرێت بەناوی یەکسانی گواستراوەی (العدالة الانتقالية) ئەم چەمکەی کۆتا، بەمانای چالاکی یاخود هاتنەدی ئەو بۆماوە گەورەیەیە کە کۆمەڵگەکان هەیانە لە پێشێل کردنی مافەکانیان، و کۆمەڵکوژی، و تاوان دژی مرۆڤ، و تاوانەکانی شەڕ .

کەواتە لەساڵی (٢٠٠٤) دەستکرا بە ئەزموون کردنی دیموکراسیەتی (التوافقية)لە عێراقدا لەگەڵ دەستپێکی دامەزراندنی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی گواستراوەدا (مجلس الحكم الانتقالي)، ئەم ئەنجومەنەش بەندبوو بە بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەییەوە بۆ هەموو تایەفە و نەتەوەکان و

ئایینەکان و هێزە ڕامیارییە عێراقییەکان، لە ساڵی(٢٠٠٥) لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ڕامیاری هەڵبژاردن کرا لە هەموو پلە و پۆستەکاندا شوێنی لایەنە جیاوازەکان کرابوونەوە بە کورد و سونە و شیعەوە، دوابەدوای هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)لە عێراقدا دروست بوونی ئیئتیلافی پارتەکان بوو لەسەر بنەمای تیرەگەریی و نەتەوەیی کە وایکرد ململانێی سیاسی عێراقی برەو بێت لەگەڵ دینامیکییەتی دروست بوونی دیموکراسی (التوافقية) کە بەندبوو بە بنەمای هاوڵاتیبوونەوە، بەمە وایکرد عێراق بگەیەنێتە شەڕی تیرەگەری، بەمانایەکی تر پرەنسیپی دابەشکاری سیاسی کە پرۆسەی سیاسی عێراقی لە ئێستا کە پشتی پێ دەبەستێت، وەکو ئەزموون سەرکەوتوو نەبوو لە دروست کردنی هاولاتیبوون لە عێراقدا(عبدالكريم، ٢٠٠٨: ٢٠٧).

زۆرێك لە بیرمەندە سیاسیەکان هەوڵی باس کردنی بابەتی فرەیی سیاسییان داوە وەکو پرۆسەیەك بۆ فەرمانڕەوایەتی کردن یاخود وەکو چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی ئەویش بە دابەش کردنی بۆ سێ میکانیزم ئەوانیش بریتین لە :

١-فرەیی یاخود جۆرێتی ڕێکخستنی کراوە، واتە سەربەستی دروست بوونی پارتەکان و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵە سیاسییەکان بەبێ هیچ بەربەستێك، ئەم میکانیزمە پەیوەندیدارە بە سستمی پارتەوە.

٢-ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسی بەهۆی بوونی هەڵبژاردنی سەربەستانە و کێبڕکێکارییانەوە دەبێت کە بەپێی ئەنجامەکانی توانای ڕێگەدانی گواستنەوەی دەسەلاتی دەبێت، ئەم میکانیزمە پەیوەندیدارە بە سستمی سیاسیەوە.

٣-بوونی سستمێك لە ماف و سەربەستییە گشتییەکان وەکو پێوانەیەك بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، ئەم میکانیزمە پەیوەندیدارە بە سستەمی یاساییەوە(هيدان، ٢٠١٨ :٢٠٥).

لەگەڵ ئەوەی دیاری کردنی چەمکی فرەیی سیاسی پەیوەندی و نزیکایەتییەکی بە دیموکراسیەوە هەیە، بەهۆی هەڵگرتنی ئەو ڕاستییەوەیە کە لە ناوەرۆکی چەمکی سیاسیدا بوونی هەیە کە بۆچوون و ئاڕاستە ناواخنیەکان لەخۆدەگرن لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگەکە خۆیەوە دواتریش بوونی کارایی و کارلێکی کۆمەڵ و کۆبوونەوەکان لەگەڵ یەکتردا، هەربۆیە دەبێت جیاکاری بکرێت لە فرەییدا لەدوو ڕووەوە کە ڕووی ڕاستی و ڕواڵەتییە بەوەی ڕاستییەکە لەوەدایە کە پارتە

سیاسیەکان بەخۆیان و بەرنامە و ئایدیۆلۆژیاکەیانەوە بەشداردەبن لە کێبڕکێی سەربەستانە بۆ دەسەلأت گرتنەدەست لە چوارچێوەیەکی پراکتیکی هەڵبژاردنی دیموکراسیەتەوە کە بازنەییە، بەلأم ڕووی دووەمی تەنها هەڵگری ڕواڵەتی فرەیی سیاسییە کە بوونی چەند پارتێکە لەژێر سایەی یەك دەستە و دەسەلأت و فەرمانڕەوادا.

بەپشت بەستن بەو بۆچوونانەی پێشوو دەتوانرێت جیاکاری بکرێت بۆ شێوە جیاوازەکان کاتێك فرەیی هەڵدەبژێردرێت لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا کە دەبێتە جیاوازی لە پێکهاتە سیاسییەکەشدا لەوانە:

أ-پاشگەز پێ کردنەوەی بنەمای فرەیی لە چوارچێوەی پیادەکردنی سیاسیدا .

ب-قبوڵ کردنی مەرجەکان و کۆنترۆڵەکانی بنەمای فرەیی و جێبەجێ کردنی.

ج-قبوڵ کردنی بنەمای فرەیی سیاسی لە پیادەکردنی پرۆسەی سیاسیدا (عمران، ٢٠١٢: ١٥٣).

لەدوای ساڵانی نەوەدەکانەوە پارتە کوردستانییەکان ڕۆژبەڕۆژ لە ڕووی ڕێژەوە ڕوو لە زیادبوون بوون، ئەگەرچی هەندێکیان درێژەیان دەدا بە لایەنە سیاسییەکەیان و هەندێکیتریان تێکەڵ دەبوون بە پارتێکی تر، بەلأم بەردەوام دوو پارتی دەستڕۆیشتوو لە کۆمەڵگەدا توانا و دەسەلأتیان لە سەروەی  پەیکەری دەسەلأتدا بووە، هەرئەمەش وایکردووە بەردەوام پارتەکان ململانێی سیاسی لە نێوانیاندا ڕووبدات و ناکۆکییەکانیان درێژە بکێشێت هەریەك لەو پارتانەش لە هەوڵی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا بن و مافی هاولأتیبوون و ڕێزگرتن لە سەربەستی تاکەکانی تر پشتگوێی بخەن و پێشێلی بکەن، بەمە وایکردووە تەنها بوونی فرەیی سیاسی شێوەیەکی ڕواڵەتی بێت نەك ڕاستی.

## سێیەم : هۆکارە کاریگەرەکان لە ئاڕاستەکردنی فرەیی سیاسیدا

لە کۆتای سەدەی بیستەمدا زۆربەی ناوچەکانی جیهان هەنگاویان بەرەو فرەیی سیاسی و بونیادنانی دیموکراسی ناوە، ئەم ئاڕاستەیە وەکو دیاردەیەکی سیاسی فراوان خۆی بەدەرخست. دەوڵەتانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست کۆمەڵێك کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیان لەسەربوو کە بووەنەتەهۆی گۆڕانکاری و نەمانی  هەندێك لە لایەنەکانی ئەم فرەیی سیاسییە، بەمەوایکرد کە نەتوانێت هاوتای ئەو دیموکراسیەتە بێت کە لە دەوڵەتانی

ڕۆژئاوادا بوونی هەیە، لە دەرکەوتووترین ئەو هۆکارانەی کە بەشداری دەکەن لە پاڵپێوەنان بەرەو دیموکراسی و دانپێدانان بە فرەیی سیاسی بریتیین لە هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی .

**هۆکاری یەکەم:** بۆچوونی کۆمەڵێك لە شیکارکارە هاوچەرخەکانە لەگەڵ وابەستەکردنیانە بە دووجۆر ئاراستەوە، کە ئەوانیش ئاراستەی نوێیە لەگەڵ ئاراستە و بۆچوونە جیهانییەکان بۆ قۆناغی دوای جەنگی ساردە بەرەو بونیادنانی دیموکراسی و فرەیی سیاسییە کە دەربارەی وازهێنانە لە ئایدیۆلۆژیەتی دیکتاتۆری بۆ ئەو دەوڵەتانەی لەڕێگای داگیرکاریەکانیانەوە بۆیان ماوەتەوە یان سستمی تاك پارتی و شۆڕشگێڕەیانەیان هەبووە بۆ گۆڕینی بە سستمی دیموکراسی کە بەندە لەسەر فرەیی پارتەکان و ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ ( کاطع،٢٠٠٥: ١٥٠-١٥٢).

لێرەدا شەپۆلێکی جیهانی بەرەو دیموکراسیەت دێتە ئاراوە لەگەڵ زیادبوونی ئاراستەی بەجیهانیبوونی ژیانی سیاسی و ئابوری و کپ بوونی سستمی دیکتاتۆری گشتگیری، و سەرکەوتنی سستمی دیموکراسی و زۆربوونی ئاڵوگۆڕی نێوان دەوڵەتانی جیهان، کە ئیتر ناتوانێت نکۆڵی بکات و خۆی بەدووربگرێت لە گۆڕانە جیهانییەکان، لە ئێستادا کۆمەڵە سیاسییەکان ئیتر دابڕاونین، بەڵکو لەپەیوەندییەکی ئاڵۆزدان لەگەڵ هێزەکانی تردا، هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ووتەکانی هەریەك لە "**فرانسیس فۆکۆیاما**" لە (کۆتایی مێژوو) و بەسەرکەوتنی بەهای لیبرالییەت بە ڕابەرایەتی بەرەی(المعسکر) ڕۆژئاوا لەدوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە، و "**صامۆئیل هنتنگتۆن**" (دەربارەی شەپۆلی سێیەم لە گۆڕانی دیموکراسییەتدا) هەبووە.

**فۆکۆیاما** لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی (کۆتایی مێژوو) ئاماژە دەدات بە "مۆرکی جیهانی شۆڕشی لیبرالییەت کە گرنگی تایبەت بەخۆی بەدەستهێناوە، وەك دروست بوونی ڕێبەرێکی نوێیە کە ئاراستەیەکی بنەڕەتی (یەك جۆر)ییە خۆی دەسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا " بەکورتی بەوواتایە دێت کە هەموو جیهان بەرەو دیموکراسییەتی لیبراڵی دەڕوات باشترین سستمە لەنێو سستمەکانی فەرمانڕەوایی لە مێژوودا بەلای فۆکۆیاماوە" (مولود، فیاض، ٢٠١١: ٤٧-٤٨).

ئەمە لەکاتێکدا بوو کە یەکێتی سۆڤیەت و ئیشتراکیەت ڕووخا، سەرهەڵدانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە هێزێکی ئیمپریالی و زاڵ کە هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو جیهاندا دەدا وەکو سستمێکی نوێ ئەم بیرۆکەیەش لەلایەن "**بۆش** "ی باوکەوە بوو کە پێی دەوترێت "سستمی جیهانی نوێ"، هەر لەو چوارچێوەیەشدا نوسینەکانی فۆکۆیاما

بەدەرکەوت و باسی لە سەرکەوتنی کۆتایی دیموکراسی و سەرمایەداری بازاڕ و دەرکەوتنی ئیسلامی فاشیست دەکات، بڕوای وایە کە دامودەزگا سیاسیە ئایدیۆلۆژیاکەی ئەمەریکا بونیادی بۆچونێکی جیاواز و چەمکێکی نوێ دەکات بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە مەترسی دەخەنەوە و لە داهاتوودا خۆیان لە چەمکی دەوڵەتانی تەڵەکەبازدا( دول المارقة) دەنوێنن، کە توانای بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی و لەناوبەری گشتگریان هەیە یان هەوڵی بەدەستهێنانی بۆ دەدەن هەروەك عێراق، و ئێران، و لیبیا، و کۆریای باکور (أبو رمان، ٢٠١٩: ٣٩).

"**صامۆئیل هنتنگتۆن**"جەختی لەوە کردەوە کە (١٥) ساڵ دوای ڕاپەڕینی سەربازی لە بورتگال لەساڵی (١٩٧٥) لە پاش چەشتنی سستمی دیکتاتۆری، سستمەکەیان بگۆڕن بەرەو دیموکراسی کە دەوروبەری (٢٩) بۆ (٣٠)دەوڵەت دەبوون، بەمە شەپۆلی بەرەو دیموکراسی جیهانی کاریگەرییەکانی بەدەردەکەوت بەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە دەوڵەتانی تریش سستمەکەیان دەگۆڕی بۆ دیموکراسی، ئەمانە وایان کرد پانتایی گۆڕانەکان بەرەو دیموکراسی لەسەر ئاستی دەوڵەتان فراوان تر ببێت و فشار لەسەر سستمی ستەمکاری زیاتر دروست ببێت، "**هنتنگتۆن**" زیاتر جەخت دەکاتەوە سەر شیکاری سروشتی و جۆری گۆڕان لە سستمی دەسەڵاتداری بەرەو ئاڕاستەی دیموکراسی لەگەڵ هۆکارەکان و هێزە پاڵنەرەکان بۆ چاکسازی سیاسی کە پەیوەندییەکی پێکەوەبەستراوی لە نێوان هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی لە ژینگە سیاسییەکەدا بوونی هەبووە (بنتور، بەبێ ساڵ: ٢٤-٢٥).

هێزە دەرەکییەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە هەنگاونان بەرەو پرۆسەی دیموکراسی و فرەیی سیاسی هەبووە، لەگەڵ قەیران و دارمانە ئابورییەکان لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا لە کۆتای هەشتاکانەوە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ هەست کردن بە نەبوونی دیموکراسی، هەرئەمەش وایکرد دامودەزگا جیاوازەکانی دەوڵەتان فشار بخەنەسەر ئەو دەوڵەتانەی جیهانی سێیەم و هەوڵی چاکسازی سیاسییان بدەن ئەویش بەدانانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەمەبەستی دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دیموکراسی و دروست بوونی هۆشیاریی مەدەنیش تیایدا، کە دیموکراسی بە بەردی بناغەی گەشەپێدان دادەنرا لە بەرنامە و ڕوانینی ئاڵوگۆڕی دامودەزگای دەوڵەتە پەیوەندیدارەکاندا، جا هاتنەدی دیموکراسی پێویستی بە چاکسازی ئابوری هەیە لەسەروو هەموو ئەوانی ترەوە، ئەمەش بەیارمەتیدان دەبێت لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە هەوڵی گۆڕینی سستمەکە دەدەن، بەڵام کاری ئەم دەوڵەت و هێزە دەرەکییانە تەنها خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە

گۆڕان بێت بەرەو دیموکراسییەت بەڵکو کاراکردنێتی لە بەدواداچوون بۆ پرۆسەی هەڵبژارنەکان و زۆر شتی تریش لە ڕێوشوێنەکانی دیموکراسی(أحمد، ٢٠١٦: ١١-١٢).

لە ساڵی(٢٠٠٣)ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەعێراقدا بوونیان نەبووە کە بەو مانایەبێت کاریگەرییان لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی عێراقی کردبێت، بەوەی سستمی پێشوو ڕێگای نەدەدا بەهیچ لایەن و پارتێك دەستوەربداتە نێو دەسەڵاتەکەیەوە کە ئەمانەش یەکیان نەدەگرتەوە لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییدا، هەموو ئەمانە بوونە فشارێك لە گۆڕینی سستمی دەسەڵاتداریدا  کە کۆتایی و ڕوخانی ڕژێمی بەعس بوو، لەدوای ئەو مێژووەوە زۆرێك لە ڕێکخراوەکان خۆیان بەدەرخست و ئەمە وایکرد دەرگا ئاوەلاّ بێت لەسەر ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەلاّم کاری ئەم ڕێکخراوانە کە هەوڵی بۆ دەدەن یەکێکە لە کارە لێڵ و تەمومژاویەکان بە لای هاولاّتی عێراقییەوە.

ئەمەش بەهۆی بوونی ئەو توندوتیژی و دۆخە نالەبارەی عێراقەوەیە کە بێکاری و نەبوونی داهات و عەقڵی خێڵگەرایی ونەهامەتی تر کە تاکی عێراقی دەیچێژێت هۆکارە بۆ قورسی کاری ئەم ڕێکخراوانە لە ڕووی بلاّوکردنەوەی هۆشیاریی دیموکراسییەوە بەوەی دابەزینی ئاستی هۆشیاریی وای کردووە قورس بێت قسە لەسەر بوژانەوەی ئەو هۆشیارییە بکرێت و زاڵبن بەسەریدا، سەرەڕای نەبوونی بنەما و میکانیزمی جێگیر بۆ کارکردن لەو ڕێکخراوانەدا بەمە ڕێگرە لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا تەنانەت هەندێکیشیان درێژبوونەوەی هەندێ لەپارتە جۆراوجۆرەکانن (سالم واخرون ، ٢٠١٣: ٤٠-٤١) .

لەسەرەتادا لە هەرێمی کوردستانیشدا دەرکەوتنی ئەم ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەدوای ڕاپەڕینەوە وەکو ڕێکخراوێکی داکۆکیکار لە مافی هاولاّتیان، و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هەڵدەستان بە جێبەجێکردنی کار و پرۆژەکانیان تایبەت بە خزمەت کردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەکە، بەلاّم ئەم شێوازی کارکردنە  بەردەوامی نەبووە کە وابکات گۆڕانکاری لە دۆخی کۆمەڵگە و تاکەکانی ناویشیدا دروست بکات بەوەی ڕۆژبەڕۆژ خراپی دۆخەکە ڕوو لە زیادبوون بووە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەلاّت لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە و کۆنترۆڵکردنی کاری ڕێکخراوەیی.

**هۆكاری دووەم:** زۆرێك لە دەوڵەتانی تازە گەشەسەندوو بە جیاوازی سستمەكەی ناوی جوڵەی گۆڕانی بە ئاڕاستەی بونیادنانی بۆ هەندێك لە بنەماكانی دیموكراسی لە فەرمانڕواییەكەیدا بەخۆوە بینیووە، كە لەڕووی گوزارشت لێكردن و ڕێكخستنەوە شێوەی جیاوازیان وەرگرتووە یان بە ئاڕاستەیەك كە گونجاوە لەگەڵ بۆچوونەكانی ئەو سستمە لە كۆنترۆڵ كردنی پڕۆسەی چاكسازییە سیاسییەكان و میكانیزمەكانیدا، جا لە هەندێ حاڵەتدا ناوەرۆكی ئەم هەوڵدانە كە زۆر بە بەهێزی گوزارشت لە بیروڕای تیایدا دەكرێت لەلایەن فشاری هێزی جۆراوجۆری جەماوەری و سیاسییەوە دروست دەبێت، بۆ دابین كردنی دەسكەوتی ئابوری و كۆمەڵایەتی كە دەستەبژێری فەرمانڕوا توشی داخورانی كردووە، هەر ئەم فشارە بەهێزە و گۆڕانكارییەكان لەبونیادی كۆمەڵگەی عێراقی ڕوویداوە، ئەگەرچی ئەو گۆڕانە لە سستمی سیاسی عێراقدا لەڕووی سروشت و جۆری گۆڕانەكەوە جیاواز بوو ئەوەبوو كە فرەیی سیاسی خۆی سەپاند بەسەر هەموو دەستەبژێر و جەماوەردا و لەسەر ئاستی فەرمی و میللیشدا لەدوای روخانی ڕژێمەوە( كاطع، ٢٠٠٥: ١٥٦).

ئەگەرهاتوو سستمی سیاسی وەك ئەوە نەبوو كە بەها و بەرژەوەندییە جیاوازەكانی كۆمەڵگە دەیخوازێت یان پیادەكردنی جیاكاری بێت لە دژی كۆمەڵەیەكی دیاریكراو، ئەوا درەنگ بێت یان زوو ئەو كۆمەڵەیە بەرپەرچدانەوەیان دەبێت و ئەو سستمە قبوڵ ناكەن، بەمە بواری جێگیری ئەو سستمە سیاسییە كەم دەكاتەوە یاخود ناجێگیری دەكات لەلایەن ئەو هێز دەسەڵاتەی كە كۆمەڵەی ئۆپۆزسیۆنی هەیانە لەبەرامبەر سستمەكە، دۆخی عێراقی نوێ بۆ بونیادنانی دەوڵەت كەڵەكەبوونی هەڵسوكەوتی لەخۆگرتبوو، لە ڕووی نەبوونی چەمكی ڕاستەقینەی سەرپێبوون(إنتماء) و نەبوونی هاوڵاتیبوون و مافەكانیشیەوە، دەركەوتووترین هەڵسوكەوت بریتی بوو لە بێبەش كردنی زۆرێك لە لایەن و كۆمەڵەكانی كۆمەڵگەی عێراقی لە مافە مێژووییەكانیان بۆ هاوبەش بوونیان لە یەك نیشتیماندا، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی هەست كردن بەلاوازی و نامۆبوون لە نیشتیمانەكەیاندا، و زیادبوون و هەڵچوونی ململانێ كردن لەنێوان كۆمەڵە جیاوازەكاندا كە زۆرێك لە توێژەران ئاماژەیان پێداوە كە بەهۆی ئەو سستمە دەسەڵاتدارەوە بووە كە نەیتوانیوە پێودانگی سەرپێبوون و هاوڵاتیبوون بخاتە نێو ژیری و دڵی هاوڵاتییەكانیەوە و بونیادی بەشداریكردنێكی سیاسی و گفتوگۆ بكات (كاطع، ٢٠٠٨: ١٣٢).

له کوردستانیشدا لەپاش ڕزگاربوونی لە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس تاکی کۆمەڵگەی کوردی خەونی بە سەربەستی و ئازادییەوە دەبینی بۆ ئەوەی چیتر مافە ڕەواکانی پێشێل نەکرێت و بتوانێت بە ئازادانە گوزارشت لە هەست و سۆزەکانی بکات، بەڵام هاتنەدی ئەم خەونە تەنها لە بواری تیۆریدا بوو نەك لە واقیعدا، بەوەی دوو پارتی دەستڕیشتوو فەرمانڕەوای دەکەن و هەژمونی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر سستمی حوکمڕانیشدا دەسەپێنن و کەسانی ئاسایی ناتوانن بە سەربەستانە هەست و سۆزەکانیان دەرببڕن ئەگەر هاتوو لە دەرەوەی بازنەی عەقڵی خێڵەکی و خزمایەتیدابن بەمەش بێ متمانەی تەنانەت نەبوونی سەرپێبوون لای هاوڵاتییان دروست ببێت و بەردەوام خۆپیشاندان و دروست بوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن بوونی هەبێت بۆ گۆڕینی ئەو سستمە و شێوازی بەڕێوەبردنەکەی بەمەبەستی پێدانی مافە مەدەنی و یاساییەکانیان لە کۆمەڵگەکەدا.

## پوختە:

لەم باسەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە فرەیی سیاسی وەك بەشێك لە فرەییە گشتیەکەیە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بوونیان هەیە بەپێی خەسڵەت و هەڵکەوتەی سیاسی و کۆمەلأیەتی ئەو کۆمەڵگەیە.

بوونی ئەم چەمکی فرەییە واتە جۆراوجۆرێتی لە کۆمەڵەکاندا، هەر ئەم کۆمەلأنەش پێکەوە کاردەکەن لەناو خودی کۆمەڵگەیەکدا، بۆ سەرخستن و جێبەجێ کردنی کار و چالاکییەکانی پەیوەست بەو کۆمەڵگەیە، ئەمەش وادەکات کاریگەری هەبێت لە بڕیارەکانیاندا کە چارەنوسی کۆمەڵگەکەی پێوە بەندە.

فرەیی سیاسی واتە بوونی سەربەستی و پێدانی ماف و پێکەوە ژیان و پێکەوەبوونی تاکەکان لە ناو یەك کۆمەڵگەدا، هەر ئەم فرەییەش سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تیۆرە ئەمەریکییەی کە ناواخنەکەی نەهێشتنی ململانێکارییە، بەو واتایەی کە فراوان بوونی نوێنەرایەتی کردن دەبێتە پردی لێك تێگەیشتن و گفتوگۆکردن لە نێوان کۆمەڵە جیاوازەکاندا لەبارەی کێشەکانیانەوە لەناو خودی کۆمەڵگەکەیانەوە. بەمەش ئەو کۆمەلأنە ڕێکدەکەون و توانای قۆرخکاریان نابێت بەهۆی بوونی سزا و لێپێچینەوە، بەواتایەکی تر پابەندبوونیانە بەیاساوە.

هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیش ڕۆڵی کارایان لە دروستبوونی فرەیی سیاسی لە کۆمەڵگەکاندا هەبووە، بەوەی وایان کردووە دۆخی کۆمەڵگەکانیان گۆڕیووە بۆ هەنگاونانیان بەرەو دیموکراسی و گۆڕینی شێوازی دەسەلأت تیایاندا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە وەکو سەرەتای کار و چالاکییەکانیان لەو کۆمەڵگەیانەدا کە خوازیاری گۆڕێنی حکومڕانی بوون لە ڕیشەوە، بەلأم دواتر کارەکانیان تەمومژاویی بوون بەوەی دۆخی کۆمەڵگەکە و پارت و کۆمەڵە جیاوازەکان بڕیاردەدەن لەبارەی چۆنێتی کارکردنیانەوە نەوەك خۆیان، هەربۆیە خراپی بەکارهێنانی دەسەلأت وادەکات لاوازبوونی سەرپێبوون و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بوونی هەبێت، هەروەك ئەوەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە و دەگوزەرێت لە ڕووی فرەیی سیاسی و دیموکراسیەوە.

## باسی دووەم

## میکانیزمی فرەیی سیاسی و هۆشیاریی سیاسی ڕامیاری

**دەستپێك:**

زۆرێك لەو كۆمەڵگەیانەی كە هەوڵی گۆڕان بۆ دیموكراسییەت دەدەن یەكێك لە كارە هەرە گرنگ پێویستەكانی كە دەبێت بیكەن بەدواداچوون و كاركردنە لەسەر ئەو میكانیزمانەی كە فرەیی سیاسییان لەسەر بەندە بۆ ئەوەی چارەسەرێكی ڕاستەقینەییان بۆ دۆخە سیاسیەكە پێبكرێت بۆ مەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سیاسی و هەوڵدان بۆ جێبەجێ كردنیشی، بەواتای ئەوەی بەكارهێنانی میكانیزمەكانی فرەیی سیاسی بۆ هاتنەدی نوێنەرایەتی كردنی دیموكراسیەتێكی ڕاستەقینەیە كە پێكهاتە جیاوازە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان هەر لە گرتنەئەستۆی دەسەڵاتی دەوڵەتدا نوێنەرایەتی دەكەن و لە خۆیدەگرن، ئەویش بە پاڵپشتی و لایەنگری میللەتەوە دەبێت، ئەو میكانیزمانەش بریتیین لە :

### یەكەم : دیموكراسی

تویژەرەكان ڕووبەڕووی قورسایی و بارگرانیەكی زۆر دەبنەوە لە كاتێكدا دەیانەوێت پێناسەیەكی ورد بۆ دیموكراسی بكەن، بەوەی ڕێككەوتنێك نییە بۆ پێناسەكردنی زاراوەی دیموكراسی لەلایەن تویژەرانی بوارەكەوە، دیموكراسی بەیەكێك لەو بابەتانە دادەنرێت كە زۆرترین گرنگی پێدەدرێت لەلایەن زۆربەی دەوڵەتانی جیهانەوە لەناویشیاندا **یۆنان** كە بە شاری بنەچەیی دادەنرێت لە ڕووە زمانەوانییەكەیەوە، ئەم زاراوەیە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەكان كە لە دوو ووشە پێكدێت دیمۆس Demos بەمانای میللەت دێت، و ووشەی كراتیا Kratia بەمانای فەرمانڕەوایی یان دەسەڵات دێت، هەردووكیان بە مانای دەسەڵاتی میللەت دێن كە لەڕووی زاراوەییەوە واتە میللەت فەرمانڕەوا هەڵدەبژێرێت و دەسەڵاتی میللی زاڵە، یان میللەت زاڵە بەسەر ئەو فەرمانڕەواییەی كە هەڵیدەبژێرێت(طعمة، ٢٠١٨: ٢).

ئەگەرچی ئەم شێوازە لە پێناسەیە نموونەییە (المثالية)، بەڵام تاكو ئێستا نەهاتووەتەدی كە فەرمانڕەوای كردنی میللەتە بە مانای ووشە كە "فەرمانڕەوایی میللەت لە بەرژەوەندی میللەت بێت"، بەڵكو وەكو ئەوەیە كە **ڕۆبەرت دال** بانگەشەی بۆ دەكات بەوەی "سستمی فەرمانڕەوایی

زۆرینەیە، لەبەرئەوەی پیادەکردنی دیموکراسی لە ئێستادا مەبەستەکەی لەوەدایە کە فەرمانڕەوایکردنی تاکی ڕەها لەگەڵ فەرمانڕەوایی کەمینەدا نەمێنێ، بۆ هاتنەدی فەرمانڕەوایی زۆرینە، کە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە فەرمانڕەوایی میللەت " (حوحو، ٢٠١٨: ٣٢٢).

هەندێکیتر وایدەبینن کە دیمۆکراسی تەنها شێوەیەك نییە لە شێوەکانی فەرمانڕەوایی، بەڵکو لەڕووی ماناوە پەرەیسەندووە، ئەم سیستمە بەندە بە یەکسانی نێوان تاکەکانەوە بۆ پارێزگاری کردن لە ماف و بەها مرۆییەکان(معروف، ١٩٩٣: ٣).

ئەگەرچی ئەم چەمکە لەڕووی تێگەیشتن  پەی بردنەوە سادە و ڕوونە، بەلاّم تێگەیشتن لەلایەنی پراکتیکی و هزرییەوە پەی بردنی گرانە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو جیاوازی دژبوونەی لە قوتابخانە هزریی و بونیادە کۆمەلاّیەتیەکاندا هەیە، لەگەڵ تێڕوانیینە هزرییەکان کە لە هەوڵی ڕاڤەکردنی دیاردەی دەسەلاّتدا بوون بەدەستپێکی ئەو بنەما و ڕێسایانەی دیموکراسی لەسەربەند بووە، تێکەڵبوونی بابەتی دیموکراسی لەگەڵ دەسەلاّتدا هۆکارە بۆ بەگرانی پەی بردن بە چەمکی دیموکراسی، ڕەنگە پێویست بێت هەموویان ڕێك بکەون لەسەر دیموکراسی کە یەکێکە لە شێوەکانی پیادەکردنی فەرمانڕەوایی کە ئەمە قسەکردن لەسەری بەهەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی دەمانگەیەنێتە سروشتی ئەو پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییە دیاریکراوانەی کە لە کۆمەڵگەدا باون. جیاوازی بابەتی دیموکراسی تەنها لە ناوەرۆکدا نییە بەڵکو تێدەپەڕێتە بواری پراکتیکییشەوە بەمە شێوەکانی پراکتیکی دیموکراسی و ئەو دامودەزگایانەی لێوەی سەرچاوە دەگیرێت جیاواز دەبێت بەپێی جیاوازی تێڕوانیینە هزریی و کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکان کە ڕاڤەی دەکات و بەرنامەشی بۆ دادەنێت بۆ جێبەجێ کردن لە ڕەوشە کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکە و کات وشوێنە دیاریکراوەکەشدا (حاجی،٢٠٢٠: ٥).

لەلایەکیترەوە دیموکراسی وەك میکانیزمێکی گرنگ و بنەڕەتی ناو میکانیزمەکان فرەیی سیاسی خۆی دەبینێتەوە  لە بڕیاردان لە بوونی مافی زۆرینەی سیاسی و ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی سیاسیی و شایستە بوون بەمافی یەکسانی بوون لەبەردەم یاسا و سەروەر بوونی یاسا و بڕیارەکانی بۆ هەمووان، بەو پێیە دەسەلاّتدار و ژێردەستەش دەگرێتەوە، ئەمە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە دیموکراسی بەواتای دەسەلاّتدارێتی زۆرینەش نابێت، بەو پێیە بەڵکو ڕێزگرتن و گرەنتی بوونی مافەکانی کەمینەشە، هەربۆیە هەندێك پێناسەی دەکەن بەوەی بریتییە لە

ڕێگەدان بە جۆری جیاواز لە بەرژەوەندی و بیروبۆچوون و چارەسەرە نێوەندییەکان(علي، ٢٠١٩: ٥٢٥).

ئینسکلۆپیدیای سیاسی پێناسەی دیموکراسی دەکات بەوەی بریتییە لە سستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە بەدەوڵەتەوە بەندە بەبوونی پرەنسیپی دادپەروەری لە نێوان تاکەکاندا لەگەڵ بەشداری کردنی سەربەستانە لە دانانی یاساکاندا کە ژیانی گشت ڕێك دەخات، بنەمای ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرەنسیپەی کە پێی وایە میللەت خاوەن سەروەرییە سەرچاوەی سەرەکی ڕەواییە( الشرعية)و فەرمانڕەوا بەرپرسە لەبەردەم نوێنەرایەتی کردنی میللەتدا و ویستیانی بەدەستە، و زیاتر کۆبیر دەکاتە سەر مافەکانی تاکەکان وەکو بنەمایەك بۆ دابین کردنی دادپەروەری و بەشداری کردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لەوانە سەربەستی قسەکردن و دەربڕین و بڕوابوون بە کۆبوونەوە و خۆهەڵبژاردن لە پۆستە گشتییەکاندا (الكيالي وآخرون، ١٩٨٦: ٧٥١-٧٥٥).

هەروەها"**ئەبراهام لنکۆلن**"لە بانگەشەیەکدا سەبارەت بە دیموکراسی ڕایگەیاند کە فەرمانڕەوای کردنی میللەتە بۆ میللەت و لەپێناو میللەتدا(راش،١٣٩٣: ٨٩).

دیموکراسی بەو مانایە دێت کە جیاوازی نەمێنێت لە نێوان چین و توێژەکان و کەمینە و زۆرینە لە کۆمەڵگەدا هەموویان پێکەوە مافی بەشداری کردنیان هەبێت لە بوارە سیاسییەکەدا و سەربەست بن لە بڕیارەکانیشیاندا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا خەسڵەتی شارنشینییە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا و پلەی بەشاریبوونەکەشیان نیشان دەدات.

سەرهەڵدان و گۆڕان بۆ دیموکراسی و چەسپاندنی وەکو سستم بەپێی قۆناغی جیاواز دەبێت لەو کۆمەڵگەیانەی سستمی داپلۆسێنەر و سەرکوتکاریان هەیە، کە دەیانەوێت دۆخ و سستمی سیاسییان بگۆڕن بۆ شێوازێکی نوێ کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکیدا بێت لە پێناو بەدەسکەوتنی سودی گشتی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەریاندا، کە دەستپێکی بە لاوازی و نەمانی دەسەڵاتدارێتیەکە دەبێت، ڕەنگدانەوەی ئەم پرۆسەیەش لەسەر دووبارە دابەشکردنەوەی هێز دەبێت بەوەی دەوڵەت بەشی کەمی لەو هێزەدا بەردەکەوێت کە ئەمەش لە بەرژەوەندی دامودەزگاگانی کۆمەڵگەی مەدەنییدا دەبێت، کە جۆرێك لە هاوسەنگییە لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا لەخۆدەگرێ، بەواتاییەی کە فرەژێی ناوەندی هێزی جۆراوجۆر و قبوڵ کردنی گفتوگۆی ڕامیاری سیاسی دەبێت

( عمر،٢٠١٦)، بەڵام چەسپاندنی دیموکراسی قۆناغی دوای گۆڕانە بۆ دیموکراسی، کە پێویستی بەکات و توانای زۆر دەبێت و بەشێوەیەکی پلەبەندی کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەدەکاندا بەردەوام دەبێت، هەروەك نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا، کە پێکهاتبوو لەچەند قۆناغێکی جیاواز، کە دەستپێکی بەنەمانی سستمی خۆسەپاندن بوو لە دەسەڵاتداریێتیدا و سەرهەڵدانی دیموکراسی نوێ و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئەم سستمە بنەچەیە بوو، ئەمەش لەکاتێکدا ئەم سستمە نوێیە دێتەدی کە ڕووبەڕووی هەموو ڕێگرییەکان ببێتەوە(سعیدي، ٢٠١٢: ٢٨٥ ).

ئەم گۆڕانە بەرەو دیموکراسییە لەو دەوڵەت و کۆمەڵگەیانەدا دەبێت کە ڕێزناگرن لە مافەکانی مرۆڤ بەمانا فراوانییەکەی و بنەمای زۆرینە لەبەرچاونەگرتن لەکاتی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا، کە شێوازی ئەو سستمە لەو دەوڵەتەدا دەگۆڕێت لە سستمی نەبوونی دیموکراسییەوە بۆ سستمی دیموکراسی کە بەندەبێت لەسەر چەند بنەمایەکی گرنگ هەروەك: **یەکەم:** مافی مرۆڤ لە سەربەست بوون و دادپەروەری بوون لە کارکردن و پێدانی بواردا. **دووەم:** بوونی دەوڵەتی دامودەزگای کە بونیادەکەی پێکهاتە بێت لە دامودەزگای مەدەنی و سیاسی لە بەرژەوەندی تاکەکانیدا بێت، سەرباری هەموو جیاوازیەکان. **سێیەم:** ئاڵوگۆڕی دەسەلات لەنێو هێزە جۆراوجۆرەکاندا بوونی هەبێت کە بنەمای زۆرینە بێت و مافی کەمینەش بپارێزرێت تیایدا (بشیر،٢٠١٧: ٦٢).

دیموکراسییەت لە ڕۆژئاوای لیبرالیدا بەندە بە بوونی پارتە سیاسیەکان، و ڕێکخستنەکان، و دەستەکانی ترەوە کە گوزارشت دەکەن لە ڕاوبۆچوونی میللەت، لەگەڵ بوونی هەڵبژاردنێکی بێگەرد و یەکساندا، پارتەکان و دەستەکان تیایدا کێبڕکێ دەکەن بەشێواز و ڕێبازی دیاریکراو لەسەر دەنگی پاڵێوراوەکانیان. هەروەها ناواخنی ئەم دیموکراسییە خۆی نیشان دەدات لە ڕێزگرتن لە ماف و سەربەستییە مەدەنییەکان و سیاسییەکانیشدا لەگەڵ کۆمەڵایەتی و ئابوریشدا، و پیادەکردنی پراکتیکیانەی ئەو مافانەش پیادەکردنێکی باش بێت لە ڕێگای بەژداریکرنەوە بێت کە بتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە بڕیاردانەکاندا لەهەموو ئاستە جیاوازەکان کە تاکەکان هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەکیان نەبێت لەکاتی دەنگدانیاندا لەسەر سندوقی هەڵبژاردنەکان (الدلیمي، ٢٠٠١: ٤٩-٥٠).

لەگەل هەمووئەمانەشدا ئەمرۆ ووشەی دیموکراسی تەنها خۆی پەناهەندە ناکات لە میکانیزمی هەڵبژاردنی یەك لەدوایەکیدا، یان چوارچێوەیەکی کیبڕکێی پارتەکان و یاسای زۆرینە، بەڵکو

دیموکراسی خۆی بەدەردەخات لەیەکێك لە مانا فراوانەکەیدا بەواتای "بەشداری کردن"دێت کە بەشدارییە لە بڕیاردان و چاودێریکردن و جێبەجێ کردن و لێپێچینەوەش لە ئەنجامەکانی، وەکو ئامانجێکیشە بۆ پێگەیشتنی کردەی کۆمەڵایەتی سەرەڕای جۆراوجۆری لە میکانیزم و شێواز و جێبەجێکردنەکانشیدا، بەڵام لە ناوەرۆکەوە بەندە بە بنەمای فرەیی سیاسی، کە کۆمەڵێك خەسڵەت و سیفات لەخۆدەگرێ کە گرنگن بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەوانە ڕێزگرتن لە پرەنسیپی ئاڵوگۆڕی دەسەلأت بە ئاشتییانە و چاودێری سیاسی و بەدەسکەوتنی هەندێ لە گرەنتییەکانی ڕێزگرتن لە مافەکانی هاولأتیان، ئەمانە تاکو چەندە پتەو و پاڵپشتیکەری بەهیزی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگاکان بن، ئەوەنەش بەشداردەبن لە جێگیربوونی دیموکراسی وەکو سستمێك بۆ فەرمانڕەوای کردن، چەسپاندنی دیموکراسیەکی نوێ لە نێو ئەو سستمە سیاسییەدا کە گۆڕاوە، بەمە کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە بناغەیەك کە دیموکراسی بەهەموو بەهاو دامودەزگاکانی و پەیوەندییەکانیشیەوە لەخۆدەگرێت(مفتاح ،٢٠١٨: ١١).

بۆ زیاتر تیشك خستنەسەر ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی پەیوەندییەکی توندوتۆڵە، دیموکراسی کاردەکات لە پێناو ڕێکخستن و چارەسەرکردنی کێشەکاندا کەلە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە بەوەی بنەما و ڕێسای تایبەت بەخۆی لەدەخۆگرێ بۆ فەرمانڕەوایی کردن و نەمانی ململانێ و بوونی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانە لەنێوان کۆمەڵەکاندا کە کێبڕکێ دەکەن و دەیانەوێت دەسەلأت بگرنەدەست، ئەمانە دەبنە بنەما و پێوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی، دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ بەشداری کردنی میللەت، و کاریگەرییان بۆ سەر بڕیارە سیاسییەکانیش دەبێت، ئەم دامودەزگایانە وەکو بڕبڕەی پشتی پرۆسەی داڕشتنی بڕیارە سیاسیەکانە، ئەگەر دیموکراسییەت بەمانای دانپێدانان و پارێزگاریکرن و پاراستنی سەربەستی ڕاو بڕوابوون و فەرمانڕەوای کردنی میللەت بێت سەرەڕای یەکسانی و دادپەروەری سیاسی و یاسایی بۆ هاولأتیان، ئەوا کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێزگرتنە لە مافەکانی هاولأتیان لە ڕێکخستن و کۆبوونەوە و زانین و ڕوونی و لێبوردەیشدا (طعمة ، ٢٠١٨: ٢٤).

ئەگەرچی عێراق لەدوای (٢٠٠٣)هەنگاوی نا بەرەو دیموکراسیەت، بەڵام داهاتووی ئەم دیموکراسییە پڕە لەنەهامەتی و هەڵە بەمەش ڕووبەڕووی مەترسی زۆر بووەتەوە، ئەویش بەهۆی دورکەوتنەوەی ئەو گۆڕانە لە بنەما سەرەکی و بنچینەییەکەی خۆی کە هەر گۆڕانێکی تر پشتی

پێ دەبەست لە دیموکراسیدا، کارکردنی ئەو دەستەبژێرە سیاسییە عێراقییانە بەشێوەیەکی جیاواز لەیەکن لەکاتێکدا کە مەرجی گۆڕینی هەندێك لە یاساکانی لەو گۆڕانەدا بوونی هەیە بەوەی کارکردنی ئەمان لەچوارچێوەی ململانێکارانەیە نەك لە چوارچێوەی کێبڕکێکاری یان ئاشتییانەدا بێت، دەستەبژێرەکان ئەوەندەی خۆیان وەك ئۆپۆزسیۆن دەردەخەن بۆ دەسەڵات ئەوەندە بۆ خزمەت کردنی ئەو دەسەڵاتە کارناکەن، لەپاڵ ئەمانەشدا گۆڕان بەرەو دیموکراسی لە عێراقدا (وەکو دەستور)تاکو ئەو کاتەی کە دەگۆڕێت لە گوماندایە کە گومانێکی مەترسیدارە تەنانەت ڕاست کردنەوەی دەستوریی زۆر دوورە لەو ماوە کاتییە دەستورییەی کە دانراوە کە بە ئارەزووی دەستەگەراییە سیاسییەکان و لە چوارچێوەی پارتێتی و دیاردەی پارتێتی دەکرێت زۆر دوورە لە یاساییەوە. تەنها ئەمەش نییە بەڵکو پێویستی بە کەشێکی سیاسییە کە ببێتە پاڵنەرێکی باش بۆ ئەم گۆڕانە، بەڵام ناڕوونی و دەستێوەردانی هەرێمی و کرانەوەی دەستەبژێری سیاسیی بەڕووی دەوڵەتە هەرێمییەکاندا بۆ قبوڵ کردن و دەستوەردانەکانیان زیاتر بوو وەك لە کرانەوەیان لەگەڵ یەکتریدا ئەمە لەلایەك ، لەلایەکیترەوە پەرلەمانیش نەبووەتە قوتابخانەیەکی پەرەپێدانی بۆ پاڵپشتی کردن لەم گۆڕانە بەڵکو هەر لەسەرەتاوە بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی تایەفەگەریی و نەتەوەیی و ئایینەوە وایکرد لاواز بێت و بەپێی پێویست نەبێت، جگەلەوەی هەڵبژاردنی دەستەبژێرەکانیش لە هاوڵاتییان نییە بەتایبەت هەژارەکان (عبدالله،٢٠١٠: ١٩٧).

بوونی ئەو دیموکراسییەش جیاوازە بە جیاوازی بیروبۆچوونی لایەنە سیاسییەکان و ئایدۆلۆژیاکەیان کە دابەشکاری سیاسی زۆر توند دەبێتە گەورەترین ڕێگری بۆ جێگیری ئەو دیموکراسییە، بەوەی لایەنە کەمینە بێبەشەکان لە عێراقدا هەوڵی تێکدانی ئەو دیموکراسییە دەدەن کە هیچ شتێکی بۆ ئەوان تیادا نییە، جا بەبێ بوونی ئەو کەمینانە و وەرگرتنیان لەو کۆڕەپانە بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ ئەوانی تردا ئەوا دەبێتە ناجێگیری لەو دیموکراسییەدا و هیوایەکیش نابێت بۆ مانەوەی، هەروەك ئەو جۆرە لە دیموکراسییەی کە لە عێراقدا هەیە کە لە جۆری سازانی دیموکراسییە (التوافقية) کە وەك ئەزموون لەماوەی دوای ڕزگاربوونی عێراق لە دەستی دەسەڵاتێکی تاکڕەویی لە سستمی سیاسیدا لە ساڵی (٢٠٠٣)دا کە سستمێکی داپلۆسێنەر بوو پەیڕەوکرا، کە کەمینەکانی لە خۆگرتبوو دوابەدوای ئەم ئەزموونە کۆمەڵەی توندڕە و تیرۆرست سەریانهەڵدا، ئەمانەش بوونەهۆی گەشەکردنی دواکاری کەمینەکان لە ئەنجامی ئاڵۆزی ناسنامەکان کە بەدرێژایی هەشتا ساڵ ئەم ناسنامانە پێکەوەگرێدراون، هەرئەمانەش کاریگەرییان دەبێت بۆ

سەر ئەو دیموکراسییە لەڕووی جێگیریەوە، بۆ گەڕانیان بەدوای ناسنامەکانیان لەکاتێکدا ئەگەر مافەکانی ئەم کەمینانە بەشێوەیەکی ڕێك وتەندروست نەیەتەدی، دەتوانن کە ڕێگری بکەن لە مەیلە دەسەلاتدارییەکان کە گەشە دەکات لە ژێر سێبەری فەرمانڕەوایی زۆرینەی دیاریکراودا (حمدو، ٢٠١٨: ٤٣١).

بوونی ئەم ناجێگیری بارودۆخەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەم شێوازە لە دیموکراسییە لە دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە دیموکراسییەکی ڕۆژئاواییە و نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگی پێ دەدات وەکو لایەنە کولتوورییەکە و بەهۆیەوە کولتوور و بەهاکانی خۆیانی دەگوێزێتەوە کە یەکێك لەو کۆمەڵگەیانەش عێراقە بۆتە توخمێکی کارا بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان، بەمە وادەکات ململانێ و قەیرانە یەك لەدوایەکەکان دروست بکات بەردەوامیش بێت لە نێو بەرە و هێز و لایەنە جیاوازەکان و ڕێککنەکەوتنیان بێت لە یەك نیشتماندا کە بواری باشتر دەڕەخسێنن بۆ چەسپاندنی ئەو شێوازە لە کولتوورە وادەکات کولتووری میللەتان و تەنانەت نەخشەشیان بسڕێتەوە و خۆی بەهێز بکات وەك تاکە هێز لەسەر ئاستی جیهاندا(محمد، ٢٠٢٠: ٤٠-٤١).

## دووەم : بەشداریکردنی سیاسی

سەرەڕای بوونی زۆری گرنگیدان بە بابەتی بەشداری کردنی ڕامیاری لە لایەن زاناکانەوە بەلام تاکو ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، هەروەك **"ئەلمۆند Almond"** پێناسەی دەکات بەوەی کە" تێپەڕ نابێت لە زۆری پێویستی و داواکاری بۆ بەشداری کردن لە داڕشتنی بڕیار لە سستمی سیاسیدا لەلایەن توێژ و کۆمەڵە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەوە"(عامر، ٢٠١٤: ١٥).

گەشەی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا بەهۆی بەشداری کردنی سیاسییەوەیە دەستنیشان دەکرێت کە تاکو چەندە تاکەکان توانیویانە بەشداربن و ڕۆڵێکی کارایان هەبێت لە هاتنەدی ئامانجە سیاسییەکاندا، هەرئەم بەشداری کردنە دەبێتە قوڵبوونەوەی هەستی بەرپرسیارێتی لای فەرمانڕەوا و ژێردەستە (الحاكم والمحكوم)، و دەبێتە هۆیەکیش بۆ پاڵپشتی کردنی بەکۆمەڵی، ئاگاداری بەشداربووەکان دەکاتەوە سەبارەت بەماف و ئەرکەکانیان، لەگەڵ فراوان بوونی باری هۆشیارییان، بەشداری کردنی سیاسی یەکێکە لە پێکهاتەکانی هۆشیاریی سیاسی کە دەتوانرێت بەهۆیەوە بزانرێت کە تا چەند ئەو کۆمەڵگایە پێشکەوتووە یاخود دواکەوتووە، لە کۆمەڵگەی

نوێدا وادەڕوانرێتە بەشداری کردنی سیاسی کە سووربوون و ڕۆڵگێرانێکی باشی تاکە لە ژیانی سیاسیدا بەوەی مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنی دەبێت لە دەستەی هەڵبژێردراوەکان یان گفتوگۆکردن لەبابەتە سیاسیەکاندا، یاخود مافی هاولاٚتیانە کە ڕۆڵیان لە پڕۆسەی بڕیارداندا هەبێت، هەر ئەم بەشداریکردنەش کاریگەریش دەبێت بە هۆکارە ژینگەیی و کۆمەلاٚیەتی و کولتووریی و ئابوریەکانیش، سەرەڕای بوونی کاریگەری داب و نەریت و بەها و کولتووری سیاسیش لەسەر سروشتی ئەو بەشداریکردنە، و پەرەسەندی سیاسیش لە کۆمەلگەدا (السليحات، ٢٠١٤: ٣٥١-٣٥٢).

بەشداری کردنی سیاسی جیا نییە لە هۆشیاریی سیاسی کە بەهۆی پەرەپێدانی سیاسیەوە دروست دەبێت، و وابەستەیە بە کولتووری سیاسی کۆمەلگەوە، ئەم کولتوورەش گیانی بەشداری کردن و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی گەشە پێ دەدات، بەمە تاکەکان واهەست دەکەن بەشێکن لە نیشتمان و وەکو هاولاٚتیەك توانای گوزارشتیان لە مافە سیاسییەکانیان دەبێت و قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی ژیانی سیاسی و کۆمەلاٚیەتی و ئابوری و کولتووری بەوەی تەنها ئەم بەشداری کردنە لایەنی ماددی ناگرێتەوە بەتەنها بەلکو لایەنە واتاییەکەشە وەکو بەها و هەست و سۆز و سەرپێبوون و ویستیش بووە بۆ گۆڕانکاری (المصري، ٢٠١٨: ٢).

بۆ ئەم مەبەستەش ئەم پڕۆسە دیموکراسییە پێویستی بەدەستەبەرکردنی بارودۆخێکی بابەتییانەی دیاریکراو دەبێت لەچوارچێوەی کولتووریی و ئابوریی و کۆمەلاٚیەتی و سیاسییەوە سەرەڕای ڕاڤەکردنیشی لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە، لەڕووە کولتورییەکەوە بەدەسکەوتنی کۆمەلێك بەها و ئاڕاستەیە کە بۆ تاکەکان دەبێتە ڕێنیشاندەرێکی تاڕادەیەك باش بۆ لە سیاسەت تێگەیشتن و گرنگیدانی سیاسی، لەڕووە ئابوری و کۆمەلاٚیەتییەکەشەوە دەستەبەری تاڕادەیەك لە سەربەستی دەکات بۆ تاکەکان و ڕزگاربوونیان لە پاشکۆیەتی بوونیان، بۆئەوەی هەست بە چەوساندنەوە نەکەن لەلایەن ئەوانی ترەوە بتوانن هەوڵی بەدەسکەوتنی بەرژەوندییەکان بدەن و پارێزگاریشی لێ بکەن لەگەڵ دەستەبەرکردنی تاڕادەیەکیش لە ئاستی فێرکارییان و لەدەست نەدانی پلەوپایەی کۆمەلاٚیەتیش بۆ ئەو کۆمەلاٚنەی کە گەشەدەکەن لە کۆمەلگەدا بەهۆی ئالۆز بوونی بونیادە کۆمەلاٚیەتیەکەیانەوە، لەچوارچێوەی یاسایی و سیاسیەکەشەوە سەربەستی ڕادەربڕینە لەگەڵ ڕێکخستنی شێوازی بەشداری کردنی سیاسی لە خۆدەگرێت(السوليميين، ٢٠١٦: ١٥).

ڕاڤەکردنی ئەم پرۆسەیە بە پشت بەستن بە تیۆری گەشەپێدان، زیاتر جەخت کردنە لەسەر بزاوتی نەتەوەیی تایبەت بە دەوڵەتانی تازە گەشەسەندە کە پشت بەستنە بە گەشەپێدانی ڕۆشنبیری(التنمية المثقفة) کە زیاتر کار لەسەر پرۆسەی پەرەپێدان و هاندان دەکات بۆ زیاتر کاریگەری کردنە سەر کۆمەڵگە و پاڵپێوەنانی بۆ چوونە ناو پرۆسەی بەشداری کردنی سیاسیەوە ئەویش بەهۆی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی نوێ لەگەڵ زیندوکردنەوەی بۆماوەی کەلەپوری سەرکەوتن و شانازییە کۆنەکان، لەڕێگای ڕێوڕەسمەکانەوە بۆئەوەی هەست و سۆزی خەڵکی بجوڵێنن، و جەخت لە یەکسانی و دادپەروەری بکەنەوە بۆ هەمووان (محمد، ٢٠٠٦: ١٢٥).

هەر ئەم بەشداری کردنە یەکێکە لە ڕووکارە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێ بەوەی لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا بە ئەرکێکی مەدەنی دادەنرێت لەسەر هاوڵاتییان، تاچەندە بەشداری کردنی سیاسی زیاد بکات ئەوەندەش کۆمەڵگە تەندروست و لەبار دەبێت، و دەبێتە باشترین هۆ بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی بۆ ژیانکردن، جگەلەمانەش لە توێژینەوەکانیدا سەلمێنراوە تاکو چەندە ئاستی خوێندن بەرزبێت ئەوەندەش بەشداریکردنی سیاسی زیاد دەبێت، و بەشدارییەکانی پیاوانیش زیاترن لە ئافرەتان، و لەشاریشدا زیاترە وەك لە لادێکاندا، و ئەندامانی پارتەکان و ڕێکخراوەکانیش بەشداری سیاسیان زیاترە لەوانەی کە ئەندام نیین تیایاندا (المصري، ٢٠١٨: ٣).

لەلایەکیترەوە بەشداریکردن لە کاروباری سیاسیدا لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە بەبێ جیاوازی کردن لە نێوانیاندا ئاماژەیە بۆ پێشکەوتن و ئاستی هۆشیاریی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، هەموو ئەمانەش بەهۆی زیادبوونی ئەو ڕێژە زۆرەوەیە کە دانیشتوان بەخۆیەوە بینیویەتی لە جیهاندا کە بەدوایدا کۆمەڵێك پێداویستی جۆراوجۆری هێناوەتە ئاراوە و توانایەکی زۆریشی پێویست بووە لە ڕووی لێهاتوویی و جۆراوجۆریەتییەوە بۆ دەستەبەرکردنی، بەوواتایەی کە هەردوو ڕەگەزە کە سەرچاوەی گرنگی ناو کۆمەڵگەن لە ڕووی ووزە و چالاکییەوە دەبێت بۆ مەبەستی گەشەپێدانی کۆمەڵگەکان بەکاربهێنرێن.

ئافرەتان بەشێکی سەرەکیین کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و مرۆییان هەیە، هەربۆیە دەبێت لە بابەتی سیاسیشدا بەشداری بکەن، و بەپێچەوانەوە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە، پەرەسەندنی بەشداریکردنی ئافرەتان لە ناوەندەکانی بڕیارداندا وادەکات گۆڕانێکی جۆریی لە هۆشیاریی ئافرەتاندا دروست بکات بۆ خودی خۆی و پەیبردن بە کێشەکانیان لەگەڵ

ئەوەشدا وا لە ئافرەتانی تریش بکەن کە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە سەرپێبوونیان هەبێت بۆ کارکردن لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا(جاداللە، ٢٠٠٧: ٣٤-٣٥).

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی کارایان دەبێت لە بەشداریکردنی سیاسیدا، کە وادەکەن تاك و کۆمەڵە و چینەکانیش بە بەرژەوەندی و ئامانجەکانیانەوە ببەستنەوە، بەمە هۆشیاریی بەشداریکردنی سیاسی و دروست بوونی متمانە لای تاکەکان دێتەدی بتوانن هەستەکانیان بە ئازادانە دەربڕن و گوزارشت بکەن لە بەرژەوەندی و داواکارییەکانیان، سەرەڕای جیاکاری نەکردنی ڕەگەزیش لە کایە سیاسییەکاندا کە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی پەرەسەندوو پێشکەوتوو کە ڕێکخراوەکانیش بە ئازادانە دەتوانن گوزارشت لەکار و پڕۆژەکانیان بکەن کە خزمەتی تاکەکانی پێدەکەن.

لە کوردستانیشدا کۆمەڵێك ڕێکخراو سەریانهەڵدا لەدوای ڕزگارکردنی لە دەستی ڕژێمی بەعس کە کار وچالاکی و پڕۆژەی تایبەت بەخۆیان هەبووە لەو ڕێگایەوە هەستاون بە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان و بەشداریکردنیان لە هەموو کایە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگە بەگشتی و بەشداریکردنی لە بواری سیاسیدا بەتایبەتی ئەمە ئەگەرچی وەك ئەوە نەبووە کە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا هەبووە، بەڵام تاڕادەیەکی باش شیاوی کۆمەڵگەی کوردی بووە بەوەی لە یەکەم هەنگاویدا هەڵدەستاوە بەم کارە، بەمەش وایانکردووە ڕەگەزی مێیینەش بەبێ جیاوازیکردنی جێندەری شان بە شانی پیاوان کاربکەن و جێگە دەستیشیان دیاربێت و ئاشنایان بکەن بە مافەکانیان، جگە لەوەی کاریان لەسەر مافی منداڵ و زۆرشتی تریش کردووە کە سیمای کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و پێشکەوتووی نیشان دەدا، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵدەستین بە خستنەڕووی خەسڵەتەکانی بەشداری کردنی دیموکراسی.

## خەسڵەتەکانی بەشداری کردنی دیموکراسی:

پرۆسەی بەشداری کردنی دیموکراسی چەند خەسڵەتیك لەخۆدەگرێت لەوانە :

أ-دەست پێشخەرییەکی یاسایی ڕەوایە بۆ هاولاَتیان کە مافی هەبێت لە دەنگدان و بەشداریکرنی لە بابەتە جیاوازەکان و کێشەکاندا.

ب-بەشداری کردنی لە گفتوگۆ کراوەکاندا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك سەبارەت بە بڕیارەکان لەسەر ئاستی خۆجێی، ئەویش بە خستنەڕووی کۆمەڵێك پێشنیاری دروستکەر لەڕێگای ڕێکخستنی دیموکراسی و ڕاوێژکارییەوە.

ج-دیموکراسی بەشداریکردن لەلایەکەوە و تەواوکەری دیموکراسی نوێنەرایەتیش لەلایەکیترەوە بەشداردەبێت لە بەهێزکردن و گرێدانی ڕۆڵی هاولاَتییان لە ژیانی سیاسیدا (فریال، ٢٠١٨: ٥٥٦).

بەشداری کردنی سیاسی یەکێکە لە بنەما بنەڕەتییەکانی بەرجەستەکردنی پرۆسەی گەشەپێدان لەسەر دوو ئاستدا خۆجێیی و نیشتمانیش، ڕۆڵێکی کارا و گرنگی هەیە لەداڕشتنی بڕیاردانی سیاسیدا، داڕشتنی بڕیاردانی سیاسیش پرۆسەیەکی بە کۆمەڵی تەواوکارە بەهۆی بەشداری کردنی سیاسییەوە دێتەدی وادەکات هاولاَتیان مافی بەشداری کردنیان هەبێت لەو پرۆسەیەدا پشت بەستووە بە بنەمایەکی فراوان لەبەشداری کردن، لە ژیانە سیاسییەکەدا خۆی لە دەستەبەرکردنی کەش و ژینگەی دیموکراسی ناوخۆیدا دەنوێنێت بۆ ئەو مەبەستە، کە پێکهاتەیە لە ڕێکخراوی حکومی و کۆمەڵەی بەرژەوەندییەکان و پارتە ڕامیاریەکانیش، بەمەبەستی گەشەپێدان و پەرەسەندن و چاکسازییە لەڕێگای هەوڵە هاوبەشەکانیانەوە (عامر ،٢٠١٤ :٢١).

## سێیەم: ئاڵوگۆڕی ئاشتییانە بۆ دەسەلاَتی سیاسی

ئاڵوگۆڕی دەسەلاَتی سیاسی و فرەیی پارتەکان یەکێکن لە پرەنیسپە گرنگەکانی سستمی دیموکراسییەت، کە لەناو کۆمەڵگەکان و دەوڵەتان و میللەتە جیاوازەکاندا لەسەر هەموو ئاستەکان جا هزریی بێت یان دەستەبژێری فەرمانڕەوا و پارتەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و شەقام گرنگی خۆی هەیە لە ئێستادا، جگەلەوەی ئەم ئاڵوگۆڕی دەسەلاَتە وەك ئەرکێکی پارتە سیاسییەکانە لەناو سستمی فرە پارتێتیدا لەڕێگای هەڵبژاردنە گشتییەکانەوە شێوازی ئاشتییانەی گۆڕینی دەسەلاَت

دیاری دەکەن کە ئاڵوگۆڕێکی ڕەواییانەی دەسەڵاتە بە شێوازێکی دیموکراسییانە، کە پێویستی بە ئامادەسازیەکی گشتی هەیە لە پێناو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا (مەحمود، ٢٠٠٩: ١٩٩).

"**مۆریس دیفرجیە** " وای دەبینێتەوە کە سەرهەڵدانی ئاڵوگۆڕی دەسەلأت وابەستەیە بە سەرهەڵدانی پارتەکانەوە لەگەڵ بەشداری کردنیان لە نوێنەرایەتی هەڵبژاردنەکاندا بەشێوەیەکی دیموکراسیانە کە لە ئەوروپادا وەسفی دەکات بەوەی کێبڕکێییە و مافی دەنگدان و بەشداری کردنێکی فراوانە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی دەسەلأتدا لە ماوە دیاریکراوەکاندا لە خۆدەگرێ، ئەو ئەزموونە دیموکراسییانە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت لەوانە:

١)قۆناغی دانپێدانان بە مافی نوێنەرایەتی، لێرەدا کۆمەڵەیەك سەریانهەڵدا لە شێوەی یانەی ڕامیاریدا(النادي السياسية) لەناو پەرلەماندا ئامانجیان ڕێکەوتن بوو لەنێوان ئەندامەکانیان.

٢)قۆناغی دانپێدانان بە مافی دەنگدان لە هەڵبژاردندا، کە لەسەرەتادا بۆ هەمووی کەسێك نەبوو لەبەرئەوەی پیادەکردنی هەڵبژاردن مەرجدار کرابوو بەپێدانی باج.

٣)قۆناغی دانپێدانان بە هەڵبژاردنی بازنەیی یان دوابەدوایەك یاخود دەوران(زغاشو، بەبێ بەروار: ٤-٥).

## چوارەم: ڕێزگرتن لەماف و سەربەستییەکان

سەربەستی پێویستییەکی خۆڕسکە و ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشانی تاکەکان بۆ ڕزگاربوونیان لە چەوساندنەوە و بەندایەتی و سەربەخۆبوونیان لە برا مرۆڤەکەی خۆی ، ئەم ووشەیە مانایەکی بەپێز و جێگەیەکی بەرزی لەهەموو زمانەکاندا هەیە کە تەنیا ئەوە دەبێتە ڕەواندنەوەی دڵەکان. ماف و سەربەستییەکان بابەتێکی گرنگی ناو ئەدەبیاتی هزری سیاسی هاوچەرخن، لە پەیوەندیشدا بەستراوەیە بە کۆمەڵگە مەدەنییەوە.

لەڕاستیدا ماف و سەربەستییە گشتییەکان تەنها لەیەك بنەما و پرەنسیپدا خۆیان بەدەرناخەن ، بەڵکو چەند پرەنسیپ و بنەمایەکن هەروەك سەربەستی کەسێتی و سەربەستی بیروڕا و سەربەستی ڕا، و هیتریش. لەلایەن بیرمەندانی ئەم بوارەوە پۆلێن و دابەشکاری جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەلأم توێژەرەکان کۆکن لەسەرئەوە کە دیموکراسی ڕێبازێکی سیاسیە هەوڵەکانی بەرەو هاتنەدی سەربەستی و یەکسانی سیاسیە، لەلایەن ئیشتراکییەکانیشەوە ئەم بیرۆکەیە دوورە لە

مادديەتەوە و پەیوەندی بە چۆنێتی پیادەکردنی حوکمڕانیەوە هەیە، کە ئەویش بەشداریکردنی بەشێکی زۆری تاکەکانە، و بەندە لەسەر بنەمای سەربەستی سیاسی(حوحو ، ٢٠١٨: ٣٣١-٣٣٢).

مافەکانی مرۆڤیش ئەگەرچی بابەتێکی نوێ نییە بەهۆی ئەم چەرخە نوێیەشەوە دروست نەبووە، ئامانجی جیاکاری نەکردنە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا و گرەنتی و پارێزەری مانای مرۆڤایەتییە لە هەموو بوارەکاندا، مافەکانی مرۆڤ بنەمای سەربەستی و یەکسانی و دادپەروەرییە، دەستکەوتنی ژیانێکی شایستەیە، بۆ گەیشتن بە توانای گەشەپێدانی تاك و کۆمەڵگە(علي، ٢٠٠٩: ٥٥٥).

لە ڕێبازی تاکێتیدا –سەربەستی لیبراڵی بەندە لەسەر بەرزڕاگرتنی تاك و پێدانی بەها وەکو ئەوەی کە جێگایەکی گرنگ و شایستەی هەیە لە سستمی سیاسیدا، دواتر دەسەڵاتی دەوڵەت کار دەکات لەپێناو خزمەت کردن بە ماف و سەربەستییە تاکە کەسییەکان، کە هەڵگری ووتەی خۆیانن بۆ ئەم مەبەستە کەدەڵێن "وازیلێبێنە کاربکات وازیلێبێنە بڕوات بەڕێی خۆیەوە" هەموو ئامانجەکەیان دڵخۆش کردنی تاك و پێدانی سەربەستییە لەلایەن کۆمەڵەوە.(شیتور، بەبێ ساڵ: ٤).

بەڵام ڕێبازی گروپی – کۆمەڵایەتی (ئیشتراکی) ئەمانە پێچەوانەی تاکێتین کە بەرز ڕاگرتنی گروپە و پێیان وایە لە سستمی سیاسیدا جیگای گرنگین، دواتر دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی لەپێناو ماف و سەربەستییە بەکۆمەڵییەکاندا کاردەکەن، تاك لەناو کۆمەڵدا دەتوێتەوە و لەناو سەربەستییە بەکۆمەڵییەکەدا ملکەچی کارکردن دەبێت، هەربۆیە زاراوەی ئیشتراکییەت بەکاردێنن کە هۆهێناوەی جۆراوجۆریان هەیە بۆ دەستوەردانی دەوڵەت لە بوارە جیاکاندا لەلایەك، و لەلایەکیتریەوە بۆ دوو مەبەستیتر بەکاردێت لەوانە:

**یەکەم:** ئەم جۆرە سەربەستییە بەکۆمەڵییە سەربەستی تاکەکانە لە دروست کردنی دەستە و کۆمەڵەو پارتەکاندا.

**دووەم:** ڕۆڵی میللەتە لە بەشداری کردن لە کاروباری دەوڵەت یان دیموکراسیدا(العام، بەبێ ساڵ: ٢-٤).

لە هەردوو ڕێبازەکەدا هەوڵدانە بۆ دەسکەوتنی سەربەستی و مافە مرۆییەکان، جا دەستپێکی بە تاك بێت یان کۆمەڵ یان کەمینە و زۆرینە گرنگ ئەوەیە بوونی هەبێت لە هەموو کایە و بوارە جیاوازەکانی ژیان و دامودەزگا و سستمە جۆراوجۆرەکانی بونیادە کۆمەڵایەتیدا، بەمە وادەکەن سیمای بەشاریبوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەدەربکەوێت بەوەی تاکەکان و کۆمەڵەکان بەئازادانە

دەتوانن لە کردنی کاروبارەکانیاندا دەربڕی بیرو هەستیان بن بەبێ هەست کردن بە دڵەڕاوکی و دوودڵی.

لەسەر ئاستی نیشتمانی عەرەبیدا دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ ئامادەبوونێکی ساختە و ناڕاستی لەخۆگرتووە، لەگەڵ بوونی سستمێکی سیاسی دواکەوتوودا، کە هەمیشە لەڕێگای دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەوڵی چەواشەکاری تاکەکانی داوە بۆئەوەی توانای بیرو هزرییان لە دەست بدەن سەبارەت بە جۆڵە و دروست کردنی گۆڕان لە بارودۆخیاندا کە پڕە لە نەهامەتی بێکاری و هەژاری کە هەمیشە بەشێوەیەکی تاك لایەنە و ستەمکارانە بڕیاریان داوە ئەم سستمە، بەمە هاولاَتییەکانیان لە حاڵەتی دڵەڕاوکێ و بێ ئومێدیدا ژیاون کە وای لێ کردوون بێدەنگ بن و ملکەچی ئەو سستمە داپلۆسێنەرەبن، ئەگەرچی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ڕاستەقینە بوونی نەبووە کە وەك دامودەزگای کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی بنوێنێت تەنها لە چوارچێوەیەکی دیموکراسی ساختەدا نەبێت، بەڵکو هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆ گرتنەبەری ڕێگاو ئاڕاستەی دیموکراسی ڕۆژئاوایی، دیموکراسییەت و مافەکانیش لە ئێستادا بوونەتە پێویستییەکی جیهانی، دیموکراسی ڕۆژئاوایی ئەمەریکی مێژووییەکی خراپی هەبووە تاوەکو گەیشتووە بەمەی ئێستا بەوەی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی شارستانیەتەکانەوە دروست بووە کە کولتووری کۆمەڵگەکەی گۆڕیوە و سڕیویەتیەوە کە بابەتی(چەپاندنی کولتووری) (التثاقف) بووە بە گرەنتیدانی تاکەکان بە بەشداری کردنیان لە بڕیاردانەکاندا وەکو مافەکانی مرۆڤ لەکاتێکدا یەکسانی کۆمەلاَیەتی و ئابوری مافەکانیان بەدەست نەهێنا کە دوو چەمك بوون ئیشتراکییەت لەسەر حسابی مافە سیاسییەکانیان هەوڵی بۆ دەدات.

دواتر هەوڵدرا بۆ گرتنەبەری ڕێگای سێیەم کە دیموکراسی جەختی لەسەر دەکاتەوە ، ئەویش هاتنەدی دادپەروەی سیاسیە کە بەشێکی زۆر لە یەکسانی کۆمەلاَیەتی و ئابوری لەسەر ئاستی هەندێك لە ناوچە عەرەبییەکان دەهێنێتەدی، بەلاَم لەڕاستیدا ئەمە دیموکراسی ڕاستەقینە نەبوو کە بەناوی دیموکراسیەوە خۆی تێهەڵکێش دەکات و لەدواشەوە پڕە لە زوڵم و ستەم(عبدالرحمن،١٩٩٩: ٨١-٨٢).

ناجێگیری و ناسەقامگیری هەرێمی کوردستان ڕێگا خۆشکەرە لەبەردەم هەموو جۆرە دەستوەردانێکی ناوخۆیی و دەرەکییدا لەلایەك و پارتە زلهێزە کوردییەکانیش لە لایەکیترەوە، هەر

ئەم پارتانە بەردەوام خزمەت بە دەرەوەی خۆیان دەکەن لەسەر حسابی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، لە ڕێگای بەکارهێنانی دروشمی ساختەوە وادەکەن ڕاو سەرنجی ناوخۆ و دەرەوە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن بەناوی داکۆکیکردن لە ماف وئازادی و سەربەستیەکان، کە پێچەوانەی ئەمە تیایدا بەدی دەکرێت تروسکایی ماف و سەربەستییەکان بوونی نییە تەنها بەڕێوەبردنەکە عەقلی خێلآیەتی و خزمایەتییە و خزمەت بە بێگانەیە .

## پێنجەم: سستمی سیاسی نوێنەرایەتی(التمثيلي)

ناتوانرێت قسە لەسەر هیچ سەربەستییەکی گشتی و مافێکی مەدەنی و ڕامیاری و هیچ فرەییەکی سیاسی بکەین ئەگەرهاتوو ئەو ژیانە سیاسییە بەند نەبێت لەسەر سستمی نوێنەرایەتی کە بڕوای بە بەشداری کردنی سیاسی نەبێت، کە ئەمە مەرجێکە لە مەرجەکانی بوونی فرەیی سیاسی لەناو میکانیزمەکانی دیموکراسییەتدا وەکو هەڵبژاردنی دوابەدوا یان بازنەی بێگەرد بۆ هاتنەدی پرەنسیپی ئاڵوگۆڕی دەسەلآتی سیاسیدا(علي،٢٠٠٩: ٥٢٨).

هەرئەم سستمی نوێنەرایەتییە وادەکات ڕێگا لەبەردەم تاکەکاندا ئاوەلآ بێت بۆ ئەوەی مافی هەڵبژاردنیان هەبێت، بەمەش هەڵبژاردنەکان باشترین ڕێگان بۆ وەرگرتنی پۆستە سیاسی و کارگێڕییەکان کە کاری گرنگیان خزمەتکردنی خەڵکە بەگشتی و هەموو ئەمانە بەهۆی بوونی ئەو بەشداری کردنە ڕامیارییانەوە دەبێت کە لە کەشێکی دیموکراسیدا و لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا دروست دەبن هاولآتیان دەتوانن ڕۆڵی سیاسی خۆیان بنوێنن بە ئازادانە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن خۆیان بۆ پۆستە بالآ و ناوەندیەکان بپاڵێون، بەشداری سیاسی دەبێتە هۆکار و ئامانج لە یەککاتدا، هۆکارێکە بۆ هاتنەدی ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵگە، و ئامانجێکیشە کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە پراکتیزەی ژیانی سیاسی خۆیان دەکەن(مەحمود، ٢٠٠٩: ١٦٥).

هەموو ئەمانەش وادەکات ئاستی بەشاریبوون زیاتر دەربکەوێت لە نێو خودی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا کە ئاستەنگ لەبەردەمیاندا کەمترە بۆ بەشداری کردنی سیاسیان لەو دۆخە ئازاد و ڕێپێدراوەدا.

دیموکراسی نوێنەرایەتی وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی تری دیموکراسی خۆی بەدەردەخات بەوەی میللەت هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی نوێنەرەکەی لەڕێگای هەڵبژاردنەوە لە پێناو گوزراشت کردن

له بیروڕا و خواستەکانیان، هەربەمەش هاولاَتییان هۆشیاریی و گرنگیپێدانەکانیان دەربارەی ڕاپەڕاندنی کاروبارە گشتییەکانیان زیاد دەبێت بۆ گرتنی ئەو کەلێن و کەموکورتییانەی کە لە دیموکراسی نوێنەرایەتیدا لە پێشتردا هەبووە ، بەمە پێویستی بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو چەمکە کلاسیکییەی دیموکراسی نوێنەرایەتی سەرهەلّدەدات کە فەرمانڕەوایی کەمینە بووە هەروەك **ئەرستۆ** گوزارشتی لێ دەکات دەلێت "هەر دەولەتیك هاولاَتییە هەژارەکانی بێبەش بکات لە مافی بەشداربوون ئەوا دەولەتێکی پڕ لە دوژمنە" ، دواتر چەمکێکی تر هاتە ئاراوە بەناوی دیموکراسی هەلّبژاردن کە مافی هەردوو ڕەگەزەکەیدا دەنگ بدەن و ڕای ڕاستەوخۆشیان هەبێت یان لە ڕێگا ئەنجومەنی نوێنەرایەتی هەلّبژێردراوەوە بە شێوەی دیموکراسی لە بەرنامە و سیاسەت و بڕیارەکانیشدا بەشداری بکەن (سراج، ٢٠١٩: ٢-٣).

پێدانی ئەم مافە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ جیاکاری نەکردن و بە گرنگ زانینی مافی هەردوو ڕەگەز کە ئەمە زیاتر خۆی دەردەخات لە کۆمەلّگەی بەشاریبووندا کە هۆشیاریی و تێگەیشتن و خوێندنەوەی زیاتر بوونی هەیە بۆ کارکردنی هەردوو ڕەگەزەکە بەتایبەت لە پڕۆسەی سیاسیدا ، و جەخت کردنەوە لەسەر مافی هاولاَتیبوونی هەردووکیان وەك دوو توخمی گرنگ و بێ جیاوازی لە نێوان کردنیاندا کە ئەمە پێچەوانەی کۆمەلّگەی دواکەوتووە .

هەموو ئەمانەش ئەوە نیشان دەدەن کە دیموکراسی بەبێ بوونی سستمی نوێنەرایەتی بوونی نییە، جا پێویستە هەلّبژاردن و دەنگدانەکان جێگای بڕوا و متمانەی تاکەکان بن بۆ بەرهەمهێنانی دامودەزگایەکی نوێنەرایەتی ڕاستەقینە بۆ هەموو پێکهاتە جیاوازەکان ئەویش بە جەخت کردنەوە سەر بوونی گرەنتی دەستوریی و یاسایی دەبێت بۆ ئەو پڕۆسەی دەنگدانە لەگەلّ بوونی بێ خەوشی و شەفافیەتدا، ئەو کات دەسەلاَتەکەی فەرمانڕەوایی دەکات هەلّقولاَوی ویستی بەکۆمەلّی میللەت دەبێت و گرەنتی مانەوە و گونجان و پێکەوەبوونیان زیاتردەکات. هەربۆیە ئەم سستمە بە سستمێکی باش و گونجاو لەقەلّەم دەدرێت بۆ نوێنەرایەتی کۆمەلّە جۆراوجۆرەکان بەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو فرەییە سیاسییە لە کۆمەلّگەدا پالّ بە لایەنەکانەوە دەنێت کە بەشداربن لە ژیانی سیاسیەکەدا بەهۆیەوە کۆمەلّگەی مەدەنی هاوچەرخ بونیاد دەنێن کە بەند دەبێت لەسەر بنەمای هاولاَتیبوون و گرەنتیدان بەمافە ڕەواکانیان(علي، ٢٠٠٩: ٥٢٩).

ئەمە بەو واتایە دێت کە ئەم سستمی نوێنەرایەتییە وابەستەیە بە دامودەزگای سیاسیەوە لایەنە سیاسیەکان تیایدا کار و چالاکییەکانیان دەخەنەڕوو بە پێی یاسا و دەستور و لەسەریانە پێداویستی کۆمەڵگە دەستەبەربکەن و چەق بەستوونەبن و نوێخوازبن، بە گۆڕانی کۆمەڵگە بگۆڕێن و سودی بۆ هاوڵاتییان تیادا بێت کە بتوانن مافە مەدەنییەکانیان پیادە بکەن و ئاستی هۆشیارییان بەرزبکەنەوە بۆ زیاتر پێشکەوتن و برەودان بە کۆمەڵگە.

## پوختە:

لەم باسەدا ئەوە بەدەردەکەوێت بوونی میکانیزمەکانی فرەیی سیاسی کە ڕۆڵێکی کارای هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسی و ڕاگرتن و مانەوەی گروپە کۆمەڵایەتی و سیاسیە جیاوازەکاندا بەوەی لە ڕێگەی ئەم میکانیزمانەوە وادەکات هەلی بەشداربوونی تاك و نوێنەرایەتی کردن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی لە نێو کۆمەڵگەدا زیاد بکات، بەمەش وادەکات ئاستی هۆشیاری سیاسیان زیاتر بەرزبکاتەوە بۆ داکۆکی کردن لە ماف و سەربەستییەکانیان. هەر ئەم فرەیی سیاسیە بووەتە پێوانەیەك بۆ بوونی دیموکراسی لە هەندێ لە دەوڵەتاندا بەجیا لە هەندێکی تر، لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی دیموکراسیش بابەتێکی گرنگ بووە کە جیاوازی و گفتی زۆر لەسەربووە، بەوەی پراکتیزە کردنی لە واقعدا جیاواز و نادیاربووە بە پێی کۆمەڵگەکان گۆڕاوە.

لە هەندێ لە کۆمەڵگەکاندا دیموکراسی تەنها وەکو سروتێك خۆی نیشان دەدات بەبێ ئەوەی لە ڕاستیدا ببینرێت و بوونی هەبێت، بەمە وادەکات مافی تاك و کۆمەڵیش پێشێل بکات و زۆر بە ڕوونی بە کۆمەڵگەکەوە دیاربێت. بوونی ئەم دیموکراسییە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنییدا دەبنە دوو ڕووی دراوێك و تەواوکەری یەکتری دەبن، هەردووکیان کاریان پێکەوە دەڕوات، بەمە هاوڵاتییان مافی پارێزراویان دەبێت و دەتوانن ئازادانە ڕاکانیان لەڕێگەی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە بخەنەڕوو بەوەی دەتوانن پشت بەستووبن بەکاری ئەم ڕێکخراوانەی ناو کۆمەڵگە بەمەش وادەکەن پەرەپێدانی سیاسی دیموکراسی دروست ببێت.

بەشداری کردنی سیاسیش وەك سیمایەکی دیاری کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا ڕۆڵی خۆی لە پاراستنی یەکسانی و دادپەروەری بۆ تاکەکان دەبینێت و دەبێتە

بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵگەکەش لە ڕووی هزریی و هۆشیارییەوە، هەر ئەم چەمکە وەکو پرۆسەیەکی سیاسی هەڵدەستێت بەگرتنەبەری هەنگاوە یاساییەکان و بەدەستهێنانی هۆکارە فیکری و مرۆییەکان بۆ هاتنەدی ئەو پرۆسە سیاسیە لە واقیعدا.

## باسی سێیەم

## پەیوەندی نێوان فرەیی پارتی سیاسی و هۆشیاریی مەدەنی

### دەستپێك:

دیاردەی فرەیی پارتی سیاسی دیاردەیەکی گرنگی ناو سستمی سیاسی دیموکراسی نوێیە بەوەی هەڵدەستێت بە کۆمەڵێك ئەرکی گرنگ ئەوانیش: ڕێکخستنی هزریی و پەیوەندییەکان و ئامادەکردنی هەڵبژێراوەکان بۆ بەشداری کردن لە ژیانی سیاسیدا لەگەڵ ڕێکخستنی بەشداری کردنە سیاسیەکان بەهۆی کۆکردنەوەی جەماوەرییەوە، بەواتایەکی تر واتە بوونی سەربەستی پارتەکانە لە گرتنە دەستی دەسەلاَت بەوەی پارتەکان دەتوانن ڕاو بیروبۆچوونەکانیان بە ئازادانە لەناو گۆڕەپانی سیاسیدا دەربڕن سەرەڕای بەرقەرار بوونی دۆخێکی سیاسی سەقامگیر کە ڕەنگدانەوەی لەسەر دۆخی کۆمەڵگەکە دەبێت ئەوا خۆشگوزەرانی و چاکسازی و ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافی هاولاَتیانیش بوونیان دەبێت، لێرەدا هەڵدەستین بە خستنەڕووی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان پارتی سیاسی و هۆشیاریی مەدەنیدا هەیە:

فرەیی پارتی سیاسی لەڕووی دروست بوونیەوە دیاردەیەکی نوێیە بەوەی مێژووی ڕاستەقینەی پارتە سیاسیەکان بەووتەی **مۆریس دیفرجیە**"بەنزیکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیەك".

بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییەش لە ساڵی (١٨٥٠)جگە لە نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمەریکای ناوەڕاست و باکور هیچ شارێك نەبووە لەجیهاندا کە فرەیی پارتی سیاسی زانیبێت بەمانا کەمووکورتییەکەی، بەلاَم لە کۆندا جیاوازی لە بیروڕا و یانە میللیەکان و کۆمەڵە هزرییەکان، کۆمەڵەی پەرلەمانیدا بوونیان هەبووە کە بەمانای تەواو پارت نەبوون، ئەمەش بەستراوە بووە بە پێشکەوتنی سستمی دیموکراسییەوە کە هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەو فراوانبوونەی ئەو پلەبەندییە بوو کە لە مافی دەنگداندا ڕوویدا بوو، کە مافی دەنگدان بۆ چینێکی دیاریکراو بوو کە خاوەن

موڵك و پیشەگەرەكان بوون كە باجیان دەدا، بەڵام لە (١٩٥٠)پارتەكان لەزۆربەی نەتەوە بەشاریبووەكاندا سەریانهەڵداوە، دواتر دەوڵەتەكانی تر لاساییانكردۆتەوە، دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لەپێش ئەو ساڵەدا هیچیان نەزانیووە لەبارەی پارتەكانەوە، دواتر وورده وورده بەشێوە و ناوەرۆكی جیاواز بەدەركەوتن لە كۆمەڵگە جیاوازەكاندا(خربوش، ١٩٩٣: ٤-٦).

پارتە سیاسیەكان لە بنەماكانی دیموكراسی لیبرالییەتدا لایەكیان كرتووە، دیموكراسی لە هزریی سیاسی رۆژئاوایدا مەبەست لێی سەربەستی دەربڕین و بەسەربەستی دروست بوونی كۆمەڵەكانە، بەڵام سەربەستی فرەیی پارتە سیاسیەكان ڕواڵەتیكی ناواخنی ئەو دیموكراسییەتە نیشان دەدات كە بەنەمانی ئەو فرەیی پارتە سیاسیانە ئەوا دیموكراسییەتەكەش نامێنێ ئەگەر زیادەڕۆیی نەبێت، فرەیی پارتە سیاسیەكان بۆتە كۆڵەكەیەكی بەهێز بۆ ئەو دیموكراسییەتە، سەربەستی فرەیی پارتی سیاسی لە زۆربەی ڕواڵەتەكانی تردا وەك سەربەستی كۆمەڵەكان لەگەڵ سەربەستی بیروڕا دەربڕینەكاندا خۆی بەدەردەخات، كە هەوڵدەدەن بۆ چاكسازی كۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و برەودان بە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی.

پارتە سیاسیەكان دەبنە قوتابخانەیەكی ڕاستەقینە بۆ پەروەردەكرنی میللەت و ڕۆشنگەركردنی و چاوكرانەوەیان بە ڕووی ماف و ئەركەكانیان بەوەی كار و ڕۆڵ و چالاكیيە بنەڕەتییەكانی ئەم پارتە سیاسیانە خۆیان لە هەڵسەنگاندنی دەسەڵات و دۆزینەوەی هەڵەكان و بەرپەرچدانەوە و ڕاستیكردنەوەیاندا دەنوێنن لەلایەك و پێشكەوتن و برەودان بە كۆمەڵگەش لە لایەكیترەوە(مهنا، بەبێ ساڵ: ٤١١).

فرەیی پارتی سیاسی واتە بوونی فرەیی لە هێز و بیروبۆچوونە سیاسیەكان و مافی پێكەوە ژیان، و گوزارشت كردن لە خۆیان، و بەشداری كردن لە بڕیارە سیاسیەكان لە كۆمەڵگەكەیاندا، هەر ئەم فرەییە واتە دانپێدانان بە بوونی جۆراوجۆرێتییە، كە لەسەر بوونی جیاوازی لە بەرژەوەندییەكانیان و ئەو شتانەی كە لەلایان جێگای گرنگی و لەپێشینەن دروست دەبێت.

ئەگەرهاتوو ئەم فرەییە لە چوارچێوەیەكی یاسایدا دروست بوو ئەوا بوونی ئەو جیاوازییانە هیچ ململانێیەك دروست ناكات كە هەڕەشە لە ئاسایشی كۆمەڵگە و مانەوەی دەوڵەت بكات. هەموو پارتێكیش لەو پارتانە بنەما و پرەنسیپی ڕێكخستن و هزریی و كۆمەڵایەتی خۆیان هەیە لەگەڵ یاسای ناوخۆییان هەڵیان دەسوڕێنێت، و بەرنامەی دیاریكراوی خۆیان هەیە كە ناسنامەی

کولتووریی و هزریی و ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی و پەروەردەیی لەخۆدەگرێ (الشميري، ٢٠١١). سستمی فرە پارتایەتی چەند پارتێك لەخۆدەگرێ جا سێ پارت بێت یان چوار و زیاتر و هیتریش لەگەڵ ئەوەی هەریەك لەم پارتانە بنکەی جەماوەری تایبەت بەخۆیان دەبێت کەم یان زۆر کاردەکەنەسەر ڕای گشتی، لە ڕووی بنکەی جەماوەرییشەوە نزیکی یەکتردەبن، ئەمە لە شوێنێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت بەپێی بارودۆخی نەتەوەیی و ڕەگەزی و ئایینی وادەکات هەڵگری خەسڵەتی تایبەتی خۆیان بن و لەیەکتر جیابن. لەبەربوونی سستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی وادەکات سستمی فرە پارتایەتی بەردەوام پارتی نوێ بێتە ئاراوە. ئەگەرهاتوو پارتەکان بچوکیش بن بەلاّم هیوای هەبوونی چەند کورسییەکی دەبێت لە ئەنجومەنی نوێنەرایەتیدا.

شێوەی دروست بوونی ئەو پارتە نوێیانە بەچەند شێوەیەك دەبێت، ئەوەیە پارتێکی نوێ دێتەکایەوە، یان پارتێك هەڵدەوەشێتەوە دوو پارت یان زیاتری لێ دەبێتەوە ، یان گروپێك لە پارتێك جیادەبێتەوە پارتێکی نوێ پێکدەهێنێت(محەمەد، ٢٠٠٢: ١٤٦-١٤٧).

هەرێمی کوردستانیش لە دوای ڕاپەڕینەوە پێکهاتەبوو لە کۆمەڵێك لە پارت کە هەریەکەیان کار و پرۆکرامی چالاکی تایبەت بەخۆیان هەبوو کە ژمارەیەکی دیاریکراو بوون، بەلاّم لە ئێستادا ڕێژەکەیان زیادیکردووە و هەندێکیان تێکەڵبوون و هەندێکیتریان جیابوونەتەوە لە پارتەکان کە ئەمەش بەهۆی دۆخ و بەرژەوەندییەکانەوە بووە کە پارتە کوردییەکان هەڵگری بوون.

هەر ئەم پارتە سیاسیانە لە شێوازی دروستبوونیاندا بە پێی کۆمەڵگە و ئەو ئامانج و بەرژەوەندییانەی کە هەوڵی بۆ دەدەن جیاواز دەبن، یەکێك لە ئامانجە خراپەکانی پارتە سیاسیەکان گەیشتنە بە دەسەلاّت، پارتەکان زۆر بەتوندی کێبڕکێ و ململانێ بۆ گەیشتنە دەسەلاّت دەکەن، ئەم دروستبوونی ململانێیە دەبێتە دووبەرەکی سیاسی و ناجێگیری باروودۆخ، کە هەریەك هەوڵی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەدەن بەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکاندا و هەموو ئەمانە وادەکەن تاکەکان هەست بە داڕمان و ڕوخانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بکەن، ئەگەرچی ئەم خراپیانە زیاتر دەبن لە بەشداری کردنی سیاسیدا تووشی لێکدابڕانیان دەکەن، ئەوا بڕوابوونیان بە سستەمی فرە پارتایەتی و تەنانەت بە سستەمی سیاسیش نامێنێت، و لەسەر ئاستی پارتەکانیش هەریەك بەرامبەر ئەوی دیکە هەست بە ڕق لێبوون و شەڕانگیزی دەکات و گومانی

زیاتر دەبێت لەکاتی مامەڵە کردنیاندا لەگەڵ یەکتری لە گۆڕەپانی سیاسیدا گومانیان زیاتر دەبێت( الشاهری، ٢٠١٨: ٩٩).

هەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) بەدەرنەبووە لەم دۆخە و پارتە سیاسیەکان کاریگەری تەواویان لەسەر کولتووری سیاسی و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووە بەوەی هەریەکەیان لەپێناو بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵاتدا چەندین کاریگەری خراپ و نەرێنییان بۆ کۆمەڵگە لێکەوتەوە و بوونە دەرکەوتنی دیاردەی جۆراوجۆری وەك ناڕوونی یاخود ناشەفافیەت لە پرسی سیاسی و ئابوری و پێشێلکردنی یاسا و ساختەکردن لە هەڵبژاردن و خزم خزمێنە و زۆرشتی دیکەش کە وای کردووە قەیران لە هەموو بوارەکاندا سەرهەڵبدات، ئەنجامی کاریگەرییە نەرێنیەکانیشی ببێتەهۆی دروست بوونی کولتووری مشەخۆری و بەرژەوەندیخوازی(محمد،٢٠١٩: ١٤٣).

هەر ئەم بەرژەوەندییە تایبەتییەی پارتەکان وایانکرد تا ئەو ڕادەیەی شەڕی براکوژیش ڕووبدات دواتریش ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە کاریکردە سەر هاوڵاتیان کە بڕوایان بەبوونی ئەو سستمی فرەییە نەمێنێت و سەرپێبوونیان(إنتماء) بەرامبەر بە نیشتمان لاواز بێت.

هەندێك پێناسەی دەکەن بەوەی کە فرەیی پارت بریتییە لە سەربەستی دروست کردنی پارتە سیاسیەکان و سەرپێبوونیانە (إنتماء)، یان بوونی پارتە سیاسیە جۆراوجۆرەکانە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، کە لەلایەن سستمە سیاسیەکەوە دانی پێدانراو بێت ، و بەشداری کردن لە ژیانی سیاسیدا بۆ گەیشتن بەدەسەلات پەسەند بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش فرەیی پارت واتە بوونی چەند پارتێك کە هێزێکی یەکسانیان هەبێت و هەریەکەیان نوێنەرایەتی سیاسەتێکی دیاریکراو بکەن تایبەت بە بابەت و کاری گرنگ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی.

پارتەکان لە ڕووی کاریگەریان لەسەر ئاڕاستەکان و ڕای گشتی و ژیانی سیاسیدا جیاوازی نێوانیان زۆرنییە، دواتریش هیچ یەکێکیان لەو پارتانە ناتوانن زۆرینە بەدەستبهێنن و دەستەی نوێنەرایەتی کردن وەرگرتنی دەسەلات بەتەنیا بگرنەدەست، لەبەربوونی ڕێکەوتن لە نێوانیاندا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیش جا هەر کێشەیەك بێت پێویستیان بە قبوڵ کردنی بەرژەوەندیی و ئایدیۆلۆژیای جیاوازی یەکتر دەبێت کە مانای هۆشیاریی سیاسیە، بەوەی هەریەکە بوار لەبەردەمیا ڕەخساوە بۆ نوێنەرایەتی کردن لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا (المجالس النيابية)، کە

ڕەنگدانەوەی ئارەزوو و ئاڕاستە جیاوازەکانن لە دەوڵەتدا (ربیع، ٢٠١٦: ٩-١٠). ئەمە بەو واتایەدێت کە گۆڕەپان لە بەردەم کۆمەڵە و دەستە جیاوازەکان کراوەیە لەبەشداری کردنیان بۆ دروست کردنی پارت کە خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شارنشینی و کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، ئەمانە نوێنەری تایبەت بەخۆیان دەبێت ، بوونی ئەم نوێنەرانەش دەنگی ئەو پارتانە بەدەردەخات کە هەڵگری بیر و هزری پارتەکەیەتی و بەردەوامییان بەستراوەتەوە بە گۆڕانی دۆخەکەوە و قبوڵ کردنی بەرژوەندییەکانی نێوان پارتەکانە کە نیشاندانی دۆخێکی دیموکراسییە و ڕابۆچوونی جیاواز لەیەکە و بوونی هۆشیاریی سیاسیشە لەهەمانکاتدا، پارتە سیاسیەکان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان دەبێت لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، کە بە دوو جۆر پرۆسەی هەڵبژاردن دیاری دەکەن **یەکەمیان**: هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکانی پارتە سیاسیەکان، **دووەمیان** : کاریگەری ئەم پارتانە لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردندا (الغرابیة، ٢٠١٦: ٧٢).

هەموو ئەمانەش ئەوە نیشان دەدەن کە پرۆسەی هەڵبژاردن هۆیەکە بۆ نوێبوونەوە و پێداچوونەوەی کارو پرۆگرامی پارتە سیاسیەکان و چەق نەبەستنیان لەیەك باردا لەلایەك و ڕاپەڕاندنی کاروباری میللەتیش لە لایەکیترەوە لەگەڵ پێدانی مافی هەڵبژاردن بە هەموو تاکەکان کە بەسەربەستی و ئازادی و بەبێ جیاوازی کردنی ڕەگەزیی کار لەو پارتانەدا دەکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و پێشکەوتوو بەشاریبوو.

چەند بنەمایەکی گرنگ بەشداری دەکەن لە دروستبوون و پاڵپشتی کردنی فرەیی سیاسی و پارتایەتیدا کە دەبێتە بنەمایەکی سیاسیش بۆیان لەوانە:

١-دانپێدانان بە ئەویتردا، و بنەمای پێکەوەژیان و تێگەیشتنی ئاشتییانە، ڕێزگرتنی لایەنی بەرامبەر، ئەمە بەشێك دەبێت لە ئاسایشی کۆمەڵگە.

٢-بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە لەبەرچاوبگرن لەپێناو جێگیربوون و گەشەپێدانی سامان و سەربەخۆبوونیان و پاشگەزبوون لە پاشکۆیەتی.

٣-ئەو فرەییە لە ناوەرۆکدا فرەیی بێت لە بەرنامە و پرۆژەدا کەخزمەت و پەرەپێدان بێت بە چاکسازی کۆمەڵایەتی گشتی، لەسەرەوەی ئەمانە گرنگیدان بێت بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و دواتریش ئابورییەکان و پەرەسەندنی پاڵنەرە سیاسیەکان بە ئاڕاستەی دیموکراسی و چەسپاندنی

پرۆسەی بەشداری کردن، لەناویشیاندا بابەتی مافەکانی مرۆڤ و بابەتی ژنان و فێرکاریی(کاطع، جودة، ٢٠١٣ : ٩٥-٩٦).

ئەم بنەمایانە وادەکات ژیانی تاکەکان پارێزراو بێت ماف و ئەرکەکانییان ڕوون و ئاشکرا بێت و هەنگاو بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بنێن کە بەرهەمی هۆشیاریی تاکەکان بێت لەبەرامبەر ئەو دۆخەی کە لەبەردەمیاندا دەگوزەرێت.

پارتە سیاسیەکان دەبنە مەڵبەندی فێرکاری بۆ میللەت بەوەی ڕۆڵێکی گرنگ و کارایان دەبێت لە کۆمەڵگەدا لە ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی و قوڵبوونەوەی هۆشیاریی ڕامیاری لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە، هەڵدەستن بە خستنەڕووی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە و هۆکارەکانیشی بەمەبەستی دۆزینەوە و پێشنیازکردنی هۆ و ڕێگای جۆراوجۆر بۆ چارەسەکردنی لەڕێگای گفتوگۆی کراوەی نێوان بۆچوونە جیاوازەکانەوە، جا ئەمە ئەگەرهاتوو میللەت بەشدار بوو لە بابەتە گشتییەکاندا و بتوانێت بڕیاربدات ئەوا ئەو بڕیاردانە نزیکتر دەبێت لە ڕاستییەوە(الصاوي،١٩٩٢: ٢٢).

دروستبوونی ئەم پارتە سیاسیانە لای هەندێك لە شارەزایانی بواری سیاسی گرێی دەدەن بە پەرەسەندنی نۆرمەکانی نوێگەرییەوە و لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایدا، هەروەك ئابوری بازاڕ و، تۆڕەکانی پەیوەندی کردن، و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری، و زۆربوونی توانای پیشەسازی جیاواز و دیاردەی بەشاریبوون و هیتر، لێرەدا "**لیبست ڕوکان**" (Lipset & Rokkan ) وایدادەنێت کە سستمی فرەیی پارتێتی لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا لە ئەنجامی سێ هۆکاری سەرەکییەوە سەریهەڵداوە و بەشداردەبێت لە پڕۆسەی نوێگەری (التحديث) لەو کۆمەڵگەیانەدا ئەوانیش: بزاوتی چاکسازی ئایینیە، ئەو شەپۆلە دیموکراسییەی کە زۆربەی دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوایی لەپاڵ شۆڕشی پیشەسازیدا گرتەوە، لەگەڵ پڕۆسەی بەپیشەسازیبوون کە"**صامۆئیل هنتنگتۆن**" بە هۆکارێکی بنەڕەتی دادەنێت لە سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، کە زیاتر کرێکار لە ناوچەی پیشەسازیدا بوون، ئەمانە بوونەهۆی دەرکەوتنی کارلێکە سیاسیە نوێیەکان لە ناوییشیاندا پارتە سیاسیەکان بوون، وەکو هۆیەك لە هۆیەکانی پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییە ڕەواکانی چینی کرێکار بەڕووی خاوەن سەرمایە و بەرژەوەندییە سەرمایەدارەکاندا(زغاشو، بەبێ بەروار: ٥-٦).

دروستبوونی پارتە سیاسیە جیاواز وجۆراوجۆرەکان لە عێراقدا هۆکاری جیاوازی خۆی لەپشتبووە کە هەڵقوڵاوی دۆخێکی ناسەقامگیربووە بەوەی دوای تێپەڕبوونی (٣٥) ساڵ لە فەرمانڕەوای کردنی ناوەندی کە هەژموونی سستەمی یەك پارتی بووە ڕێگای بەهیچ پارت و کۆبوونەوەیەك یان ڕێکخستنێکی ڕامیاری نەداوە تا پشێوی نەکەوێتەوە بۆ سەر ئاسایش، تێکدانی ئەو بارودۆخە دروست نەبێت کە لە بەرژەوەندی ئەو تاکە پارتە زلهێزەدایە کە هیچ ڕێگای بۆ ئازادی و سەربەستی کۆمەڵەکانی تری تیادا نەبوو، لەساڵی (٢٠٠٣) لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس گۆڕەپانی سیاسی عێراقی کۆمەڵێك لە پارت و هەیکەلی ڕێکخستنی بەناوی فرەییەوە هاتنە ئاراوە هەندێکیان ئیسلامیبوون و هەندێکیتریان عەلمانیبوون، هەندێکیان لە شەقامی عێراقیدا ناسراو بوون و مێژووی دووروردرێژیان هەبووە لەگەڵ شارەزایی لە بواری سیاسی بەرەی ئۆپۆزسیۆنیدا، هەندێکیتریان لەدوای ئەو ساڵەوە سەریانهەڵدا کە دەیەها پارتی جۆراوجۆر بوون و سودمەندبوون لە سەربەستی بارودۆخەکە و لەسەری دروستبوون.

زۆری ژمارەی پارتەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆبوونەوەکان لە عێراقدا بەحاڵەتی تەقینەوە وەسف دەکرێت، بەوەی لەماوەیەکی کەمدا ئەمانە سەریانهەڵداوە ژمارەیان لە زیادبووندا بووە هەربۆیە ئەم سستمی فرە پارتایەتییە کۆمەڵێك ئاماژە بەڕووی ئەم پارتانەدا تۆمار کردووە کە بڕیار لەبوونی دۆخی عێراق دەدات لەدوا ئەو ماوەیەوە کە ڕزگاری بووە وای کردووە تەنها لەشێوەدا وەك فرەیی پارتبوون دەرکەون نەك لەناوەرۆکدا لەوانە:

١-پیادەکردنی چالاکییە سیاسیەکان بەشێوەیەکە کە دژ و پێچەوانەی بنەماکانی کۆمەڵگەی عێراقین.

٢-هیچ یەکێك لەم پارتانە بەرنامەیەکی ڕوونیان نەبووە لەدوای (٢٠٠٣)زۆرینەیان لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان ئامانجیان تەنها ڕووخانی سستەمکە بووە، جوڵانەوەیان بووە لەچوارچێوەی سەربەستییەکان و فرەیبوونی سیاسیدا کە ئەمە هەنگاوە بۆ دیموکراسی.

٣-هیچ یەکێك لەم پارتانە زانیاری تەواوی نییە لە پیادەکردنی سیاسیدا سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ سستمی پەرلەمانیدا، لەبەرئەوەی دروست بوونی ئەم پارتانە و بنەمای کارکردنیان تەواو نهێنی و شاراوە و توند بوو.

٤- بونیادی ڕێکخستنی زۆربەی ئەم پارتانە لەسەر ناسنامەی عێراقی نەبووە، بەڵکو تیرە و ڕێباز ورەگەزی بووە، ئەمانەش بوونەتە هۆی لاوازبوونی چەمکی هاولاَتیبوون و پاڵشتی کردنی نیشتیمانی(الولاء) کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵە بێت.

٥-نەبوونی دیموکراسی لە چوارچێوەی ڕێکخستنی و دامودەزگاییەوە لەگەڵ یەکتردا لەلایەك و لەگەڵ خەڵکیشدا لەلایەکیترەوە.

٦-نەبوونی بڕوا لە نێوان پارتەکان وادەکات هەڵوێستی خراپیان لەبەرامبەر یەکتردا هەبێت(صالح، ٢٠٠٨: ٢١٢).

دەتوانرێت بوترێت کەوا پارتەکان هەڵگری ئایدیۆلۆژیای تایبەت بەخۆیانن و پارێزگاری لێ دەکەن لەبەرئەوەی سەرچاوەی ئامانجەکانیانە و پارت دەیەوێت بهێنێتەدی، ئەو ئامانجانە پاڵنەرێکیشن کە وادەکەن پارت و وابەستەیەکی کۆمەلاَیەتی ڕێکخراویش دروست بکەن، بەمە ئامانجەکان یەکەیەکی تایبەت دروست دەکەن کە پارت بوونی خۆی تیادا دووپات دەکاتەوە وەکو توخمی بەردەوامی و مانەوەیە بۆی، بەلاَم لەهەمانکاتیشدا هاتنەدی ئامانجەکانی پارت لە گرتنەدەستی دەسەلاَت وادەکات جیاوازیش دروست بکات، هەر بوونی جیاوازیەکان پاڵ بەو کۆمەڵە یەکگرتووەوە دەنێت بۆ دابەشبوونی بۆ پارتی بچوکتر لەخۆی، لەبەرئەوە دەبیینین پارتەکان ئامانجی ستراتیجی دروست دەکەن کە پێویستی بە تەمەنێکی درێژی کۆمەلاَیەتییە بۆ هاتنەدی. پارتە سیاسیەکان دیاردەیەکی کۆمەلاَیەتیین کە لایەنێکی گۆڕاوی هەیە کە کۆمەڵێك لەتاکەکان سەرپێبوونیان بۆ دەکەن، لە هەندێ کاتدا پارتەکان ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە، ئەوەی دەرکەوتووترینە بریتییە لە دووجەمسەریی سیاسی کە لەبەرامبەر پرەنسیپدایە پەیوەندییەکی پێچەوانەیان هەیە، ئەگەرهاتوو ئەم پرەنسیپە زیاتر بچەسپێت لە ناخی جەماوەریدا ئەوا دیاردەی دوولایەنە کەمتر دەبێتەوە(الربیعي، بەبێ بەروار).

پارتەکان لە دروستبوون و پەرەسەندنیاندا پەیوەندییەکی توندو ئاڵۆز و جۆراوجۆریان هەیە بە جیاکاری کۆمەلاَیەتی و چین و ململانێی چینایەتییەوە، پارتەکان بەهۆی ژیانە دوولایەنەکەوە دروست دەبن بەوەی هەر کارلێکێکی بەکۆمەڵی لەژیانی گشتیدا کە بووەتەهۆی دروست بوونی پارتەکان ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە کۆمەلاَیەتییە دیاریکراوە بووە کە تیایدا ژیاون هەروەك تۆڕی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان تاکەکان و سەرکردە تێکۆشەرە چالاکەکاندا هەیە کە تەنها

ئەندامێکی ئاساییبوون، پێکەوبەستراوبوون بە پەیوەندییەکی کارلێکییەوە، بەدەسکەوتنی ئەو پەیوەندییەش بەهۆی بوونی سەرچاوەی جیاواز و نایەکسان بووە کە سەرکردە هەیبووە بەسەر ئەندامە ئاساییەکانەوە هەروەك بوونی ناوبانگی جیاواز لە بوونی هێز کە هەندێکیان دەسکەوتی دارایی و کارگێڕییان هەیە وەکو سیفەتێکی بەرپرسیارێتی لەسەر ئاستی نیشتمانی، هەندێکتریان لە ئەندامانی پارت کە هەڵبژێردراون و هەندێکیتریشیان پاڵێوراون بۆ ئەو مەبەستە، هەرلەناو ئەم تۆڕانەدا دڵەڕاوکی لەنێوان کەسەکان و لایەنگرەکانیدا بوونی دەبێت، کە پاڵپشتی بوون تیایدا کەم دەبێتەوە بەمەش دوژمنایەتی دروست دەکەن، وا لە ئەندامانی ناو پارتێك دەکات کە هاوبەشی بیروڕایان هەیە لەیەکتر دابڕێن کە ئەمە گومانی تیادانییە(محمد، ٢٠١٦: ١١٥).

توێژینەوەی زۆرکراوە، لەسەر بوونی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان پارتی سیاسی و چینە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە، کە لە تیۆری **مارکسدا** ڕەنگیداوەتەوە و بووەتە تەوەرێکی گرنگ لەباس کردنی سیاسەت و دەوڵەتدا. سەرەڕای بوونی توێژینەوەی تریش کە باس لەپەیوەندی توندوتۆڵی نێوان بەرژەوەندییە چینایەتییەکان و سەرپێبوونیان بۆ پارت و هەڵبژاردن و دیاریکردنی  هەڵبژاردنەکان دەکات، ئەم پەیوەندیانەش سادەنین هەروەك مارکس لەبارەیەوە دەدوێت.

پارتەکان دووبارە خۆیان لە توخمە جۆراوجۆرەکانی ناو چوارچێوەی نەتەوەییدا دەنوێنن، گرنگی بەکاروبارە گشتییەکان دەدەن زیاتر لە بەرژەوەندی چینایەتی و هەرێمی، بەوەی بۆچوونی هەڵە بوونی هەبوو لەپێشوتردا کەباسیان لە بیرۆکەی نەتەوەیی دەکرد وەکو بیروبڕوا و ئایدیۆلۆژیەك کە وابەستەیە بە ئایین و بەرژەوەندی چینایەتییەوە(بوتومور،١٩٨٣: ٢١٧-٢١٨).

زۆربەی پارتە سیاسیەکان، ئەوانەی کە شێوازی ئاشتییانە دەگرنەبەر بۆ گەیشتنە دەسەڵات لەژێر سێبەری فرەیی و هەڵبژاردنەکاندا بڕوایان بە سستمی دیموکراسییە بەوەی شێوازێکە بۆ فەرمانڕەوایی کردن و بەشداری کردن لە چوارچێوەی  فرەیی پارتایەتیدا، تەنانەت هەندێجاریش لە گۆڕەپانی سیاسیدا پارتی کێبڕکێکەر نابینیت ، بەم جۆرە ئەو پارتانە دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بەکردەوە و کردار لەو کۆمەڵگەیانەدا دێننە ئاراوە.

لەبۆچوونی پارتەکانەوە و پەیوەندییان بە جەماوەرەوە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات یان لەکاتی ئۆپۆزسیۆنیدا، لە چوارچێوەی پەیوەندیی ڕێکخستنی ناو پارتەکەدا  پێوانەی دیموکراسی بونیاد

دەنێت وەك پشت بەستن بە بنەمای زۆرینە لە بڕیارداندا، لەگەڵ بەشداریکردنێکی کارا بۆ ئەم پڕۆسەیە، و پشت بەستن بە بنەمای سەرۆکایەتی بەکۆمەڵی لە هەندێ لە پارتەکان، یان پشت بەستن بە بنەمای زۆرینە لەناو دامودەزگای بڕیارداندا هەروەك دەستە و مەکتەبی سیاسی و هیتر کە ئەمانە بنەمای کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانن و مافی تاکەکان و پارتەکان تیایاندا پارێزراون، بەچاوپۆشین لە بوونی جیاوازییەکان لە جەوهەری کارەکانیان لەکاتی بەشداریکردنیان لە کاری پارتێتیدا هەروەك شورا و دیموکراسییەت و نەبوونی مەرکەزیەت و هیتریش. ئەم پڕۆسەیە جیاواز دەبێت لە هەندێ دەوڵەت و کۆمەڵگەکانی تردا بەوەی بڕیارەکان بە کەسێتی دەکرێن لەناو زۆربەی پارتەکاندا بەمەش دیکتاتۆری دێنێتە ئاراوە، نهێنیەك لە پشتی ئەم حاڵەتەوە کە سروشتی ڕێکخستنی پارتێتی لەدەوڵەتی تازەپێگەیشتوودا پێ وەسف بکرێت بەرهەمی ئەو پەیوەندییە خراپەیە کە لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا هەیە، ئەو نهێنیە دەمێنێتەوە تاوەکو دەسەڵاتەکە وەردەگرێت، بەجیاواز لە پارتەکانی دەوڵەتە ئەوروپییەکان کە ڕاگەیاندن تیشك دەخاتە سەر هەر بابەتێك کە جیاوازی دروست بکات لەناو یەك پارتدا(الربيعي،بەبێ بەروار).

ئەمە ئەوەدەگەیەنێت کە هەمان سیستم و ڕێکخستن لەڕووی فرەیی پارتێتی و کاروبارەکانیەوە دەگۆڕێت بەگۆڕانی کۆمەڵگەکان، کە هەندێکجار نا ناسرێنەوە وەك ئەوەی کە هەن و دروستیشبوون لە بارودۆخێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا بەوەی بارودۆخەکە بڕیار دەدات لەسەرچۆنێتی و شێوازی ئەو سستمانە و پەیڕەوکردنیان لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە، بەڵام گۆڕانکاری لەو سستمانەدا دەکەوێتە سەر هۆشیاریی تاکی ئەو کۆمەڵگەیانە و تاچەندە دەتوانن بە ئازادانە و سەربەستانە بەشداری بکەن لە پڕۆسە سیاسیەکەدا وبەکاریبهێنن بۆ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەکەیان و بەرقەراربوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و بەشاریبوو.

لە کوردستانیشدا نەك دروست بوونی پارت بەڵکو دروست بوونی پەرلەمانیش کە داکۆکیکار لە مافی تاکەکان بە ئاسانی ناناسرێتەوە بەوەی هەژمونی ئەو پارتە زلهێزانە کاریگەرییان لەسەر کارەکانیان هەیە بەمەش وادەکەن بە پێی پێویست نەبن لە کۆمەڵگەدا لە کاتێکدا لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی یاساداناندان، بەمەش دەزگاکانی ڕاگەیاندنە ناوخۆیی و ڕێکخراوە ناحکومیەکانیش ناتوانن وەك پێویست کاربکەن و ڕوماڵی ڕووداوەکان بە ئازادانە بکەن بەوەی هەمیشە لە ململانێی دەسەڵاتدان و قۆرخی هەموو دامودەزگاکانیشیان کردووە بەجۆرێك کە

گەندەڵی و زەوتکردنی مافەکان ببێتە دیارترین سیمای کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا کە ئەمەش وادەکات دواکەتووی دروست بکات لەڕووی بەشاریبوون و بوونە کۆمەڵگەیەکی مەدەنییانە.

## پوختە:

پارتە سیاسیەکان لە ناو سستمە سیاسیەکەدا پێویستییان بە ژینگەیەکی دیموکراسی هەیە، کە وابکات ببێتە چەسپاندنی دەوڵەتی دامودەزگایی و گرەنتی سەربەستییەکان و مافە ڕەواکانی تاکەکانی بکات. بەمە پارتەکان و کۆمەڵەکانیش دروست دەبن کە مۆرکێکی سیاسیان هەیە وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی لە ناو پێکهاتەکانی سستمە سیاسیە هاوچەرخەکاندا.

پارتی سیاسی گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەت لەژێر سێبەری بارودۆخە جیهانیدا، کە چەمکی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ جێگەی خۆیان تیادا جێگیرکردووە، هەربەمە وایکردووە جۆرێتی لە نەتەوە و ڕەگەز و ئایدیۆلۆژیا لەخۆبگرێت و یاسای تایبەت بەخۆی هەبێت بگونجێ لەگەڵ دۆخە هاوچەرخەکەدا و دانپێدانراو بێت بۆ ئەوەی بەریەککەوتن دروست نەبێت، بەمەش ڕێزگرتن و پارێزگاریکردن لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە لە ئارادابن .

لەکوردستاندا لەدوای ساڵی (١٩٩١) دا پارتە سیاسیەکان خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەدەرخست، لەدوای ئەو سستمە ستەمکارەی ڕژێمی بەعسەوە کە ڕێگای بەبوونی فرە پارتی و دەربڕینی بیروڕای نەدەدا، دەرکەوتنی ئەم پارتە سیاسیانە بە ئایدیۆلۆژیای تایبەت بەخۆیانەوە کاریان بۆ برەودان و بوژاندنەوەی شار و شارۆچکەکان دەکرد و سستمێکی نوێیان لە فەرمانڕەوای کردن پەیڕەو دەکرد، دوابەدوای ئەمانەش هاتنە ئارای زۆرێك لە ڕۆژنامە و گۆڤارە سیاسیەکان، کە کاریان لەسەر گەشەپێدانی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی کردەوە، جگەلە دەرکەوتنی کەسێتی سیاسی لە کوردستاندا .

هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆ بەرەو پێشچوونی کوردستان بەجیاواز لە پارێزگاکانی تری عێراق، لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ململانێ و پێکدادانەکان لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا دروستبوون لە ئەنجامی بەریەککەوتنی ئایدیۆلۆژیایی تایبەت کە بە مۆرکێکی چینایەتی و نەتەوەیی و خێڵەکی و خێلایەتییەوە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، دواتر هەموو بەشەکانی تری عێراق ئازادکران و پاککرانەوە لەو دەسەڵاتە سیاسیە داپڵۆسێنەرە بەهەمان ئەندازەی کارکاردنی سیاسی

له كوردستان پارێزگاكانی تریش كاریان دەكرد لەو بوارەدا ئەگەرچی سەرەتا دەركەوتنی كۆمەڵێك پارت بوون بەلأم لەدواتردا ژمارەیان زیادیكرد و بابەتەكان لە ڕاستیدا بەرەو ئاقارێكی تر دەبرا، لە كوردستانیش بەهەمان شێوە شەڕی برایەتی لەنێوان دوو پارتی دەستڕۆیشتوودا لە قەوارە و لایەنگری جەماوەری دروست بوو هۆكاربوو بۆ گۆڕینی شێوازی بەجەستەكردنی پارتی سیاسی لە كوردستاندا تەنانەت تێڕوانین و ڕاڤەكردنیشی، سەرەڕای دروستبوونی پەرلەمان و مافی بەشداری كردنی هاولأتییان، بەلأم تاكو ئێستاشمان نەیانتوانیوە ڕۆڵی خۆیان وەك پێویست ببینن و ببنە فریاد ڕەسی تاكەكانی ناوی بەوەی هەژمونی پارتی دەسەلأتداریان لەسەرە كە هەریەك لەم پارتانە لە دوو زۆنی جیاواز بەیەكدا دەگوزەرێن بە عەقڵی خێگەرایی و خزمایەتییەوە كاروبارەكان بەڕێدەكەن نەك وەك ئەوەی كە هەیە لە كۆمەڵگە پێشكەوتووەكاندا، كە ئەمانەش هەموویان دەبنە هۆكارێكی گەورە بۆ دواكەوتنی كۆمەڵگە لە ڕووی پلەی بەشاریبوونەوە لەگەڵ نزمبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی تاكەكانیش بەوەی چیتر ناتوانن دەبڕی بیروڕا سەربەستەكانیان بن و بتوانن لەڕێگەی بۆچوونە جیاوازەكانیانەوە برەو بە دۆخی گۆمەڵگەش بدەن بۆ ئەوەی سودی گشتی لێ ببینرێت.

## بەشی چوارەم: هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی

### باسی یەکەم: هۆکارە کاریگەرەکانی کۆچ و جۆرەکانی

### باسی دووەم: پەیوەندی نێوان گەشەی ساڵانەی کۆچ و بەشاریبوون

### باسی سێیەم: پەیوەندی نێوان بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی

## باسی یەکەم: هۆکارە کاریگەرەکانی کۆچ و جۆرەکانی

**دەستپێك:**

کۆچ بە دیاردەیەك لە دیاردە سروشتییەکان دادەنرێت کە تەنها مرۆڤ ناگرێتەوە بەڵکو باڵندە و ماسییەکان و هیتریش دەگرێتەوە لە بوونەوەرە زیندووەکاندا کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچ دەکەن ئەویش بەهۆی پاڵنەرە ڕەمەکیەکانەوە دەبێت، بەڵام لە مرۆڤەکاندا جیاوازن لە خەسڵەتەکانیان، لەگەڵ ئەو شوێنەی تیایدا دەگوێزنەوە بۆی. هەندێك لە مرۆڤەکان لە ناوچە جیاوازەکاندا زیاتر ئارەزوویان بۆ کۆچکردن هەیە وەك لە هەندێکی تریان کە کاریگەرییەکانیان لەسەر ناوچەی کۆچلێکردن و کۆچ بۆکردن زیاد دەکات.

دیاردەی کۆچ دیاردەیەکی جوگرافی و کۆمەڵایەتی زۆر کۆنە پێویستی مرۆڤ بووە لەکاتی سەرهەڵدانی لەسەر ئەم زەویەدا، مرۆڤ لەکۆندا شوێنی خۆی گۆڕیووە و کۆچی کردووە لە پێناو دەسکەوتنی خواردن و خۆراکدا، لەگەڵ باشترکردنی ئاستی بژێوییان، یاخود هەوڵیانداوە لەپێناو ژیانێکی جێگیر و ئاسایشدا (ابوسعدة ، ٢٠١٥: ٣٥٧-٣٥٨)، لێرەدا جۆرو هۆکارەکانی کۆچکردن دەخەینەڕوو.

**یەکەم: جۆرەکانی کۆچ**

کۆچ بۆ چەند جۆرێکی جیاواز دابەشدەبێت کە بە پێی شوێن و کات و ویست و پاڵنەر جیاوازە بەوەی هەریەکەیان لەناو خودی کۆمەڵگەکاندا بەشێوەیەکی جیاواز ئەم پڕۆسەیە تیایایدا دەبینرێت و دروستدەبێت لەوانە:

**١- بەپێی شوێن :**

کە ئەمە دوو جۆر کۆچ لەخۆدەگرێت وەك:

أ- **کۆچی ناوخۆیی** : لەناو شار یاخود هەرێمێکدا ڕوودەدات.

ب- **کۆچی دەرەکی** : ئەو جوڵەیەی دانیشتوانە کە بەسنوری هەرێمیکدا تێپەڕدەبێت.

ئەم پڕۆسەیە بە ویستی تاك یان کۆمەڵ دروست دەبێت یان ئەو ویستەیان دەگۆڕن بۆ زۆرەملێکردن، جا بەشێوەیەکی کاتی بێت یان هەمیشەیی، هەربۆیە کۆچ پڕۆسەیەکی گۆڕانی

فیزیكییە لەپێناو مانەوەدا، و دەبێتە بزاوتی جوگرافی و كۆمەلأیەتی بۆ كۆچبەرەكان كە ناوچە بنەچەییەكانیان بەجێبهێڵن هەروەك، لادێنشینەكان كاتێك شوێنەكەیان بۆ شار دەگوێزنەوە (بومدین،٢٠٠٩: ١٦-١٧).

**٢- لەڕووی شێوەوە :**

ئەم جۆرە كۆچە لە ڕووی شێوەوە دووجۆر لەخۆدەگرێت وەك:

**أ- كۆچی تاكی:** لە شێوەی تاكەكانە كە لەناو خێزان و بەش و چین و تیرەكاندایە.

**ب-كۆچی بەكۆمەڵی:** ئەم جۆرە كۆچە وەكو كۆچی میللەتان و هۆزەكانە كە بەپێی پلانی نەتەوەیی یان نێودەوڵەتی دروست دەبێت، دەچێتە ناو پۆلێن كردنی كۆچەكانەوە هەربۆیە كۆچەكان جۆریتریان هەیە لەوانەش: (كۆچی سەرەتایی، كۆچی لاوەكی، كۆچی بەتەواوەتی، كۆچی دەستكرد، كۆچی پارێزراو)، هەرئەم پۆلێنكردنە دەچێتە ناو چوارچێوەی شیكاریی سەبارەت بە جۆرەكانی كۆچ و پاڵنەرەكانی و ئاڕاستەكانی كە جیاوازە لە دەوڵەتێكەوە بۆ یەكێكی تر كە یارمەتی پۆلێنكردنی كۆچ دەدات لەگەڵ دیاریكردنی خەسڵەتەكانی لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ناوچەییدا بۆئەوەی چاودێری جوڵە و ڕەهەندەكانی بكات بەمە پاڵپشتی لەپرۆسەی پلاندانان دەكات لەگەڵ ئەوەشدا لایەنە سیاسیەكەش لە ڕووبەڕووبوونەوەی داواكارییەكانی كۆچبەراندا زیاتر زاڵ دەبێت بۆ كەمكردنەوەی ئەو مەترسی و كێشانەی كە لێوەی سەرهەڵدەدات (حسن ، محمود، ٢٠١٥: ٣٥٥).

**٣-بە پێی كات:**

كۆچ بە پێی كات دوو جۆر لەخۆدەگرێت كە ناودەبرێن بە :

**أ- كۆچی كاتی(Temporary):** كۆچبەر بۆماوەیەك لە ناوچەیەك دەمێنێتەوە و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی نیشتەجیبوونی كە تیایدا ژیاوە یاخود لێی ڕاهاتووە، كۆچی وەرزیش (Seasonal)ئەوەیە كە كرێكار لە كۆكردنەوەی بەرووبوم یاخود دوزینەوەیدا بەشداری دەكات كە سنوری ڕامیاری لە وەرزێكدا تێدەپەڕێنێت كە كاتی كۆكردنەوەی بەروبوم دەبێت.

**ب-کۆچی هەمیشەی(Permanent)**: کەسی کۆچبەر بەتەواوەتی نیشتمانی یان شوێنی نیشتەجێ بوونی جێدەهێڵێت و لەوێدا بۆ هەمیشە جێگیر دەبێت (اسماعیل،١٩٩٧: ٩٥).

**٤- لەڕووی ویست و پاڵنەرەوە:**

**١) ویست (الارادة):**

کۆچ لە ڕووی ویست و پاڵنەرەوە سێ جۆر لەخۆدەگرێ ئەوانیش:

أ- **کۆچی ویست**: کە هەریەکە لە جۆرەکانی ناوەکی و دەرەکی دەگرێتەوە کە تاك و کۆمەڵەکان بە ویستی خۆیان پێی هەڵدەستن و لە شوێنێکەوە دەچنە شوێنیکی تر، یاخود لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر کە گۆڕان لە شوێنی ئەو نیشتەجێبوونەدا دەکەن کە پێشتر تیادا ژیاون و ڕاهاتوون بە بێ فشار و زۆرەملێ بەڵکو بە ویستی خۆیان ئەم کۆچە دەکەن (بومدين ،٢٠٠٩ : ٤٧).

ب-**کۆچی ناچاری**: مەبەست لێی گواستنەوەی شوێنی نیشتەجیبوونی بنەڕەتییە کە تاك و کۆمەڵەکان دەچنە شوێنێکیتر، یان بەواتایەکیتر بە زۆرەملێ لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە یان دەسەڵاتدارەکانەوە کە هەندێ لە تاکەکان و کۆمەڵەکان ڕاگویزراون بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو یان بەهۆی هەندێ هۆکاریترەوە وەك(بومەلەرزە و لافاو و شەڕ)(أحميد،٢٠١٧: ٢٦٥).

ج-**کۆچی زۆرەملێ**: ئەم کۆچە لەلایەن دەوڵەتەوە یان هێزی ڕامیاری و سەربازییەوە بەسەر دانیشتواندا دەسەپێنرێت کە شوێنەکانیان بگوێزنەوە ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی هێزەوە دەبێت، ئەم کۆچە کۆچبەرەکانی ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان بڕیاربدەن شوێنگەی نوێ دیاری بکەن، هەموو ئەم شتانە دەسەپێنرێت هەروەك بازرگانەکان بەندەکان بە هێز دەبەنە شارێکی تر کە تیایدا بژین یان حکومەت هەستابێت بە دەرکردنی چەند کەسێك بۆ شوێنێکی تر یان بزاوتی کۆچ پێکردن یاخود ڕاگواستن یان دووبارە نیشتەجێ کردنی دانیشتوانی لە ماوەی گەشەپێدانی یاخود دووبارە بونیادنانەوەی یان کۆچی خاوەن زانستیەکانن کە نیشتمانی دایك بەجێبهێڵن(فوجو،٢٠١٢: ١٢).

## ٢) پاڵنەرەكانی كۆچ

دوو دۆخی كۆمەڵایەتی جیاواز یاخود دوو هۆكاری بنەڕەتی وادەكات كۆچ ڕووبدات لەوانەش **هۆكارە ڕاكێشەرەكان** ( Pull Factor) و **پاڵنەرەكان**( Push Factors )، هۆكارە ڕاكێشەرەكان دانیشتوان بۆ شوێنێك ڕادەكێشن كە كۆچبەران بەرەو ئەوێدەچن، هۆكاری دووەم پاڵ بە دانیشتوانەوە دەنێت كە شوێنەكانیان بەجێبهێڵن و كۆچ بكەن. ئەم دوو هۆكارە ڕێژەیین بەوەی وادەكات یەك شوێن لە هەمانكاتدا خەڵكی ڕابكێشێت و لێوەی بڕواتە دەرەوە و كۆچ بكەن (اسماعیل،١٩٩٧: ٩٥-٩٦).

**براون و مۆر** Brown & Moore جەخت دەكەنەوە سەر كۆچ كە لە دوو ڕووی بنەڕەتی پێكدێت ئەوانیش: یەكەم ، گەشەی هەستی ناڕازیبوون و خەم وخەمۆكی و دڵتەنگی، كە پێویستە دوو ئەوەندە ببێت یان تاك بگونجێت لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا. دووەم، ئارەزووی كۆچە بەهۆی بینینی شایستەدارییەكان یان باشیەكان كە لەو شوێنەدا هەیە(نصرالله ، ٢٠٠٥: ٦٢).

### دووەم: گرنگترین هۆكارەكانی كۆچ

زانینی ئەو هۆكارە كاریگەرانەی كار دەكەنە سەر جوڵەی دانیشتوانی ئاسان نییە، بەوەی لە زۆربەی توێژینەوەكاندا ئاماژە بە بارودۆخی ئابوری و كۆمەڵایەتی و سیاسی كۆچبەران دەكەن، و هەندێكجاریش یەكێك لەو هۆكارانەی تر گرنگتر دەبێت لەوانیتر بۆ ئەم مەبەستە لێرەدا كۆمەڵێك لەو هۆكارانە دەخەینەڕوو لەوانە:

### یەكەم : هۆكاری ئابوری

یەكێكە لە پاڵنەرە گرنگەكانی كۆچكردن، گەڕانە بەدوای بژێوی بۆ دەسكەوتنی ژیانێكی ئاسایش و خۆشگوزەران، كەوا لە كۆچبەران دەكات نیشتمان بەجێبهێڵن یان بچنە ناو دەوڵەتێكی ترەوە كە بواری كاركردن و سەرچاوەی بژێوی یاخود ماددی تیادابێت، هەندێكجار كۆمەڵگەی پێشوازیكەر بەهۆی ئامرازەكانی ڕاگەیاندنەوە هاندەر دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەكی زۆری دۆخی ئابوری لە زۆربەی دەوڵەتەكاندا وابەستەیە بە دۆخی دیمۆگرافیاوە كە نێرەری كۆچبەرانن، بەوەی بەشێوەیەك بەرزبوونەوەی تێكڕای گەشەی دانیشتوانی بەدوایدا داهاتی نەتەوەیی گەشە دەكات، ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتوان لە كۆمەڵگەیەكی تردا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دواكارییە

سەرەکییەکانیاندا بەوەی لەبەر زۆری ژمارەی دانیشتوان پێداویستییەکانیان دەستەبەرناکرێت، بەمە ئاستی بژێوی دادەبەزێت و پاڵدەنێت بەزۆربەی خەڵکەوە کە بگەڕێن بەدوای کاری باشتر لە شوێنێك یان لە دەوڵەتێکی تردا(شتیوي،٢٠١٤ :١٢-١٣).

تیۆرە ئابورییەکان سەبارەت بە ڕاڤەکردنی ئابوری بۆ کۆچ زیاتر جەخت دەکەنەوە سەر گەڕان بەدوای کاردا کەوادەکات شوێنی نیشتەجێ بوون بگۆڕێت، بەو مانایەی کەسی کۆچبەر بەدوای سودی ئابوریدا دەڕوات کە ئاستی کۆمەڵگەی پێشوازیکەر لە ڕووی ئابورییەوە لە شوێنە بنەچەییەکەی بەرزترە (زوزو،٢٠٠٨: ٧٢).

زۆرێك لە بیرمەندان بڕوایان وایە نابێت هۆکارەکانی کۆچ جیابکرێتەوە لە جێکەوتە و کاریگەرییەکانی بەوەی لە ئەنجامی نەبوونی گەشەیەکی لەبار و شیاو زیادبوونی ڕۆژ بەڕۆژی وادەکات تاکەکانی کۆمەڵگە کۆچ بۆ دەسکەوتنی شوێنی نیشتەجێ بوونی لەبار و گونجاو بکەن، هەروەك کۆچی دانیشتوانی لادێنشین بۆ شار لە جیهانی سێیەمدا (بهشتی،٢٠١٣ : ٣٤).

لە (٢٠١٦) دەستەی ناوەندی بۆ کۆکردنەوەی گشتی و ئامار هەستا بە ڕاگەیاندنی ئەنجامی ڕووپێوی نەتەوەیی بۆ کۆچ و بارودۆخی میسرییەکان لە دەرەوە بە یارمەتی ڕێکخراوی کارکردنی دەوڵەتان، لەو ڕووپێوەدا باسیان لە زۆرێك لە خەسڵەتەکانی کۆچ کردووە لەوانەش: کۆچبەری ئێستا، کۆچبەری دەستکەوت، کۆچبەری زۆرەملێ ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کە ڕێژەی لە(٨٧٪)لە کۆچبەران کە کۆچیان کردووە لەبەرهۆکاری ئابوری بووە، و ڕێژەی لەسەدا(١٠)هۆکاری کۆمەڵایەتی بووە کە بۆ هاوسەرگیری و ڕۆیشتن بووە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەوەی لە دەرەوە کاریکردووە، جەخت کردنە سەر ئەنجامی ڕووپێویەکە بەم شێوەیە بووە باشترکردنی ئاستی بژێوی لە (٣٤٪)، نەبوونی داهاتی پێویست بەڕێژەی لە (٢٥٪)بووە، پێویستی بۆ بواری کارکردن بەڕێژەی لە (١١,٥٪) بووە، هاوسەرگیری و ڕۆیشتن لەگەڵ هاوسەردا بەڕێژەی لە (٩,٢٪)بوو، گەڕان بە دوای کاری باشدا لەدەرەوە بەڕێژەی لە (٩,٩٪) بووە، کرێی زۆر بەڕێژەی لە (٦٪ ) بووە، لەبارنەبوونی کارکردنی باش لە میسردا بەڕێژەی لە (٣,٤) بووە، کۆبوونەوەی خێزانی بەڕێژەی لە (٠,٩٪) بووە، دەسکەوتنی خوێندنی باشتر بەڕێژەی لە (٣,٠٪) بووە، هۆکارەکانیتر بەڕێژەی لە (٢,٦٪) بووە(جاویش، ٢٠١٦: ١-٢).

ئەمە ئەوە نیشاندەدات کە دۆخی کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکان ئەوە دەخوازێت کە تاکەکانی کۆچ بەرەو دەوڵەتانیتربکەن بۆ باشترکردنی دۆخی ئابورییان لەسەروو ئەو پێداویستییانەی ترەوە، بەوەی دۆخی خراپی کۆمەڵگەی میسری و بەرزبوونەوەی بێکاری بۆتە پاڵنەرێك بۆ کۆچبەران لەپێناو دەسکەوتنی سەرچاوەی بژێویان.

سەرەڕای ئەمانە کۆچکردن لە هەندێك کاتدا سودی بە هەردوو کۆمەڵگەی کۆچ لێکردن و کۆچ بۆکردن گەیاندووە، ئەمەش کەوتووەتەسەرخەسڵەتی دانیشتوان و کۆچبەران، کە ڕەنگە کۆچکردن ببێتەهۆی دروستکردنی دۆخێکی ئابوری هاوسەنگ بۆ هەردوو کۆمەڵگەکە، هەروەك ئابوری عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی بووەتە پاڵنەر و کاریگەری لەسەر دیاردەکە هەبووە، لەدوای جەنگی (**عێراق- ئێران**) زۆری زیانە ئابورییەکان کاریگەری کردەسەر داڕمانی ئابوری لە عێراق، دواتر بەرپاکردنی جەنگێکی تر لەگەڵ کوەیتدا لە بەرواری (١٩٩٠/٨/٢)دا زیانێکی زیاتر بە ئابوری عێراق گەیشت کە بە (٧١)ملیار دۆلار مەزندەکراوە( محەمەد،٢٠١٣: ١٣٧-١٣٨).

لە ڕووی ئابورییەوە عێراق خۆی توشی نەهامەتیکرد بەهۆی ئەم جەنگانەوە، لەلایەکیترەوە سزای نێودەوڵتیشدرا بوو هەروەك ئابڵوقەی ئابوری کە ئەمانە بوونە فشارێکی بەهێز لەبەردەم خەڵکی دانیشتووی ئەم وولاتەدا بەگشتی، لەم سزایەداش هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە کە ئەوکات هەرێمی کوردستان ڕزگاری ببوو لە دەسەلاتی ڕژێمی بەعس سەرەڕای بوونی ئابڵوقەی ئابوری لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ ناوچە ڕزگارکراوە کوردییەکە بەمە خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی ئەم سزایەش بووە کە دوو هێندە بوو، هەموو ئەمانەوایانکرد ژیانی خەڵکی ڕۆژبەڕۆژ ئاڵۆزتر بێت و کۆچکردن بۆ دەرەوەی وولات بێتە ئاراوە، لەهەمان کاتیشدا فاکتەری ڕاکێشەر لە دەرەوەی کۆمەڵگەکەدا وەك دەسکەوتنی کاری باش و بیمەی بێکاری و بەرزی نرخی دراوی ئەوروپی لەبەرامبەر دراوی عێراقیدا هۆکارێکی کاریگەر

بوو بەشێوەیەك كەسی كۆچبەر تەنها بژێوی خۆی دابین نەدەكرد بەتەنیا بەڵكو بژێوی خێزانەكەشی لە كوردستان دابین دەكرد ئەمەش ببووە لایەنێكی باشی كۆچكردن بەوەی كاریگەری هەبوو لەسەر ئابوری كوردستان لەوكاتەدا (محەمەد، ٢٠١٣: ١٣٩-١٤٠).

**دووەم: هۆكاری سیاسی**

كۆتای سەدەی بیستەم بە گەشەسەندنی بزوتنەوەی پەنابەرانی تاك و بەكۆمەڵی دەناسرێتەوە بەهۆی ڕوودانی شەڕ و ململانێ ناوخۆییەكانەوە كە زۆرێك لە ناوچەكانی جیهان بەخۆیەوە بینی، هەموو ئەمانەش باری ناجێگیری دروستكرد بوو، بەدوایدا پێشێل كردنی مافەكانی مرۆڤیش، كە بەیەكێك لە هۆكارە سەرەكییەكان دادەنرێت بۆ جوڵەی كۆچ كەوایكرد تاكەكان ناچاربن ناوچەكەیان لەبەر نەبوونی ئارامی و ئاسایش بەجێبهێڵن بۆ ناوچەیەكی تر كە زیاتر ئاسایشی تیادایە بەم جۆرە كۆچە دەوترێت ناچاری یان پەنابەرێتی سیاسی.

ناجێگیری سیاسی لەهەندێ لە شارە تازەپێگەیشتووەكاندا وایكردووە سەربەستییەكی كەم هەبێت یان هەر نەیبێت، بەهۆی بوونی سستمی دیكتاتۆریەوە لەو ژینگەیەدا كە پاڵی بەخاوەن لێهاتوویە زانستییەكان و ڕۆشنبیرانەوە ناوە شارەكانیان بەجێبهێڵن و لەو شوێنانەدا بیروبۆچوونەكانیان بە ئازادانە دەرببڕن كە بۆی دەچن هەروەك ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست كە پشێوی و ململانێی چەكداری لە هەندێك لە شارە عەرەبیەكاندا ڕوویدا لەوانەش(عێراق، سوریا، لیبیا، یەمەن)(الماضي، منديل،٢٠١٧: ١٨٨).

نەبوونی دیموكراسی و ناجێگیری سیاسی و زۆربوونی سەركوتكردن و پێشێل كردنی مافە مەدەنییەكان و گرنگی نەدان بە زانست و زانیاری زانا و كەسانی پسپۆڕ و پەرەسەندنیان لە بوارەكانیاندا (سلمان ٢٠١٤: ١٤١)، لەگەڵ لاوازی مامەڵەكردن لە نێوان سستمی سیاسی و كەسانی خاوەن لێهاتوویە زانستییەكاندا وادەكات بەدوای بواری ئابوریی و كۆمەلایەتی و هزریی و فێركاریی باشترەوە بن، ناچار دەبن كۆچ لە نیشتمانەكەیاندا بكەن بەهۆی بوونی پێشێلكاری سەربەستی ئەكادیمییەوە(مراد،٢٠١٥: ١٠).كۆمەڵگەی كوردیش وەك ئەو كۆمەڵگەیانە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە كۆچە بووەتەوە كەلەیەككاتدا هەردوو هۆكاری سیاسی و خوێندن لەخۆدەگرێت بەوەی كەسانی خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕ ڕێگریان لێكراوە و ڕوویانكردووەتە ولأتانی دەرەوە كە هەلی دەسكەوتنی پسپۆڕی ورد و وەرگرتنی بڕوانامە بەپێی خواست و لێهاتوویی خۆی بەدەست بهێنێت و بەبێ

ئەوەی هیچ بەربەستێکی سیاسی لەبەردەمیدا هەبێت بۆ هاتنەدی ئەو خواستەی، لەکاتێکدا ئەمە لە ولاتەکەی خۆیدا ئەستەم بووە کە هیچ گوێنەدراوە بە سەربەستی تاکەکان.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ لە توێژەکانی کۆمەڵگە بەهۆی جیاوازی بیرورای مەزهەبی ئایین و رەگەزیی و نەتەوەییەوە رووبەرووی کۆچکردن بوونەتەوە بەوەی ئینتیمایان بۆ گروپێکی کۆمەلایەتی دیاریکراو هەبووە یان هەلگری بیروڕایەکی سیاسی خۆیان بوون، ئەمانە بوونەتە هۆکارێکی بەهێز بۆ کۆچ کردنی تاك و کۆمەڵەکان لە ناوچە بنەڕەتییەکانی خۆیانەوە بۆ شوێنێکی تر یاخود دەوڵەتێکی تر(سلمان، ٢٠١٤: ١٤٢).

بەلگەش بۆ بوونی ئەم پاڵنەرە لەکۆمەلگەی کوردیدا ئەو ماوەیە بووە کە ڕژێمی بەعس ئەنفالی تیادا کرد لەساڵی (١٩٨٨)کە دەیان هەزار لە دانیشتوانی مەدەنی بێسەروشوێن کرد لەگەڵ رووخاندنی هەزارەها گونددا بەمەبەستی پاکتاوکردنی ناوچەکە بوو لە ڕووی ڕەگەزەوە، کە ئەمە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بوو، لەکاتێکدا ئەم دەسەلاتە بووە هۆی کۆچ پێکردنی نەتەوەی کورد لە سەر زەوی باوباپیرانیان کە ئەمە بۆخۆی سەرپێچی کردن بوو دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤ کە دەبوو لە وولاتەکەی خۆیاندا ژیان بەرنەسەر(أمین، ٢٠١٣: ١١٥).

هەرچەندە ئەمانە خستنەڕوویەکی کەم و خێرابوو سەبارەت بەشەپۆلی کۆچپێکردن و گوزەرانی کۆمەلگەی کوردی لەو ماوەیەی ڕژێمی بەعس فەرمانڕەوای دەکردن، بەلام کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە و بووەتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ کۆچ پێکردنی تاکی کوردی لە نیشتمانەکەی خۆی، کە وابکات ڕووبکاتە دەرەوەی وولات بۆئەوەی درێژە بە ژیانی خۆی بدات ئەمە بەردەوام بوو تا دواتر گەلی کورد توانی ڕزگاری ببێت لەو ڕژێمە دیکتاتۆرییە لەساڵی (١٩٩١)جارێکیتر تاکەکان بتوانن بەئازادی بژین و مافی ژیانیان هەبێت لەسەر خاکی باوباپیرانیان، بەلام ئەوەندەی نەبرد جارێکی تر تاکی کوردی ڕووبەڕووی شەپۆلێکی تری کۆچکردن بوونەوە لە ساڵی (١٩٩٥- ١٩٩٧)کە شەری ناوخۆ بوو وەك شەپۆڵێکی تر لەوانی تر کاریگەرتر و ترسناکتر بووە لەسەر دوارۆژی ئاسایشی نەتەوەیی و گەشەسەندنی دانیشتوانی کوردستان(عبدالله،١٩٩٩: ٤٣).

هەموو ئەمانەش وایانکرد خەڵکی دانیشتوانی کوردستان بێ ئومێد و بێ متمانەبن لە دەسەلاتی کوردی و تەنانەت سەرپێبوونیشیان(إنتماء) نەك بەرامبەر بە پارتەکانی ناوی بەڵکو بەرامبەر بە نیشتمانەکەشیان لاوازبێت.

## سێیەم: هۆکاری گەندەڵی

لە هەرێمی کوردستان لەلایەن دوو پارتی دەسەڵاتدارەوە قۆرخی دامودەزگا جۆرابەجۆرەکان و بازاڕکراوە، چالاکییە ئابوری و نا ئابوریەکانیش تێکەڵ بە لایەنی سیاسی کراوە و کۆنترۆڵکراوە، بۆیە لەم دیاردەیە بەدوور نییە، بەمە هەژموونی ئەم دوو پارتە بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا زاڵبووە، کە کاروبارەکان لەسەردەستی ئەم دوو پارتە بە ڕوونی و شەفافیەت کارناکەن، هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەر خەون و خەیاڵ کردنی هەرتاکێکی ئەم هەرێمە دەبێت کە ئاواتەخوازە بوو ڕژێمی سەرکوتکار بڕوخێنێت و خەونەکانی ببنە ڕاستی، بەڵام دوای ئەو ئەزمونە تاڵە جارێکی تر زاڵبوونی دەسەڵاتی دوو پارتی زلهێز وایکردووە توشی نائومێدی و ڕەشبینی بێت و هاوسۆزی و خەمخۆری بۆ ئەم نیشتمانە لاوازببێت، هەموو ئەمانەش وایانکردووە ببنە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ کۆچکردنی تاکەکان لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها وولاتانی دەرەوە ببنە جێگایەکی ڕاکێشەر لای تاکەکان کە هەوڵی بەدیهاتنی خەونەکانیان تیایدا دەدەن. بۆ ئەم مەبەستەش **ڕێکخراوی شەفافیەتی نێو دەوڵەتی** پێناسەی بۆ گەندەڵی کردووە بەوەی بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی پۆستی گشتی لە پێناو هاتنەدی بەرژەوەندی تایبەتی بۆ خودی خۆی و کۆمەڵەکەی(أحمد، ٢٠١٨: ٥).

کۆمەڵێك هۆکار کاریگەرییان لەدروست بوونی گەندەڵیدا هەیە و دەبنە هۆی کۆچکردنی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا: **یەکەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی** ، کاتێك خێزان و قوتابخانە لەوپەڕی نزمی و خراپی ئاستی پێگەیاندندا دەبن پەروەردەی منداڵ و هۆشیارکردنەوەیان پشتگوێ دەخەن، سەرەڕای نەبوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و دابونەریتی دواکەوتوو و گەندەڵ هۆکارێکی بەهێزدەبێت کەوا لە تاکەکان بکات کۆچبکەن (الجمل، ٢٠١٤: ٥٤٥) .

**دووەم: هۆکاری یاسایی،** نەبوون و ناڕوونی لە یاساکان و دانەڕشتنیان بەشێوەیەکی وورد و نەبوونی شەفافیەت لە بڕیارەکاندا( الجمل، ٢٠١٤: ٥٤٨)، ئەم هۆکارە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەڕوونی دەبینرێت ئەگەرچی یاساکان ناڕوونن و هەندێجاریش کاریان پێ ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زاڵبوونی عەقڵی خێڵەکی و هۆزگەرایی بڕیاردەدات بۆ دامرکانەوەی کێشە و گرفتەکان لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیاندا.

**سێیەم: هۆکاری سیاسی**، نەبوونی دیموکراسییە و دادپەروەی و سەربەخۆنەبوونی دامودەزگای دادوەری و نەبوونی دامودەزگای چاودێری کردن(أحمد، ٢٠١٨: ١١)، لە هەرێمی کوردستاندا ڕێگە بەتاکەکان نادرێت وەك یەك لە دانانی ڕێوشوێنی پێویست بەشداربن بۆ دەستەبەرکردنی پێویستییە سەرەکییەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەم کۆمەڵگەیە تەنها دانانی لایەنگران و کەسانی دەستڕۆیشتووی خۆیانن لە پۆست و شوێنە هەستیارەکاندا و کەسانی تر بێبەشن بەمەش وادەکات کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دانەنرێت تاڕادەیەکی زۆر تاکەکان کۆچکردن هەڵبژێرن.

**چوارەم: هۆکاری سەربەخۆنەبوونی ڕاگەیاندن و میدیاکان**(زوبیدة، ٢٠٢٠: ٢٦)، پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان هەریەکەیان لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیانەوە بەشێوازێك کاردەکەن کە لە بەرژەوەندی خۆیاندایە نەك کۆمەڵگە بەمە وادەکەن خەڵکی هانبدەن بۆ بونیادنانی بەهایەکی کولتووریی کە گەندەڵی دروست بکات و تاکێکی ناهۆشیار بەرهەمبهێنێت .

**پێنجەم: هەندێك هۆکاری تر**، هەروەك نەبوونی دڵنیایی و زیادبوونی دڵەڕاوکێ، و نەبوونی بەهای ئاینی بەهێز بۆ ڕێگرتن لە گەندەڵی، و قۆرخکاری کەرتی گشتی و تایبەتی لەلایەن خاوەن دەسەڵاتەکانەوە، گوێنەدان بەکەمینە(شعبان، ٢٠١٨: ١٧).

**چوارەم: هۆکاری دیمۆگرافی**

لەگەڵ بوونی ڕووبەرێکی جوگرافی بەتاڵ لەخەڵك، و بوونی هەندێ ناوچەش لەسەر ڕووی زەوی کە دەناڵێنن بەدەست زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە، و فشاری دانیشتوانیان هەیە، بەمە وا لەتاکەکانی دەکات بۆ ئەو شوێنانەی بگوێزنەوە کە کەمتر فشاریان تیادایە و کەمتر چڕن لە ڕووی دانیشتوانیەوە بۆ مەبەستی حەسانەوە و دوورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی و پیسبوونی ژینگە(عزوز،٢٠٠٨: ١٢٧).

لە هەرێمی کوردستاندا خەڵکی هەوڵی گۆڕینی شێوازی ژیانیان دەدەن بەوەی شارەکان ڕوو لە قەرەباڵغی بوون بەدوای ژینگەیەکەوە بوون کە کەمتر خەڵکی لێ نیشتەجێ بووە یاخو هەر ئاوەدان نەکرابووەوە بۆ زیاتر گرنگیدان بە ڕووبەری سەوزایی و حەواندنەوەی لەوێدا.

ئەم دیاردەیە زیاتر خۆی بەدەردەخات لەسەر ئاستی دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکاندا بەهۆی سیاسەتی ئەو کۆمەڵگەیانەوە کە هەڵناستن بە کەمکردنەوەی کێشەکانیان بۆ ئەم مەبەستەش کە

بە ملیۆنان لەخەڵك بەدوای ژینگەیەکی لەباردا دەگەڕێن تیایدا نیشتەجێ ببن، داتا ئامارییەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە ژمارەی دانیشتوانی کۆچبەر کە کۆچیانکردووە بەهۆی ئەو گۆڕانانەوە بووە کە ڕووبەڕووی  ژینگەکەیان بۆتەوە کە گۆڕانی کەش و هەوا بووە کە ڕێژەیان (٥٠)ملیۆن کەس بووە لەساڵی (٢٠١٠)، بەڵام بەپێی پێشبینییەکان ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ(٧٠٠)ملیۆن لەساڵی(٢٠٥٠)(جاسم، ٢٠١٣: ١٠٤).

## باسی دووەم

## پەیوەندی نێوان گەشەی ساڵانەی کۆچ و بەشاریبوون

### دەستپێك:

لە ماوەی نێوان (١٨٥٠-١٩٥٠)بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتییدا گۆڕانێکی گەورە لە هاوسەنگی نێوان شار و لادێدا ڕوویدا. کە ئاستی بەشاریبوون لەو ماوەیەدا لە جیهاندا دیاریکراو بووە. لەساڵی(١٨٩٠)کە زیاتر لە(٢٠٪)لە ناوچە شارنشینییەکاندا ژیانیان بردووەتەسەر هەروەك پێکهاتەبوون لە(تەنها سێ ناوچە لە بەریتانیای گەورە و باکوری ڕۆژئاوای ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان). بەمە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەخێراییەکی زۆر بەشاریبوون لە ئەوروپا و هەردوو ئەمەریکا و ئوسترالیادا ڕوویدا.

ژمارەی شارە گەورەکان ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لە زیادبوون بوون بەوەی ژمارەی دانیشتوان لە شاردا زیاتربوو لە (١٠٠٠٠٠)کەس، و زیادیکردبوو بۆ (٩٤٦) شار لەجیهاندا، کە گەورەترین شاری نیویۆرك ژمارەی دانیشتوانەکەی (٢,٣) ملیۆن کەس بووە لە ساڵی (١٩٥٠)، لە کاتێکدا بەشاریبوون لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا بەشێوەیەکی هێواش بووە.

هەموو ئەمانەش ئەوە دەردەخەن کە ناوچە شارنشینییەکان لە دەوڵەتانی پێشکەوتوودا گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر بەرز لەبەشاری بووندا، ڕێژەی کۆچکردن بۆ شار تیایدا بەرزبووەتەوە لە (١,٥٪) بۆ (٣,٢٪) ساڵانە، بەمە تێکڕای گەشەی شارنشینییەکەی پێنج ئەوەندەی تێکڕای گەشەی لادێنشینی بووە، کە ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆچی ناوچەکان هەبووە لە لادێوە بۆ شار و سێکتەرە شارنشینییە بچوکەکانیش بەشێوەیەکی ڕێژەیی(Peng ,chen,chengبەبێ ساڵ:3).    لەم باسەدا هەڵدەستین بە خستنەڕووی گەشەی دیمۆگرافی و ساڵانەی کۆچ لە دەوڵەتە

جیاوازەکاندا و بەپێی ساڵ و کاتی جیاواز بۆ مەبەستی دەرخستنی کاریگەرییەکانی ئەم کۆچانە لەسەر دیمۆگرافیای ناوچەکان و پلەی بەشاریبوونیان، و تێکەڵبوونی کولتوورییان.

**یەکەم : کاریگەری گەشەی دیمۆگرافی و گەشەی ساڵانەی کۆچ لەسەر بەشاریبوون**

زیادبوونی دانیشتوان لە ناوەندی شارنشینیدا پشت بەدوو هۆکاردەبەستێ: **یەکەم**، زۆربوونی سروشتی دانیشتوان. **دووەم**، هەردوو کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی سەرەڕای بوونی جیاوازی لە نێوان کۆچبەرانی هاتوو لەگەڵ ڕۆیشتوودا.

ئەم دیاردەیە لە دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهاندا جێگای گفتوگۆی زۆربووە پاش ئەو تەقینەوە توندەی لە ڕووی دانیشتوانیەوە بەخۆیەوە بینی، ئەمەش لەو ئامارانەی بەرنامەی کۆنگرەی دەوڵەتاندا هاتووە سەبارەت بە دانیشتوان و گەشە کە لەساڵی (١٩٩٤)ڕوونیدەکەنەوە ژمارەی دانیشتوان چەندجارێك زیاتر لە دوو ئەوەندە بووە، کە زیادبوونەکەی بەڕێژەی(٩٠)ملیۆن کەسە ساڵانە.

بە پێی ئەو پێشبینییانەی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕەنگە ئەو زیادبوونە ساڵانەیە بگاتە زیاتر لە ملیۆنێك لەساڵی (٢٠١٥)بەڕوانین و بیرکردنەوە لە داهاتوو بۆ ماوەی(٢٠)ساڵ دەبینین پێشبینییە جێگرەوەکان (الإسقاطات)(projections)لە نێوان پێشبینی نزم دەگاتە(٧,٢٧)ملیار لەساڵی (٢٠١٥)، بۆ پێشبینی بەرزی دەگاتە(٧,٩٢)ملیار کەس، ڕوانین بۆ ماوەی دوورتر (٢٠٥٠)ئەوا پێشبینی نزمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ سەرژمێری دانیشتوانی جیهان دەگاتە (٧,٨)ملیار، پێشبینی بەرزی ئەو سەرژمێرییە دانیشتوانییە دەگاتە (١٢,٥)ملیار کەس.

لەسەر ئاستی نیشتمانی عەرەبی قەبارەی دانیشتوان لە **دەوڵەتی عەرەبیدا** لەساڵی (١٩٥٠)لە دەوروبەری (٧٥) ملیۆن کەس بووە، ئەوانیش لە (٢٣,٧٪)لە ناوچە شارنشینییەکاندا بوون لەو ماوەیەدا کە ڕێژەی دانیشتوانی لە جیهاندا لەدەوروبەری لە(٢٩,٢٪) بووە، دواتر بەرزبۆتەوە بۆ ڕێژەی لە(٣٠,٢٪)لە دەوڵەتی عەرەبیدا لەبەرامبەر لە(٣٤,٣٪)لە شارەکانی جیهاندا لە سەرەتاکانی شەستەکانەوە تێکرای بەشاریبوون و پێشکەوتن زۆر خێرا بوو کە ڕێژەکەی گەیشت بووە لە(٣٧,٨٪)، لەساڵی(١٩٩٠) گەیشتە لە(٥٠٪) بەتێکرایی کە زۆر خێراتر بوو لەهەر پێکهاتەیەکی تری جوگرافیدا (زوزو، ٢٠٠٨ :٢٠٥-٢٠٦ ) .

سەرەڕای ئەوانەش بەگشتی دوو قۆناغی گرنگ لەسەدەی بیستدا دیاریکراون بۆ گەشەی دانیشتوان لە جیهاندا لەوانە: **قۆناغی یەکەم** : لە ساڵی (١٩٠٠-١٩٥٠) دەگرێتەوە ، کەزۆربەی دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکانی وەك ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتینی دەکەونە ئەم قۆناغەوە، ناسراوە بە گەشەی سەرەتایی لە قۆناغەکانی گۆڕانی دیمۆگرافیدا، کە ڕێژەی لەدایکبوون و مردن تیایدا لە ئاستێکی بەرزدابووە لە نێوانی (٤٠) بۆ (٥٠) هەزار بووە ئەمە وایکرد تێکڕای گەشەی دانیشتوانی زۆر کەمبێت، بەڵام لە هەمان ماوەدا دەوڵەتانی پێشکەوتوو تێکرای لەدایکبوونی تیادا کەمبۆتەوە بەهۆی گۆڕینی شێوازی ژیانیان کە زۆربەیان چوونە ناو شارەوە پیشەکەیان گۆڕی.

**قۆناغی دووەم:** لە(١٩٥٠) تاکو (٢٠٠٠)دەگرێتەوە ئەم قۆناغە زۆر مەترسیداربووە لە مێژووی گەشەی دانیشتوانیدا بەتایبەت بۆ دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو کە ڕێژەی لەدایکبوونیان زۆر بەرزبووە بەڵام ڕێژەی مردن تیایاندا کەمبووە، بەمە ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی لە (١,٧)ملیارەوە لەساڵی (١٩٥٠)زیادیکرد بۆ (٤,٨)ملیار لەساڵی (٢٠٠٠)(جاسم، ٢٠١٣: ٨٣-٨٤).

گەشەی دانیشتوانی لە پرۆسەی گەشە و فراونبوونی ئاوەدانیدا بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت لە هەموو شارەکاندا بەگشتی، بەوەی داواکاری زۆر لەسەر ڕووبەرەکان دروستدەبێت بۆ پڕکردنەوە و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوان، بەمە شارەکان ناچاردەبن فراوان ببن بەهۆی ئەو زەویانەی دەوروبەریەوە، ئەمە هەموو جیهان دەگرێتەوە کە ڕێژەی دانیشتوانەکانیان زۆر زیاد دەکەن بەوەی ئەم گەشەیە وابەستەدەبێت بەدیاردەی گەشەی خێرایی لە قەبارەی شار و لادێدا، ئەگەرهاتوو هۆکارەکانی هەرچیەك بێت (فوزي، ٢٠١٩: ٧٠).

گەشەپێدانی پیشەسازی و سەرهەڵدانی سەرمایەداری گەشەی شارە گەورەکانی بەدواوە بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی دیاردەی بەشاریبوون، ئەم گەشەسەندنە لە شارە تازەپێگەیشتووەکاندا لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوونەوە بوو، وایکرد کۆچ کردن لە ناوچە لادێنشینییەکانەوە بۆ شارنشینییەکان دروست ببێت بەهۆی کەمی و لاوازی خزمەتگوزاریەکانەوە، ئەم کۆچەش کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر کۆمەڵەی لادێنشین و جوتیارەکان لەلایەك، و تێکچوونی ژینگەی شارنشینی بوو کە توانای وەرگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی نەبوو لە دانیشتوان، لەلایەکیترەوە بەپشتبەستن بەو پێوانانەی بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێبوون، لە(٦٠٪)لە دانیشتوانی جیهان لە ناوچە شارنشینییەکاندا ژیاون لەساڵی(٢٠١٥)، و ئەم ڕێژەیە

(٩٠٪)زیادیکردووە کە زۆربەی لە شارە هەژارەکاندا ژیاون یان لەو زەوییە شارنشینییە داگیرکراوانەدان کە بەهەرەمەکی تیایدا نیشتەجێبوون لە شارەکانی تازە پێگەیشتووەکاندا (الهيئة الوطنية لمهندسين المساحين –الطبوغرافيين، ٢٠٠٥: ١١).

گۆڕانەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بەردەوامن و بەشاریبوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفەریقادا بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دابەزینی ڕێژەی لە دایکبوون، ئەمە بەجیاوازی ژینگەیی دەبێت کە لە پێشتردا زۆرتر باو بوو بەوەی زیادبوونی ڕێژەی منداڵ لە خێزانە لادێنشینییەکاندا وەك هێزی کاربوون بۆ یارمەتیدان لە کاری کشتوکاڵیدا کە قورسایی و بارگرانی لە ڕووی خۆراك و تێچووی چاودێریکردنی منداڵەوە کەمتر دەکردەوە ، بەڵام بوونی ئەم قورساییە لە ئابوریدا هۆکارە بۆ دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوونیش لە ڕوویەکیترەوە، بەمە تێکڕای دانیشتوانی لە ساڵانی(١٩٩٠) لەشاردا گۆڕانی بەسەرداهات لەکاتێکدا زۆرینەی نیشتەجێی لادێ بوون، و پێشبینی کراوە لەساڵی(٢٠٢٥)ژمارەی دانیشتوانی نیشتەجێی شار بگاتە لە (٩٠٪)کە بە نزیکەیی لە(٧٠٪)بەهۆی کۆچی ناوخۆییەوە دەبێت (الماكي وآخرون، ٣٣٩:٢٠٢٠-٣٤٠).

کۆچ لە **عێراق** و **نیشتمانی عەرەبیدا** لەدوای شەڕی جیهانی دووەمەوە دەستیپێکرد کاتێك دەوڵەتە ئەوروپییەکان دەرگای کۆچیان بۆ بنیادنانەوەی شوێنە کاول و تێکچووەکانیان کردەوە کە لەو شەڕەدا بەخۆیانەوە بینیبوو، هەرئەمەش دابەش دەبێت بۆ دوو قۆناغ لەوانە: **قۆناغی یەکەم** : لەساڵی (١٩٤٥) بەردەوام دەبێت تاکو (١٩٧٣) لەبەر پێویستی ئەوروپای ڕۆژئاوا بۆ بەهێزبوون و چالاك کردنی بەرنامەی بنیادنانەوەی خۆی تاکو ساڵی (١٩٧٣) بەهۆی بڕینی نەوت لە ئەوروپا و قەیرانی نەوتەوە لەدوای شەڕی عەرەبی –ئیسرائیلی لەو ساڵەدا کۆتایی هات.

**قۆناغی دووەم:** لەنیوەی حەفتاکانەوە دەوڵەتە پیشەسازییەکان جۆرێکی نوێی کۆچکردنیان بەخۆوە بینی بەهۆی هەردوو هۆکاری ئابوریی و ڕامیارییەوە کە وێنەی نەبووە لە پێشوتردا بەوەی نارێکخراو و بێپلان بوو.

بە پێی ئەو سەرژمێریەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژمارەی کۆچبەران کردوویەتی لە جیهاندا کە لەساڵی (١٩٦٥) (٧٥)ملیۆن کەس بووە لە ساڵی (١٩٩٠)زیایکردووە بۆ(١٢٠)ملیۆن کەس ، و لە نەوەتەکانەوە بازدانێك هەیە لەڕووی ژمارەوە بۆ (١٥٣)ملیۆن کەس لە ناویشیاندا (١٣)ملیۆن بە فەرمی لە ڕێکخراوی یارمەتیدانی پەنابەراندان کە سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانن، لە نەوەتەکاندا

ڕێژەی کۆچبەران لە ئەمەریکای باکور لە(٨٦٪)و لە ئەوروپای ڕۆژئاوا لە(٦١٪)و بەشی ویلایاتی یەکگرتوو و کەنەدا گەیشتووەتە (١٢)ملیۆن کۆچبەر و ئەوروپاش دەوروبەری (١٠)ملیۆن کەس بووە(رووٴف،العسكري، ٢٠٠٧: ٢٢١).

کۆچ لەشارێکەوە بۆ یەکێکی تر لە دەوڵەتی **عەرەبیدا** جیاوازبووە کە هەریەکەیان بۆخۆیان هەڵگری تایبەتمەندی وخەسڵەتی جیاواز بەخۆیان بوون و بەمە وایکردووە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم دەوڵەتانە لە ڕووی پەرەسەندنیشەوە جیاواز بێت، هەروەك لەخشتەی (٤) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٤)**

**پەرەسەندنی دانیشتوانی شار وەکو دانیشتوانی عێراق و هەندێ دەوڵەتی عەرەبی لەماوەی (١٩٩٠-٢٠٠٩)**

| دەوڵەت | ١٩٩٠ | ٢٠٠٠ | ٢٠٠٩ |
|---|---|---|---|
| عێراق | ٦٩,٧ | ٧٦,٨ | ٧٨,٥ |
| تونس | ٥٧,٩ | ٦٣,٤ | ٦٦,٩ |
| جەزائیر | ٥٢,١ | ٥٩,٨ | ٦٥,٩ |
| لیبیا | ٧٥,٤ | ٧٦,٤ | ٧٧,٧ |
| میسر | ٤٣,٥ | ٤٧,٦ | ٤٨,٠ |
| مەغریب | ٤٨,٦ | ٥٧,٨ | ٥٧,٩ |
| سوڎان | ٢٦,٦ | ٣٦,١ | ٤٤,٣ |

لە حەفتاکانەوە **دەوڵەتانی عەرەبی** بەگشتی و **عێراق** بەتایبەتی ڕێژەی زیادەی نەوتی هەبووە بەدوای ئەم پەرەسەندنە لە عێراق و دەوڵەتی عەرەبیدا، فراوانبوونی شارەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشاریبوونیش لە ئەنجامی تەقینەوەی قەبارەی شارە عەرەبییەکانەوە بوو بەتایبەتی پایتەختەکان کە لە ماوەی (١٠-٢٥) ساڵدا دوو ئەوەندە ببوون ، گەشەکردنەکەشی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم :** زۆربوونی ڕێژەی سروشتی گەشەی دانیشتوان.

**دووەم:** زۆربوونی شەپۆلەکانی کۆچکردن لە لادێوە بۆ شار.

ئەم هۆکارانەش کاریگەرییان کردە سەر **عێراق و دەوڵەتە عەرەبیەکانیش** بەوە نەتوانن ئەو ڕێژە زۆرەی دانیشتوان وەربگرن بۆ کارکردن لە کەرتە ئابورییەکاندا بەمە هەژاری و بێکاری زیادکرد. پاڵنەری ئەم کۆچەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە کەناودەبرێت بە هۆکاری ڕاکێشەر و پاڵنەر، هۆکارە پاڵنەرەکان کۆمەڵێك کێشەی هێناوەتەوە ئاراوە لەوانە: ١- **فشاری دانیشتوان:**

وادەکات کەموکورتی لەبواری کارکردن و دابەزینی داهات و ئاستی بژێوی هەژاری دروست بکات، ٢- **کەمی زەوی وزار و سەرمایەدار:** ئەمەش وادەکات لادێنشینی بەرەو خراپی بڕوات لەگەڵ قورسی و هێواشی پرۆسەی پەرەسەندنی سیستمی ئابوری و کۆمەڵایەتی کە بواری کارکردنی گەنجانی خوێندەوار کەم بێتەوە یاخود هەرنەبێت، بەمە پاڵیان پێوەدەنێت کۆچ بۆ شار بکەن و بەدوای کارکردندا بگەڕێن.

بەڵام هۆکارە ڕاکێشەرەکان وابەستەیەکی توندیان بەدەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە هەبووە لەڕووی تەندروستی و خوێندنە ئاست جیاوازەکان و خۆشگوزەرانی و بڵاوبوونەوەی پیشەسازی جیاواز و کرێی باش و بواری کارکردن، هەموو ئەمانە لە ئەنجامی گەشە و فراوان بوونی شارەوە بووە بەتایبەت پایتەختەکان و ئاڕاستەی بەرەو گەشەپێدانی ئابوری و گەشەی کەرتی پیشەسازی بووە بەبێ گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵی، بەمە بواری کارکردن کەم بووەوە و بەرهەمهێنانیش دابەزی و بێکاری کەوتە ناو لادێوە(بنيان، الربيعي،٢٠١٤: ٦٥-٦٨). بەواتایەکیتر وابەستەبوونی بەشارەوە وەکو هۆکارێکی پاڵنەر بۆ کۆچکردن ئەوەبووە کە تاك ئارەزووی بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی هەبووە، لەگەڵ بوونی ئەوسودانەی کە لەشاردا وەریدەگرێت لە لادێدا بوونی نەبووە، جگە لە باشی باری ئابوری شار و چڕبوونەوەی سەرمایە و پارە لەشاردا، ئەوا هەلی خوێندنیشیان دەستدەکەوێت(باندز،٢٠١٦: ٢٢٠-٢٢١).

لە داتاکانی **بانکی نێودەوڵەتیدا** بۆ کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی لە دەوڵەتانی عەرەبیدا و لە چوارچێوەی نیشتمانی عەرەبیدا ئەوە بەدەردەخەن کە دەوروبەری (١٨,١)ملیۆن کۆچبەر لە هەرێمی ناوەڕاست و باکوری ئەفەریقا لەساڵی (٢٠١٠)هەبووە، کە دەوروبەری لە(٥,٣٪)پێکدەهێنن لە دانیشتوانی هەرێمەکە، بە گشتی ئەمانەش لەناو لیستی دەوڵەتی عەرەبیدان (میسر، مەغریب، عێراق، یەمەن، سوریا، ئەردەن، جەزائیر، لوبنان)، زۆرینەی ئەو کۆچبەرانەی لەم دەوڵەتانە دەچنە دەرەوە بۆ دەوڵەتی ئەوروپا و ئەمەریکای باکور و دەوڵەتانی پێشکەوتووی تر بەڕێژەی لە(٦٣,٤٪)، لەکاتێکدا لە دەوڵەتی ناوخۆی نیشتمانی عەرەبی لە(٣١,٥٪)بووە، بەڵام دەوروبەری(١,٢٪)بۆ دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکانی تر بووە(الحسناوي، ٢٠١٦: ١٠٩).

بەپێی ئەو داتایانەی **نەتەوەیەکگرتووەکان** سەبارەت بەو کەسانەی کە لە شارێکیتر دەژین ئەو شارە نییە کە تیایدا لەدایکبوون، لەساڵی (٢٠١٧)ژمارەی ئەو کۆچبەرانە(٢٥٨)ملیۆن کەس بووە، بە بەراوورد بە (١٧٣)ملیۆن لەساڵی (٢٠٠٠)،و بڕوایان وابووە کە ڕێژەی کۆچبەرانی نیشتەجێبوو

کەمێك بەرزترە لەچاو ساڵانی رابردوودا کە لە(٣,٤٪)بووە لەساڵی (١٩٨٠)، زۆرینەی کۆچبەران لە دەرەوەی هەڵبژاردەی خۆیان بووە یان لەبەر پێویستی ژیان بووە( الأمم المتحدة،٢٠١٩).

لەساڵانی پێشتر کە (١٩٩٠-٢٠٠٠)کۆچی دەوڵەتان یاخود نێو دەوڵەتی زۆر هێواش بووە بە بەراوورد بە قەبارەی کۆچ لە ساڵانی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە و نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەهۆی ئەو ڕێگری و کۆنترۆڵانەی کە دەوڵەتانی پێشکەوتوو سەپاندوویانە، ئەویش بەهۆی هێواشی گەشەی ئابوری لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا بووە، ژمارەی ئەو کۆچبەرانەش لە جیهاندا بە(٢١٤)ملیۆن کەس پێوانەدەکرێت کە لە(٣,١٪)دانیشتوانی جیهان دەکات، لەوانە بە ڕێژەی لە(٣٧٪)کۆچی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتووە بۆ دەوڵەتانی پێشکەوتوو، بە نزیکەی لە(٦٠٪)ئەو کۆچبەرانەن کە کۆچیانکردووە بۆ  ئەو دەوڵەتانەیە کە لە ئاستی پەرەسەندان، و لە(٣٪)لە کۆچبەرانی دەوڵەتانی پێشکەوتوون بۆ دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو، تێکرای گەشەی کۆچ لە خشتەی(٥)ڕوونکراوەتەوە (مرزوق،٢٠١٠ :٤).

**خشتەی (٥)**

**تێکرای گەشەی سالانە بۆ کۆچ (ڕێژەی سەدی)**

| ساڵانە / ناوچە | ١٩٧٠-١٩٨٠ | ١٩٨٠-١٩٩٠ | ١٩٩٠-٢٠٠٠ |
|---|---|---|---|
| جیهان | ٢,٠٥ | ٤,٤٣ | ١,٢٨ |
| دەوڵەتانی پێشکەوتوو | ٢,٢ | ٦,٥ | ٢,١ |
| دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو | ١,٨٩ | ٢,١٣ | ٠,٠٥ |

لە نیوەی سەدەی بیستەمدا تێکرای خێرای بەشاریبوون لە شارەکانی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا بەدەرکەوت کە خەسڵەتێکی تایبەت بەخۆیان بوو بەمە فشاری شارنشینی دروست کرد، لە ئەنجامی کۆچی لادێوە بۆ شار بوو بەشێوەیەك کەرتی پیشەی لاوەکی و سێیەمیش توانای وەرگرتنی کۆچبەرانیان نەمابوو بەهۆی لاوازی بنەمای ئابوورییەوە لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا

کۆچیش ئەوەندە زۆر بوو کە لەسەروو ژمارەی داواکراوەوە بوو بۆ کارکردن لەو کەرتانەدا، سەرەڕای نەبوونی لێهاتوویی و ئاستی خوێندن لای کەسانی کۆچبەریش (محمد،٢٠١٩: ١٨).

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆچ ڕێگاپێدەرێکە بۆ دەسکەوتنی سوود کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر کۆچبەران و ئەوانەش کە کۆچیان نەکردووە، جا لە دەوڵەتە بنەچەییەکەدا یان ئەوەی پیایداتێپەڕبوون یان دەوڵەتی مەبەست بوو بێت، جێکەوتەی خۆی هەبووە بە ڕاستەوخۆیی لەسەر کۆمەڵگەی خۆجێی یاخود لەسەر ئابورییە نیشتمانییەکان، سەرەڕای بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا لەگەڵ پێشکەوتوویی گەشەکردوودا وادەکات هەردوولا پێویستییان بە کرێکاری لێهاتوو و بیانی جۆراوجۆر بێت بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئەو کەمووکورتییانە ببنەوە کە بازاڕی کاریان بەخۆوە بینیبووە، هەموو ئەمانە وایانکرد بڕیار لەبارەی بەشداربوونی کۆچبەرانەوە بدرێت بۆ وابەستەبوون بەنیشتمانەوە، کە شێوەی ئاڵوگۆڕو داهێنان و بازرگانی و وەبەرهێنان لەخۆدەگرێت، بەمە پەرەسەندن لە بواری تەکنەلۆژیا و زانیارییەکان و پەیوەندییەکاندا دروست دەبێت کە وادەکات گەشەپێدان بێتە ئاراوە(الهجرة الدولية والتنمية، ٢٠١٣: ١٢).

کۆچ پاڵپشتی گەشەی ئابوری جیهانی کردووە و بەشداربووە لە پەرەسەندنی دەوڵەتان و کۆمەڵگەکاندا، لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لە شارستانیەت و کولتوورەکانی دەوڵەمەندکردووە، کۆچی دەوڵەتانیش گرنگییەکی گەورەی لە پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆییدا هەبووە ئەگەر بەشێوەیەکی باش و ڕێکخراو شوێنی بۆ کرابێتەوە بۆئەوەی سوودی لێوەربگرن، ئەو گرنگییەشی تاکو ئێستا بەردەوامە لەسەر ئاستی نیشتمانی و جیهانی، هەروەك لە ساڵی (٢٠١٣)(٢٣٢)ملیۆن کۆچبەرانی دەوڵەتان کە لە (٣,٢٪) لەدانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن. سەرەڕای ئەمانەش لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتووی جۆراوجۆردا

ئاڵوگۆڕکردنی کۆچبەران سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتە زیاتر لەو یارمەتیانەی دیاریکراون بۆ گەشەپێدان و وەبەرهێنانە بیانییە ڕاستەوخۆکان (الاسرج، ٢٠١٦: ٧).

هەربۆیە زۆرێك لە دەوڵەتان بەرهەڵستی لە کۆچکردن دەکەن کاتێك کۆچبەر وڵاتەکەی بەجێدەهێڵێت بەوەی دەرامەتێکی مرۆیی زۆری لێ بەفیڕۆ دەڕوات، وەکو دکتۆرو ئەندازیار و مامۆستا. لەگەڵ ئەوەشدا گواستنەوە یاخود ناردنی کرێکاران بۆ دەرەوە دەبنە هێزێکی گەورەی

هاوسەنگی، ئاماژە دەکەن بەخەملاندنەکانیش بەوەی کە کۆچبەران هەڵدەستن بە ناردنی (٤٤١)ملیار دۆلار بۆ کۆمەڵگە گەشەسەندووەکان لە ساڵی (٢٠١٥)، کە زیاتر لە سێ ئەوەندەی ئەو یارمەتیانەیە کە بۆ گەشەپێدان دانراوە، کە دەگاتە سێیەکی ئاستی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ دەچێت بۆ دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو کە دەتوانێت بەم ناردنە بەشداریەکی گەورە لە کەمکردنەوەی هەژاری و بەهێزکردنی گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بکات بەهۆی کەڵەکەبوونی سەرمایەی مرۆیی و ماددیەوە(بلوم، ٢٠٢٠).

**دووەم: کاریگەری کۆچ لەسەر تێکەڵبوونی کولتووری**

کۆچ پرۆسەی بەشاریبوون بەڕێوەدەبات کەوایکردووە شارەکان شوێنی زۆرترین وجۆراوجۆرترین بێت بۆ ژیان، هەموو ئەمانە بە جیاواز لەڕووی ڕێژەوە لە دەوڵەتە پێشکەوتوو و تازەپێگەیشتووەکاندا هەیە. خێرابوونی تێکڕای بەشاریبوون بۆ شارەکان بەهۆی کۆچی زۆرەوەیە بەمەش لەزۆربەی کاتدا مەترسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ڕاپۆرتەکانی کۆچی جیهانی ساڵی (٢٠١٥) هەستاون بە دەرخستنی بەڕێوەبردنی گواستنەوەکان و چۆنێتی ڕاگواستن و کۆچبەران کە چۆن شار پێکدەهێنن، و ژیانی کۆچبەرانیش چۆنە کە لەلایەن شارەکان و میللەتەکان و ڕێکخراوەکانیان و یاساکانیانەوە بۆیان ڕێکدەخرێت و پێکدەهێنرێت. لەو ڕاپۆرتەدا لێکۆڵینەوە کراوە لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆچبەران و شارەکان کە کێشەی بێکاری و نەبوونی ماڵ وجێگە و لایەنی تەندروستییان هەبووە و ڕوانینیشیان سەبارەت بە چۆنێتی کۆچبەران لە ڕووی یارمەتیدانیانەوە بۆ بوژانەوە و بونیادنانەوەی شارەکان بە کەرەستە و بیرۆکەکانیان یان هەردووکیانەوە لە دەوڵەتە میواندارەکە. بەڵام زۆرێك لە شارەکان و فەرمانڕەواییە خۆجێییەکان کۆچ و کۆچبەران ناخەنە ناو پلاندانانی گەشەپێدانی شارنشینی و جێبەجێکردنیەوە ( World migration report, 2015: 1 ).

لەلایەکیترەوە بەشداریکردنی کۆچبەران لە ژیانی سیاسیدا گرنگی خۆی دەبێت لەسەر دەوڵەتە میواندارەکە و ناوچە بنەچەیەکەی کە کۆچی لێوەکردووە، ئەم بەشداریکردنە خۆی دەبینێتەوە لە نێوان دەنگدان لە هەڵبژاردنە خۆجێی و نیشتیمانی و ناوچەییەکاندا لەگەڵ پالاوتن بۆ هەڵبژاردنی خۆجێی و چونەپاڵی پارتەکان و کۆمەڵە یەکگرتووەکاندا یان بۆ شورا یاخود ڕاوێژکاری خۆجێی و نیشتمانی و ناوچەییەکان.

بەشداربوونی کۆچبەران لەژیانی سیاسیدا دەتوانێت یارمەتی دەوڵەت بدات بۆ پارێزگاریکردن لە ڕەوایی سستمە دیموکراسییەکەی و تێکەڵبوونی کۆچبەران و بەهێزبوونی یەکگرتنی کۆمەڵایەتیشیاندا، ئەم بەشداری کردنە سیاسیەی کۆچبەران بواریان بۆ دەڕەخسێنێت کە ڕایان بەرامبەر ئەو سیاسەت و ڕێوشوێنانە هەبێت کە ئەوان مەبەستییانە، لەگەڵ ئەوەی هەستی سەرپێبوونیان(إنتماء) بۆ دەوڵەتە میواندارەکەش بەهێز دەکات.

چالاکی کۆچبەرانی سیاسی هیچ کەمترنییە لە چالاکی هاوڵاتییان، ئاستی بەشداریکردنی سیاسی وابەستەیە بەکۆمەڵێك هۆکارەوە لەوانە: پێکهاتەیی/ پەیکەری یان تاکێتی، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بەشداربوون لە لایەنی سیاسیدا بۆ کۆچبەران کە دەبێ پیادەی بکەن بەندە لەسەر ئەو دەوڵەتە میوانداره بە پلەی یەکەم، بەوەی زۆربەی دەوڵەتان لە ئێستادا ڕێگانادەن بە کۆچبەران کە مافی دەنگدانیان هەبێت وەکو ئەفەریقا و ئاسیا، بەڵام هەندێکی تریان ڕێگادەدەن هەروەك ئەوروپا، هەردوو ئەمەریکا، نیوزلەندا، کۆماری کۆریا، بەڵام مافی خۆپاڵاوتن لە هەڵبژردنەکاندا ملکەچی سنوردارکردنی توندتر دەبێت، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەش کە ڕێگایان بەمافی دەنگدان دەدا. سەرەڕای ئەم بوار ڕەخساندنە لە دەوڵەتاندا، بەشداری کردنی کۆچبەرە سیاسییەکان کاریگەری دەبێت بە کولتووری بەشداری کردنی سیاسی لە دەوڵەتی میوانداریشدا(ماکولیف، خضرية، ٢٠١٩: ١٩٧-١٩٨).

کۆچبەرەکان لە دوای ئەوەی دەچنە ناوچەیەکی نوێوە، ئەوا ڕووبەڕووی کولتوورێکی نوێ دەبنەوە بەمەش باگگراوندە کولتوورییان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گۆڕانکاری دەبێتەوە لەوانە پارێزگاری کردن لە هەندێ بەها و بیروباوەڕ و گۆڕینی هەندێکی تریان، بەمەش توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە توانای خۆگونجاندن دوابەدوای ئەم نوێبوونەوەیە دەست پێدەکات و تێکەڵبوونی کولتووری دروست دەکات(اقتصادی،بەبێ ساڵ: ١٢٥).

ئەم کاریگەربوون بەکولتوورە ئەوە نیشان دەدات کە ئەندامانی لقە کولتوورییەکان زوو تێکەڵبوون بە کولتوورە گەورەکە، ئەگەرچی هەندێکجاریش ئەمە پێچەوانەیە، بەڵام لقە کولتوور ئاماژەیە بۆ بوونی کۆمەڵێك دانیشتوان کە لە ڕووی شێوەی کولتوورەوە لە ئەندامانی کۆمەڵگەکە جیاوازن (غدنز، بەبێ ساڵ: ٨٥).

هەر ئەم تێکەڵبوونەش دوو مانا لە خۆدەگرێت یەکەمیان ئەرێنییە بەواتای پیشت بەستن بە بەهای دیموکراسی کەلێرەدا کۆچبەران دەبنە بکەری کۆمەلأیەتی لە ناو دەوڵەتە میواندارەکەدا، دووەمیان بەواتای نەرێنیە هەروەك زانایانی کۆمەڵناسی لە تێڕوانینەکانیاندا ئاماژە دەکەن بە باڵادەستی چینێك بەسەر چینێکی ترەوە کە چینی میللی و کۆچبەرانن، چینی یەکەم پێیان وایە چینی کۆچبەران تێکەڵ نابن و بەشێوەیەکی پێویست لە کۆمەڵگەدا بەشدارنابن (بوخریص بەبێ ساڵ: ٦-٧).

ئەم کاریگەربوونەش تەنها لەبواری سیاسی نییە بەڵکو لەهەموو بوارە جیاوازەکانی وەك (پیشە،دانیشتوان ،تەندروستی ،خوێندن، بەشداریکردنی مەدەنییانە)دا دەبێت، ئەم تێکەڵبوونە پرۆسەی گونجانی ئاڵوگۆڕی لەخۆدەگرێ لە نێوان کۆچبەران و کۆمەڵگە خۆجێیە میواندارەکەدا، پلەی تێکەڵبوونی کۆچبەران بۆ هەرتاکێك وابەستەدەبێت بەو شوێنەی کە گونجانەکەی تیادا ڕوودەدات لەگەڵ بوونی هەندێك هۆکار کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر پرۆسەکە لە ڕووی دیمۆگرافیا و کەسێتیەوە وەك (زمان و تەمەن وجۆری ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری و هیتریش)(ماکولیف،خضرية، ٢٠١٩ : ١٨٦-١٨٧).

لە ئێستادا کۆمەڵگە پیشەسازییەکان لە قۆناغی جۆراوجۆری کولتوورییدا دەگوزەرێن بەهۆی پرۆسەی کۆچکردن و داگیرکاری و پێکدادان و شەڕوشۆڕەوە هۆکاری سەرەکیبوون بۆ بڵاوبوونەوەی خەڵکی لەسەر زەوی و کۆچکردنیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر تاکو لە شوێنێکی نوێدا نیشتەجێ ببن(غدنز،بەبێ ساڵ:٨٦)، ئەم هۆکارانە لە سەرتاسەری جیهاندا بوونیان هەبووە و بەتەنها ناوچەیەك یاخود شوێنێك نەبووە، بەم هۆیەوە وایانکردووە تاکەکان ڕووبکەنە ناوچە شارنشینییەکان و جارێکی تر نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ زێدی باوباپیرانیان و تێکەڵ ببنەوە، هەروەك هەندێ شاری کۆڵۆمبیا بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی ناوخۆییەوە کە زۆر زیاتر بووە لە ڕێژەی دانیشتوانە بنەچەییەکەی، جگەلەمەش عێراق بەهەمان شێوە بەهۆی پەنابەر و کۆچبەرەوە کە نیشتەجێبوون لەوێدا خەڵکە بنەچەیەکەی ناتوانێت بگەڕێتەوە و نیشتەجێ ببێت بەوەی بووەتە جێگای نیشتەجێبوون و ململانێی زۆرێك لە ڕەگەز و تیرەگەرییە جیاوازەکان، ئەمانەش بوونە هۆکاری قەرەباڵغی و زۆربوونی دانیشتوان و لەهەمانکاتیشدا مەترسی بۆ دەوڵەتە میواندارەکە(فیغین، ٢٠١٤ : ١٤-١٥).

له هەرێمی کوردستانیشدا لەپێش ساڵانی نەوەدەکان و دوای نەوەدەکانیش هاوڵاتیان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك نەهامەتی و تەنگەشەی ئابوری و سیاسی بوونەوە سەرەڕای لایەنی کۆمەڵایەتی کەوایکرد کۆچکردن بە هەردوو ئاڕاستەی دەرەوە و ناوەوە ڕوبدات، تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی سەرلێشێواو بوون و لە زێدی باو باپیرانیان دوورکەوتنەوە ئەگەرچی هەندێکیان گەڕانەوە بەڵام هەندێکیتریان بەیەکجاری نیشتەجێی دەرەوەی وولات بوون ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکیتریشەوە لە دوای داگیرکردنی ناوچەکانی عێراق لەلایەن ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی **(داعش)** لە حوزەیرانی (٢٠١٤)سێ ملیۆن هاوڵاتی لە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونیان ئاوارەبوون بەناچاری بەدوای ئاسایشدا دەگەڕان لەناویاندا بەنزیکەیی (١,٣)ملیۆن کەس لە هەرێمی کوردستاندا وەکو ناوچەیەکی ئارام خۆیان جێگیر کرد. عێراقییەکان ڕێچکەی کۆچکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات هەڵبژارد، لەساڵی (٢٠١٥)، عێراقییەکان لە نێو ئەو سێ گەلانەدابوون، لەپاش سوریەکان و ئەفغانییەکان، کە زۆرترین کۆچیان بەرەو ئەوروپا لە ڕێگەی دەریای سپی ناوەڕاستەوە کردووە. هەرچەندە لەساڵی (٢٠١٧) ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان، بەڵام باری ئەمنی و سیاسی و ئابووری ناوچە ئازادکراوەکان هێشتا بەناجێگیر و پێشبینلێنەکراو ماونەتەوە( Costantini, Palani , 2018: 5 ) .

له دوای ڕزگاربوونی هەرێمی کوردستان لە دەستی ڕژێمی بەعس کۆمەڵێك ڕێکخراو سەریان هەڵدا بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی هاوڵاتیان و پاراستنی دۆخی هەرێم لە پشێوی، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ناوچەکانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان ناسەقامگیربوون کە شەڕو ڕاگواستنی زۆرەملێی و پڕۆسەی تیرۆرستی تیایدا هەبووە، بەمە وایکردووە ڕێژەی کۆچ زیاد بکات لە لادێوە بۆ شار و لە باشور بۆ باکوری عێراق و بەرزبوونەوەی ڕێژەی چڕی دانیشتوانی شارەکە بەبەراوورد بە پێشوتری کە ئەمە لەلایەك ڕووی بەشاریبوونیشی بەدەردەخات و لەلایەکیتریشەوە زیادبوونی کێشە و گیروگرفتەکانی نیشان دەدات کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی لە پیشکەوتن و برەودان بە بارودۆخەکەی خۆی کە ساڵانێك بووە خەونی پێوە بینیبوو.

هەربۆیە لەڕێگای ڕێکخراوەکانەوە کار بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی کوردستان کراوە و تەنانەت ئاوارەکانی نیشتەجێی کوردستانیش لە ڕێگای چەندین پڕۆژەی جیاوازەوە و بە کۆمەڵێك بەرنامەی هۆشیارکردنەوەییەوە بۆ ئەوەی ئەو ئاوارانە بەو دۆخە و گوزەرانی کۆمەڵگەکە لە

هەموو ڕووەكانەوە ئاشناببن سەرەڕای كاریگەریەكانیشیان لەسەر تێكەڵبوونی كولتووریی لای تاكی كۆمەڵگەكە و ئاوارە و پەنابەرەكانیش.

بۆ ئەم مەبەستەش چاوپێكەوتن لەگەڵ دوو پارێزەردا كراوە كە یەكەمیان بەڕێوەبەری سەنتەری پەرەپێدانی دیموكراسی و مافی مرۆڤ (DHRD) ، دووەمیان ڕێكخەری پڕۆژەكانی ئاوارەكان بوو گفتوگۆ كرا سەبارەت بە كۆچی ناوخۆیی و دەرەكی و هاتنی ئاوارەكان بۆ كوردستان بەتایبەت لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا و ڕەوشی كار و پڕۆژەكانی ئەم ڕێكخراوەش بۆ تاكی ناوخۆ و دەرەوە و كاریگەریشیان لەسەر دروستبوونی پەیوەندی و تێكەڵبوونی كولتووری لای پەنابەران و ئاوارەكان لەناو شاردا، لێدوانی بەڕێوەبەری سەنتەرەكە ئەوەبووە كە **(هەر ئەم ڕێكخراوە كاریكردووە بۆ هۆشیاركردنەوەی خەڵكانێك كە لە دەرەوەی شاردا ژیاون وەك (هەڵەبجەو ڕانیە و دەربەندیخان و چەمچەماڵ و پشدەر و هیتر) لەدوای ڕزگاركردنی هەرێمەوە، ئەویش بە كردنەوەی خولی ڕاهێنان و پیشكەشكردنی سیمینار بۆ دانیشتوانی لادێكان و قەزاو ناحیەكان و كارمەندانی پۆلیس و قوتابخانەكان و فەرمانگە جیاوازەكان لەسەر بابەتی دەستوور كە گەورەترین هەڵمەت كراوە لە (٢٠٠٥-٢٠٠٦) بۆ بەشداربوونی هاولاّتییان لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا).**

**(كاركردنی ئەم ڕێكخراوە بەهۆی هاتنی ئاوارە سوورییەكان جیاوازتر و قورستریش بووە كە لە ساڵی (٢٠١١) دا هاتوونەتە هەرێمی كوردستانەوە بەهۆی جیاوازی كولتووریەوە بووە كەوایكردووە بەرنامەی تایبەتتریان بۆ دابنرێت، لەم قۆناغەدا گوێگرتنی هاولاّتیانی سووری بۆ پڕۆژە و كاری ئەم ڕێكخراوانە قورس بووە بەهۆی خراپی دۆخیان و دووركەوتنەوەیان لە شوێنی نیشتەجێبوونیان و ناسەقامگیرییان و نەبوونی پێداویستییە سەرەكییەكانیان لە خواردن و خواردنەوە و شوێنی حەوانەوە .**

**ئەگەرچی قسەكردن لەسەر هەندێ بابەت قورس بووە هەروەك (توندوتیژی ) بەوەی ئەوان پێیان وابووە باوك هەموو شتێكە و عەیبەش نییە هەرچیەك بكات و ڕێگریشی لێنەكراوە، بەلاّم كاركردنی ئەم ڕێكخراوانە زۆر بە لێهاتوویەوە بووە لەڕێگای كەسانی شارەزاو كارامەوە ڕاهێنانیان كردووە لەسەر چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ كەسەكان و كولتووری جیاوازدا، هەموو ئەمانە وایانكردووە قۆناغی قورس تێبپەڕێنن و بگەنە قۆناغێكی تر كە تێكەڵبوونی ئەو ئاوارانەن بە**

**خەڵكی سلێمانی، هەموو ئەمانە لە دوای تێپەڕبوونی (٧) بۆ (٨) ساڵ هەستیان پێ دەكرێت كە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە و لە ئێستادا كاركردن لەگەڵیاندا ئاسانترە وەك لە پێشوتر سەبارەت بە بابەتەكانی بەرەنگاربوونەوە توندوتیژی و ئەشكەنجەدان یان داواكردنی مافەكانی ژنان، هەموو ئەمانە لە ڕاهێنانەكانەوە پێیان دراوە بەوەی وەك هاوڵاتیەكی ئەم ناوچەیە مافی خوێندن ونیشتەجێبوونیان هەیە و سەلامەتی ژیانیشت لە ئەستۆی حكومەتدایە بە پێی ڕێككەوتنی نێودەوڵەتی و یاسای تایبەت) و ( ئەم كارانە وایانكردووە كە تاكو ڕادەیەكی باش یاخود سەروو مام ناوەند پەنابەران بەدەم داواكانی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنییەوە بڕۆن بەوەی ئەم ڕێكخراوانە جێگە دەستیان دیاربووە لە نێو كەمپەكاندا زۆر لە كێشەكانیان بۆ چارەسەركراوە كە تاڕادەیەكیش بیروبۆچوونیان گۆڕاوە جیاوازتر دەڕوانن بۆ هەموو ئەو بابەتە هەستیارانەی كە لەپێشوتردا زۆر سووربوون لەسەری كە لە كولتوورەكەی خۆیانەوە وەریانگرتبوو).**

هەموو ئەمانە ئەوە نیشان دەدەن كە دۆخی جێگیری هەرێمی كوردستان لەدوای ڕزگاركردنی بووەتە ناوچەیەكی ڕاكێشەر بۆ ناوچە لادێنشینییەكان بۆ چاككردنی بارو گوزەرانیان لەڕووی ئابوری و كۆمەلأیەتی و سیاسی و خۆشگوزەرانی و پەروەردەیشەوە، وادەكات ڕێژەی دانیشتوانی شارەكان زیاد بكات و ڕووبەری شارەكان بەشێوەیەكی هەڕەمەكی زیاد ببن، سەرباری ئەوەی شارەكان خۆیان لەسەرەتای هەستانەوە و برەودان بەخۆیانن و بەمە كێشە و گیروگرفتەكانیش زیاتر دەكەن بەهۆی بێ پلانی گواستنەوەی شوێنی و كۆچكردنی تاكەكانەوە كە لەجۆری كۆچی ناوخۆییە .

لەلایەكیترەوە بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشانە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بەهۆی پرەنسیپ و بەرنامەی كاری ڕێكخراوەییان تاڕادەیەك بوونەتە هۆی كەمكردنەوەی كێشەكانیان و گۆڕانی بیروبۆچوونیان سەبارەت بە مافی تاكەكان وەك ئەندامێك لەناو ئەم كۆمەڵگەیەدا وەكو هەنگاوی یەكەم.

بەلأم كاری ئەم ڕێكخراوانە لەهەنگاوی دووەمدا تەنها كاركردن نەبووە لەسەر ناوچەكانی كوردستان بەڵكو هاتنی ئاوارەكانی سوریا وایلێكردن كەزۆر بە هەستیارانەتر مامەڵە لەگەڵ دۆخی ئەم ئاوارانەدا بكەن بەوەی ئەم ئاوارانە زمان وكولتوور و شێوازی ژیانكردنیان جیاواز بووە لە هەرێمی كوردستان، هەربۆ ئەم مەبەستەش كەسانێكیان هەڵبژاردووە كە زمانی ئاخاوتنیان بزانێت

و بتوانێ بەشێوەیەکی کارامە ڕێوشوێنەکانیان بۆ ڕوونبکاتەوە و هەوڵی هۆشیارکردنەوەیان بدات، ئەمە بۆ ئاوارەکان وەك یەکەم قۆناغ دەبێت کە خۆیان بەدووردەگرن لە کەسانی نیشتەجێی ناو شارەکە بەهۆی ئەو جیاوازییانەوە کە لە نێوانیاندا هەیە، جا ئەمە بەتەنها لەلایەن ئاوارەکانەوە نییە بەڵکو لەلایەن دانیشتوانی نیشتەجێی شارەکەشەوەیە کە هەردوولا نایانەوێت پەیوەندییان هەبێت، هەموو ئەمانە وادەکەن لەم قۆناغەدا کارکردنی ڕێکخراوەکانیش قورس بێت.

لەقۆناغی دووەمدا لەدوای ئەوەی ئاشنا دەبن بە کاری ڕێکخراوەکان و یارمەتیدانیان لە هەموو بابەتە پێویستەکاندا وادەکات کەمێك لێك نزیك ببەنەوە بۆ تێگەیشتن و دروست کردنی پەیوەندییەکانیان، لەدوای هەستان بەم شێوە مامەڵەیە ئەم ڕێکخراوانە توانیویانە هەنگاوێکی باشتر بنێن لە چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکاندا و ڕوونکردنەوەیان سەبارەت بە مافەکانیان کە وەك هاوڵاتییەکی ئەم وڵاتەدا دەتوانن لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەیشدا بەشداربن ، ئەمەش لە ماوەی ساڵ و دوو ساڵدا نەبووە بەڵکو زیاتر لە (٧) ساڵی پێویست بووە .

بەهۆی مانەوەی ئەم ماوە زۆرەوە وادەکات ئاوارەکان ملکەچی ئەم ژیانەی خۆیان ببن کە ڕاستییە و ئیتر دەبێت خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو شوێنەدا کە کۆچیان بۆکردووە، و کاری ڕێکخراوەییەکانیش لە ڕێگای بەرنامە و پڕۆگرامی تایبەت بەخۆیان بەردەوامی هەیە بەهۆی کردنەوەی خولی هۆشیاریی و سیمینار و ڕاپۆرت کردن لەبارەیانەوە بۆ ئەوەی بگەنە خاڵێکی ئەرێنی لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا و چیتر هەست بەوە نەکەن کە هاوڵاتی بیانین لە ناوچەیەدا .

بەڵام نابێت ئەوەش لەیادبکەین کە کاری ئەم ڕێکخراوە **(DHRD)** بەدەرە لەهەموو دەستێوەردانێکی پارتەکانەوە بەلێدوانی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە، ئەمەش وایکردووە تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووبن لە بەرنامە و کاری ڕێکخراوەییاندا کە بەدەنگەوەهاتنی ڕێژەیەکی زۆری ئاوارەکانە بۆ کار و پڕۆژەکانیان بەوەی پڕۆژەکانیان ڕەچاوی کەسی لێهاتوو و دڵسۆز و کات و شوێن دەکات تیایدا کە دەبێتە جێگای بڕوا و متمانەی زیاتر لای ئاوارەکان بەوەی زۆربەی کات ڕێکخراوەکانی سەر بە پارتەکان پەیڕەو پڕۆگرامی تایبەت بەخۆیان هەبووە کە بۆ مەبەستی جیاواز بەجیاواز کاریان کردووە لەم بوارەدا و ئەگەرچی قورساییان بۆ ڕێکخراوە مەدەنییەکان

بەگشتی دروستکردووە بەلاّم کاری ئەم ڕێکخراوە بەپێی کات و ساتەکان بەشێوەیەکی ڕێك پێك و گونجاو لەگەڵ دۆخەکەدا کارەکانی خۆیان کردووە وەك ئەوەی مەبەستییان بووە .

هەروەها پارێزەرێکی تری ڕێکخراوی (DHRD) کە ڕێکخەری پرۆژەکانی ئاوارەکانە ڕای وابووە کە **(ئەو بابەتە یاساییانە کە پێویست بووە باسی لێوە بکەین ئەوە بووە کە پەنابەران ئاشنا بکەین بە ئەرك و مافە یاساییەکانیان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان ئەویش بەهۆی باسکردنی ئەو یاسایانەی کەبەسەر پەنابەراندا جێبەجێدەبێت بەوەی هەموو یاسایەك هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی ئەرك و مافەکان لەوانەش: یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و باسکردن لە ئیتیفاقیەتی نێودەوڵەتی و ئەو ئیتیفاقیاتانەی دەوڵەتی عێراق ئەندامە تیایدا یاخود موصادەقەی کردووە کاتێك باس لە پەنابەربوون دەکات و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.**

**بۆ پێوانەی کاریگەربوونی ئەم یاسایانەش لەسەر تاکی پەنابەر ئەوا وەکو ڕێکخراو خولی هۆشیارکردنەوەمان هەیە کە دوو جۆر خولە یەکەمیان خولی ڕاهێنان و دووەمیان خولی هۆشیارکردنەوەی یاساییە. ئەمانەش لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسیەوە دەبێت کە بە شێوەی پرسیار بووە و پەنابەران بەشداربوون تیایدا، لە هەمانکاتیشدا ئەنجامەکانمان بەدەسکەوتووە کە تا چەندە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە بە پێی تێپەڕبوونی کات).**

**پوختە:**

کۆچ دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتی فرە ڕەهەندە، هەروەك ڕەهەندی دیمۆگرافی و ئابوری و ڕامیاری، پەیوەندی بە بەشاریبوونەوە هەیە بەوەی لە ڕێگای برەودان بەدۆخی کۆچبەران و کۆمەلگەکە لەیەك کاتدا وادەکات کۆمەلگە میواندارەکە بۆ بەشاریبوون هەنگاوبنێت.

کۆچ خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە پێکهاتەکانی گەشەی دانیشتوان کە کاریگەری لەسەر قەبارەی دانیشتوان وخەسلەتەکانیشیان دەکات لەو شوێنەی دەڕۆن و بۆیدەچن، و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانیش لە کۆمەلگە جیاوازەکاندا لەڕووی دیمۆگرافیەوە بە ڕەهەندێکی بەشاریبوون دادەنرێت کە زۆرجار دەکرێتە خاڵێکی سەرەکی بۆ دەستنیشان کردنی ئاستی بەشاریبوون بەجیاواز لەناوچە و کۆمەلگەیەکی تر کە هەندێ خاڵی تر دەخەنە ڕیزبەندەکەوە بۆ پلەی بەشاریبوون .

کۆچ جێکەوتەی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری دەبێت لەسەر کۆچبەران لەو شوێنەی دەڕۆن و بۆیدەچن بەهەردوو لایەنی باش و خراپەوە، لەگەڵ زۆربوون و جۆراوجۆر بوونی کۆمەڵگەکان و بەشەکانی دانیشتوان لە کۆمەڵگەکاندا کۆچیش جیاواز دەبێت، سەرەڕای بوونی بارودۆخی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆنەوە تاکو ئێستا کاریگەری لەسەر قەبارە و جۆر و ئاڕاستەی کۆچ کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا جیهانگیریش لەم کۆتاییەدا کاریگەری لەسەری هەبووە کە جۆری نوێی کۆچی دروست کردووە.

کاریگەری دەوڵەتان لەسەر کۆچبەران سەبارەت بە تێکەڵبوونیان بە سستمی دەوڵەتە میواندارەکەوە تەواو و جیاواز بووە لە شوێنێکەوە بۆ یەکێکی تر، کە ئەمەش لەسەر شێوازی هەڵکەوتەی سیاسی و دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە میواندارە ڕاوەستاوە کە تاچەندە دەبنە هۆی لەخۆگرتنی ئەو کۆچبەرانە و دەسکەوتنی مافە ڕەواکانیان کە ئاواتەخوازبوون لەکۆمەڵگە بنەڕەتیەکەیاندا بێتەدی ، سەرەڕای مانەوەیان هەندێکیشیان بەتەواوەتی و توانەوەیان لە نێو ئەو کولتووره جیاوازانەدا کە فریادڕەسی خەونەکانیان بووە.

هەموو ئەمانەش کاریگەری تەواویان لەسەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە هەبووە کە کۆچیان بۆکردووە لەلایەك، لە لایەکیتریشەوە کۆچبەران بەهۆی لێشاوی ڕۆیشتنیانەوە بۆ ناوچەیەکی تر یاخود وڵاتێك یان شارێکی تر وایکردووە زیادبوونی دانیشتوان بە شێوەیەکی هەڕەمەکییانە بێت نەك پلان بۆداڕێژراو ئەمەش بەگشتی لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکاندا دەبینرێت، کە بەرنامە و پلانی پێشوەختەیان نییە بۆ ناوچەکانیان و بوژاندنەوەیان لە هەموو ڕووەکانەوە و عێراق بەگشتی و کوردستانیش بەتایبەتی لەدوای ڕزگاربوونیشەوە هەمیشە لە حاڵەتی سەرەتاییدا بووە بەمەش وایکردووە کەلێن و گرفتەکان لەناو کۆمەڵگەکەماندا ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لە زیادبوون بکات .

ئەمانە هەمووی لەلایەن دەسەڵاتدار و بەرپرسانی ناوچەکەوە نەتوانراوە کاربکرێت لەسەر ڕەوشی کۆچبەران و ئاوارەکان لەناوچەکەدا بەپێی پێویست بۆئەوەی هەم ئاوارەکان و هەمیش تاکی ناو کۆمەڵگەکە بتوانێت سوود لە ئەزموون و کاری یەکتر وەربگرن بۆ برەودان بە کۆمەڵگە و بەرزبوونەوەی پلەی بەشاریبوونی کۆمەڵگەکە و ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لای تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاشناکردنی ئاوارەکان سەبارەت بە یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکانی ناو کۆمەڵگەکەمان.

له لایەك ساتی هاتنە پێشەوەی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو و کتوپڕدا بارودۆخی ناوچەکە و ڕەوشی ئاوارەکان دەکەوێتە مەترسیەوە کە زۆربەی کات ناتوانرێت چارەسەری گونجاو و لەباری بۆ بدۆزرێتەوە، زۆریش ئەستەم و قورس دەبێت جگەلەوەی پێکدادان و ناڕەزاییەکانی ئاوارەکان و تاکی ناو کۆمەڵگەکەی بەرامبەر بەیەکتر لێدەکەوێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان کە ئەمانەش بەشێك دەبن لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە و ئاوارەکان دەبنەوە .

لەلایەکیترەوە کاری ڕێکخراوەکانیش لە ناو دەوڵەتە جیاوازەکاندا هۆکارێکی کاریگەر بووە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و بەهانا چوونی ئەو کۆچبەرانەوە کە شوێنە بنەڕەتییەکەی خۆیان بەجێ هێشتووە، بەمەش وایانکردووە بیروبۆچوونی کۆچبەران بەپێی ئەو ناوچەیەی بۆی ڕۆیشتوون بگۆڕێت بە تێپەڕوونی کات لەگەڵ ئەو دۆخەی تیایدا دەژین لە دەوڵەتە میواندارەکەدا بگونجێن ، بەڵام بوونی ڕێکخراوە بێ لایەنەکان لە کوردستاندا کەمن کە بتوانن بەتەواوەتی چارەسەری کێشەکان بکەن و بنبڕیان بکەن بەوەی ڕۆژبەڕۆژ ڕێژەی دانیشتوان ڕوو لە زیادبوون دەکەن هەربۆیە هۆکارە بۆ مانەوەی کۆمەڵگە لە کێشە و گیروگرفتەکاندا و سەرەڕای تێکەڵ بوونی کاری هەندێ ڕێکخراوە بە پارتەکانەوە و سەربەخۆنەبوونیشیان کە ئەمە هۆکارێکیترە بۆ زیادبوونی گرفتەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا جگەلەبوونی دووزۆنی جیا لەیەك لەڕووی مامەڵە و کارکردنەوە لە هەموو بوارە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەدا.

هەموو ئەم گرفتانە هۆکاربوون بۆ ئاوارەبوون و کۆچکردنی تاکەکان بۆ دەرەوە بەناچاری کە کەوایکردووە کۆمەڵگەی کوردستانی ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە ببێتەوە کە ئەویش ڕۆیشتنی گەنجانە بەلێشاو کە چینی هەڵسوڕێنەر و گۆڕانکارین لە کۆمەڵگەدا بەمەش کاریگەری کردووەتەسەر خاوبوونەوەی پرۆسەی بەشاریبوون لە کوردستاندا .

## باسی سێیەم

## پەیوەندی نێوان بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی

**دەستپێك:**

لە سەدەکانی پێشودا گرنگی بە کۆمەڵێك چەمك درابوو کە گرنگترینیان بریتیبوون لە جیهانگیری شار، وکەسێتیەکی جیهانگیرێتی، و بە کولتوورکردنی شارنشینی، کولتووری کۆکا، و بەشاریبوونی ڕێژەیی یاخود تێکڕا( التحضر المعدل)، ژیانی مەدەنییەت، هۆشیاریی مەدەنی.

هۆشیاریی مەدەنی نوێترین چەمکە لەناو ئەم چەمکانەدا دەرکەوتنی لەلایەن کەسانی بیرمەند ورۆشنبیرەوە بوو، سەرهەڵدانی هۆشیاریی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەنی کۆمەڵایەتی وکولتووریی و سیاسیەوە بەرهەمی سروشتی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆییی بووە. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم چەمکەدا کەڵەکەبوونی زانین و زانیاری و شارەزاییە تایبەتییەکان دروست بوون، ئەم چەمکە وابەستەیە بە زانین و کولتووری مەدەنیەتەوە، هۆشیاری لەکۆمەڵگەی شارنشینی گەشەدەکات سەبارەت بە بابەتەکانی وەك سەربەستی، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، گەشەپێدان، دادپەروەری، سەربەخۆیی کە ئەم پێکهاتانە وەکو چوارچێوەیەکی گشتین و ژیانی شارنشینیش ڕێگاپێدەری بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنییە و ژیانێکی شیاو بەشداریەکی ڕاستەقینە تیایدا بوونی دەبێت، هۆشیاریی مەدەنی تایبەتمەندییەکی شاری نوێیە کە بە پەرەسەندنی هۆشیاریی کولتووریی گشتی و ژیرانەیی ناسراوە.

دامودەزگاکانی پەروەردە و زۆربەی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کار بۆ گەشەپێدانی هۆشیارکردنەوە (التنمية التوعوية) دەکەن، هۆشیاریی مەدەنی وادەکات بارودۆخ و جۆری ژیانی خەڵك لە ڕووی گوزەران و باری کۆمەڵایەتی و تەندروستییەوە باشتر بێت و کولتووری لێبوردەیی و تێگەیشتن وبەیەکگەیشتن لەنێوان پێکهاتە و بەشەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بچەسپێت و هاندەری کولتووری هاوبەش بێت لە نێوان تاك و کۆمەڵەکاندا و نزیکبوونەوە لەنێوان کۆمەڵگەکاندا لەڕووی بەیەگەیاندنی کولتووریی و زانینەوە دروست دەکات.

پەروەردە و دامودەزگاکانی لەسەریانە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر بکەن، و نەرم و نیان بن بەجۆرێك کە بەگۆڕانی کۆمەڵگە بەگۆڕێت و پاڵپشتی لە نوێگەری ئەو بیرۆکە و هزرانە بکەن کە بەدوای هەموو شتە نوێیەکانەوەن بەو واتایەی نوێخوازن، بەوەی پێداویستی نوێ بیرۆکەی

نوێی دەوێت، ئەمە وادەکات کە پێویست بێت پەروەردە بەئامانجی ڕوودانی گۆڕانە گرنگەکان لە کۆمەڵگەدا بگۆڕێت (البنداق، ٢٠١٥).

هەرلێرەدا هەڵدەستین بە خستنەڕووی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنییدا هەیە لەگەڵ خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییدا:

## یەکەم: پەیوەندی نێوان بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی

ئەگەرهاتوو بەشاریبوون بەمانای پڕۆسەیەك بێت لە پڕۆسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە دانیشتوانی لادێکان دەگوێزنەوە بۆ شارەکان و لەوێدا دەژین(الصباح ، عاتی، ٢٠١٢ :٢٠٠)، ئەوا دوو شێوە لەشیکاریی هەڵدەگرێت بۆ زیاتر جەختکرنەوە وەك پڕۆسەیەك کە یەکەمیان شیکاریی کلاسیکە لەلایەن **"ئیبن خەلدونەوە"** شیکاری بۆکراوە وابەستەی بەشاریبوون دەکات بە گۆڕانەوە کە ڕووبەڕووی جۆری گوزەران دەبێتەوە، ئەویش گۆڕانە لەحاڵەتی پشتبەستن بە پێویستییەکانەوە بۆ خۆشگوزەرانی کە پشتبەستنە بەجوانکارییەکان، بەڵام دووەم شیکارییە نوێیەکانن کە پشتدەبەستن بە هۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی بۆ ڕاڤەکردنی بەشاریبوون، وایدەبیننەوە کە ناوەندی شارنشینی تەنها ژمارەی دانیشتوان نییە کە هۆکارە ئابوریەکان بیانگرێتەوە و کاریگەری لەسەریان هەبێت، بەڵکو ناوەندی کارلێك و چالاکییە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکانن وەك زانکۆکان و پەیمانگاکان و دامودەزگا خۆشگوزەرانییەکان، و تیایدا زانیاری و هەواڵی ڕۆژانە لە ڕێگای گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆنەوە بڵاودەبێتەوە، هەر ئەم زانیارییانەش وادەکەن کە گۆڕان لە ناوچەکانی دەوروبەریدا دروست بکەن، و ببێتەهۆی ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کە دەگەڕێن بەدوای نوێبوونەوە و ڕزگاربوونیان لە ژیانی لادێ.

سەربەستی تاکێتی و بواری بزاوتی کۆمەڵایەتی دوو خەسڵەتی دیاری شارە، کە تاك لەو ژینگەیەدا لەڕێگەی ویست و ئارەزووەکانییەوە دەتوانێت دەسکەوتەکانی لەبوارە جیاجیاکاندا وەك بواری زانستی و ئابوری وکۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕامیاریشدا بهێنێتەدی، دواتریش ئارەزوو بۆ گۆڕان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان لە بەشاریبووندا، ئەمەش کاتێك دەبێت کە هۆیەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان دەچێتە ناو لادێکانیشەوە، ئاسانکارییەکانیش لە بواری پەیوەندی و گەیاندن و بڵاوبوونەوەی خوێندن دەبێتە بەشێك لە ئارەزووەکانی گەنجان.

هەندێکیتر پێیان وایە سەدەی بیستەم تەنها وابەستەبوون نییە بەپیشەسازیبوونەوە، بەڵکو لایەنی هزریش دەگرێتەوە، کە بونیادی ویستی مرۆڤ دەکات و دەیبەستێتەوە بە گەشەپێدانی هزرەوە کە ئەمەش جۆرێکە لە ژیرانەیی(لبعل،٢٠١٨ :٦٠).

لە هەرێمی کوردستاندا لە دوای راپەرینەوە گۆڕانکاریەکان لە هەموو ڕووەکانەوە زۆر بەزەقی هەستیان پێکراوە بەوەی گۆڕان نەبووە تەنها لە سستمێکدا، بەڵکو لە کۆی سستمەکاندا بووە، بۆ ئەم مەبەستەش سستمی پەروەردەیی و فێرکاریی ڕۆژ بە ڕۆژ شێوازێکی نوێتریان لەخۆگرتووە کە هۆکار بووە بۆ گۆڕان لە جۆر و مامەڵەی خێزان لەگەڵ نەوەکانیدا و دواتریش دروستبوونی دامودەزگا سەربەخۆکان کە هەریەك بۆخۆی کار و چالاکی دیاریکراویان هەبووە لە هەمان کاتیشدا تەواوکەری یەکتری بوون، بەهۆی پێشکەوتن و زۆری ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان و بوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لەشاردا وایکردووە سەرنجی دەوروبەری شارەکان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت وابکات خەڵکێکی زۆری ناوچە لادێنشینییەکان ڕووبکەنە ناوەندەکانی شار و نیشتەجێببن .

وادادەنرێت کە بەشاریبوون فۆڕمێکی سەرەکی بێت بۆ ژیان، بەو واتایەی گۆڕانە بنەچەییەکە لەلایەنی چەندێتی و جۆرێتیەوەیە، لەشێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو بوارەکانی چالاکییە مرۆییەکاندا. بەشاریبوون گرنگی خۆی هەیە لەژیاندا بەوەی هۆیەکە یاخود ئامرازێکە بۆ هۆشیاریی و گەشەپێدانی زانیاری و زانین. بەشاریبوون بارودۆخێکی گونجاو دەهێنێتە ئاراوە کە جوڵەی یاخود بزاوتی مەدەنی و ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ، لەگەڵ مافی بونیادنان و دروستکردنی دامودەزگاکان و لایەن و کۆمەڵە کولتوورییە جیاوازەکان. ژیانی شارنشینی شوێنی هەموو کارو چالاکی و پیادەکردنە مەدەنییەکانە.

هەڵسوکەوتی مەدەنی خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی ژیانی شارنشینی کە گرنگی خۆی هەیە لەسەر ئاستی تاك و گروپ و کۆمەڵگە، دانان و دارشتنی یاساکان لە هەر کوێیەك بێت لەپێناو دروست کردنی هۆشیاریی مەدەنییە لای تاکەکان، بەوەی ڕێگا بەو کەسانە دەدات کە جیاوازن لەڕووی سیفاتی کولتووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە بچنە ناو تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەبێ بیرکردنەوە لە جیاوازیەکانی نێوانیان، بەمەش باکگراوەندە شارنشینییەکە بەشێوەیەکی باش و کارا دەبێتە هۆی گەشەی کاری ناوخۆیی (البنداق، ٢٠١٥).

له هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ ئەوەی یاسا هەیە، بەڵام لە پاڵیدا کار بۆ دامرکانەوە و پەردە پۆشکردنی کێشەکان دەکرێت بە شێوازێکی خێڵەکی کە ئەمە تەنها کەسە ئاساییەکان ناگرێتەوە بەڵکو کەسانی ناو دەسەڵات و بەرپرسە باڵاکانیش دەگرێتەوە و وادەکات تاڕادەیەکی زۆر لای هاوڵاتیان بێ متمانەیی دروست بکات بەرامبەر بە یاسا و جێبەجێ نەکردنی وەك ئەوەی کە هەیە بەوەی یاسا زیاتر بەسەر چینی هەژاراندا جێبەجێ دەبێت وەك لەوانی تر، بەمە وادەکەن هەڵسوکەوتی مەدەنی و هۆشیاریی مەدەنیش بوونیان نەبێت و ململانێ و یەکتر قبوڵ نەکردن بێتە ئاراوە، و شار بارگاوی بکەن بە هەڵسوکەوتی لادێنشین و درێژەپێدەری ئەو دۆخە بن لەژێر ناونیشانی شارنشینییدا کە زۆرجار بە لادێیبوون ناوزەند دەکرێت یان دەوترێت لادێیەکی گەورە.

فرەیی نەتەوە و ئایین و پیشە دەبێتە خەسڵەتێکی تری کۆمەڵگەی شارنشینی جیاواز لەکۆمەڵگەی لادێنشینی، هەر ئەم فرەییە ئاڵۆزە پێویستی بەکاتێکی دوورودرێژ دەبێت بۆ گونجاندنیان لەگەڵ یەکتردا، گومانی تیادانییە کەگیانی پێکەوەبوونیان تیادا دروست دەبێت بە شێوەی پلەبەندی کە دەوڵەتە پێشکەوتووە جۆراوجۆرەکان بوونەتە پێوانە بۆ ئەم حاڵەتە، فرەیی کولتووریی و نەتەوەیی کەسێتی بەهێزدەکات و دووری دەخاتەوە لە دەمارگیری و توانای گونجاندنی زیاتر دەکات و ئاسۆی مرۆڤایەتی فراوانتر دەکات و دەبێتە بەهێزکەر و زیادبوونی تەواوکاری دەروونی و (زانین ، هەڵسوکەوت) کە ئەمەش بۆخۆی ئاماژەیەکە بۆ زیادبوونی هۆشیاریی لای تاکەکانی کۆمەڵگەی شارنشینی و هەنگاونانیان بۆ بەشاریبوون بەهۆی پێویستیە نوێیەکانەوە بەردەوام بیرۆکەی نوێ وەردەگرن، ئەم پرەنسیپە لە سستمی پەروەردەوە وەری دەگرێت کە هەموو بەشەکانی ئەم سستمە کار بۆ گەشەپێدانی هۆشیاریی و هەستانەوەی تاکەکان دەکەن بۆ بەشداریکردنێکی کارا لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا کە بارودۆخەکە بە سەربەستی و کولتووریی شارنشینی ناسراوە (النوري، بەبێ بەروار) .

سستمی شارنشینی کار بۆ گەشەپێدان و چەسپاندنی بەها وبیرۆکەکان دەکات، و پارێزگاری لە دابە باشەکان دەکات بەهۆی وەرگرتنی ئەو هۆشیارییەوە کە ناودەبرێت بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و لەڕووی گەشەکردنیەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر تاك و کۆمەڵگە دەبێت ، تاکە هۆکاری سەرەکی بۆ دروسبوونی ئەم هۆشیارییە ئەو ژینگەیەیە کە تاك تیایدا گەشە دەکات، ئەو شوێنەی تیایدا لەدایکبووە و گەشەی کردووە و فێری قسە و ڕێنوسی پیتەکانی زانست و سەربەستی بووە ، ئەوا

ئەو ژینگە جولاوە زۆرگرنگە وەکو دانانی بەردی بناغەی ئەو هۆشیارییەکە بەدوای مرۆڤەوەیە لەهەموو قۆناغەکانیدا، ئەم ژینگەیەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە سستمی سیاسیەوە بەستراوەتەوە کە کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات، ئەگەرهاتوو ئەم سستمە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەسەر بنەمایەکی زانستییانە کاریکرد و یەکسانی بۆ دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی هاوڵاتییان بەدیبهێنێت ئەوا ووزەی داهێنان و بیرکردنەوە و خەیاڵکردن و هونەرو گەڕان لە تاکەکانەوە دەردەچێت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە و پەرەسەندنی بەرەو دۆخێکی باشتر کە خزمەت بە کۆمەڵگەکەی دەکات جۆرێك لە مۆرکی شارنشینی و گونجان و پێکەوە لکان یاخود یەکخستنی کۆمەڵایەتی دروست دەکات (مصطفی ،٢٠١٩: ٢٠٤-٢٠٦).

ئەمە بەو واتایە دێت کە هۆشیاریی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، و تاکەکانیش پێویستییان بە پاڵپشتی کردن و هاندانە لەلایەن کۆمەڵگەوە بۆ برەودان بەو دۆخەی تیایدا دەگوزەرێن لەپێناو گەشەپێدانی هۆشیارییاندا .

ئەم پرۆسەیە لەڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەبێت کە لەناو کۆمەڵگەی شارنشینیدا بوونیان هەیە لە ڕێگای پرۆگرامەکانیانەوە کە پاشگەز بە سەرپێبوونی تیرەگەریی و خێڵەکی ڕەگەزپەرستی دەکەنەوە بەوەی ئەمانە دژی ئامانجەکانی پێشکەوتنی شارستانیەتن بەم هۆیەوە هەوڵی یەکڕیزی کۆمەڵگە و کەسێتیش دەدەن لەگەڵ تەواوکاری بونیادیی لەڕووی توخمەکانیەوە بۆ گۆڕینی ئەو فرەییە و کۆکردنەوەیان لەناو یەك کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی ئاشتیانە، هەروەك **دۆرکایم** باس لە وابەستەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات ناوی دەبات بە هاوبەندی ئەندامێتی(ئۆرگانی) لەڕووی پیشە و کاری جۆراوجۆرەوە لە کۆمەڵگەی شارنشینییدا کە پشت دەبەستێت بە گونجان و تەواوکاری بونیادی بەوەی خەسڵەتی کۆمەڵگەی خۆجێی دەبێتە بنەمایەك بۆ ژیانی مەدەنییەت، ئالێرەوە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدەردەکەوێت لە پاڵپشتی کردنی یەکڕیزی کۆمەڵگە و تەواوکاریشی لەپاڵ تەواوکاری کەسێتیەکی نیشتمانیدا (النوري، بەبێ بەروار).

بەشاریبوون لە ژیانی ڕۆژانە و گشتیدا وابەستەیە بە چالاکی هاوڵاتییانەوە ، هەرئەم ژینگەیە مرۆڤێکی مەدەنی دەخوڵقێنێت کە ڕێز لە یاساو ڕێساکان دەگرێت و لەڕێگای ویژدان و

هەستەکانیەوە هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی و جێبەجێیان دەکات، واز لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی دەهێنێت لە پێناو بەرژەوەندییە گشتییەکاندا(عباسي، بوطماق، ٢٠١٩: ٢٧).

سەرەڕای دروست بوونی دامودەزگا مەدەنییە ناوچەییەکان(الأهلية) لەناو کۆمەڵگەی شارنشینییدا کە لە گرنگترین ئەو دامودەزگایانەن کە تاك هۆشیاریی مەدەنی لێوە دەست دەکەێت و ئەرکی هۆشیارکردنەوەی مەدەنی تێدا گەشەدەکات بەوەی ئەم دامودەزگایە ڕۆڵی بونیادێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت کە تەواوکارە و ڕۆڵەکانیش لەخۆدەگرێ، و جیاوازن لە ڕووی قەبارە و بونیادی ڕێکخراوەیی و مەبەستەکانیان و شێوازی کۆکردنەوەی سەرچاوەی پێویست بۆ دەستپێکی چالاکییەکانیان.

ئەم ڕێکخراوانە لەڕووی ڕێکخستنەوە تاکەکان تیایدا سەربەخۆن و خۆبەخشانە لەو ژینگەیەدا بەشێوەی بەکۆمەڵی کاردەکەن بۆ هێنانەدی ئامانجی هاوبەش بۆئەوەی گوزارشت بکەن لە بەرژەوەندی و پرەنسیپ و بیرۆکەکانیان و هەڵبستن بە بلاّوکرنەوەی کولتووری دەست پێشخەری خودیی، کە کولتووری بونیادی ئەم دامودەزگایانە جەختکردنە لە ویستی هاولاّتیان و گرنگیدان بە هاولاّتی لە پێناو گۆڕانکاری گەورە لە کۆمەڵگەکەیاندا و دووربوونیان لە دەسەلاّتی دەستەبژێری قورخکار، هەر لەم دامودەزگایانەدا بەبێ بوونی دەستوەردانی دەرەکی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە دەوڵەت کاردەکەن (عثمان ،عرفان، ٢٠١٤: ٧٣).

کۆمەڵگەی مەدەنی دامودەزگا و ڕێکخراوەکان لە کۆمەڵگەی شارنشینییدا لەخۆگرێ کە بەهۆی ئەمانەوە لەناو تاکەکانیدا ڕێگا بە بلاّوبونەوەی هۆشیاریی مەدەنی دەدرێ بۆ زیاتر برەودان بە کۆمەڵگە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی لەوانە: کۆمەڵەکانی بەخشین و یارمەتیدان، ڕێکخراوی گەشەپێدانی ناحکومی، ڕێکخراوەکان و دامودەزگاکانی ژنان، ڕێکخراوە ئایینیەکان، سەندیکاکان و یەکێتییەکانی پیشەیی و بازرگانی، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و هیتر(ناراجي،البشرا، بەبێ بەروار:١).

## دووەم: خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەت و سیفاتی تایبەت بەخۆیەتی لەوانە:

١)ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تاڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆن لە چاودێریکردنی ڕاستەوخۆی دەوڵەت، جیادەکرێتەوە بەوەی ڕێکخستنێکی لەخۆکاری هەیە لەگەڵ سەربەخۆیی و

گیانی دەستپێشخەری تاکێتی و کۆمەڵی، و کارکردنی خۆبەخشانە، و سووربوون لە پێناو خزمەتی کۆمەڵگەی گشتیدا، و پارێزگاریکردن لە مافی دەستە و بەشە لاوازەکان(ملحم، ٢٠١٧: ٦-٧).

٢)سەرەڕای گرنگیدانیان بە تاك بەڵام کۆمەڵگەیەکی تاکگەرا نییە بەڵکو بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگەیەکی هاوبەندە بەهۆی بوونی تۆڕێکی فراوان لە دامودەزگاکان.

٣)پێکهاتووە لە دامودەزگای خۆبەخشی، کۆمەلأیەتی، ئابوریی، کلتوریی، مافداری جۆراوجۆر کە بەهەموویان بونیادێکی بنەڕەتی دروست دەکەن، کۆبیر کراوەتە سەر ڕەوایی یاسای دەوڵەت تیایدا لەلایەك و هۆیەکانی لێپێچینەوەش ئەگەر پێویست بکات لەلایەکیترەوە .

٤)سەرەڕای ئەوەی ئەم ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەمی پەرەسەندنی سەرمایەدارین، بەڵام گرنگی تەواو بە سەرمایەداری پوخت نادەن بەڵکو بەهۆیەوە چین و بەشە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەتوانن بەرژەوەندی لێوە بەدەستبهێنن (غربي، غربي، ٢٠١٤: ٧٣-٧٤).

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی گرنگ لە بلاْوکردنەوەی کولتوور و هۆشیاریی لە نێوان هاولأتیاندا دەبینێت ئەویش لە ڕێگای خول و بلاْوکراوەکانیانەوە کە بابەتەکانیان بریتییە لەچەسپاندنی پرەنسیپە سەرەکییەکان لە ژیانی هاولأتیدا هەروەك: لێبوردەی و یەکترقبوڵکردن و ڕێزگرتن و ژیان بەئاشتیکردن و بەرزکردنەوە و گەشەپێدانی پلەی ژنان لە ڕووی کۆمەلأیەتی و ئابوری و ڕامیاری و پێدانی مافی مندالأن، هەرئەم ڕێکخراوانە دەچنە چوارچێوەی ڕواڵەتی بەشاریبوونی بەرزەوە بەوەی گرنگی دەدات بەو بابەتانەی کە مۆرکی جیهانییان هەیە (البنداق، ٢٠١٥).

لە هەرێمی کوردستانیشدا چەند ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بوونیان هەیە کە کار و چالاکییەکانیان دوورە لە هەموو دەستێوەردانێکی پارتە ڕامیاریەکان بەشێوەیەکی گشتی کاردەکەن لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لای هاولأتیان ، ئەویش لە ڕێگای خول و ڕاهێنانی تایبەتەوە کە بەهۆیەوە تاکەکان بەرامبەر بە ئەرك و مافەکانیان هۆشیار دەکاتەوە.

بوونی ئەم ڕێکخراو و دامودەزگا ناحکومییانە ئاماژەن بۆ بوونی حاڵەتی فرەیی و دیموکراسییەت کە گرنگی دەدەن بە مافەکانی مرۆڤ، و جەخت لە بوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و باوەڕپێکراو دەکرێتەوە لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ کە لە ڕاگەیەندراوی جیهانیدا بۆ

مافەکانی مرۆڤ هاتووە " مافی هەموو کەسێکە بۆ دروستکردن و چوونەپاڵی سەندیکاکان بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیە تاکەکەسیەکان". ئەمەش گومانی تێدا نییە بەدەسکەوتنی ئەم گرەنتی پارێزگاری کردنە لە مافەکانی مرۆڤ بەتەنها بە گرەنتی دەستوری و دادوەری نابێت، بەڵکو دەبێت دامودەزگای کۆمەڵگەی مەدەنی بوونی هەبێت و کارابێت بۆ ئەوەی بەرگری وپارێژگاری لە مافەکانی مرۆڤ بکات، سەرەڕای ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی و کولتوور و بەهای مافەکانی مرۆڤ(جادالله،٢٠١٥: ١٢-١٣) .

هەردوو چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکەوە وابەستە دەبن لە ڕووی گرەنتیدانی ڕەوایی و کاریگەرییەکانیانەوە لەسەر پەیوەندیە تاکەکەسی و بەکۆمەڵییەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان و سەربەستییەکانیان لە شارەکان و دەوروبەریاندا، شارەکان زیاتر کاری ئەو ڕێکخراوانە لەخۆدەگرن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت تەنها کارکردنیان لەچوارچێوەی شاردا بێت بەڵکو شار وەك دەروازەیەکە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگە، بەمەش دەبێتە هۆی زووتر بڵاوبونەوەی هۆشیاریی مەدەنی لە ناوەندەکانی شاردا و دواتر بۆ دەوروبەری کە ئەمە خەسڵەتیکی بنەڕەتییە لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی شارنشینی(المعادات،٢٠١٨: ٣٤).

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی کارایان لە باشکردنی گوزەرانی تاکەکاندا هەیە لەڕووی زیادکردنی توانایان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئاشتییانە و بڵاوکردنەوەی کولتووری دروستکردنی دەستپێشخەری خودیی و بەشداریکرنێکی کارایانە لە بوارە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە و گەشەکردنی، لەو ڕۆڵانەش :

یەکەم: بریتییە لە ڕۆڵی ڕامیاری کە پرۆسەی پێگەیاندن و پەروەردەی ڕامیاری لەخۆدەگرێت، بۆ دەستەبەرکردنی کولتوورێکی ڕامیاری پێگەیشتوو کە لەدەوڵەتدا پارێزگاری لە شێوە و سستمی ڕامیاری بکات، کە ئەمە پێچەوانەی سستمی دیکتاتۆرییە کەهەڵگری کولتووری ترس و تۆقانە و وادەکات تاکەکان سەربەستییەکانیان لەدەست بدەن.

دووەم : بریتییە لە ڕۆڵی ئابوری کۆمەڵایەتی ئەم ڕێکخراوانە لە ناوەندی دەسەڵات و میللەتدان بۆ کەمکردنەوەی کەموکورتییەکان و گەشەپێدانی ئابوری، هەرئەمەش دوو شێواز لە تێڕوانین لەخۆدەگرێت کە هەندێك پێیان وایە ئەم ڕێکخراوانە دەبنە مەترسی بۆ جێگیری و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و کولتوورە خۆجێییەکە بەڵام ئەوانەی کە لایەنگری دەکەن پێیان وایە لە

هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەدا بەشداری دەکەن و بارودۆخی هاولاٚتییان بەرەو باشبوون دەبەن (الخوالدة، ٢٠١٦: ٤٠-٤١).

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سستمی فەرمانڕەوایی لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا ڕێگرە لەبەردەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی زۆربەیان لە ڕووی باکگراوەندی هزریی و ڕامیارییەوە وابەستەن بە پارتەکانەوە بەمەش سەربەستی و سەربەخۆبوون لە دەست دەدەن و کاریگەریشی لەسەر هێواشبوونەوەی گۆڕانی پرۆسەی دیموکراسییەت و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ دەبێت لەوانە: بەشداری کردنی ئافرەتان لە بوار و چالاکییە جۆراوجۆرە خۆبەخشییەکاندا، ئەمە ئاماژەیە بۆ بوونی سستمی بەهای کۆمەلاٚیەتی لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم کارکردنی ئافرەتاندا بەتایبەتی لەگرتنەدەستی پۆستی سەرکردایەتی لەگەڵ پیاواندا، ئەم ڕێکخراوانە وەك یەکێکە لە نیشاندەرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە جەخت دەکەنە سەر بەشداری کردنی ئافرەتان لە چالاکییە ئابوری و کۆمەلاٚیەتییەکاندا ، بەشداری کردنی ئافرەتان لەبەرامبەر پیاواندا لە پلانی گەشەپێداندا گرنگە  بەوەی نیوەی هێزی مرۆییە لە کۆمەڵگەدا، ئامار و زانیاری بەردەستەکان لەسەر ئاستی عەرەبیدا ئاماژە بەوەدەکەن کە لاوازی بەشداری کردنی ئافرەتانی لادێنشینی بوونی هەیە بە بەراوورد بە ئافرەتانی شارنشینی(النصار، ٢٠١٤: ١٣-١٤).

ئەمە پێچەوانەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانە کە گرنگی بە بەش و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و کولتووری مەدەنییەت دەدەن بۆ زیاتر برەودان بەدۆخی کۆمەڵگە و دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تیایدا بەهۆی بوونی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پارێزگاریکردن لەبەها بەرزەکانیان وبەشداریکردنیان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا کە ئەمە پێویستی و خواستی کۆمەڵگەی شارنشینییە و دەرخستنی ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوانەیە  لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لای تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە.

هەربۆیە زۆر قورسە بتوانرێت کۆمەڵگەیەکی عەرەبی مەدەنی لە ناوچەیەکی عەرەبیدا ببینرێت کە بتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر بڕیارەکانی دەسەلاٚتی ڕامیاری فەرمانڕەوا یان لە دەرەوەی ئەو دەسەلاٚتەدا کاربکات، ئەگەر هەبێت ئەوا ئەو توانایەی زۆرکەمترە لەکۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە دەوڵەتە ئەوروپییەکاندا، ئەگەرچی هەندێك لەدەوڵەتە عەرەبییەکان ڕێگا بە ڕێکخراوە ئەهلییەکان دەدەن بەلاٚم کاریگەرییەکانیان لە داڕشتنی بڕیارەکان و بەشدارییە کۆمەلاٚیەتییەکاندا

دياریكراوه، هەندێجاریش بوونیان هەر نابێت، بەمە زۆربەی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە ناوچە عەرەبییەكاندا بەپێی بەها كلاسیكییەكان كاردەكەن كە گوزارشت لە هەندێ هێز و كۆمەڵی هۆزگەرایی و ڕەگەزیی و ڕێبازە جیاوازەكان دەكەن(كسبة، ٢٠١٣: ٢٩).

كەواتە بەرهەمی كۆمەڵگەی مەدەنی وابەستەیە بە سستمی بەهاییەوە، هەروەك بەهای سەربەخۆبوونی تاكەكەسی و سەربەستی كەسێتی و جۆری پەیوەندییە مرۆییەكان بەوەی لە ناوەندێكی كۆمەڵایەتی و كولتوورێكی دیاریكراودا دروست دەبێت، سەرەڕای بوونی وابەستەیەكی توندی نێوان دامودەزگاكە لەلایەك و ئەو جۆرە ژیرییەش كە لەكۆمەڵگەكەدا باوە لەلایەكیترەوە، ئەمانە وادەكەن بەهۆی ئەو چوارچێوە كولتوورییەوە كە تاكەكانی تیادا دەژین شێوازی كارەكەی بۆ دیاریكراو بكەن (رضا ،٢٠١٦: ٤٢).

سەرەڕای ئەمانەش سەرهەڵدانی دیاردەی جیهانگیری وایكردووە جیاكارییەكانی نێوان شار و لادێ كەم ببێتەوە و ڕێژەی بەشاریبوون لە دەوڵەتەكاندا زیادبكات ، بەمەش سەردەمێكی مێژوویی نوێ لەجۆری پەیوەندییە نوێیەكان دەخوڵقێنێت و باڵ بەسەر ژیانی شانشینییدادەكێشێت، لەگەڵ نیشتەجێبوون و كاركردن لە شاردا كە شێوەیەكی تایبەت وەردەگرێت گونجاو بێت لەگەڵ ئەو پێداویستییە نوێیانەدا هەروەك پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و ئاسانی لە پرۆسەكانی گەیاندن و پەیوەندییەكاندا لە مەودایەكی فراواندا (أبو زيد، ٢٠١٣).

لە ڕاستیدا دەتوانرێت ئاماژە بە كوردستان بكرێت وەك ناوچەیەكی جیهانی سێیەم و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە لە دوای ڕاپەڕینەوە دۆخێكی ناسەقامگیری هەبووە لە ڕووی ڕامیاری و ئابوری ئاسایشەوە، ناجێگیری ئەم دۆخە هۆكاری سەرەكیبووە لە نەخوڵقاندنی كۆمەڵگەیەكی مەدەنییدا كە تاكەكان بتوانن بە ئازادانە گوزارشتبكەن لە بیروڕاكانیان و مافە مەدەنییەكان و كۆمەڵایەتیەكانیشیان، هەربۆیە خەسڵەت و كارەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بەچەشنی دەوڵەتە تازەپێگەیشتوەكان بەشێوە كلاسیكییەكە دەڕوات بەڕێوە، بەوەی ڕووكەشییە و شێوەی كرداری بوونی نییە، سەرباری ئەمانەش سەبەخۆ نەبوونی دەزگاكانی ڕاگەیاندیشە كە لەمڕۆدا ڕۆڵێكی یەكجار گەورەی هەیە لە چەواشەكردنی بیرو هزریی تاكەكاندا.

لە لایەكیترەوە كاری هەندێ لە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی كوردستاندا بەدەر نییە لە كاری پارتە ڕامیاریەكان لە گۆڕەپانی كوردیدا كە هەندێكیان تەواو پەیوەندیدارن بە پارتە

جۆراوجۆرەکانەوە دەبنە درێژەپێدەری بیروبۆچونە پارتایەتیەکانیان لە پێناو مانەوەیاندا لە دەستەڵات و پلە و پۆستەکانیاندا، و هەندێکی کەمیان نەبێت کە سەربەخۆن ئەوانیش ناتوانن کارەکانیان بەباشی وەك خۆی بەئەنجام بگەیەنن بەوەی ئەمان کەمینەدەبن لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا لەژێر فشاری ئەم پارتانەدا کارەکانیان دەکەن، بەمەش وادەکات بەرژەوەندییە تایبەتییە پارتیەکان لەپێش بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە بێت، و ببێتە مەیدانی جیاکاری و جیاوازییەکان لەناو تاکەکاندا هۆکاربن بۆ ناجێگیری گۆمەڵگە و نەهێشتنی هۆشیاریی مەدەنی کە دوورە لەسیمای کۆمەڵگەی مەدەنی و بەشاریبوونەوە .

**پوختە:**

کۆمەڵگەی مرۆیی ڕووبەڕووی گۆڕانی جۆراوجۆر دەبێتەوە، هەر ئەم گۆڕانە وادەکات هەندێ لە کۆمەڵگەکان پەرەبستێنن و پێشبکەون و گۆڕانکاری سەرتاسەری لە سستم و دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانیاندا ڕووبدات، ئەمەش بەرهەمی تاکەکانێتی کە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیان دەبڕن و دەگەنە ئاستێکی بەرزتر بە جیاواز لە هەندێ کۆمەڵگەی تر.

کارکردنی ئەو کۆمەڵگە پێشکەوتووانە بەندە بە ڕێزگرتن و گەشەپێدانی مافی مرۆڤ و جێبەجێکردنی یاسا و دەستور بەو شێوەیەی کە شیاوی کۆمەڵگە بێت بەگشتی و تاکەکانیشی بەتایبەتی، بەمە هەنگاو بەرەو هۆشیاریی مەدەنی دەنێت کە وابەستەیە بە ئاگابوون لە پرەنسیپی باوی کۆمەڵگە و بە زانین و کولتووری مەدەنییەتەوە، کە بەردەوام ئەو کۆمەڵگە پێشکەوتووانە هەوڵی بۆ دەدەن.

هەروەها ژیانی شارنشینی ڕێگاخۆشکەردەبێت بۆ چوونە ناو قۆناغێکی نوێترەوە کە پێدەوترێت کۆمەڵگەی مەدەنی، هەر ئەم کۆمەڵگەیە داکۆکیکارە لە مافە ڕەواکانی تاکەکان و تەنانەت جۆری کارکردن و بەشداربوونیان لە هەموو کایە جیاوازەکانی ژیاندا بەبێ جیاوازی کردنی ڕەگەزیش بۆ زیاتر باشترکردنی گوزەرانیان، هەمووئەمانە وادەکەن تاکەکان هۆشیاربن بەرامبەر ئەو دۆخەی کە تیایدا ژیان بەسەردەبەن، ئەمە جیاوازە بەجیاوازی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان کە هەندێکیاندا تاك بوونی نییە یاخود ناتوانێت بیروڕاکانیی بەئازادانە دەربڕێت.

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕووی پێکهاتەکانییەوە هەوڵی نوێخوازی دەدات بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەمیشە هەوڵی بیرۆکەی نوێ دەدات بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە بە ئاڕاستەیەکی باشتر، کە هەوڵی زیاتر لێك نزیکبوونەوە و تێکەڵبوون دەدات و هانیان دەدات بۆ هاوبەشیکردنی کولتووریی لە نێوان دەستە و کۆمەڵە و چینەکانی کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە ژیان بکەن و یەکتر قبوڵبکەن.

بەشاریبوون لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا بەتەنها زۆربوونی دانیشتوان نییە، بەڵکو هەموو ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە بوارەکانی ئابوریی و پەروەردەیی و فێرکاریی و ڕامیاریی ڕوودەدات بەهۆی گۆڕانی ڕەگوڕیشەییەوە، هەر ئەو گۆڕانە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ بەشاریبوون و پاشان دەبێتە ئامرازێك بۆ هۆشیاریی و زانین و گەشەپێدان.

زیادبوونی ئەو هۆشیارییە لای تاکەکان وابەستەیە بە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە کە سستمی پەروەردەیی لە کۆمەڵگەدا لەخۆدەگرێ، کە تاکو چەندە ئەو سستمە بۆ برەودان بە کۆمەڵگەکە و تاکەکانی ناویشی کاریکردووە لە ڕێگای ئەو پرۆگرامانەی کە داڕشتەیکردووە بۆیان کە ئەمانیش ڕاستەوخۆ بە سستمە ڕامیارییەکەوە بەستراونەتەوە.

لە کۆمەڵگەی شارنشینیدا سستمە ڕامیارییەکە ڕۆڵێکی کارا و دەرکەوتووی لە ئاڕاستەکردنی بەشاریبووندا هەیە بەوەی ڕێگا بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەدات هەستن بە کارو چالاکییەکانیان کە ئەویش نەمانی ململانێیە لە ناو چین و توێژ و کۆمەڵەکاندا و ناساندنیانە بە مافەکانیان بەوەی ململانێ دەبێتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگە لە پرۆسەی بەشاریبوون.

لە هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە دەرکەوتنی دیاردەی بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی لە دۆخێکی تایبەتدا دەگوزەرێت کە تەنیا دەتوانرێت لە ڕووی دیمۆگرافیەوە بڕیار لەسەر بەشاریبوون بدرێت نەك لەڕووی ناوەرۆکەکەوە کە هاوتا بێت لەگەڵ کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگەکە بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و یاساکانیان وەکو یەك بەسەردا بسەپێنرێت و هەست بە هاوڵاتیبوون بکەن و ڕای گشتی و دەربڕی بیروڕاکانیانن جگەلە بەژداربوونیشیان لە هەموو کایەکانی ژیاندا، بەهۆی سەربەخۆ نەبوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە وایکردووە ئاستی بە ئاگابوون و زانین لەلای تاك و کۆمەڵەکان کەم بێتەوە بەوەی هەتاکو ئێستاش بە سستمی خێڵگەرایی چارەسەر بۆ کێشەکان دەکرێت و درێژەپێدەری ئەو شێوازەن کە لە ژینگەی لادێدا بوونی هەبووە.

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی

## بەشی پێنجەم :چوارچێوەی میتۆدیی و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### باسی دووەم : ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

١- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

٢- نموونەی توێژینەوەکە

٣- دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی زانستی لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتییەکانیدا بەکاردەهێنێت، کە ئەمە لەو توێژینەوانەی تر کەمترنییە کە لە زانستە مرۆڤایەتییەکانی تردا دەکرێن ، میتۆدی زانستی بنەمایەکە بۆ دەسکەوتنی ڕاستییەکان و بەبێ ئەم میتۆدە توێژینەوە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ناڕاست بەدەستەوە دەدەن.

میتۆدی زانستی واتە شێوازی بیرکردنەوە و کارکردن، کە توێژەر بۆ ڕێکخستنی بیرکردنەوەکانی و شیکارکردن و خستنەڕوویان پشتی پێدەبەستێت لە دواتریشدا گەیشتن بە ئەنجام و ڕاستییەکان دەربارەی ئەو دیاردەیەی کە توێژینەوەی لەبارەوە دەکات.

ئەم شێوازە لە کۆمەڵێك قۆناغ پێکهاتووە کە ڕیزبەند و وابەستەن بەوەی هەر قۆناغێك قۆناغێکیتری بە دوادا دێت، میتۆد هەمیشە لە دوای دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە دەست پێدەکات و دواتر کە کۆکردنەوەی داتاکان کە پێویستن بۆ کێشەکە و بەهۆیەوە چارەسەر بۆ کێشەکە دەکرێت(عليان، غنيم، ٢٠٠٠: ٣٣ ).

بەگشتی لەبواری کۆمەڵناسیدا کۆمەڵێك میتۆدی زانستی هەیە و بەتایبەتر لە کۆمەڵناسیدا کە هەتاکو ئێستاش بەبەردەوامی بەکاردێن لەوانە: مێژوویی و بەراووردکاریی و میتۆدی ئەزمونگەریی و ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و توێژینەوەی بار، ئەم میتۆدانە هەندێکیان وەسف دەکەن و هەندێکیتریان شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بۆ دیاردەکە دەکەن (سعيد،٢٠٠٥: ١٨٣).

لەم تێزەدا توێژەر بەهەردوو توێژینەوەی چەندێتی لە شێوازی وەصفی شیکاریی و چۆنێتی بە شێوازی چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپی کاریکردووە کە پشت دەبەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری و شیکارکردن و لێکدانەوەیان بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی زانستی و بابەتییانە سەبارەت بە توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستەش زیاد لە میتۆدێك بەکارهاتووە ئەوانیش :

### ١-میتۆدی ڕوپێویی کۆمەڵایەتی: Social Survey Method

توێژینەوەی ڕوپێویی وا دادەنرێت کە شێوازێك بێت لە شێوازەکانی توێژینەوە کە پرسیارنامە و چاوپێکەوتنەکان لە خۆگرێ لە پێناو کۆکردنەوەی داتاکاندا سەبارەت بە کەسەکان و کاروبارەکانیان

لەگەڵ بیرۆکەکانیان و هەڵسوکەوتە تایبەتییەکانیان بە ڕێگایەکی ڕێکخراو ڕێکوپێك ( باتشرجی، ٢٠١٥: ٢١١).

میتۆدی ڕوپێوی پێناسە دەکرێت بەوەی هەوڵدانێکی ڕێکخراوە کە شیکاریی و باسکردن و تۆمارکردن و کۆکردنەوەی داتا لە خۆدەگرێت سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵەکان و کۆمەڵگەکان، ئەمەش بە دوو شێواز دەبێت: **یەکەمیان**: فۆڕمی توێژینەوە یاخود پرسیارنامە. **دووەمیان**: چاوپێکەوتن (عماد، ٢٠٠٧: ٥٢). میتۆدی ڕوپێویی کۆمەلآیەتی دوو شێواز لە خۆدەگرێت ئەوانیش:

**یەکەم: ڕوپێوی گشتی**: لەم ڕێگایەدا گرتنەبەری توێژینەوەیەکی گشتییە بۆ هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگەکە کە توێژەر مەبەستیەتی.

**دووەم: رووپێو بە ڕێگای نموونە**: کە تیایدا ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەندامانی ناو کۆمەڵگەکە وەردەگیرێن، لەبەر بوونی ئەنجام ووردیی ئەم شێوازە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بەوەی کات و توانا دەگەڕێتەوە بۆ توێژەر ( حجاب، ٢٠٠٦: ٨٦-٨٧).

لێرەدا توێژەر هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی ڕوپێو بە ڕێگای نموونە لەبەر گرانی ئەنجامدانی ڕووپێوی گشتی ، ئەمەش بەڕێگای فۆڕمی پرسیارنامە و چاوپێکەوتن بۆ یەکەی توێژینەوەکە کە بۆ بەشێکی لایەنە مەیدانییەکە هەڵبژێردراون.

### ٢- میتۆدی بەراووردکاریی : Comparative Method

بەراووردکاریی کۆمەلآیەتی ئەو میتۆدەیە کە لێکچوون و جیاوازیەکانی نێوان دوو دیاردە دیاریدەکات ( عمر ،٢٠٠٤: ١٤٥)، **"ئەمیل دۆرکایم"**پێیوایە کە بەهۆی ئەم میتۆدەوە دەتوانرێت دیاردەیەك بناسرێت کە ئەنجامی دیاردەیەکیترە ئەویش بەهۆی بەراووردکردنی هەر دیاردەیەك بۆ ئەو دۆخە تایبەتیەی کە هەیەتی (قنوص،٢٠٠٠: ٨٦).

لەم توێژینەوەیەدا بۆ لایەنی تیۆری و مەیدانی سوود لە میتۆدی بەراووردکاری وەرگیراوە ، لە لایەنی تیۆریدا لەبەشی دووەمدا لە باسی دووەم و سێیەمدا بۆ زانینی گەشەی شار و بەشاریبوون لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو و پێشکەوتوودا، و لەلایەنی مەیدانیشدا بەراووردی ئەنجام و دەرئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسییەکە کراوە لەکاتێکدا کە شێوازەکانی شیکاریکردنی ئامارییان بۆکراوە بەو جۆرەی کە

ئامانجەکان داوای کردووە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپیەکەدا بەمەبەستی گەیشتن بە خاڵی لێکچوو جیاوازی نێوانیان.

### ٣-توێژینەوەی چۆنێتی : Qualitative Research

ئامانجی توێژینەوەی چۆنێتی لە توێژینەوەدا پێشکەشکردنی تێگەیشتنێکی قوڵ وچڕوپڕە سەبارەت بە جیهان وەکو ئەوەی تاکەکانی توێژینەوەکە کە دەیبینن.

لە توێژینەوەی چۆنێتیدا بە ئەندازەیەکی زۆر گەورە پشت بە لۆجیکی ئیستیدلالی دەبەستێت (Inductive Logic )، کە توێژەر لە بەشە بچوکەکانەوە یاخود توخمە وورد و سادەکانەوە دەگاتە کۆتا بۆ قۆناغی دانانی تیۆر، هەروەها لە ڕێگای کۆکردنەوەی زانیاریەکانەوە بە شێوازی چاوپێکەوتن و تێبینی پێی هەڵدەستێت، یان لە ڕێگای پرسیاری کراوە بۆ بەشداربووان یان تۆمارکردنی تێبینییە مەیدانییەکان (القصاص، ٢٠١٤: ٢٢٩).

لەم تێزەدا توێژەر هەستاوە بە بەکارهێنانی تویێژینەوەی چۆنێتی بۆ بەشێکی لایەنی توێژینەوەکە ئەویش بە بەکارهێنانی چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپی (**Focus group**) و چاوپێکەوتنی بونیادی

### ٤-میتۆدی تێکەڵاو: Mixed Methods Research

ئەم میتۆدە کۆکراوەیە لەنێوان شێوازەکانی سروشتی داتاکانی چەندێتی و سروشتی داتاکانی چۆنێتیدا بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارێك یاخود کۆمەڵە پرسیارێکی دیاریکراو، ئەویش بە بەکارهێنانی هەریەکە لە ڕێگاکانی چەندێتی و چۆنێتی لەیەك توێژینەوەدا (shorten,smith,2017:2).

بەکارهێنانی شێوازی تێکەڵاو یارمەتی بەهێزی و ڕاستی توێژینەوەکە دەدات، بۆئەوەی زیاتر قبوڵکراو بێت، هەروەها یارمەتی دەدات بۆ تێگەیشتنی تەواوی کێشەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەی وادەکات داتاکان توانای بەراووردکارییان هەبێت بۆ دۆزینەوەی ڕەهەندی کولتووریی تر، و یارمەتی توێژەر دەدات بۆ تێگەیشتنی تەواوی پرۆژەی توێژینەوەکەی و تا پەرەی پێ بدات و هەوڵی پرسیاری توێژینەوەی نوێ بدات (Terrell,2012:257).

### ٥-میتۆدی شیکاری تەوەرەیی (المحوري) :Thematical Analysis

ئەم میتۆدەش یەکێکە لە میتۆدەکانی چۆنێتی کە بەکاردەهێنرێت بۆ پۆلێنکردن و دروستکردنی تەوەرەکان یاخود بابەتەکان بۆ داتاو زانیارییەکان کە لە توێژینەوەکەدا کۆکراوەتەوە، بەمەبەستی خستنەڕوو و شیکاریکردنی داتاکان بەشێوەیەکی پڕاوپڕ(Maguri&Delahunt,2017:3362-3363).

توێژەر ئەم ڕێگایەی بەکارهێناوە لەدوای کۆکردنەوەی داتاکانی بە دوو ڕێگە ئەوانیش: بە گرتنەبەری چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپییەکە و پێوانەکردن، پاشان هەستاوە بە بەراووردکردنی دەرئەنجامەکانی هەردوو داتاکانی چەندێتی و چۆنێتی لە توێژینەوەکەدا .

## باسی دووەم

## ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: Research Population

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بۆ بەشی چەندێتییەکەی پێکهاتووە لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لە شاری سلێمانی، هەروەها بۆ بەشی چۆنێتییەکەی پێکهاتووە لە ڕێکخراوە مەدەنییە نا حکومیەکان لە شاری سلێمانی لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کە چالاکوانی مەدەنین لەناو ڕێکخراوەکاندا لە هەردوو بەشی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی.

بە پشتبەستن بە وەرگرتنی ئاماری فەرمی لە زانکۆی سلێمانی کە ژمارەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بریتیبوون لە (١٩٥٦)مامۆستا بەهەڵگرانی ماستەر و دکتۆراوە هەروەك لە پاشکۆی (١)داخراوەتەڕوو.

**دووەم : نموونەی توێژینەوەکە و قەبارە و جۆرەکەی :Sample of the Research**

مەبەست لە نموونەی توێژینەوەکە هەموو ئەو یەکانەیە کە بابەتی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە و هەڵبژێردراون بە پێی ڕێسا و ڕێکاری زانستی بەمەبەستی گێڕانەوەی کات و توانا بۆ کەسی توێژەر بەمەرجێك نموونەی لێکچوو و هاوشێوەی کۆمەڵگە وەربگیرێت کە نوێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکە بێت ( ملحم، ٢٠٠٢: ٢٤٧).

لەم توێژینەوەیەدا نموونە لە جۆری نا ئەگەری مەبەستدار وەرگیراوە لە هەردوو بەشی چەندێتییەکە و چۆنیەتییەکەدا، لەبەشی چەندێتییەکەدا بە شێوەی هاوڕێژەیی (تناسبي)دوای کۆکردنەوەی زانیاری لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کە ئەوانیش مامۆستایانی زانکۆی سلێمانین، بۆ ئاسانکاری ڕێکارەکانی توێژینەوەکە لەمامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بەرێژەی(٢٠٪ )*وەرگیراوە دواتر نموونەی توێژینەوەکە گەیشتووەتە (٤٠٠)مامۆستا بە هەڵگرانی (ماستەر و دکتۆرا)وە، دەستنیشانکردنی مامۆستایانی زانکۆ وەکو کەسانێکی ئەکادیمی و زیاتر وەڵامدانەوەیان بەشێوەیەکی زانستیتر دەبێت بۆ بڕگەکان، و لە بەشی چۆنێتییەکەدا چالاکوانی مەدەنی ڕێکخراوەکان لە جۆری ناحکومی هەڵبژێردراون بۆ مەبەستی چاوپێکەوتنە گرووپییەکە بەوەی ئەمانیش بەردەوام کاردەکەن و بەئاگان و پڕۆژەیان هەیە بۆ ئەو کێشانەی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بوونیان هەیە.

**سێیەم: دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەکە:**

١- <u>**بواری شوێنی :**</u>

مەبەست لە بواری شوێنی ئەو ناوچە جوگرافیەیە کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامدەدرێت، بواری شوێنی ئەم توێژینەوەیەش شاری سلێمانییە.

٢- <u>**بواری مرۆیی :**</u>

ئەم بوارە کە یەکەی توێژینەوەکە دەگرێتەوە لە دوو جۆر یەکە پێکهاتووە ئەوانیش :

**یەکەمیان:** بەشی چەندێتییەکەیەتی کە ژمارەیان (٤٠٠) لێتوێژراو بووە، پێکهاتبوون لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بەهەڵگرانی ماستەر و دکتۆراوە لە هەموو کۆلێج و بەشەکاندا.

**دووەمیان:** بەشی چۆنێتی توێژینەوەکە ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی و ڕێکخراوی PDO بووە لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی –کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان – بەشی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی سەرەڕای ئەوەی مامۆستان لە زانکۆ و چالاکوانی مەدەنی ناو ڕێکخراوە ناحکومییەکانیشن، کە ژمارەی هەر یەکە لە ڕێکخراوەکانی هاریکاری و پی دی ئۆ (٣) لێتوێژراو بوون، ومامۆستایانی زانکۆ و هاوکات چالاکوانی مەدەنی پێکهاتبوون لە (٥)مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسی و (١)مامۆستا لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی.

٣- <u>**بواری کات :**</u>

مەبەست لە بواری کاتی ئەو ماوەیەیە کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی کارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە کە لە بەرواری ( ٢٠٢١/١/١ ) تاکو ( ٢٠٢٢/٤/١ )ی خایاندووە، ئەم ماوەیەش بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی کارە مەیدانییەکان و دیاریکردن و کارکردن لەگەڵ یەکەی توێژینەوەکە بەهەردوو بەشی چەندێتی و چۆنێتییەوە بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

**چوارەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵێك زانیاری پێویست سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە پێویستە توێژەر پەنابباتەبەر کۆمەڵێك ئامراز کە لە دەسکەوتنی داتاکاندا بەکاردەهێنرێن، دەتوانرێت زیاد لە ئامرازێك بۆ توێژینەوەیەك وەربگیرێت بۆ کەمککردنەوەی کەموکورتی هەریەکە لەو ئامرازانە و لێکۆڵینەوەکردن لە دیاردەیەك لە هەموو ڕووەکانیەوە.

**١-پرسیارنامەی ڕوپێوی: ( Questionnaire Survys )**

یەکێکە لەو ئامرازانەی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لە لێتوێژراوان و بریتییە لە کۆمەڵە پرسیارێکی دیاریکراو سەبارەت بە بابەتێك یاخود گیروگرفتێك کە وەڵامەکانیان پێکەوە پەیوەستن بە جۆرێك ئامانجی توێژینەوەکە بپێکێت، ئەمەش بەچەند ڕێگایەك دەبێت لەوانە: پێدانی پرسیارنامە بە کەسی لێتوێژراو بۆ وەڵامدانەوەی یان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی کەسیەوە دەبێت یان بەهۆی ناردنی نامەوە دەبێت (السماك وآخرون ١٩٨٠: ٧١).

لەم تێزەدا ئامرازی بەکارهاتوو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە بریتیبووە لە پرسیارنامە کە لە ڕێگەی خوێندنەوە و پێداچوونەوەی کۆمەڵێك سەرچاوەی نزیك لە بابەتەکە و هاوشان بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك چاوپێکەوتن لەگەڵ خودی ئەو کەسانەی کە شارەزاییان هەبووە لەسەر بابەتەکە هۆکاربوون بۆ دروستکردنی کۆمەڵە پرسیارێك، پاشان بۆ هەر بڕگەیەك چوار بژاردە دانران ئەوانیش (زۆر، کەم ، زۆرکەم، نازانم). سەرجەمی بڕگەکان (٢٤)بڕگە بوون و دابەشبوون بەسەر (٤)تەوەرەدا بەپێی پێویستی تەوەرەکە بڕگەکانی تیادا دانران تەوەرەکانیش بریتیبوون لە یەکەم: زانیارییەکانی تایبەت بە کۆچ و بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی کە (٥)بڕگەی لەخۆگرتبوو. دووەم: زانیارییەکانی تایبەت بە فرەیی ڕامیاری و بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی کە (١٠)بڕگەی لەخۆگرتبوو. سێیەم: زانیارییەکانی تایبەت بە ڕێکخراوەکان و هۆشیاریی مەدەنی کە (٥)بڕگەی لەخۆگرتبوو. چوارەم: زانیارییەکانی تایبەت بە ڕۆڵی دیاردە پەیوەستەکان و بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی کە (٤)بڕگەی لەخۆگرتبوو.

توێژەر ڕێگەی (لیگەرت)ی چواری بەکارهێناوە چونکە سروشتی بابەتی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەم ڕێگایەدا زیاتر دەگونجێت ، پاشان ناوەندی ژمێرەیی لیگارتی بۆ هەموو بڕگەکانی تەوەرەکان دەرهێنراوە هەروەك لە پاشکۆی ( ٢ )خراوەتەڕوو.

**٢-ڕاستێتی بڕگەکان Validity:**

دارِشتنی پرسیارنامەکە و دابەشکردنی بەسەر کۆمەڵێك پسپۆڕی تایبەتمەند بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی پرسیارەکان کە پێکهاتبوو لە (٢٤) پرسیاری تایبەت بەزانیاریە تایبەتەکان و دابەشکرابوون بەسەر (٤) تەوەرەدا ، و زانیاریە گشتیەکانیش پێکهاتبوون لە (٦) پرسیار بەکۆی هەردوو زانیارییە تایبەت و گشتییەکان کە پێکهاتبوون لە(٣٠) پرسیار بۆئەوەی بزانرێت تاچەندە بۆ بابەتی توێژینەوەکە شیاوە. ئەم هەنگاوە پێدەوترێت ڕاستێتی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري)ئەو پرۆسەیەیە کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە بزانرێت تاچەندە بڕگەکان شیاوە لە لای ئەوانەی توێژینەوەکەیان لەسەر ئەنجام دەدرێت، ئەمەش دابەش دەکرێت بەسەر کۆمەڵێك پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکەدا (دلیو، ٢٠١٤: ٤).

توێژەر هەستاوە بە دابەشکردنی پرسیارنامەکە بەمەبەستی زانینی مەودای ڕاستیی بڕگەکان بەشێوەیەکی سەرەتایی لەگەڵ ناساندنی بڕگەکان خرایە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان کە

ژمارەیان (١١)پسپۆڕ بووە لە پسپۆڕییەکانی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی و دەروونناسی هەروەك لە پاشکۆی (٣)ڕوونکراوەتەوە.

لە ئەنجامدا کۆمەڵێك لەو بڕگانە و دوای دابەشکردن و وەرگرتنەوەیان لە شارەزایانی تایبەت بە بوارەکە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و دەستکاریکردن بوونەتەوە، لە دواتردا جارێکیتر و سەر لە نوێ داڕێژراونەتەوە تاوەکو شێوەی کۆتاییان وەرگرت هەروەك لە پاشکۆدا (٤)دا خراوەتەڕوو.

لە خشتەی (٦)ڕای شارەزایان سەبارەت بە پرسیانامەکە و بەر لە چاککردن و سەرنج و تێبینییەکانیان خراوەتەڕوو، لە ئەنجامیشدا ڕێژەی پەسەندکرنی شارەزایان بۆ بڕگەکان (٧٩,٥٥ )دەرچوو کە لە پاشکۆی ( ٥)خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٦)**

**ڕوونکردنەوەی ڕێژەی سەدی پەسەندی بڕگەکان بەپێی ڕای شارەزایان دەردەخات**

| ز | تەوەرە | پرسیار | N1 ڕازی | N2 ناڕازی | N1-N2 | (N1-N2)/١١ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆچ | بڕگە ١ | ١١ | ٠ | ١١ | ١ | ١٠٠٪ |
| ٢ | | بڕگە ٢ | ١٠ | ١ | ٩ | ٠,٨٢ | ٨٢٪ |
| ٣ | | بڕگە ٣ | ١٠ | ١ | ٩ | ٠,٨٢ | ٨٢٪ |
| ٤ | | بڕگە ٤ | ٩ | ٢ | ٧ | ٠,٦٤ | ٦٤٪ |
| ٥ | | بڕگە ٥ | ١١ | ٠ | ١١ | ١ | ١٠٠٪ |
| ٦ | فرەیی ڕامیاری | بڕگە ٦ | ١٠ | ١ | ٩ | ٠,٨٤ | ٨٢٪ |
| ٧ | | بڕگە ٧ | ٩ | ٢ | ٧ | ٠,٦٤ | ٦٤ ٪ |
| ٨ | | بڕگە ٨ | ٩ | ٢ | ٧ | ٠,٦٤ | ٦٤ ٪ |
| ٩ | | بڕگە ٩ | ٩ | ٢ | ٧ | ٠,٦٤ | ٦٤ ٪ |
| ١٠ | | بڕگە ١٠ | ٩ | ١ | ٩ | ٠,٨٢ | ٨٢٪ |
| ١١ | | بڕگە ١١ | ١٠ | ١ | ٩ | ٠,٨٢ | ٨٢٪ |
| ١٢ | | بڕگە ١٢ | ١٠ | ١ | ٩ | ٠,٨٢ | ٨٢٪ |
| ١٣ | | بڕگە ١٣ | ٩ | ٢ | ٧ | ٠,٦٤ | ٦٤ ٪ |
| ١٤ | | بڕگە ١٤ | ١٠ | ١ | ٩ | ٠,٨٢ | ٨٢٪ |
| ١٥ | | بڕگە ١٥ | ٩ | ٢ | ٧ | ٠,٦٤ | ٦٤ ٪ |
| ١٦ | ڕێکخراوەکان | بڕگە ١٦ | ١٠ | ١ | ٩ | ٠,٨٢ | ٨٢٪ |
| ١٧ | | بڕگە ١٧ | ١٠ | ١ | ٩ | ٠,٨٢ | ٨٢٪ |
| ١٨ | | بڕگە ١٨ | ١٠ | ١ | ٩ | ٠,٨٢ | ٨٢٪ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | | بڕگە ١٩ | ١٠ | ١ | ٩ | ٠,٨٢ | ٪٨٢ |
| ٢٠ | | بڕگە ٢٠ | ٩ | ٢ | ٧ | ٠,٦٤ | ٪ ٦٤ |
| ٢١ | دیاردە پەیوەستەکان | بڕگە ٢١ | ٩ | ٢ | ٧ | ٠,٦٤ | ٪ ٦٤ |
| ٢٢ | | بڕگە ٢٢ | ١١ | ٠ | ١١ | ١ | ٪١٠٠ |
| ٢٣ | | بڕگە ٢٣ | ١١ | ٠ | ١١ | ١ | ٪١٠٠ |
| ٢٤ | | بڕگە ٢٤ | ١١ | ٠ | ١١ | ١ | ٪١٠٠ |
| | | کۆ | ٢٣٧ | ٢٧ | ٢١٠ | ١٩,٠٩ | |
| | | تێکڕا | | | | ٠,٧٩٥٥ | ٪٧٩,٥٥ |

- **بەهێزی توانای جیاکاری بڕگەکانی پێوەر( القوة التميزية للفقرات):**

**جێبەجێکردنی هاوکێشەی جیاکاری بڕگەکان، بەهێزی و توانای بڕگەکانی پێوەر دەردەخات، پێویستە جیاکاری بڕگە لە نێوان ئاستی بەرز ونزمی نموونەی توێژینەوەکەدا بێت کە پێوانەکردنی لەسەر جێبەجێدەکرێت چونکە ئامانج لە ئەنجامدانی جیاکاری بڕگەکان بریتییە لە پشکنین و دوورخستنەوەی ئەو بڕگانەی لاوازن و هێشتنەوەی ئەو بڕگانەی بەهێزن (حسين،٢٠٢٠: ١٤٥). بۆ ئەم مەبەستە توێژەر توانی لە ڕێگەی هاوکێشەی دوو نموونە زیادەڕۆوە (الطريقة العينتين المتطرفتين) و بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ توانی جیاکاری بڕگەکان دەربهێنێت لە ڕێگەی هەگبەی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بە بەکارهێنانی پڕۆگرامەکانی (SPSS25 )بۆ ئەو کارە. نمرەی کۆتایی کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێنابوو بەرەو ژوور ڕێکخرا(٢٧٪)ی بەرزترین نمرە و (٢٧٪)نزمترین نمرەش دیاریکرا، بەو شێوەیە هەرکاتێك جیاوازی لە نێوان ناوەندی دوو نموونەی زیادەڕۆ هەبوو مانای ئەوەیە بڕگەکە بەتوانایە لە پێوانەی جیاوازی نێوان ئەندامەکانی توێژینەوە. دەرکەوت هێزی جیاکاری بڕگەکان لە نێوان ( ٥٢,٨٦ و ٧١,٤٦)دابوو لەکاتێکدا بەهای خشتەیی (ت) (٢٨,٥٠٩)بوو ڕێژەی هەڵە (٥٪)و ژمارەی ئازادی (٢١٤)، بۆیە ئەو بڕگانە هێڵرانەوە کە بەهای (ت)هەژمارکراویان یەکسان بوو بە (١،٩٧)و زیاتر.**

**خشتەی(٧)**

**توانای جیاکاری بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ بڕگەکانی تەوەرەی(کۆچ، فرەیی، ڕێکخراوەکان، دیاردە پەیوەستەکان) دەردەخات**

| بڕگە | کۆمەڵە نمرە بەرزەکان | | کۆمەڵە نمرە نزمەکان | | ت هەژمارکراو | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی ژمێرەیی | | |
| بڕگە١ | ٢,٧٨ | ١,٠١٧ | ٣,٦٠ | ٠,٥٤٦ | ٧,٤٢٠ | بەتوانایە |
| بڕگە٢ | ٢,٨٤ | ١,٠٤٣ | ٣,٦٧ | ٠,٥٩٦ | ٧,١٣١ | بەتوانایە |
| بڕگە٣ | ٠,٩٦ | ٠,٨٠٨ | ١,٥٤ | ٠,٥٧١ | ٦,٠٣١ | بەتوانایە |
| بڕگە٤ | ٣,١٤ | ٠,٨٣٧ | ٣,٨١ | ٠,٤٥٦ | ٧,٣٧ | بەتوانایە |
| بڕگە٥ | ٢,٧٧ | ٠,٩٤٣ | ٣,٧٦ | ٠,٤٥١ | ٩,٨٤٩ | بەتوانایە |
| بڕگە٦ | ٢,٥٥ | ١,٠١٧ | ٣,٣٥ | ٠,٧٤٠ | ٦,٦٥٣ | بەتوانایە |
| بڕگە٧ | ٢,٦٣ | ١,٠٢٨ | ٣,٦٤ | ٠,٥٣٨ | ٩,٠٣٨ | بەتوانایە |
| بڕگە٨ | ٢,٢٩ | ٠,٦٥٦ | ٣,١٨ | ٠,٦٣٩ | ١٠,٨٦ | بەتوانایە |
| بڕگە٩ | ٢,٣١ | ٠,٧٧٩ | ٣,٢٤ | ٠,٦٢٥ | ٩,٧٣٤ | بەتوانایە |
| بڕگە١٠ | ٢,٣٢ | ٠,٦٩٥ | ٣,٢٣ | ٠,٦٥٠ | ٩,٩١١ | بەتوانایە |
| بڕگە١١ | ٢,١٧ | ٠,٤٦٤ | ٢,٩٣ | ٠,٧٢٠ | ٩,٢١٨ | بەتوانایە |
| بڕگە١٢ | ٢,١٠ | ٠,٦٤٠ | ٢,٩٥ | ٠,٧٧٨ | ٨,٧٨٥ | بەتوانایە |
| بڕگە١٣ | ٢,١٠ | ٠,٥٧٩ | ٢,٧٧ | ٠,٧١٨ | ٧,٥٠٩ | بەتوانایە |
| بڕگە١٤ | ٣,٧٨ | ١,٦١٤ | ٣,٤٧ | ١,٥٥٠ | ٣,٤٦٧ | بەتوانایە |
| بڕگە١٥ | ٢,٣٠ | ٠,٧٠١ | ٣,٠٩ | ٠,٦٧٧ | ٨,٤٩٣ | بەتوانایە |
| بڕگە١٦ | ٢,٣٦ | ٠,٩٠١ | ٣,٤٩ | ٠,٥٧٢ | ١٠,٩٩٨ | بەتوانایە |
| بڕگە١٧ | ٢,٣٤ | ٠,٩٢٩ | ٣,٣١ | ٠,٦٦٥ | ٨,٨٤٥ | بەتوانایە |
| بڕگە١٨ | ٢,١٩ | ٠,٨٥٩ | ٣,٣٢ | ٠,٧٢١ | ١٠,٤٦٨ | بەتوانایە |
| بڕگە١٩ | ٢,٠٦ | ٠,٨٥٢ | ٣,١٦ | ٠,٧٣٨ | ١٠,١٥٧ | بەتوانایە |
| بڕگە٢٠ | ٢,٠٣ | ٠,٧٧٩ | ٣,١١ | ٠,٧٦٥ | ١٠,٣١٠ | بەتوانایە |
| بڕگە٢١ | ٢,٦٩ | ٠,٨٥٠ | ٣,٠٤ | ٠,٧٢٢ | ٣,٢٧٨ | بەتوانایە |
| بڕگە٢٢ | ٢,٩٢ | ٠,٩٩٦ | ٣,٥٨ | ٠,٦٢٨ | ٥,٨٨١ | بەتوانایە |
| بڕگە٢٣ | ٠,٨٠ | ٠,٦٣٨ | ١,١٦ | ٠,٤٩٦ | ٤,٦٤٥ | بەتوانایە |
| بڕگە٢٤ | ٣,٠٣ | ٠,٨٨٠ | ٣,٦٩ | ٠,٥٢٣ | ٦,٦٧١ | بەتوانایە |

**لە خشتەی (٧)دەردەکەوێت سەرجەم بڕگەکانی تەوەرەکان کە ژمارەیان (٢٤)بڕگە بووە بەهای (ت) هەژمارکراویان لە نێوان ( ٣,٢٧-١٠,٩٩٨) بووە و سەرجەمی بەهای (ت)ی هەژمارکراوی بڕگەکان زیاتربوون لە (١,٩٧١) بەڕێژەی هەڵەی (٠,٠٥)و نمرەی ئازادی ( ٢١٤)سەرجەمیان دەتوانن پێوانەی تەوەرەکانی بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی بکەن.**

### ٣-پەیوەندی نمرەی بڕگە بە تەوەرەکانەوە (هاوکۆلکەی پیرسۆن): Pearson’s Correlation Coefficient

بریتییە لە نمرەی پەیوەستبوونی هەموو بڕگەکان لە بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە بەگشتی بۆ تەوەرەکان کە بڕگەکانیان لەخۆگرتووە (الدرعان، ٢٠٢٠: ١٦٨).

لەم تێزەدا نمرەی بڕگە بەتەوەرەکانەوە پەیوەستبووە، پەیوەندی پەیوەست بوون لە نێوان نمرەی هەر بڕگەیەك بە تەوەرەکانەوە دەرهێنراوە بەبەکارهێنانی (**هاوکۆلکەی پەیوەست بوونی پێرسۆن Pearson’s Correlation Coefficient**)هەروەك لە خشتەی (٨)ڕوونکراوەتەوە، دوای دەرهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەست بوون بۆ هەر بڕگەیەك و بەهای (ت)بۆ هاوکۆلکەی پەیوەست بوون ئەنجامەکان دەریان خست هاوکۆلکەی پەیوەستبوون لە نێوان(٠,٢٩٦-٠,٨١٣). توێژەر هیچ یەکێك لە بڕگەکانی لانەبردووە بەوەی بڕگەکان پەیوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ تەوەرەکاندا هەیە کە بە بەرنامەی (spss)دەریهێناون، هەروەك دەردەکەوێت نرخی ئاستی گریمانەیی بۆ سەرجەم بڕگەکان بچوکترە لە (٠,٠٥) کەواتە سەرجەمیان واتادارن و هەموو بڕگەکان لە تەوەرەکاندا جێگیر دەکرێن.

**خشتەی (٨)**

**هاوکۆلکەی پەیوەستی بڕگەکان لەگەڵ تەوەرەکاندا دەردەخات**

| تەوەرە | بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەست | ئاستی گریمانەیی |
|---|---|---|---|
| تەوەرەی یەکەم | بڕگە١ | ٦٨٠** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە٢ | ٨٠١** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە٣ | ٦٩٩** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە٤ | ٦١٧** | ٠,٠٠٠ |
| تەوەرەی دووەم | بڕگە٥ | ٦٨٤** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە٦ | ٤٩٤** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە٧ | ٥٥٢** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە٨ | ٦١١** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە٩ | ٦٦٦** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە١٠ | ٥٥٢** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە١١ | ٥٧٠** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە١٢ | ٦٠٤** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە١٣ | ٥٨٨** | ٠,٠٠٠ |
| | بڕگە١٤ | ٢٩٦** | ٠,٠٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | برگە١٥ | **٥٤٩ | ٠,٠٠٠ |
| تەوەرەی سێیەم | برگە١٦ | **٧٥٠ | ٠,٠٠٠ |
| | برگە١٧ | **٧٥١ | ٠,٠٠٠ |
| | برگە١٨ | **٨١٣ | ٠,٠٠٠ |
| | برگە١٩ | **٨٠٧ | ٠,٠٠٠ |
| | برگە٢٠ | **٧٤٢ | ٠,٠٠٠ |
| تەوەرەی چوارەم | برگە٢١ | **٦١٩ | ٠,٠٠٠ |
| | برگە٢٢ | **٦٧٦ | ٠,٠٠٠ |
| | برگە٢٣ | **٤٢١ | ٠,٠٠٠ |
| | برگە٢٤ | **٦٤٢ | ٠,٠٠٠ |
| ** Correlation is significant at the 0,00 level | | | |

(**)پەیوەستییەکە واتادارە بەرێژەی هەڵە (٠,٠١)

## ٤-جێگیری Reliablity

جێگیری وەك كەرەستەیەك لە توێژینەوەدا بەكاردێت مەبەست لێی توانای پێوانەكردنە لەپێدانی ئەنجامێكی دروست لەكاتی دووبارەكردنەوەی تاقیكردنەوەدا هەروەك پێودانگی ڕاستێتی بەو مانایەی تاقیكردنەوەكە دەتوانێت هەمان ئەنجام بەدەست بهێنێت لە كاتێكدا ئەگەر جارێكیتریش بەسەر هەمان گرووپدا و لە هەمان بارودۆخدا دووبارە بكرێتەوە، هەر ئەم پێوانەیە لەخۆگری ووردی و بابەتی و جێگیریی و دروستییە( سارانتاكوس، ٢٠١٧ : ١٩٧-١٩٨) .

لەم توێژینەوەیەدا ڕێگای بەكارهاتوو بۆ دەرهێنانی جێگیریی بریتییە لە هاوكۆلكەی ئەلفا كرۆنباخ (Cronbach's alpha)لە پاشكۆی (٦)پێوانەی قبوڵبوون و قبووڵنەبوونی هاوكۆلكەی ئەلفا كرۆنباخ خراوەتەڕوو، لە خشتەی (٩)هاوكۆلكەی ئەلفا كرۆنباخ بۆ سەرجەم بڕگەكان ڕوونكراوەتەوە.

**خشتەی(٩)**

**هاوكۆلكەی ئەلفا كرۆنباخ بۆ سەرجەم بڕگەكان**

| ئەلفا كرۆنباخ | ژمارەی بڕگە | ئەنجام |
|---|---|---|
| ٠,٨٤٦ | ٢٤ | جێگیری زۆرباش |

له خشتەی(٧)دا پێوەر بۆ قبوڵبوون و(جێگیربوون) یان قبوڵنەبوونی هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ دەردەکەوێت کە (هاوکۆلکەی جێگیربوونی ئەلفا کرۆنباخ) بۆ سەرجەم بڕگەکان بەگشتی دەکاتە (٠,٨٤٦)، کە هاوکۆلکەی (جێگیری زۆرباش)ە واتە پەسەندە.

## ٥-چاوپێکەوتن: Interview

به ئامرازێکیتر دادەنرێت لە ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کە لەنێو دوو کەسدا ئەنجامدەدرێت سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو کە لەپشت ئەم کارەوە هەیە ئەویش تێگەیشتنێکی زانستییە بۆ ئەو دیاردەیە یان ئەو بابەتەی مەبەستە لێی بکۆڵرێتەوە لە ڕێگەی بەیەکگەیشتنی ڕاستەوخۆی توێژەرە لەگەڵ لێتوێژراواندا (عقیل، ١٩٩٩: ١٨٢).

لەم تێزەدا چەند جارێك ئەم ئامرازە بەکارهاتووە لە لایەنی تیۆری و پراکتیکیشدا سەبارەت بە وەرگرتنی زانیاری پێویست و تایبەت بەم توێژینەوەیە لەلایەن کەسانی پسپۆڕو شارەزاوە.

ئەم ئامرازی چاوپێکەوتنەش لەم توێژینەوەیەدا چەند شێوەیەکی جۆراوجۆری هەیە جۆری چاوپێکەوتنی هەیکەلی (Structured Interview ) و چاوپێکەوتنی بەکۆمەڵی ( Focus Group )بەکارهاتووە .

شێوازێك لە شێوازەکانی کاریگەربوونی توێژەر بۆ سەر لێتوێژراوان و وەڵامەکانیان بریتییە لە پەنابردن بۆ چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپ کە ناسراوە بە چاوپێکەوتنی چڕوپڕ و بەکۆمەڵی، کە ئەمە تەکنیکێکی نوێیە و کاریگەریشە و لەلایەن سەرۆکی دانیشتنەکەوە ڕێکدەخرێت.

سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێك توخمی گرنگی ئەم شێوازە لە چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپیەدا هەیە لەوانەش:

١-ژمارەی کۆمەڵە بەکارهاتووەکان یاخود وەرگیراوەکان چەندەن؟

٢-چۆن گونجان دروست دەکەیت لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵەکەدا؟

٣-چۆن و کەی گفتوگۆ دەکەیت و سووردەبیت لەسەری؟

**٤-پلەی بەشداربوونی سەرۆکی دانیشتنەکە؟ ( القصاص، ٢٠١٤: ٢٥٦).**

**ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە لەگەڵ کۆمەڵەی بەشداربوودا پێکدێت لە (٤ تاکو ١٠) لێتوێژراو ، بەمەستی وەرگرتنی بیروبۆچوونی بەشداربووەکانە سەبارەت بە بابەتە دیاریکراوەکە، هەرئەم چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپیە لە توێژینەوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و توێژینەوە پراکتیکییەکاندا بەکاردێت** ( Ennis,D&S,2012:3)

**لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەستاوە بە وەرگرتنی کەسانی پسپۆڕو شارەزا وەك لێتوێژراو بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری پێویست سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە ئەویش بە وەرگرتنی کۆمەڵەیەك لە لێتوێژراوان لە ڕێکخراوەکان و زانکۆدا ، کە ژمارەی بەشداربوون لە ڕێکخراوەکاندا (٣) لێتوێژراو بوون بە کۆی هەردوو ڕێکخراو (٦) لێتوێژراو بوون و لە ناو زانکۆدا (٦) لێتوێژراوبوون.**

**لە ڕووی گونجانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵەکە لە ڕێکخراوەکاندا لێتوێژراوان پسپۆڕییان لە بواری(دەروناسی کۆمەڵناسی و یاسا) هەبووە ، لە زانکۆشدا پسپۆڕییان لە بواری کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتیدا هەبووە، سەرەڕای کارکردنیان لە ڕێکخراوەکانیشدا وەکو چالاکوانی مەدەنی.**

**ئەنجامدانی چاوپێکەوتنە بەکۆمەڵییەکەی ڕێکخراوەکان لەناو ڕێکخراوەکان خۆیاندا بووە و چاوپێکەوتنی شارەزایان و پسپۆڕانی زانکۆ بە ڕێگای ئۆنلاین و بەرنامەی (zoom )بە ئەنجام گەیەنراوە.**

**٦-ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

**لە دوای جێبەجێکردنی کەرەستەکانی توێژینەوە و دەسکەوتنی زانیاریی پێویست لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە بەرنامەی ئاماری (SPSS ) بۆ ئەوەی شیکاری و بەراووردکاریی و ڕاڤەبکرێن، ئەویش بەکارهێنانی ئەم کەرەستانە لەوانە :**

**١)دووبارەبوونەوە و ڕێژەی سەدی:** بۆ خستنەڕوو و وەسفکردنی لێتوێژراوانی نموونەی توێژینەوەکە و دیاریکردنی ڕێژەی وەڵامەکانیان.

**٢)ناوەندی ژمێرەیی.**

**٣)لادانی پێوانەیی** : بۆ دیاریکردنی مەودای گونجانی وەڵامەکان ( دووری و نزیکیەکەیان) و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەیان.

**٤)هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن**: بۆ پێوانەی ڕاستێتی بڕگەکانی توێژینەوەکە.

**٥)هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ**: بۆ پێوانەکردنی جێگیریی بڕگەکانی توێژینەوەکە.

**٦)پێوانەی (ت) T-test** : بۆ خستنەڕووی جیاوازی دەربارەی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوە دیاریکراوەکان( ڕەگەز – کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا)( الدرعان، ٢٠٢٠: ١٦٩).

**٧)تاقیکردنەوە T-testبۆ دوو نموونەی سەربەخۆ T-Test for two Independent Sample**: ئەم تاقیکرنەوەیە بەکاردێت بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی تەوەرەکە.

**٨)تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نمونە**: ئەم تاقیکردنەوەیە بەکاردێت بۆ تاقیکردنەوەی ئاماژەی جیاوازی لە نێوان ناوەندی گریمانەیی بۆ پێوەر و ناوەندی وەڵامەکانی نموونەکە بۆ پێوەر ( علام ، ٢٠٠٠: ١٥٦).

**٩)شیکاری جیاوازی یەکی: One way Anova Analysis**

بەکاردێت بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازی واتادار لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە(عبیس، ٢٠١٨: ٢٠).

**١٠)تاقیکردنەوەی کەمترین جیاوازی واتادار LSD least significant difference**: ئەم ڕێگەیە بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی بەراووردی زۆر یان بەراووردە دووانەییەکان کە هەمەچەشنن(حسێن،٢٠٢٠: ١٥٣).

**١١)ڕاستی ڕواڵەتی (بەڕێگەی لاوشی) Lawshe content validity ratio**: ئەم ڕێگەیە وەك یەکێك لە ڕێگەکانی ڕاستی ڕواڵەتی بەکاردەهێنرێت بۆ پەسەندکردنی ڕای شارەزایان بۆ بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە (محمد، ٢٠١٦: ٢٢٥).

# بەشی شەشەم : ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی

## باسی یەکەم: خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە

## باسی دووەم : خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنی

## باسی یەکەم: خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە

ئەم خەسڵەتانە خۆیان لە کۆمەڵێك گۆڕاودا دەبیننەوە کە پەیوەست دەبن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەوە جا ئەگەر هاتوو پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لەسەریان هەبێ ، هەر ئەم سیفەت و خەسڵەتانەش بە گۆڕاوێکی سەربەخۆ دادەنرێن کە دەتوانین لەسەر ئەو بنەمایە بەراووردی بکەین بۆ مەبەستی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە گشتییەکان و گۆڕاوەکانی تری ناو توێژینەوەکە، لەم بەشەدا وەسفی نموونەی توێژینەوەکە دەکەین لە ڕێگەی ژمارەی دووبارەبووەکان و ڕێژەی سەدی و هێڵکاری ڕوونکردنەوەیی بۆ هەریەك لە (ڕەگەز، تەمەن، پێشینەی کۆمەڵایەتی، باری خێزانی، ئاستی خوێندن، کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا ) لە هەمانکاتدا بە وردی ئەنجامی توێژینەوەکە لەسەر ئەم گۆڕاوانە دەخرێتەڕوو، گۆڕاوەکانیش بریتین لە:

### ١- ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە

**خشتەی (١٠)**

**دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز دەردەخات**

| ڕەگەز | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ١٩٠ | ٤٧,٥ |
| مێ | ٢١٠ | ٥٢,٥ |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٠٠ |

هەروەك لە خشتەی (١٠)دەردەکەوێت دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکەیە بەپێی ڕەگەز کە دووبارەبوونەوەی ڕەگەزی نێر یەکسانە بە(١٩٠)لە کۆی(٤٠٠)بەرانبەر ڕێژەی(٤٧,٥٪)، دووبارەبوونەوەی ڕەگەزی مێ(٢١٠)لە کۆی (٤٠٠)بەرانبەر ڕێژەی(٥٢,٥٪).

گۆڕاوی ڕەگەزیی کاریگەری لەسەر سروشتی ئەو وەڵامانەی لێتوێژراوان دەربارەی بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی ئاماژەی پێ دەدەن دەبێت، و بیروبۆچوونیشیان جیاواز دەبێت بەهۆی ئەو ڕۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتیەی کە لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕن، یان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازییە ناوخۆییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز کە لەوانە دەروونی وکۆمەڵایەتی.

## ٢- تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە

**خشتەی(١١)**

**دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی تەمەن دەردەخات**

| تەمەن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٢٠-٢٩ | ٣٧ | ٩,٢٥ |
| ٣٠-٣٩ | ١٦٢ | ٤٠,٥ |
| ٤٠-٤٩ | ١٣٦ | ٣٤ |
| ٥٠-٥٩ | ٥١ | ١٢,٧٥ |
| ٦٠-٦٩ | ١٤ | ٣,٥ |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٠٠ |

هەروەك خشتەی (١١)کە دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکەیە بەپێی تەمەن دەردەکەوێت کە زۆرترین دووبارەبوونەوە بۆ چەشنی (٣٠-٣٩)ساڵە یەکسانە بە (١٦٢)بەرانبەر ڕێژەی (٤٠,٥) لەهەمان کاتدا کەمترین دووبارەبوونەوەی بۆ چەشنی (٦٠-٦٩)ساڵە کە یەکسانە بە (١٤)بەرانبەر ڕێژەی (٣,٥٪)، ئەمەش ئەوە بەدەردەخات زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لە تەمەنی پێگەیشتندان و توانای پەیبردنیان هەیە بە دۆخەکەیان بۆ لێکدانەوەی ئاستی بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی لە کۆمەڵگەدا.

## ٣- پێشینەی کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە

**خشتەی (١٢)**

**دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون دەردەخات**

| پێشینەی کۆمەڵایەتی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شار | ٣٥٧ | ٨٩,٣ |
| قەزا | ٣٠ | ٧,٥ |
| ناحیە | ٩ | ٢,٣ |
| لادێ | ٤ | ١ |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٠٠ |

هەروەك لە خشتەی (١٢)دەردەکەوێت کە زۆرترین دووبارەبوونەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوون شارە کە یەکسانە بە (٣٥٧)بەرانبەر ڕێژەی (٨٩,٣٪)لەهەمان کاتدا کەمترین دووبارەبوونەوە بۆ لادێ یەکسانە بە(٤)بەرانبەر ڕێژەی (١٪)، قەزا ڕێژەی (٧,٥٪)کە ژمارەیان (٣٠)کەسن، و ناحیە ڕێژەی (٢,٣٪)کە سەرجەمیان (٩)کەسن، پێشینەی کۆمەڵایەتی بنەمایەکی گرنگە بۆ دروستبوونی کەسێتی و فێربوونی بنەما پەروەردەیی و ئاکارییەکان، هەر ئەم پێشینەی کۆمەڵایەتییە کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر تاك و ڕەنگدانەوەشی دەبێت لەسەر شێوازی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت، سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵی هەیە لە بەرەو پێشچوون و گونجانی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا لە ڕووی پەیوەندییەکانیانەوە بەمەش وادەکات دۆخی کۆمەڵگە بگۆڕێت .

**٤- باری خێزانی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی(١٣)**

**دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی باری خێزانی دەردەخات**

| باری خێزانی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕەبەن | ٧٠ | ١٧,٥ |
| خێزاندار | ٢٨١ | ٧٠,٣ |
| جیابووەوە | ٣٥ | ٨,٨ |
| تاك مردوو | ١٤ | ٣,٥ |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٠٠ |

هەروەك لە خشتەی (١٣)دەردەکەوێت دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی باری خێزانی کە زۆرترین دووبارەبوونەوە بۆ خێزاندارە کە یەکسانە بە (٢٨١)بەرانبەر ڕێژەی (٧٠,٣٪)لە هەمان کاتدا کەمترین دووبارەبوونەوە بۆ تاك مردووە کە یەکسانە بە (١٤)بەرانبەر ڕێژەی (٣,٥٪)، هەرچی ڕەبەنە (٧٠)کەسن بەڕێژەی (١٧,٥٪)جیابووەوەش (٣٥) کەسن بەڕێژەی (٨,٨٪). باری خێزانی بە خەسڵەتێکی گرنگ لە قەڵەم دەدرێت بەوەی جۆری وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی کە هاوسەرگیریان کردووە لەوانیتر جیاوازە و هەڵویست و بۆچوونی جیاوازی دەبێت لە ڕووی بڕوابوون و ئارەزوو و ئاڕاستەکانیەوە بەرامبەر بەو بارودۆخەی کە کۆمەڵگەکەی پیادا تێپەڕ دەبێت.

**٥- ئاستی خوێندەواری نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی (١٤)**

**دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی ئاستی خوێندەواری دەردەخات**

| ئاستی خوێندن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ماستەر | ٢٥٠ | ٦٢,٥ |
| دکتۆرا | ١٥٠ | ٣٧,٥ |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٠٠ |

هەروەك لە خشتەی (١٤)دەردەكەوێت دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەكە بەپێی ئاستی خوێندەواری كە زۆرترین دووباربوونەوە بۆ هەلگرانی بڕوانامەی ماستەرە كە یەكسانە بە (٢٥٠)بەرانبەر ڕێژەی(٦٢,٥٪)لە هەمانكاتدا كەمترین دووبارەبوونەوەی بۆ هەلگرانی بڕوانامەی دكتۆرایە كە یەكسانە بە (١٥٠)بەرانبەر ڕێژەی (٣٧,٥٪). ئاستی خوێندن وادەكات مرۆڤ هۆشیار بێت و پەیببات بە دەوروبەری و ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی ڕوانینێكی ڕوونتری هەبێت بۆ ژیانكردن و دەستنیشانكردنی ئاستی مەدەنیبوون و ئەو ڕێگرییانەی دێنە بەردەم هەنگاوەكانی بەرەو بەشاریبوونی كۆمەلگەكەی.

### ٦- كاركردن لە ڕێكخراوەكاندا بۆ نمونەی توێژینەوەكە

**خشتەی(١٥)**

**دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەكە بەپێی كاركردن لە ڕێكخراوەكاندا دەردەخات**

| كاركردن لە ڕێكخراوەكاندا | دووبارە بوونەوەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لە ئێستادا | ٩٧ | ٢٤,٢٥ |
| لەڕابردوودا | ١٠٠ | ٢٥ |
| كارم نەكردووە | ٢٠٣ | ٥٠,٧٥ |
| كۆ | ٤٠٠ | ١٠٠ |

هەروەك لە خشتەی (١٥)دا دەردەكەوێت دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەكە بەپێی كاركردن لە ڕێكخراوەكاندا كە زۆرترین دووباربوونەوە بۆ ئەوانەیە كە كاریان نەكردووە لە ڕێكخراوەكاندا ژمارەیان (٢٠٣)كەسە بەرانبەر ڕێژەی (٥٠,٧٥٪)لە هەمانكاتدا كەمترین دووبارەبوونەوە بۆ ئەوانەیە كە لەئێستادا لە ڕێكخراوەكاندا كاردەكەن كە ژمارەیان (٩٧)كەسە بەرانبەر ڕێژەی سەدی (٢٤,٢٥٪)، كەواتە كۆی ئەوانەی كە لە ئێستادا یان لە ڕابردوودا لە ڕێكخراوەكاندا كاریان كردووە

یەکسانە بە (١٩٧)کەس بەرانبەر ڕێژەی(٤٩,٢٥٪). کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا دەبێتە پاشخانێکی دەوڵەمەند بۆ ئەو تاکانەی کاری تیادا دەکەن  لە ڕووی ئەزموون و شارەزاییەوە بەهۆیەوە دەتوانن لێکدانەوە بۆ دۆخی کۆمەلگەکە بکەن لە هەموو لایەنەکانیەوە  بەوەی بەرکەوتەی ڕاستەوخۆیان دەبێت لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەلگەدا لەم ڕێگایەشەوە کار لەسەر ڕێگەچارەکانیش دەکەنەوە تاوەکو تەشەنە نەسێنێت بەمەش وادەکەن کۆمەلگە ئاستی هۆشیاریی مەدەنی بەرزبێتەوە.

## باسی دووەم

## خستنەڕوو تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەم باسەدا بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی دەخرێتەڕوو، پاشان گفتوگۆ لەبارەیانەوە دەکرێت و کۆمەڵێك ڕاسپاردە و پێشنیاز دەخرێنەڕوو:

**یەکەم: خستنەڕووی ڕۆڵی کۆچکردنی ناوخۆیی و دەرەکی لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنییدا**

**ا- جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ڕاستەقینەی کۆچکردن و پەیوەندی بە بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنییەوە.**

**خشتەی (١٦)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و کاریگەری کۆچکردنی ناوخۆیی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٣,٣٠ | ٢,٥ | ٠,٨ | ٠,٨٦٤ | ١٨,٦٨٥ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (١٦)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری کۆچکردنی ناوخۆیی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون گەیشتووەتە (٣,٣٠)نمرە بەلادانی پێوانەیی (٠,٨٦٤)نمرە، بەلاّم ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازیەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای(ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە(١٨,٦٨٥)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لەئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٣,٣٠)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و کۆچکردنی ناوخۆیی کاریگەری ئەرێنی کردووەتە سەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون بە ئەندازەی (زۆر).

ئەو ئەنجامە ئەوە بەدەردەخات کە کۆچی ناوخۆیی هۆکارێکی ئەرێنی(کاریگەر)ی دەبێت بۆ خاوبوونەوەی بەشاریبوون بەوەی کۆچی ناوخۆ شوێنی بۆ نەکراوەتەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کوردستانیدا لە لایەن بەرپرسانەوە، بەواتایەکیتر پێشوەختە ڕێکخستن و بەرنامەڕێژی بۆ بەئەنجام نەگەیەنراوە بەڵکو هەڕەمەکی بووە ( بەپشتبەستن بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپیەکە)، ئەمە ئاماژەیە بۆ سوود وەرنەگرتن لە کۆچ بە ئەندازەیەك کە لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بێت بەمەش بەردەوام کاریگەرییە نێگەتیڤیەکانی ئەم کۆچە زاڵ دەبێت و دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم هەنگاونانی کۆمەڵگەدا لەڕووی پێکهاتەی شارو ئاستی بەشاریبوونیشی، کە هاتنی بەلێشاوی کۆچبەرانە لە لادێووە بۆ شار یاخود لەناوچەکانیتری عێراقەوە بەهۆی خراپی دۆخی ڕامیاری و ناسەقامگیری کۆمەڵگەکەیانەوە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، دەبێتە هۆی زۆربوونی دانیشتوانی لەلایەك دروستبوونی فشاری ئاوارەکان بۆ سەر ئیدارەی شارەکە و زیادبوونی داواکارییەکان و پێداویستییەکانیان لەلایەکیترەوە .

هەموو ئەمانەش بەهۆی پاڵنەری جۆراوجۆری ناو شوێنە نێرەرەکەوەیە کە کۆچەکە دروست دەکات و لێکەوتەی خراپیشی دەبێت ، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوئەنجامە لەگەڵ هەردوو توێژینەوەی ( علي، ٢٠١٢) و (محسن، ٢٠١٨ )کە ئاماژەیان کردووە بەوە ( شارەکە خەسڵەتی ڕاکێشانی هەیە وەکو ڕواڵەتێکی سەردەمیانە و خۆشگوزەرانی و بواری کارکردن وایکردووە زۆرینەی لە ژیانی شارنشینیدا بژین و کۆچی لە لادێ بۆ شار دروست بکات کە بەرگەی ئەو ڕواڵەتە نەگرن) و ( کەمی دامەزراوە و پڕۆژەی ئابوری بەشێوە جیاوازەکانیەوە و نەبوونی دامودەزگا فەرمییەکان لەو ناوچانەدا وادەکات پڕۆسەی کۆچی ناوخۆیی دروست بکات و بەردەوامیش بێت و کاریگەری خراپی لەسەر ناوچەی نێرەر و وەرگر هەبێت، لەگەڵ بوونی هۆکاری ڕامیاری و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانیدا) .

**خشتەی (١٧)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و کاریگەری کۆچکردنی دەرەکی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٣,٤٢ | ٢,٥ | ٠,٩١ | ٠,٨٣٥ | ٢١,٨٨ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی ( ١٧)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری کۆچکردنی دەرەکی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون گەشتووەتە(٣,٤٢)نمرە بەلادانی پێوانەی (٠,٨٣٥)نمرە، بەلاَم ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە (٢١,٨٨)گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٣,٤٢)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و کۆچکردنی دەرەکی کاریگەری ئەرێنی کردووەتە سەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون بە ئەندازەی (زۆر).

ئەم ئەنجامە ئەوە بەدەردەخات کە کۆچی دەرەکیش هۆکارێکی ئەرێنی(کاریگەر) دەبێت لەسەر خاوکردنەوەی ئاستی بەشاریبوون بەو واتایەی دەبێتە ڕێگری لە بەردەم هەنگاونان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا بەهۆی نەبوونی پلانێکی تۆکمە و پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی لە هەر حاڵەتێکی لەناکاو و کتوپڕدا کە کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بەلاَم بەگشتی ئەو کۆچبەرانەی کە لە وڵاتێکیترەوە هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستانەوە هۆکارێکی کاریگەر بووەتە پاڵنەریان بۆ بەجێهێشتنی ناوچە بنەچەیەکەی خۆیان هەروەك ڕاگواستنی زۆرملێی و ناجێگیری دەوڵەتانی دەوروبەری عێراق لە ڕووی ڕامیاریەوە و هاتنی ئاوارە سووریەکان کە هاتنی ئەمانە خۆی لەخۆیدا کێشە و گێروگرفت و فشاری زیاتر و تەنگەشە دەخوڵقێنێت بۆ شارەکان، بەهۆی پێڕانەگەیشتن بە دابینکردنی پێداویستییەکان بۆیان و دواتریش پارتەکان کاریان نەکردووە تەنها بۆ مەبەستی بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان نەبووبێت لەناو کەمپی ئاوارەکاندا بەمەش بوونەتە پاڵەپەستۆ لەسەر

ناوچەکە (بەپشتبەستن بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپەکە)  سەرەڕای کۆچکردنی بەلێشاوی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە کە زیانێکی یەکجار گەورە لە گەشەی ئابوری کوردستان دەکەوێت، ڕاستەوخۆ خاوبوونەوە لە پرۆسەی بەشاریبوونەکەدا دروست دەکات بەوەی چینی گەنج و لاو چینێکی پێگەیشتوون و دەتوانن بەهۆی تواناکانیانەوە لە کۆمەڵگەدا گۆڕان دروست بکەن، بەڵام بە ڕۆیشتنی ئەمانە کۆمەڵگە لە ڕەوڕەوەی پێشکەوتندا توشی دواکەوتن و خاوبوونەوە دەبێت.

**خشتەی (١٨)**

**دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی جۆری کاریگەری لەسەر خاوبوونەوەی پرۆسەی بەشاریبوون دەردەخات**

| کاریگەری جۆری کۆچ | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کۆچی ناوخۆیی ئاوارەکان | ١٣٥ | ٣٣,٧٥ |
| کۆچی پەنابەران | ٢١٣ | ٥٣,٢٥ |
| کاریگەری نەبووە | ٥٢ | ١٣ |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی (١٨)ئەوە ڕووندەکاتەوە کە کاریگەری کۆچی ناوخۆیی ئاوارەکان لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون کەمتر بووە لە کۆچی پەنابەران بەوەی خاوەنی کولتوورێکی جیاوازبوون و ڕێژەکەشیان زۆر بووە سەرەڕای لەدەستدان و جێهێشتنی پێویستییەکانی ژیانیان بەتەواوەتی لەناوچە بنچەییەکەیاندا  ئەمەش وایکردووە کە فشاری زۆر بکرێتەسەر  ئیدارەی شارەکە لە ڕووی پێویستییەوە و پێڕانەگەیشتنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوچەیی و جیهانییەکان بۆ دابینکردنی پێداویستیی ماددی و واتایی.

**خشتەی ( ١٩)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەی ڕاستەقینەی نموونەکە کاریگەری کۆچکردنی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٦,٧٢ | ٥ | ١,٧٢ | ١,٤٦ | ٢٣,٥٢ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (١٩)دا دەریخستووە کە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری کۆچکردنی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون گەشتووەتە (٦،٧٢)نمرە بەلادانی پێوانەیی (١،٤٦)نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە (٢٣،٥٢)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١،٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠،٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٦،٧٢)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و کاریگەری ئەرێنی کۆچکردنی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون بە ئەندازەی (زۆر)ە(٢/١،٧٢=٠،٨٦).

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە هەردوو کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی دوو هۆکاری زۆر کاریگەرن بۆ دروست بوونی خاوبوونەوەی پرۆسەی بەشاریبوون ئەمەش لەگەڵ زیادبوونی کۆچی لادێ بۆ شار و ئاوارەکان و پەنابەراندا ڕاستەوخۆ بەشاریبوونی پلان بۆ دانەڕێژراو خاوبوونەوەی ڕووبەڕوودەبێتەوە، واتە بەمە زۆربوونی دانیشتوان دەخوڵقێنێت کەوادەکات نەبوونی داهات و بێکاری کۆمەڵێك گرفتی تر ڕووبەڕووی ناوچەکە بێتەوە کە بارودۆخێکی ناسەقامگیر و ناجێگیر دروست بکات بەمەش جێکەوتەی خراپی لەسەر دەروون و لایەنی کۆمەڵایەتی تاکەکان دەبێت و زیان بە ئابوری و گەشەی شارنشینی دەگەیەنێت لە ناوچەکەدا، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونی(ئیبن خەلدون)دا پێیوایە کە شار ناوەندی ڕاکێشانە بۆ هەموو توێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، بەپیتی شارەکە دەبێتە ناوچەیەکی ڕاکێشەر وادەکات پاڵ بەخەڵکیەوە دەنێتبچنە ناو شار، بەمە پێداویستییەکانیان زیاد دەکات، بەڵام شارەکان ئاستێکی شیاو و بوارێکی دیاریکراویان هەیە بۆ لە خۆگرتنی دانیشتوانە جۆراوجۆرەکان ئەمە وادەکات حاڵەتێکی خراپ لە پێکهاتەی شاردا بخوڵقێنێت و گەشەی شارنیشنی دەبێتە دەرکەوتوترین گرفتی شارنشینی، جگە لەمانەش تاکێکی لادێ لە شاردا ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبێتەوە بەوەی ژینگەکەیان جیاوازە کۆچیش کێشەی قەرەباڵغی دانیشتوانی دروست دەکات لە یەکەکانی نیشتەجێ بووندا لەگەڵ زیادبوونی خەرجیەکاندا.

**خشتەی (٢٠)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە کاریگەری کۆچکردن لەسەر تێکەڵبوونی کولتووریی دەردەخات**

| ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | T خشتەیی | T هەژمارکراو | لادانی پێوانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | نموونە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٠,٠٠٠ | ٣٩٩ | ١,٩٦٦ | ٣١,٤٢٥ | ٠,٦٨٣ | ١,٠٧ | ٢,٥ | ٣,٥٧ | ٤٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٠)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ نموونەکە و کاریگەری کۆچکردن لەسەر تێکەڵبوونی کولتووریی گەشتووەتە(٣,٥٧)نمرە بە لادانی پێوانەی(٠,٦٨٣)نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە(٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(ت) بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای(ت) هەژمارکراو گەیشتووەتە (٣١,٤٢٥)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦) لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥) و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە(٣,٥٧) و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە(٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و کاریگەری ئەرێنی کۆچکردن لەسەر تێکەڵبوونی کلتووریی بەئەندازەی (زۆر)ە.

ئەم ئەنجامە ئەوە بەدەردەخات کۆچکردن سەرەڕای بوونی لایەنی نێگەتیڤی لایەنی پۆزەتیڤیشی هەیە کە تێکەڵبوونی کولتوورییە، هەر ئەم تێکەڵبوونە کولتوورییەش پێویستی بەماوەیەکی دوورودرێژ هەیە تاوەکو تاکەکان بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ یاسا وڕێساکان و بارودۆخی کۆمەڵگەی وەرگریشدا کەواتە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دوو مەرجی سەرەکی لەو ماوەیەدا هەبێت: **یەکەمیان**: ویستی مرۆڤ و هەوڵدانی کەسێتی بۆ گونجان و تێکەڵبوون. **دووەمیان**: توانای تێکەڵبوونی کۆمەڵگە تا بتوانێ لەهەموو ڕووەکانەوە ڕێز لە جیاوازییەکان بگرێت، هەربەمە گیانی پێکەوە بوون پێکەوە هەڵکردن دروست دەبێت هەموو ئەمانە لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت بەتایبەت شاری سلێمانی کە توانراوە تێگەیشتن هەبێت بۆ دۆخی کەمپی پەنابەرانی سوری و ئاوارە ناخۆییەکانی باشوری عێراق پلە بە پلە گۆڕان و بەرەو پێشچوونیان تێبینی بکرێت(بەپشتبەستن بە چاوپێکەوتنی

فۆكەس گرووپپیەكە)، ئەم گۆڕانكارییەش نەك لەسەر ئاستی تاكەكەس خۆیان بێت بەتەنها بەڵكو كاریگەریشی لەسەر كۆمەڵگە وەرگرەكەش دەبێت ئەگەر كۆمەڵگەكەش بیەوێ كاری لەسەر بكات ئەم ئەنجامی توێژینەوەیە هاوئەنجامە لەگەڵ هەر سێ توێژینەوەی (رابح،٢٠٠٥) و (أبو لطيفة ، ٢٠١٨) (Kareem,2018)دا ئاماژەیان بەوە كردووە (لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە گەشەی شارنشینی كۆمەڵگەی شارنشینی بە كولتووری جیاوازی مرۆیی دەوڵەمەند كردووە ، بەمە دابونەریتەكان دەگۆڕێت بە حوكمی وابەستەبوونی بەرژەوەندییەكان و ئەركەكانی شارنشینی لە ڕێگای كاریگەری و كاریگەربوونەوە) و (كۆچی ناوخۆیی و تێكەڵبوونی كولتووریی كۆچبەران لە شاری (رام الله و بير)ە كاریگەری جیاوازیان دەبێت لەسەر گەشەی ئابووری و ئاوەدانی و كۆمەڵایەتی ) و ( بەشێوەیەكی گشتی شارنشینی لە شارەكەدا دەرنەكەوتووە، هەروەها تەنیا لە نێوان گۆڕاوی ڕەگەز و شارنشینی پەیوەندی مانادار دەركەوتووە و ئەم گۆڕاوە لە گۆڕانی ئاستی شارنشینی لای تاكەكان كاریگەری هەبووە).

**خشتەی (٢١)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەكە و كاریگەری تێكەڵبوونی كولتووریی لەسەر بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەكە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەكە | لادانی پێوانەیی | T هەژماركراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٣,٤ | ٢,٥ | ٠,٩ | ٠,٧٨٥ | ٢٢,٩٦٣ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢١)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەكانی نموونەی توێژینەوەكە بۆ كاریگەری تێكەڵبوونی كلتوری لەسەر بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی گەیشتووەتە (٣,٤)نمرە بەلادانی پێوانەیی (٠,٧٨٥)نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەكە(٢,٥)نمرە بووە بە بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی (ت)بۆ یەك نموونە بۆ تاقیكردنەوەی جیاوازییەكانی نێوان هەردوو ناوەندەكە، دەردەكەوێت بەهای(ت)هەژماركراو گەیشتووەتە (٢٢,٩٦٣)كە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەكیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەكە یەكسانە بە (٣,٤)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی كە یەكسانە بە

(٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و کاریگەری ئەرێنی تێکەڵبوونی کولتووری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی بە ئەندازەی (زۆر)ە.

ئەم ئەنجامە ئەوە بەدەردەخات کە تێکەڵبوونی کولتووری وادەکات دۆخی پۆزەتیڤی لە کۆمەڵگەدا بخولقێنێت بەوەی پێکەوەبوونی تاکەکان و کارلێکی گونجاو و ئارەزووکردنی پێکەوە ژیان لای تاکەکان و کۆمەڵەکان دروستبکات کە شوناس و ناسنامەی جیاوازی کولتووریان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە ئەم تێکەڵبوونە کولتورییە پێویستی بە تێپەڕبوونی کات بووە بۆ ئەوەی کۆچبەران تەواو شارەزابن لە هەموو یاسا و ڕێسا و لایەنە کۆمەڵایەتییە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگە وەرگرەکە و لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانیان، هەموو ئەمانەش بەهۆی هاوکاری تەواوی کۆمەڵگە وەرگرەکەوە دەبێت کە وەك کۆمەڵگەیەکی مەدەنی خۆی بەدەردەخات بەدەرکردنی یاسای تایبەت بە کۆچ و کۆچبەران و شوێنی گونجاو پێدانی مافەکانیان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە و تەندروست، بەمەش وادەکات ئاستی هۆشیارییان بەرزبکاتەوە و گونجانی زیاتر لەکەڵ گۆمەڵگەکەدا دروست بکات یەکسانی و دانپێدانانی بەرامبەر و سەربەستییەکان بوونیان هەبێت و دووربن لە ململانێ و دووبەرەکی بەمە یارمەتیدەری بەرەو پێشچوونی دۆخی کۆچبەران دەبێت لە لایەك و جێگیری و سەقامگیریش بۆ کۆمەڵگەکە لەلایەکیترەوە .

کۆمەڵگەی کوردستانی وەك ناوچەیەکی جێگیر و سەقامگیر لە ڕووی ڕامیاریەوە وایکردووە کۆچبەران و پەنابەران لەدەرەوەی هەرێم بێنە ناو هەرێمەوە بۆ دالّدەدان بەردەوامبوونیان لە ژیان، جگەلەمەش تێکەڵبوونی کولتووریی و کردنەوەی دەرگاکان بەڕووی ناوچە جیاوازەکاندا وایکردووە بارودۆخی کۆمەڵگەکە بەرەو باشتر بگۆڕێت کەلە ئێستادا یەکترقبوڵکردن و پێکەوەبوونی چین و توێژەکان و ڕەگەزە جیاوازەکان و تەنانەت بۆ ئاوارەکان و پەنابەرانیش زیاتر لە ڕابردوو لە ناوچەکەدا کە بوونی هەیە ، هەموو ئەمانەش یارمەتیدەردەبن لە خۆگونجاندنیان لەگەڵ دۆخەکەدا و تەنانەت بەجۆرێکیش تێکەڵ ببن لەسەر ئاستی تاکەکەسی کە بابەتی ژن و ژنخوازی و هاوڕێیەتی و دراوسێیەتی لێدەکەوێتەوە و جیاکردنەوەیان لەڕووی شوناس و ناسنامەیان ئەستەم بێت(بەشتبەستن بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپیەکە) بەمە دەتوانرێت بوترێت کۆچ کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی هەیە بەهۆی تێکەڵبوونە کولتووریەکەوە، ئەنجامی ئەم

توێژینەوەیە هاوڕایە لەگەڵ **(ڕۆبەرت پارك)** بەوەی ئاماژە دەكات بە تووانەوەی كۆچبەرە هاتووەكان كە بە چوار چەمكی بنەڕەتی ڕاڤەی دەكات ئەوانیش :

**قۆناغی یەكەم**: كێبڕكێ، لەم قۆناغەدا كێبڕكێ وەكو شێوەی یەكەمییە و گشتی و بنەڕەتییە، پەیوەندییە نزیكایەتییەكان بوونی نییە، كارلێكی تاكەكان بەبێ پەیوەندی كۆمەڵایەتییە بەمەش دەچنە قۆناغێكیترەوە كە قۆناغێكی بەرەو پێشچووترە.

**قۆناغی دووەم**: ململانێ، ئەم قۆناغە ئاستێكی بەرزتری هەیە و هۆشیاریی تەواو بوونی هەیە تاكەكان هەست دەكەن ئەم ژینگە نوێیەی لەسەری نیشتەجێبوون لە پەیوەندیدا بەمانەوەوە بە مافی ڕەوای خۆیان دەزانن، بەمەش ململانێیەكە وادەكات كەمینەكان زۆر بەتوندی پێكەوە بلكێن و لە سیستمە ڕامیاریەكەدا بەشداربن.

**قۆناغی سێیەم**: گونجان، تاكەكان لەم قۆناغەدا هاوكاری یەكتردەبن، كارلێك و گونجان لەناو دامودەزگاكاندا هەیە، تاكەكان هۆشیاریی ئەوەیان هەیە ڕازیبن بەوەی جیاوازبوونی كۆمەڵەكان قبوڵ بكەن ئەمەش بەهۆی بنەماكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتیەوە دەبێت بۆئەوەی ئاسایشی شارەكە تێك نەچێت.

**قۆناغی چوارەم** : وەرگرتن و توانەوەیە ، ئەنجامێكی سروشتیی قۆناغی گونجانەكەیە ، ئیتر وورده وورده ئەو جیاوازیانە لە نێوان پێكهاتەكانی كۆمەڵگەدا نامێنێت، (پارك) پێیوایە ئەم تێكەڵبوونە سروشتییەو مەبەستدار نییە و وادەكات هاوسەنگی بواری بخوڵقێنێت و شار دەبێتە ناوەندێكی ئاكاریی بەكۆمەڵی تایبەت بەخۆی كە (دۆركایم )پێیدەڵێت هۆشیاریی بەكۆمەڵی.

ئەم توێژینەوەیە هاوڕایە لەگەڵ تیۆرەكەی (ڕۆبەرت پارك)دا لە سێ قۆناغدا كە ئەوانیش قۆناغی یەكەم و دووەم و سێیەمە بەوەی ئاوارەكان و پەنابەرەكان لەسەرەتادا ئاشنا نەبوون بە دۆخ و گوزەرانی كۆمەڵگەكە و هیچ جۆرە پەیوەندییەك بوونی نەبووە بەهۆی بوونی كولتووری جیاوازەوە و تاكەكانی ناو كۆمەڵگەكەش نەیانتوانیوە كارلێك بكەن، لە قۆناغی دووەمدا بەهۆی تێگەیشتنی خۆیان بۆ دۆخەكە و یارمەتیدانیان لەلایەن ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنییەوە و هاوكاریكردنیان لە

هەموو ڕووەکانەوە بەتایبەت دوای پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان و ئاشناکردنیان بووە بەمافەکانیان لە ڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە، هەموو ئەمانە هاوکاربوون لە زیادبوونی متمانە و گونجان و کارلێکی نێوانیاندا کە وایلێکردوون تێکەڵبوونی کولتووری و یەکتر قبوڵ کردن بێتە ئاراوە بەجۆرێك کە پرۆسەی هاوسەرگیریی و خزمایەتی لێ بکەوێتەوە (بەپشتبەستن بە چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپییەکە).

**ب- تاقیکردنەوەی دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ تەوەرەکانی (کۆچ، فرەیی، ڕێکخراوەکان ، دیاردەکان)لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی:**

**خشتەی(٢٢)**

**تاقیکردنەوەی دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ تەوەرەکانی (کۆچ ، فرەیی ، ڕێکخراوەکان ، دیاردەکان)بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی بەدەردەخات**

| تەوەرە | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەی | ت هەژمارکراو | ت خشتەیی | نمرەی سەربەستی | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆچ | نێر | ١٩٠ | ٤,٢٥ | ٠,٥٥٣ | ٢,٨٩٣ | ١,٩٦٦ | ٣٩٨ | ٠,٠٠٤ | جیاوازی واتاداری هەیە |
| | مێ | ٢١٠ | ٤,٣٩ | ٠,٤٣٥ | | | | | |
| فرەیی | نێر | ١٩٠ | ١,٦٢ | ٠,٢٩٤ | ٠,٦٢ | ١,٩٦٦ | ٣٩٨ | ٠,٥٣٦ | جیاوازی واتاداری نییە |
| | مێ | ٢١٠ | ١,٦ | ٠,٢٦٨ | | | | | |
| ڕێکخراوەکان | نێر | ١٩٠ | ١,٨ | ٠,٦٩٩ | ٠,٥٣٦ | ١,٩٦٦ | ٣٩٨ | ٠,٥٩٣ | جیاوازی واتاداری نییە |
| | مێ | ٢١٠ | ١,٨٤ | ٠,٦٥٢ | | | | | |
| دیاردەکان | نێر | ١٩٠ | ٣,٠٤ | ٠,٤٥٣ | ٠,٢٦٨ | ١,٩٦٦ | ٣٩٨ | ٠,٧٨٩ | جیاوازی واتاداری نییە |
| | مێ | ٢١٠ | ٣,٠٥ | ٠,٥ | | | | | |

خشتەی(٢٢)بریتییە لە تاقیکردنەوەی (ت)ی دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ تەوەرەکانی (کۆچ، فرەیی، ڕێکخراوەکان، دیاردەکان)بە پێی ڕەگەز، هەروەك دەردەکەوێت ڕەگەزی نێر و مێ هاوڕان بۆ سەرجەم تەوەرەکان جگە لە تەوەرەی (کۆچ)لەبەرئەوەی سەرجەم (ت)ی هەژمارکراویان بچوکترن لە (ت)ی خشتەیی بۆ نمرەی سەربەستی (٣٩٨)کە دەکاتە (١,٩٦٦)، جگەلە تەوەرەی کۆچ کە(ت)ی

**هەژمارکراوەکەی یەکسانە بە (٢,٨٩٣)و گەورەترە لە (ت)ی خشتەی ئەمە لە لایەك، و لە لایەکیترەوە ئاستی گریمانەی هەموو تەوەرەکان گەورەترە لە (٠,٠٥)جگەلە تەوەرەی کۆچ کە ئاستی گریمانەییەکەی یەکسانە بە (٠,٠٤)و بچوکترە لە (٠,٠٥)کە دووبارە ئەم ئەنجامە ئەوە دەسەلمێنێت کە جیاوازی واتار نییە لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێ بۆ تەوەرەکانی (فرەیی ، ڕێکخراوەکان ، دیاردەکان) و جیاوازی واتاداری بوونی هەیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بۆ تەوەرەی کۆچ.**

**لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە بۆ هەرسێ تەوەرەی ( فرەیی، ڕێکخراوەکان، دیاردە پەیوەستەکان)، واتە هەردوو ڕەگەز بەیەك شێوە کاردانەوەیان بۆ بابەتی توێژینەوەکە هەیە.**

**لەلایەکیترەوە توێژینەوەکە دەریخستووە کە جیاوازی واتاداری هەیە بۆ تەوەرەی کۆچ کە کۆچی ناوخۆیی و کۆچی دەرەکییە لەلای لێتوێژراوانی ڕەگەزی مێ لەگەڵ کاریگەریەکانیشی لە ڕووی پۆزەتیڤی و نێگەتیڤییەکانیەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێبینیکردن و ڕوانینی ووردی ڕەگەزی مێ بۆ بارودۆخەکەو لێکدانەوەی هەموو لایەنەکانی ئەو دیاردەیە بە مانەوەی زیاتری لە کۆمەڵگەدا و کۆچ نەکردنیشی بەو ڕادەیەی کە نێر کۆچ دەکات، هەربەمە وادەکات زیاتر ئاسەوارەکانی کۆچ و کۆچکردن پەی پێبەرێت و کاریگەریشی لەسەری هەبێت وەك لە ڕەگەزی نێر، لەلایەکیترەوە کارکردنی لێتوێژراوانی ڕەگەزی مێ لەڕێکخراوەکاندا لە ئێستادا بەراوورد بە کارکردنیان لە ڕابردوودا زیاتر بووە لە بەرامبەر ڕەگەزی نێردا، ئەمەش وادەکات زیاتر پەیبەرێت بە دۆخی کۆمەڵگەکە و گۆڕانکاریەکانی بەوەی بەرکەوتەی ڕاستەخۆیان دەبێت لەگەڵیدا.**

**ج- تاقیکردنەوەی ئاماری شیکاریی (ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری تەوەرەی (کۆچ) لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاری مەدەنی بەپێی کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا :**

**خشتەی (٢٣)**

**تاقیکردنەوەی ئاماری شیکاری (ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری تەوەرەی (کۆچ)لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی بەپێی کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا دەردەخات**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی دوجاکان | نمرەی سەربەستی | ناوەندی دوجاکان | ف هەژمارکراو | ئاستی گریمانەیی |
| کۆچ | لەنێوان گروپەکاندا | ١٨٦,١٤٨ | ٢ | ٩٣,٠٧٤ | ١٣,٦٤ | ٠,٠٠٠ |
| | لەناو گروپەکاندا | ٢٧٠٨,٦٤٩ | ٣٩٧ | ٦,٨٢٣ | | |
| | کۆ | ٢٨٩٤,٧٩٨ | ٣٩٩ | | | |

**(ف) خشتەیی=٣,٠١٨**

**بەسەرنجدان لە خشتەی(٢٣)کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی نێوان ئەو کەسانەی کە لە ڕێکخراوەکاندا کاریانکردووە یان کاریان نەکردووە بۆ کاریگەری تەوەرەی (کۆچ )لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەکەوێت کە تەوەرەی کۆچ جیاوازی واتاداری هەیە، لەبەرئەوەی (ف) هەژمارکراو یەکسانە (١٣,٦٤)گەورەترە لە (ف)خشتەی (٣,٠١٨)بۆ نمرەکانی سەربەستی (٢,٣٩٧)و ڕێژەی هەڵە (٠,٠٥)، کەواتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان نموونەی توێژینەوەکە بەپێی کارکردن یان کارنەکردن لە ڕێکخراوەکاندا بۆ کاریگەری تەوەرەی کۆچ لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی، هەروەها لەبەرئەوەی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە (٠,٠٠٠)و بچوکترە لە (٠,٠٥)هەمان ئەو ئەنجامە دەسەلمێنێت کە جیاوازی واتادار لە نێوانیاندا هەیە.**

**خشتەی (٢٤)**

**تاقیکردنەوەی ئاماری (LSD)کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا بۆ کاریگەری تەوەرەی کۆچ لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەخات**

| | جۆری کارکردن | | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| LSD | لەئێستادا کاردەکەم | لە ڕابردوودا کارم کردووە | ٠,٢٩٨ | ٠,٤٢٤ | جیاوازی واتاداری نیە |
| | لەئێستادا کاردەکەم | کارم نەکردووە | *١,٥٠٠ | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتاداری هەیە |
| | لە ڕابردوودا کارم کردووە | کارم نەکردووە | *١,٢٠٢ | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتاداری هەیە |
| | *The mean difference is significant at the 0,05 level | | | | |

**بەسەرنجدان لە خشتەی (٢٤)کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی ئاماری (LSD) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان ئاستەکانی کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا بۆ کاریگەری کۆچ لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەکەوێت:**

**١-لەبەرئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی نێوان (لە ئێستادا کاردەکەم ) و ( لە ڕابردوودا کارم کردووە) یەکسانە بە (٠,٤٢٤)و گەورەترە لە (٠,٠٥)کەواتە جیاوازی واتادار لەنێوانیاندا نیە بۆ دیاریکردنی کاریگەری تەوەرەی کۆچ لە سەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی .**

**٢-لەبەرئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی نێوان (لە ئێستادا کاردەکەم) و (کارم نەکردووە)یەکسانە بە (٠,٠٠٠)و بچوکترە لە (٠,٠٥)کەواتە جیاوازی واتادار لە نێوانیاندا هەیە بۆ دیاریکردنی کاریگەری تەوەرەی کۆچ لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی، واتە هاوڕانین لەو بوارەدا.**

**٣-لەبەرئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی نێوان (لە ڕابردوودا کارم کردووە) و (کارم نەکردووە)یەکسانە بە (٠,٠٠٠)و بچوکترە لە (٠,٠٥)کەواتە جیاوازی واتادار لە نێوانیاندا هەیە بۆ دیاریکردنی کاریگەری تەوەرەی کۆچ لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی، واتە هاوڕانین لەو بوارەدا.**

له سەرجەمی تاقیکردنەوەی ئاماری (LSD)دەرکەتووە ئەو لێتوێژراوانەی کاریانکردووە لە ئێستا و ئەوانەش کە لە ڕابردوودا کاریانکردووە لە ڕێکخراوەکاندا گۆڕانکارییان دروستکردووە لە ئاڕاستەی (زۆر) بەراوورد بەو لێتوێژراوانەی کە لە ڕێکخراوەکاندا کاریان نەکردووە.

هەروەك توێژینەوەکە دەریخستووە جیاوازی واتادار هەیە بۆ دیاردەی کۆچ و کاریگەریەکانیشی لەسەر ئاستی بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی لای ئەو لێتوێژراوانەی لە ڕێکخراوەکاندا کاریان کردووە لە ڕابردوودا و ئەوانەش کە لە ئێستادا کاردەکەن وجیاوازیشیان لەگەڵ ئەوانەی کە لە ڕێکخراوەکاندا کاریان نەکردووە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە: دوور و نزیکی لە پەیوەندیدا بە ڕێکخراوەکانەوە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی جیاوازی نێوانیان. بەو واتایەی ئەزموونی کارکردن وادەکات کەسانی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوانە نەتوانن وەك ئەوانەی کاردەکەن بەڕاستەوخۆی و نزیکبوونیان لە دیاردەکانەوە لێکدانەوە و بۆچوونی ورد و هەڵقوڵاوی دۆخەکەیان هەبێت و بۆ دیاردەکە و ئاسەوارەکانیشی پەی پێبەرن. سەرەڕای لێهاتوویی و کارامەییان لە کارکردن و بیرکردنەوەشیان لە دۆخی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی کێشە وگرفتەکان بەبەردەوامی و بەشێوەی کردەیی بەهۆی ئەو ڕێساو یاسایانەی کە بۆیان دانراون دەبێتە هۆکارێکی تر.

## دووەم: لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی بوونی فرەیی ڕامیاری لە ئاڕاستەکردنی گەشەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا

**خشتەی (٢٥)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکەو ڕۆڵی فرەیی ڕامیاری لە گەشەکردنی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٢,٩٤ | ٢,٥ | ٠,٤٤ | ٠,٩١٢ | ٩,٨٨٠ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٥)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕۆڵی فرەیی ڕامیاری لە گەشەکردنی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا گەیشتووەتە (٢,٩٤)نمرە بەلادانی پێوانەیی (٠,٩١٢)نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت) هەژمارکراو گەیشتووەتە (٩,٨٨٠)کە گەورەترە لە بەهای(ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٢,٩٤)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و ڕۆڵی فرەیی ڕامیاری کاریگەری ئەرێنی کردووەتەسەر گەشەکردنی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی بە ئەندازەی (مامناوەند).

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە فرەیی ڕامیاری کاریگەری ئەرێنی(کاریگەر) تاڕادەیەك هەبووە لەسەر گەشەکردنی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا، فرەیی ڕامیاری لە بنەڕەتدا مانای بوونی فرەییە لە هێز و بیروبۆچوونە ڕامیاریە جیاوازەکاندا کە مافی پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵکردن لەخۆدەگرێت لە گۆڕەپانی ڕامیاریدا و شێوەیەکە لە شێوەکانی پیادەکردنی دیموکراسی، بنەمای دانپێدانانی فرەیی ڕامیاری بریتییە لە بڕوابوون بەمافی هەموو تاکەکان بێ جیاوازیکردن، و ڕێگەدان بەبوونی ئۆپۆزسیۆن لەشێوەی گرووپ و دەستەی جۆراوجۆرەوە کە بتوانن مافە ڕەواکانیان بەدەستبهێنن و گوزارشتێکی سەربەستانە و ئازادانە لە هەوڵە ڕەواکانیان بکەن بۆ سەرخستنی کۆمەڵگە و برەودان

پێی بەوەی دۆخێکی ئارام سەقامگیر بخولقێنن. هەر ئەم فرەییە ڕامیارییە لە هەرێمی کوردستاندا لەدوای سالآنی نەوەدەکانەوە هاتووەتە ئاراوە پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس کە تاکی کۆمەلگەی کوردی ئاشناکردووە بە بوونی مافی بەشداریکردنی لەبواری ڕامیاریدا بەمە وایکردووە سەرهەڵدانی پارتی جۆراوجۆر بێتە ئاراوە هەریەکەیان بیروباوەڕی جیاواز بەیەکتر لەخۆبگرن و بنەمای پڕەنسیپی ڕێکخستن و هزریی خۆیان هەبێت و لەڕووی پەروەردەییەکەوە کار لەسەر لایەنگرانیان بکەن کە تاڕادەیەك ببنەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییان .

**خشتەی (٢٦)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و کاریگەری بەشداریکردنی ئافرەتان لەبواری سیاسەتدا لەناو پارتە جیاوازەکاندا لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٢,٧٥ | ٢,٥ | ٠,٢٥ | ٠,٧٧٠ | ٦,٤٩٩ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٦)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری بەشداریکردنی ئافرەتان لەبواری سیاسەتدا لەناو پارتە جیاوازەکاندا لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی گەیشتووەتە (٢,٧٥)نمرە بەلادانی پێوانەیی (٠,٧٧٠)نمرە، بەلآم ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە(٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە (٦,٤٩٩)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٢,٧٥)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و بەشداریکردنی ئافرەتان لەبواری سیاسەتدا لەناو پارتە جیاوازەکاندا کاریگەری ئەرێنی کردووەتە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی بە ئەندازەی (کەم).

ئەم ئەنجامە ئەوە بەدەردەخات کە ئافرەتان لە کۆمەلگەی کوردستانیدا بەپێی پێویست لە بواری ڕامیاریدا لە ناو پارتە جیاوازەکاندا کاریان نەکردووە کە بتوانن کاریگەریەکی ئەرێنی بکەنە سەر

بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانە بووە لەوانە: بڕوانەبوونی ئەم پارتانە بە کارکردنی ئافرەتان شان بەشانی پیاوان بەوەی دەسەڵاتی پارتەکان سیستەمێکی خێڵگەرایی و هۆزگەرایەتی بەڕێوەی دەبات، یاخود کارکردنی ئافرەتان لە چوارچێوەی خزمەتکردن بە دەسەڵاتێك کە هەمیشە لە ناوەندەکانی بڕیاردا سوورە لەسەر دانانی ڕەگەزی بەرامبەر نێرینە نەوەك ڕەگەزی مێیینە، جگەلەمانەش ئافرەتان و کارکردنیان لەو پارتانەدا هاوکاری و پاڵشتی یەکتر ناکەن ئەوەندەی ڕەخنە لەکار و چالاکییەکانی یەکتر دەگرن هەربۆیە بەرەوپێشچوونیان لە دۆخەکەدا کەمە و کاریگەرییەکانیشیان بەو ڕادەیە نییە کە لە ئاستی داواکاری کۆمەڵگەدا بێت، لەلایەکیترەوە پارتە ڕامیارییەکان ئافرەتان بۆ بەرژەوەندییە حیزبیەکانی خۆیان بەکاردەهێنن و دەیانخەنە هەندێ پێگەوە پلە و پۆستەوە نەوەك لە پێناو برەودان بێت بە دۆخی ئافرەتان، دواجارگەڕانەوە بەرەو دواوە دەبینرێت کەخۆیان و کۆمەڵگەش سوودمەند نابن (بەپێشت بەستن بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپیەکە) .

**خشتەی(٢٧)**

**ڕیزبەندی کارو چالاکی پارتی ڕامیاری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا**

| هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی | پلەبەندی | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| کۆنفرانس | ١ | ٨٨ | ٢١,٩٨ |
| ڕووماڵی میدیایی | ٢ | ٧٥ | ١٨,٥٦ |
| وۆرك شۆپ | ٣ | ٧١ | ١٧,٩٢ |
| سیمینار | ٤ | ٦٤ | ١٦,١٤ |
| خێوەتگە | ٥ | ٥٤ | ١٣,٤٢ |
| کەمپینەکان | ٦ | ٤٨ | ١١,٩٩ |
| **کۆ** | | ٤٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی(٢٧)ئەوە دەردەخات کۆنفرانس ڕۆڵێکی کاریگەرتری هەبووە لە فۆڕمی چالاکییەکانیتر لای پارتە ڕامیاریەکان بەهۆی چەند هۆکارێکەوە لەوانە: کەمپین کەمتر لە کۆنفرانس بووەتە چالاکی ڕامیاری، کەمپینەکان چالاکییەکانی هاوبەشن لە نێوان بواری ڕامیاریی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتیدا. هەروەها ئامادەیی تاك و دامەزراوەکانی بۆ بەشداری لە کەمپینەکان کەمترە لەبەژداری کۆنفرانسی

پارتەکان کە پشت بە ئەندامێتیان دەبەستێت لەناو پارتەکان و سودمەندبوونی کەسی لە ئەنجامی کۆنفرانسەکان.

**خشتەی (٢٨)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و کاریگەری ڕۆڵی هەماهەنگی پارتە ڕامیاریەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لای تاکی کورد دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٢,٦٤ | ٢,٥ | ٠,١٤ | ٠,٧٣٩ | ٣,٧٨٧ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٨)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ڕۆڵی هەماهەنگی پارتە ڕامیاریەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لای تاکی کورد گەیشتووەتە(٢,٦٤)نمرە بەلادانی پێوانەیی (٠,٧٣٩)نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای(ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە (٣,٧٨٧)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٢,٦٤)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و ڕۆڵی هەماهەنگی پارتە ڕامیارییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاریگەری ئەرێنی کردووەتەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لای تاکی کورد بە ئەندازەی (زۆر کەم).

ئەم ئەنجامەش ئەوە بەدەردەخات کە پارتە ڕامیاریەکان و ڕێکخراوەکان هەماهەنگ نین تا بتوانن لە ڕێگەی فۆڕمی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆیانەوە برەو بەدۆخی تاکەکان وکۆمەڵگەش بدەن لە ڕووی بیرکردنەوە و بیروبۆچوونەکانیانەوە لەبەر ئەم هۆکارانە لەوانە: پارتە ڕامیاریەکان ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان هەیە کە کاردەکەن بۆ سەرکەوتنی بەرژەوەندی پارتەکانیان ئەو بابەت و کێشانەی مەبەستیان نەبێت نایخەنە ناو پرۆژەی کارەکانیانەوە کە لەلایەن پارتەکانیانەوە ئاماژەیان

پێدەکرێت لە کردنی یاخود نەکردنی بەڵام ڕێکخراوەکان بە پێچەوانەوە دەست بۆ هەموو جۆرە کەیسێك دەبەن بەوەی سەربەخۆیانە کاردەکەن، لە لایەکیترەوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ناوچەیین و کارو پرۆژەکانیان ئەوەندە نییە بەو ڕادەیەی کە لە پێویستی کۆمەڵگەدا بێت بەوەی هیچ پاڵپشتیەکییان لێناکرێت بۆ ئەنجامدانی کار و پرۆژەکانیان هەر ئەوەندەی کەلە توانایاندایە دەیکەن بەمەش چین و توێژەکان هەموویان ناتوانن بەتەواوەتی لە فۆڕمی چالاکییەکانیاندا سوودمەنبن بەوەی پێویستییان بە پاڵپشتی ماددی و مەعنەوییە، سەرەڕای دانپێدانەنانیان بۆ کارو پرۆژەکانی یەکتر و خۆ بەباشتر زانینی هەریەکەیان لەویتر وادەکات لەئەنجامدانی سیمینارەکان و خولەکانیان بەشدار نەبن و بەمەش بەردەوام دووبەرەکی نێوانیان ڕوو لە زیادبوون دەکات که ئەمانە هۆکارێکی گرنگن بۆ دواکەوتن و نزمبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا (بەپشتبەستن بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپیەکە).

**خشتەی (٢٩)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و ڕۆڵی فرەیی ڕامیاری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لای تاکی کورد دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٨,٣٣ | ٧,٥ | ٠,٨٨ | ١,٧٠ | ٩,٧٢٣ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٩)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕۆڵی فرەیی ڕامیاری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لای تاکی کورد گەیشتووەتە(٨,٣٣ )نمرە بەلادانی پێوانەیی (١,٧٠)نمرە ، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە(٧,٥) نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای(ت) هەژمارکراو گەیشتووەتە (٩,٧٢٣)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٨,٣٣)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە

(٧,٥) کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و ڕۆڵی فرەیی کاریگەری ئەرێنی کردووەتەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لای تاکی کورد بە ئەندازەی (کەم)( ٠,٨٨/٣=٠,٢٩).

ئەم ئەنجامە ئەوە بەدەردەخات کە پارتە ڕامیاریەکان ڕێگە خۆشکەر و هەماهەنگ نەبوون لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکەوەبوونی کارکردن و چالاکییەکانیان بەئەنجام بگەیەنن بەڵکو بەجۆرێك بووە کە لەخزمەتی تایبەتی پارتەکاندا بووە دوور لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی تاکی کۆمەڵگەی کوردی، تەنانەت بەشدارییە ڕامیارییەکانیش سنوردارکراون تەنها بۆ ئەوانەی کە لایەنگرانی پارتەکانن بۆ ئەوەی داواکارییەکانیان نەبێتە هۆی دروستکردنی گرفت بۆیان، هەربەمەش وادەکەن پێشێلی ماف وسەربەستییەکانی تاکەکان بکەن ئەگەرچی لەڕواڵەتدا بانگەشەی دیموکراسی دەکەن بەلأم لەڕاستییدا عەقڵی خێلأیەتی ئاڕاستەیان دەکات(بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپیەکە).

**خشتەی(٣٠)**

**خشتەی تاقیکردنەوەی ئاماری شیکاری (ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری تەوەرەی (فرەیی ڕامیاری)لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی بە پێی کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا دەردەخات**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی دوجاکان | نمرەی سەربەستی | ناوەندی دوجاکان | ف هەژمارکراو | ئاستی گریمانەیی |
| فرەیی ڕامیاری | لەنێوان گروپەکاندا | ٣٠,١٢٨ | ٢ | ١٥,٠٦٤ | ٠,٨٥١ | ٠,٤٢٨ |
| | لەناو گروپەکاندا | ٧٠٣٠,٢٦٩ | ٣٩٧ | ١٧,٧٠٨ | | |
| | کۆ | ٧٠٦٠,٣٩٨ | ٣٩٩ | | | |

(ف) خشتەیی=٣,٠١٨

بەسەرنجدان لە خشتەی(٣٠)کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی نێوان ئەو کەسانەی کە لە ڕێکخراوەکاندا کاریانکردووە یان کاریان نەکردووە بۆ کاریگەری تەوەرەی (فرەیی )لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەکەوێت کە تەوەرەی فرەیی جیاوازی واتاداری نییە، لەبەرئەوەی (ف) هەژمارکراو یەکسانە (٠,٨٥١)بچوکترە لە (ف)خشتەی (٣,٠١٨)بۆ نمرەکانی سەربەستی (٢,٣٩٧)و ڕێژەی

هەڵە (٠,٠٥)، کەواتە جیاوازی واتادار نییە لە نێوان نموونەی توێژینەوەکە بەپێی کارکردن یان کارنەکردن لە ڕێکخراوەکاندا بۆ کاریگەری تەوەرەی فرەیی لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنیدا، هەروەها لەبەرئەوەی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە (٠,٤٢٨)و گەورەترە لە (٠,٠٥)هەمان ئەو ئەنجامە دەسەلمێنێت کە جیاوازی واتادار نییە لە نێوانیاندا.

مانای وایە کارکردن و کارنەکردن لە ڕێکخراودا جیاوازی نییە سەبارەت بە فرەیی ڕامیاری و هۆشیاریی مەدەنییەوە، واتە ئەو کەسانەی لەڕێکخراودا کاریانکردووە و کاریان نەکردووە لەبیروبۆچوونەکانیاندا جیاوازنین سەبارەت بە فرەیی ڕامیاری و ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لەم ڕووەوە وەکو یەکن، ئەمەش مانای وایە کارکردن لە ڕێکخراودا نەیتوانیوە جیاوازی بیرکردنەوەی لای لێتوێژراوان لە بەرامبەر فرەیی ڕامیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا دروست بکات.

**سێیەم: ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی و بوونی ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکان لە ئاڕاستەکردنی پەیوەندی نێوان بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی.**

**خشتەی (٣١)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و ڕۆڵی ڕێکخراوە ناوچەییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٣,٠٦ | ٢,٥ | ٠,٥٦ | ٠,٨٧٢ | ١٢,٩٠٤ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٣١)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕۆڵی ڕێکخراوە ناوچەییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا گەیشتووەتە(٣,٠٦)نمرە بەلادانی پێوانەیی (٠,٨٧٢)نمرە ، بەلاّم ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢,٥)نمرە بووە و بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە (١٢,٩٠٤)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی

ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٣,٠٦)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و ڕۆڵی ڕێکخراوە ناوچەییەکان کاریگەری کردووەتەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی بە ئەندازەی (مامناوەند).

ئەم ئەنجامە ئەوە بەدەردەخات کە ڕێکخراوە ناوچەییەکان ڕۆڵێکی ئەرێنی(کاریگەر)یان هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا کە ئەمەش خۆیان دەبییننەوە لە کارکردنەکانیاندا لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا کە بە دڵسۆزانە توانیویانە لەگەڵ پەنابەران و تاکی کۆمەڵگەدا کاربکەن بەمەبەستی زیاتر چاو کرانەوەیان بەو ڕێسا و یاسایانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا پەیڕەو دەکرێت لە پێناو پێکەوە ژیانی تاکەکان و بەردەوامبوونیان، هەروەك لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ (DHRD) ئەمە خراوەتەڕوو سەبارەت بە ئاوارەکانی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش کە ئەم ڕێکخراوانە بەردەوام کاریان بۆ دەکەن بە مەبەستی بەرەو پێشچوونی بارودۆخیان و هۆشیارکردنەوەیان لە ڕێگەی کردنەوەی خولی ڕاهێنان و سیمینارەکانەوە بەمەش تاڕادەیەکی باش هەستیان بە گۆڕانکارییەکانیان کردووە دوای ماندوبوون و هەوڵێکی زۆر لەگەڵیاندا .

**خشتەی (٣٢)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و ڕۆڵی ڕێکخراوە جیهانییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٢,٨٨ | ٢,٥ | ٠,٣٣ | ٠,٨٣٣ | ٩,٢٤٠ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٣٢)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕۆڵی ڕێکخراوە جیهانییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا گەیشتووەتە (٢,٨٨)نمرە بەلادانی پێوانەیی (٠,٨٣٣)نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە(٩,٢٤٠)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لە

ئاستی دەلالەتی(٠،٠٥)و نمرەی سەربەستی(٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٢،٨٨)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢،٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و ڕۆڵی ڕێکخراوە جیهانییەکان کاریگەری کردووەتە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مەدەنییدا بە ئەندازەی (کەم).

هەروەك لە ئەنجامەکانەوە دەرکەوتووە ڕۆڵی ڕێکخراوە جیهانییەکان کاریگەرییەکی ئەرێنی(کاریگەر)ی کەمی هەیە لەسەر ئاستی هۆشیاریی مەدەنی، ڕێکخراوە جیهانییەکان لەسەرەتادا لە هەرێمی کوردستان لە دوای ڕزگاربوون لە ڕژێمی بەعس وەك پاڵپشتێك لەگەڵ ڕێکخراوە ناوچەییەکاندا کاریان دەکرد لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاکەکان لە ڕووی ماف و سەربەستییەکانیانەوە بە کردنەوەی خول و سیمینارکردن و ڕاهێنانی تایبەت بەگۆڕینی ئاستی تاکەکان بەشداربوون، جگەلەوەی بەرنامەڕێژی تەواو و پڕاوپڕ هەبوو بەشێوەیەك کە کۆمەڵگە لە هەنگاونانیدا بوو بۆ بەرەو پێشەوەچوون، بەڵام لەئێستا ڕێکخراوە جیهانییەکان لە ژێر سانسۆری دەوڵەتاندا بەڕێوە دەچن هەربۆیە کاریگەری کردووەتەسەر بەرنامەی کار و پڕۆژەکانیان بە شێوەیەك کە لە خزمەتی پارتی ڕامیاری دەوڵەت و ناوچەکاندان بن(بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپیەکە)، بۆ ئەم مەبەستەش هەرێمی کوردستانیشی لێ بەدەر نەبووە، هەموو ئەمانە وایانکردووە کار و پڕۆژەکانیان بەپێی پێویستی کۆمەڵگەکە نەکرێت و ئاستی هۆشیاریی تاکەکان بەو ئەندازەیە نەبێت کە دەخوازرێت.

**خشتەی (٣٣)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و ڕۆڵی ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٥،٩٤ | ٥ | ٠،٩٤ | ١،٤٦ | ١٢،٨٨٧ | ١،٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠،٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی(٣٣)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕۆڵی ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا گەیشتووەتە(٥,٩٤) نمرە بەلادانی پێوانەیی(١,٤٦)نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای(ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە(١٢,٨٨٧) کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی(١,٩٦٦) لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥) و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٥,٩٤) و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٥) کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و ڕۆڵی ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکان کاریگەری ئەرێنی کردووەتە سەر لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا بە ئەندازەی (مامناوەند) (٠,٩٤/٢=٠,٤٧).

ئەم ئەنجامە ئەوە بەدەردەخات کە ڕێکخراوە ناوچەییەکان و جیهانییەکان توانیویانە دۆخی تاکی کۆمەڵگەی کوردستانی بگۆڕن و هاندەرێکی باش بن بۆ گەڕانەوەی مافی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا ئەویش بەهۆی جۆری کار و چالاکییەکانیانەوە بووە کە وایکردووە کۆمەڵگە کرانەوە بە خۆوە ببینێت و تاکەکانیش سەبارەت بە ماف وسەربەستییەکانیان چاوکراوە بن و ئاشناکردن پێیان بۆ ئەوەی بتوانن داکۆکی لە مافە ڕەواکانیان بکەن و بەشداریبکەن لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، ئەمەش لەڕێگەی کردنەوەی چەندین خولی ڕاهێنانی تایبەت و بە ئەنجام گەیاندنی سیمینارەوە بووە بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان کە تاکی هانداوە بۆ ئەوەی چیتر دەستەوسان نەبێت لە ئاستی پێداویستی و داواکارییەکان بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ڕێکخراوانە توانیویانە ڕۆڵێکی تاڕادەیەك پۆزەتیڤییان هەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا، ئەم توێژینەوەیە هاوڕایە لەگەڵ (دۆرکایم) بەوەی وابەستەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی ناودەبات بەهاوبەندی ئەندامێتی لە ڕووی پیشە و کاری جۆراوجۆرەوە لە کۆمەڵگەی شارنشینییدا کە پشتدەبەستێت بە گونجان و تەواوکاری بونیادی بەوەی خەسڵەتی کۆمەڵگەی خۆجێی دەبێتە بنەمایەك بۆ ژیانی مەدەنییەت، ئالێرەوە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پاڵپشتیکردنی یەکڕیزی کۆمەڵگە و تەواوکاریشی لە پاڵ تەواوکاری کەسێتیەکی نیشتمانیدا بەدەردەکەوێت.

**خشتەی (٣٤)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەڤینەی نموونەکە و کاریگەری فۆڕمی چالاکی ڕێکخراوە ناوچەییەکان لەسەر بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستان دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٢,٩ | ٢,٥ | ٠,٤ | ٠,٩١٤ | ١٢,٩٠٤ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٣٤) دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری فۆڕمی چالاکی ڕێکخراوە ناوچەییەکان لەسەر بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستان گەیشتووەتە(٢,٩)نمرە بەلادانی پێوانەیی(٠,٩١٤)نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە (١٢,٩٠٤)کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٢,٩)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و فۆڕمی چالاکی ڕێکخراوە ناوچەییەکان کاریگەری ئەرێنی کردووەتەسەر بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستان بە ئەندازەی(مامناوەند).

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە ڕێکخراوە ناوچەییەکان فۆڕمی چالاکییەکانیان کاریگەری ئەرێنی هەبووە بەشێوەیەکی مام ناوەند لەسەر بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستانیدا بەوەی ئەم ڕێکخراوانە کاری جددیان لەسەر تاکی کۆمەڵگە کردووە لە ڕێگەی دانانی پرۆژە یاسای گرنگ و پێویستەوە وەکو پرەنسیپێکی چەسپاو لە ئەجندای کارەکانیاندا، سەرەڕای کارکردنیان لەسەر زۆر بابەت کە هەستیار ونەریتی بوون و گۆڕینیشیان ئەستەم بووە بەڵام ئەم ڕێکخراوانە وایانلێکردووە کاڵ ببێتەوە و بتوانن گۆڕانکاریی تیادا بکەن و نەیهێڵن کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن و بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستانی لەسەر دەستی ئەم ڕێکخراوانە کە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە هەوڵیانداوە کارەکانیان بەو پەڕی بەرپرسیارێتیەوە لە ئەستۆی بگرن (بەپشتبەستن بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپیەکە).

**خشتەی (٣٥)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و کاریگەری فۆڕمی چالاکی ڕێکخراوە جیهانییەکان لەسەر بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستانی دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٢,٦٥ | ٢,٥ | ٠,١٥ | ٠,٩٠٥ | ٣,٢٨٢ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٣٥)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری فۆڕمی چالاکی ڕێکخراوە جیهانییەکان لەسەر بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستانی گەیشتووەتە (٢,٦٥)نمرە بەلادانی پێوانەیی (٠,٩٠٥)نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢,٥)نمرە بووە و بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە(٣,٢٨٢)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٢,٦٥)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و فۆڕمی چالاکی ڕێکخراوە جیهانییەکان کاریگەری ئەرێنی کردووەتەسەر بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستانی بە ئەندازەی(زۆر کەم).

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە فۆڕمی چالاکی ڕێکخراوە جیهانییەکان کاریگەرییەکی ئەرێنی زۆر کەمی لە بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستانیدا هەیە، بەوەی فۆڕمی چالاکی ئەم ڕێکخراوانە دەچنە ژێر چاودێری پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەکاریان دەهێنن، هەر ئەم دەستەڵاتەش بە هەژموونی سیستمە خێڵایەتییەکە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن و متمانە بەکارو چالاکی ئەم ڕێکخراوانە ناکەن لەبەر لەدەستدانی پێگەکانی خۆیان، لەلایەکیتریشەوە ئەم ڕێکخراوانە بەرهەمی جیهانگیرین کە بوونەتە جێگای گومان لە زۆربەی دەوڵەتەکاندا کوردستانیشی لێ بەدەر نییە کە ئەم گومانە وادەکات زیاتر ڕێگرییان لێبکرێت لە هەستانیان بەکارەکانیان بەشێوەیەك کە کاریگەریەکی تەواوی هەبێت لەسەر دۆخی کۆمەڵگەی کوردستانی کە وابکات ئاستی بەشاریبوون خێرا بکات(بەپشتبەستن بە چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپیەکە).

**خشتەی (٣٦)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و ڕۆڵی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکان لە خێراکردنی پرۆسەی بەشاریبوون لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٢,٦٠ | ٢,٥ | ٠,١٠ | ٠,٨٧٠ | ٢,٢٦٣ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٣٦) دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕۆڵی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکان لە خێراکردنی پرۆسەی بەشاریبوون لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا گەیشتووەتە(٢,٦٠)نمرە بەلادانی پێوانەیی(٠,٨٧٠)نمرە ، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە (٢,٢٦٣)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٢,٦٠)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و ڕۆڵی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناوچەییەکان و جیهانییەکان کاریگەری ئەرێنی کردووەتەسەر خێراکردنی پرۆسەی بەشاریبوون لە کۆمەڵگەی کوردستانی بە ئەندازەی (زۆر کەم).

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە ڕێکخراوە جیهانییەکان لە ئێستادا پاڵپشتی تەواوی ڕێکخراوە ناوچەییەکان وەك پێویست ناکات بەمەش وادەکات کاریگەرییەکی ئەرێنی(کاریگەر)ی زۆرکەمی هەبێت لە خێراکردنی پرۆسەی بەشاریبوونی کۆمەڵگەی کوردستانیدا، ڕێکخراوە جیهانییەکان لە کوردستاندا لەژێر هەژمونی دەسەڵاتی کوردیدا کارو پرۆژەکانیان جێبەجێ دەکەن لەبەرژەوندی پارتەکانیاندا بەمەش کارەکانیان بەجۆرێك چاودێری لەسەر دادەنرێت کە نەتوانن بێ ئاگاداری ئەوان پێی هەستن و بیکەنە بواری جێبەجێکردنەوە، دەسەڵاتداران لە هەرێمی کوردستان زۆر متمانە بەو ڕێکخراوانەش ناکات بۆ ئەم مەبەستە هەستاون بە دروست کردنی ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان لە ژێر ناوی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کە هەر دووبارەی کارەکانی پێشووی خۆیانن و بێ ڕەزامەندی

پارتەکانیان ناتوانن کارەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن، ئەم ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوچەییەکان بە شێوەیەکی خۆبەخشانە کاردەکەن بێ هیچ لایەنگریەکیان بۆ پارتەکان زۆربەی کاتیش ڕێگریان لێدەکرێت لە کردنی هەرکارێکی خۆبەخشانە کە بێ بەرامبەر دەیکەن سەرەڕانی نەبوونی پاڵپشتی مەعنەوی پاڵشتی دارایشیان نییە بەمەش وادەکات ڕێگربێت لەبەردەم هەنگاونان و گۆڕانی دۆخی کۆمەڵگە وخاوبوونەوەی پرۆسەی بەشاریبوون (بەپشت بەستن بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپیەکە).

**خشتەی (٣٧)**

**تاقیکردنەوەی ئاماری شیکاری (ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری تەوەرەی (ڕێکخراوەکان) لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەخات**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی دوجاکان | نمرەی سەربەستی | ناوەندی دوجاکان | ف هەژمارکراو | ئاستی گریمانەیی |
| ڕێکخراوەکان | لەنێوان گروپەکاندا | ٦٨٧,٩٧٠ | ٢ | ٣٤٣,٩٨٥ | ٣٥,٦٥ | ٠,٠٠٠ |
| | لەناو گروپەکاندا | ٣٨٣١,١٤٠ | ٣٩٧ | ٩,٦٥٠ | | |
| | کۆ | ٤٥١٩,١١٠ | ٣٩٩ | | | |

(ف) خشتەی=٣,٠١٨

بەسەرنجدان لە خشتەی(٣٧)کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی نێوان ئەو کەسانەی کە لە ڕێکخراوەکاندا کاریانکردووە یان کاریان نەکردووە بۆ کاریگەری تەوەرەی (ڕێکخراوەکان )لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەکەوێت تەوەرەی ڕێکخراوەکان جیاوازی واتاداری هەیە، لەبەرئەوەی (ف)هەژمارکراو یەکسانەبە (٣٥,٦٥)کە گەورەترە لە (ف)خشتەیی (٣,٠١٨)بۆ نمرەکانی سەربەستی (٢,٣٩٧)و ڕێژەی هەڵە(٠,٠٥)، کەواتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان نموونەی توێژینەوەکە بەپێی کارکردن یان کارنەکردن لە ڕێکخراوەکاندا بۆ کاریگەری تەوەرەی ڕێکخراوەکان لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی، هەروەها لەبەرئەوەی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە (٠,٠٠٠)و بچوکترە لە (٠,٠٥)هەمان ئەو ئەنجامە دەسەلمێنێت کە جیاوازی واتادار لە نێوانیاندا هەیە.

**خشتەی(٣٨)**

**تاقیکردنەوەی ئاماری (LSD)کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا بۆ کاریگەری تەوەرەی ڕێکخراوەکان لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەخات**

| | جۆری کارکردن | | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| LSD | لەئێستادا کاردەکەم | لە ڕابردوودا کارم کردووە | -٠،٠٢٨ | ٠،٩٥٠ | جیاوازی واتاداری نییە |
| | لەئێستادا کاردەکەم | کارم نەکردووە | ٢،٦٠٩* | ٠،٠٠٠ | جیاوازی واتاداری هەیە |
| | لە ڕابردوودا کارم کردووە | کارم نەکردووە | -٢،٦٣٧* | ٠،٠٠٠ | جیاوازی واتاداری هەیە |
| | *The mean difference is significant at the 0,05 level | | | | |

بەسەرنجدان لە خشتەی (٣٨)کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی ئاماری (LSD)بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان ئاستەکانی کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا بۆ کاریگەری ڕێکخراوەکان لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەکەوێت:

١-لەبەرئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی نێوان (لە ئێستادا کاردەکەم ) و ( لە ڕابردوودا کارم کردووە) یەکسانە بە (٠،٩٥٠)و گەورەترە لە (٠،٠٥)کەواتە جیاوازی واتادار نییە لەنێوانیاندا بۆ دیاریکردنی کاریگەری تەوەرەی ڕێکخراوەکان لە سەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی .

٢-لەبەرئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی نێوان (لە ئێستادا کاردەکەم ) و (کارم نەکردووە)یەکسانە بە (٠،٠٠٠)و بچوکترە لە (٠،٠٥)کەواتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوانیاندا بۆ دیاریکردنی کاریگەری تەوەرەی ڕێکخراوەکان لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی، واتە هاوڕانین لەو بوارەدا.

**٣-لەبەرئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی نێوان (لە ڕابردوودا کارم کردووە) و (کارم نەکردووە)یەکسانە بە (٠,٠٠٠) و بچوکترە لە (٠,٠٥) کەواتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوانیاندا بۆ دیاریکردنی کاریگەری تەوەرەی ڕێکخراوەکان لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی، واتە هاوڕانین لەو بوارەدا.**

**لە سەرجەمی تاقیکردنەوەی ئاماری (LSD) دەرکەتووە کە ئەو لێتوێژراوانەی لە ئێستا کاریانکردووە و ئەوانەش کە لە ڕابردوودا لە ڕێکخراوەکاندا کاریانکردووە گۆڕانکارییان دروستکردووە لە ئاڕاستەی (کەم) لەچاو ئەو لێتوێژراوانەی لە ڕێکخراوەکاندا کاریان نەکردووە.**

**هەروەك ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە جیاوازی واتادار بوونی هەیە بۆ ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کاریگەریشیان لەسەر بەشاریبوون و ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لای ئەو لێتوێژراوانەی لە ڕابردوودا کاریانکردووە و ئەوانەش کە لە ئێستادا لە ڕێکخراوەکاندا کاردەکەن وجیاوازیشیان لەگەڵ ئەوانەی لە ڕێکخراوەکاندا کاریان نەکردووە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی ئەو لێتوێژراوانەی وەك چالاکوانی مەدەنی لەناو ڕێکخراوەکاندا کە بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەگەڵ هەموو کارو پڕۆژەکان و جۆری فۆڕمی ئەو چالاکیانەی ڕێکخراوەکان لەبەرنامەی کارکردنیاندا هەیانبووە سەرەڕای سەرقاڵبوون و کاتێکی زۆرتریان لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکاندا و گەیشتن بە ئەنجامی کارەکانیان لەڕێگەی پڕۆژەکانیانەوە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە دۆخی کۆمەڵگەکەدا. ئەوانەی کاری ڕێکخراوەییان نەکردووە ناتوانن دووربەدوور بڕیار لە کاری ڕێکخراوەیی بدەن بەوەی هیچ شارەزاییان لەو بوارانەدا نییە کە ڕێکخراوەکان هەیانە و کاری لەسەردەکەن.**

## چوارەم : خستنەڕووی ڕۆڵی دیاردە پەیوەستەکان بە بەشاریبوونەوە لە دیاریکردنی گەشەی هۆشیاریی مەدەنی لای هاوڵاتیانی کورد

**خشتەی (٣٩)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و هاوکاری دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٢,٨٢ | ٢,٥ | ٠,٣٢ | ٠,٧٩٥ | ٨,١٣٤ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

لە ئەنجامی خشتەی (٣٩)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ هاوکاری دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی گەیشتووەتە(٢,٨٢)نمرە بەلادانی پێوانەیی (٠,٧٩٥)نمرە ، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(ت)بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە(٨,١٣٤)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٢,٨٢)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و هاوکاری دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی کاریگەری ئەرێنی کردووەتەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی بە ئەندازەی(کەم).

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی کاریگەرە ئەرێنیەکەی(کاریگەر)ی کەمە لەسەربەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی بەوەی هەژمونی سستمی خێڵایەتی دووبارە لە ناواخنی پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا سەرهەڵدەداتەوە و پەیڕەودەکرێت و بەمەش ڕێز لە یاسا ناگرن و کەمترین کاری پێدەکەن بۆ هەر کێشەیەك کە ڕووبەڕووی لایەنگران و کەسانی نزیکیان دەبێتەوە هانا دەبەنە بەر سوڵحی خێڵگەرایی، لە پێش سەرپێبوونیان بۆ نیشتیمانەکەیان سەرپێبوونیان بۆ خێڵ و هۆزەکەیانە، کە هەستی دەمارگیریان هەیە بۆ دەسەڵاتدارانی ناو پارتەکانیان پاڵپشتێکی پتەوی لێدەکەن بەمە جارێکیتر کۆمەڵگە درێژەپێدەری سستەمی کۆیلایەتی و پاشاگەردانی دەبێتەوە لە ژێر ناوێکی نوێدا کە ئەویش پارتی ڕامیاریی سۆسیالیستییە، سەرەڕای جیاکاری کردنی ڕەگەزی لە ڕووی کار و پیشە و گرتنەدەستی پۆستە گەورە

ڕامیارییەکانەوە پێنەدانی مافی تاکەکان و زەوتکردنی سەربەستییەکانیان بەڵکو ڕێگریش دەکەن لەکارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەرگری کردنیان لە هەندێ بابەتی هەستیار و گرنگ کە بە قازانجی خۆیان نەبێت هەربۆیە بەرژەوەندییەکانی خۆیان پێش بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەیە( بەپشتبەستن بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گرووپیەکە)، پەردەپۆشی کارە خراپ و نەشیاوەکانی خۆیان دەکەن لە ژێر ناوی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هەموو ئەمانەش دەبنە ڕێگری لەبەردەم بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا کەتاکەکان نەتوانن داوای مافە ڕەواکانی خۆیان بکەن .

**خشتەی (٤٠)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکەو کاریگەری زیادبوونی چڕی دانیشتوانی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون دەردەخات**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٣,٣٦ | ٢,٥ | ٠,٨٦ | ٠,٨٣٠ | ٢٠,٨٧٦ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٤٠)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری زیادبوونی چڕی دانیشتوانی لەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون گەیشتووەتە(٣,٣٦)نمرە بەلادانی پێوانەیی(٠,٨٣٠) نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە(٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت) هەژمارکراو گەیشتووەتە(٢٠,٨٧٦)کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی(١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە(٣,٣٦)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە(٢,٥)کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و زیادبوونی چڕی دانیشتوانی کاریگەری ئەرێنی کردووەتەسەر خاوبوونەوەی بەشاریبوون بە ئەندازەی (زۆر).

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە چڕی دانیشتوان کاریگەری ئەرێنی زۆری هەیە لەسەر خاوبوونەوەی پرۆسەی بەشاریبوون ئەویش بەهۆی ئەو زیادبوونە کتوپڕەوە بوو کە هەردوو کۆچی ناوخۆیی و

دەرەکی لەماوە یەك لەدوا یەکەکانی یەکتردا بۆ شارەکە و ئاستی بەشاریبوونیشی دروستیان کردووە ، بەوەی کۆچی لادێ بۆ شار لە ماوەکانی دوای ڕزگارکردنی هەرێمی کوردستان کاریگەری کردبووە سەر ئابوری شارەکان و زیادبوونی نرخی شتومەك و کرێی شوێنی نیشتەجێبوون و هیتریش، بەمەش وایکرد بە هەڕەمەکی چڕی دانیشتوان ڕوو لەزیادبوون بکات سەرەڕای کاری ڕێکخراوەکان لەسەر دۆخی لادێکانی کوردستان و تەنانەت شارەکانیش ڕۆژبەڕۆژ پێداویستی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەکەی ڕووی لە زیادبوون دەکرد(بەپشت بەستن بە چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی DHRD)

دوابەدوای ئەم کۆچە کۆچی ناوخۆیی پارێزگاکانی عێراقیش هاتە ئاراوە و ئاوارەکان بەهۆی شەڕی داعشەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردەوە کە ئەمە وایکرد شارەکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کێشەی زۆر ببێتەوە ، سەرەڕای هاتنی بەلێشاوی ئاوارە و پەنابەرە سورییەکانیش کە ڕاستەوخۆ بەشاریبوونی پلان بۆدانەڕێژراو جارێکیتر ڕووبەڕووی خاوبوونەوە بوەوە و فشاری پێداویستی ئاوارە و پەنابەرەکان لەسەر کارگێڕی شارەکە دروستبووەوە بەمە پێڕانەگەیشتنێك دروستبوو کە وایکرد نارەزایی تاکەکانی کۆمەلگەی لێبکەوێتەوە بەم هۆیەوە پرۆسەی بەشاریبوونیش ڕووبەڕووی خاوبوونەوە بوەوە هەروەك (**دۆرکایم**) دوو هۆکار دەستنیشاندەکات ، و پێیوایە یەکێك لەم دوو هۆکارە دەبێتە هۆکار بۆ زیادبوونی چڕی دانیشتوان لەوانە: **یەکەم** یەکگرتنی کۆمەڵەکان لەگەڵ کۆمەڵە گەورەکاندا، وادەکات کە جۆرە گونجانێك لەڕووی شوێنییەوە دروست بکات. **دووەم** زۆربوونی ڕێژەی لەدایکبوون، کە ئەمە ڕێژەی شیکاری بوونەوەرە ئەندامیەکەیە، و هۆکاری گۆڕانی بونیادی شاریش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردن وادەکات چڕی کۆمەلایەتی چڕی دانیشتوانی بخولقێنێت، سەرەڕای ئەمانە هەرچوار توێژینەوەی(رابح،٢٠٠٥ ) و (سمحة،٢٠١١) و (أبو قرع،٢٠١٨) ( سوالقة و اخرون، ٢٠١٨) هاو ئەنجامن لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەدا بەوەی (لەلایەکیترەوە ئەو قەبارە گەورەیەی شار و فراوانبوونی دەبێتە تێکچوونی ئەرکی کە ناتوانێت چالاکی شارنشینی لەخۆبگرێت) و (جیاوازی لە جۆرەکانی گەشەی ئابوری لەسەر ئاستی ناوچەکاندا وایکردووە کە کۆچکردن لە لادێوە بۆ ناوچەی شارنشینی ڕووبدات ، دواتریش جیاوازی لە تێکڕای گەشەی پارێزگاکاندا هەیە، و بەرزبوونەوەی تێکڕای منداڵبوون و دابەزینی ئاستی مردن بەرپرسیارە لە بەرزکردنەوەی ژمارەی دانیشتوان لە شارە سەرەکییەکاندا سەرەڕای کۆچی هاتووی بە لێشاو لە دەرەوەی ئەردەن بۆ ئەو شارە ) و (کەمی وکۆنی

پڕۆژە بونیادیەکانی ناوچەکە و پشتگوێخستنی ئەو زۆربوونە دانیشتوانییە وایکردووە ناوچەکە نەتوانێت ئەو ژمارە زۆرە لەخۆبگرێت ئەمەش کاریکردووەتەسەر زیادبوونی دانیشتوانی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و لەسەر حسابی لادێکان و بلاْوبوونەوەی بینای ڕێگەپێنەدراوی نەشیاو بەتایبەت لە نعلین) و (هەستاون بەدەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە دوو ماوەی جیاوازدا).

**خشتەی (٤١)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمارەی ڕاستەقینەی نموونەکە و کاریگەری بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیای پەیوەندی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی | T هەژمارکراو | T خشتەیی | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٣,٣٦ | ٢,٥ | ٠,٨٦ | ٠,٧٦٦ | ٢٢,٨٤٣ | ١,٩٦٦ | ٣٩٩ | ٠,٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٤١)دەریخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیای پەیوەندی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا گەیشتووەتە(٣,٣٦)نمرە بەلادانی پێوانەیی (٠,٧٦٦)نمرە، بەلاْم ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢,٥)نمرە بووە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای(ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە (٢٢,٨٤٣)کە گەورەترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٦)لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و نمرەی سەربەستی (٣٩٩)، بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (٣,٣٦)و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە یەکسانە بە (٢,٥) کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارە و بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیای پەیوەندی کاریگەری ئەرێنی کردووەتەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا بە ئەندازەی(زۆر).

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە تەکنەلۆژیای پەیوەندی گۆڕانێکی سەرتاسەری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دروستکردووەکە بۆتە پێداویستییەکی سەرەکی لە ژیانی تاکەکانی کۆمەلگەدا بەوەی لە ڕێگەی ئەم تەکنەلۆژیایەوە دەتوانرێت کۆنترۆلی زۆر شت بکرێت و زۆر شتیش بەدەست بهێنرێت و بخرێتە خزمەتی مرۆڤایەتییەوە، گۆڕینی دۆخی خراپی زۆربەی کۆمەلگەکان بەهۆی تەکنەلۆژیای

پەیوەندییەکانەوە بووە کە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانی تیادا کراوە و کاریگەریی بۆ سەر لایەنەکانی کۆمەڵگە هەبووە لەوانە: ڕامیاری و ئابوری و کولتووری زۆر لایەنی تریش، هەر ئەم تەکنەلۆژیای پەیوەندییانە کاریگەری خۆی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەبووە بەوەی گۆڕانی کۆمەڵگەیی دروست کردووە کە بەهۆیەوە پەیوەندییەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە بەجۆرێك کە زۆر جیاوازی لەگەڵ پێشوتردا هەبێت، هەروەك گۆڕینی پەیوەندی نێوان تاکەکانی یەك خێزان کە لەڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە دەبێت، و کاریگەریش لەسەر بیروبۆچوونی تاکەکان کردووە کاتێك گوێبیستی بابەتێك دەبن ئەوا بەشێوەیەکی خێرا ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لەگەڵ یەکتردا دەکەن.

هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم تەکنەلۆژیایەدا کە یارمەتی مرۆڤی دا لە باشترکردنی شێوازی ژیانیدا وایکرد تاکەکانی کۆمەڵگە چاوکراوە بن بەرامبەر بەو دۆخەی کە دەگوزەرێت بەوەی کەبتوانن ماف و ئازادییە زەوتکراوەکانیان بگەڕێننەوە بۆ خۆیان بەمەش تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان توانیویەتی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی بەرزبکاتەوە، ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ ئاراستەی تەکنەلۆژیادا کە هەندێك لە توێژەران جەختیان لە ڕۆڵی هۆیەکانی پەیوەندی کردنی بەکۆمەڵی کردۆتەوە لەگەڵ دیاریکردنی وەزیفەکەی لە پرۆسەی گەشەی شارنشینییدا کە بوونەتە بەشێکی تەواوکەر لە ژیانی شارنشینیدا.

**خشتەی(٤٢)**

**کاریگەری زیادبوونی چڕی دانیشتوان لای نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| ژ | کاریگەری زیادبوونی چڕی دانیشتوان لەسەر خاوکردنەوەی پرۆسەی بەشاریبوون | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | کاریگەری نەبووە | ٦٠ | ١٥ |
| ٢ | زیادبوونی چڕی دانیشتوان بە ئاڕاستەی هەڕەمەکی | ٢٧٥ | ٦٨,٧٥ |
| ٣ | زیادبوونی چڕی دانیشتوان بە ئاڕاستەی ئاوێتە | ٦٥ | ١٦,٢٥ |
| کۆ | | ٤٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی(٤٢)ئەوە دەردەخات کە چڕی دانیشتوان بەئاڕاستەی هەڕەمەکی زیادیکردووە زیاتر لە ئاڕاستەی ئاوێتە ، واتە زیاتر بێ پلان بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستانی پلانێکی پێشوەختەی نەبووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیادبوونە دانیشتوانییە کتوپڕەکان کە دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی پرۆسەی بەشاریبوون .

**خشتەی (٤٣)**

**تاقیکردنەوەی ئاماری شیکاری (ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری تەوەرەی (دیاردە پەیوەستەکان) لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەخات**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی دوجاکان | نمرەی سەربەستی | ناوەندی دوجاکان | ف هەژمارکراو | ئاستی گریمانەیی |
| دیاردە پەیوەستەکان | لەنێوان گروپەکاندا | ٢,١٨٦ | ٢ | ١,٠٩٣ | ٠,٤٧ | ٠,٦٢٧ |
| | لەناو گروپەکاندا | ٩٢٧,٢٥٢ | ٣٩٧ | ٢,٣٣٦ | | |
| | کۆ | ٩٢٩,٤٣٨ | ٣٩٩ | | | |

**(ف)خشتەیی = ٣,٠١٨**

بەسەرنجدان لە خشتەی(٤٣)کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی نێوان ئەو کەسانەی لە ڕێکخراوەکاندا کاریانکردووە یان کاریان نەکردووە بۆ کاریگەری تەوەرەی (دیاردە پەیوەستەکان ) لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی دەردەکەوێت کە تەوەرەی دیاردە پەیوەستەکان جیاوازی واتاداری نییە، لەبەرئەوەی (ف)هەژمارکراو یەکسانە (٠,٤٧)بچوکترە لە (ف)خشتەی (٣,٠١٨)بۆ نمرەکانی سەربەستی (٢,٣٩٧)و ڕێژەی هەڵە (٠,٠٥)، کەواتە جیاوازی واتادار لە نێوان نموونەی توێژینەوەکە نییە بەپێی کارکردن یان کارنەکردن لە ڕێکخراوەکاندا بۆ کاریگەری تەوەرەی ڕێکخراوەکان لەسەر بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنیدا، هەروەها لەبەرئەوەی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە (٠,٦٢٧)و گەورەترە لە(٠,٠٥)هەمان ئەو ئەنجامە دەسەلمێنێت کە جیاوازی واتادار لە نێوانیاندا نییە.

# بەشی حەوتەم : خستنەڕووی زانیاریی و دەرئەنجامەکانی توێژینەوە مەیدانییەکە

باسی یەکەم : خستنەڕووی زانیاری تایبەت بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپ

باسی دووەم : دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

باسی سێیەم : پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

## باسی یەکەم

## خستنەڕووی زانیاری تایبەت بە چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپی

لەم بەشەدا توێژەر زانیاری کۆکراوەی پەیوەست بە چاوپێکەوتنی بەکۆمەڵی سێ فۆکەس گروپ دەخاتەڕوو کە بۆ چوار تەوەرەی سەرەکی دابەشکراون لەوانە:

**یەکەم: ڕۆڵی کۆچ و کاریگەری لەسەر خاوبوونەوەی پرۆسەی بەشاریبوون و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی**

**أ-کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی و کاریگەرییان لەسەر خاوبوونەوەی پرۆسەی بەشاریبوون.**

بەشێوەیەکی گشتی بەبڕوای بەشداربووانی هەرسێ فۆکەس گروپەکە ئەوەبووە کە **(چ کۆچی ناوخۆیی بێت یاخود دەرەکی بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری نەرێنییان هەبووە لەسەر دۆخی شارەکە و خاوبوونەوەی پرۆسەی بەشاریبوون بەوەی ئەم کۆچانە هیچ جۆرە پلانێکی ڕێك پێك و تۆکمەی لە لایەن بەرپرسانەوە بۆ دانەنراوە ، بەمە پێڕانەگەیشتنێك بوونی دەبێت لە کۆمەڵگەکەدا سەبارەت بەو گۆڕانە خێرایەی دروست دەبێت لە دۆخەکەدا بەهۆی ئەو کۆچانەوە ، سەرەڕای بوونی قەیران وکێشە و گیروگرفتی ناوخۆیی ناوچەکەمانەوە ).**

لێتوێژراوانی هەرسێ فۆکەس گروپەکەی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەیان کردووە بە کۆمەڵێك لەو کێشەو گیروگرفتانە کەوایکردووە پرۆسەی بەشاریبوون خاوبێتەوە لەوانە : **(زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و کەموکورتهێنان لە پێداویستییە سەرەتاییەکاندا ئەوەندەی بەدوای ئەم پێداویستییە سەرەتاییانەوە بوون ئەوەندە گوێیان نەداوە بە یاسا و ڕێساکان و زیادبوونی هاوسەرگیری پێشوەختە کە وایکردووە کورد ئامادەبێت بۆ هێنانی ژنی دووەم وسێیەم لە ئاوارە و پەنابەرەکان بەهۆی خراپی باری ئابورییانەوە بەبێ بوونی هیچ پەیمانێکی فەرمی لە نێوانیاندا و کچی گەنج دەدرا بە پیاوی بەتەمەن ، لەلایەکیترەوە بابەتی کۆچ لەلایەن بەرپرسانی حیزبیەوە کاری جدییان لەسەر نەکردووە تەنها بۆ**

**مەبەست و بەرژەوەندییە حیزبییەکانی خۆیان نەبێت بەمەش کۆچەکان بوونەتە پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر ناوچەکە لەهەموو ڕووەکانەوە.**

**ب-تێکەڵبوونی کولتووریی و کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی:**

بەشێوەیەکی گشتی بەشداربووانی چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە لەسەرەتادا تاڕادەیەك هۆشیاریی مەدەنی لاوازبووە بەلأم لە ئێستادا باشتربووە و هەست بە گۆڕان دەکرێت ئەگەر بێت و بەراوورد بکرێت بە سالأنی ڕابردوو ساڵ بە ساڵیش بەرەو پێشترچووە و کۆچەکان لایەنی ئەرێنیشیان هەبووە لەم ڕووەوە کە تێکەڵبوونی کلتورییە وایانکردووە کۆمەڵێك سیفەت بخولقێنن کە لە پێشتردا نەبووە یاخود کەمتربووە، هەر ئەم تێکەڵبوونە کولتووریەش لەلایەن لێتوێژراوانەوە ئاماژەیان بۆ کردووە بە جیا لەویتر کە وایکردووە ئەم گۆڕانە هەست پێبکرێت لەناو کەمپی ئاوارەکان بەتایبەتی و لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی کوردستانیدا بەگشتی لە ڕووی هۆشیاریی مەدەنییەوە:

**(ئەچیتە گەڕەکێکی هەژار نشینەوە دراوسێی عەرەب و تورك و مەسیحی هەیە ئەمە بەرە بەرە ئاستی هۆشیاریان والێدەکات بگۆڕێت و تێکەڵبوونی کلتوری هەبێت ، لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی کورد و عەرەبمان بەیەکەوە دانیشاندووە لە سیمینارەکاندا بۆ ئەوەی قسەبکەن و ئەزموونی یەکتر تەجروبەی یەکتر وەربگرن یان عادات و تەقالیدیان تاڕادەیەك کاریگەری هەبووە بۆیە ئێستا زۆرجار ئەوانەی عەرەبن و ماوەیەکی زۆرە لێرەن فێری کوردی بوون لەگەڵ دراوسێ کوردەکاندا تەعامول دەکەن ، خواردنەکانیان لەیەکترەوە فێردەبن ، بۆیە تاڕادەیەکی باش کاریگەری هەبووە ).**

پێکەوەبوون و پێکەوەژیانی ئاوارە و پەنابەرەکان لەناو کەمپەکاندا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە :
**(لەناو کەمپی پەنابەرانی ئێزیدیدا هەستمان بە گۆڕان کردووە ئەگەر بەناچاریش بووبێت بەتایبەت لای پیاو گۆڕانکاریەکانمان بینیووە و ژنانیش بەتایبەتی لەو دۆخە ڕایانکردووە هاتونەتە ناو کەمپەکەوە، جۆرێکیتر بەریککەوتن بەرامبەر ژیان و ئەوانەی هەیە کە پێشوتر نەیانبووە ، قەینا کە تەجروبەی توندوتیژی هەیە لەناو کەمپەکاندا و زەواجی دووەم وسێیەم دەکات بەلأم لە ئاستێکیتردا ئەوان بەریەکەوتنیان هەیە بەرامبەر کۆمەڵگە جۆرێك لە چانسی پێداون بۆ بەرەو پێشخستنی خۆیان ، کە شوێنی خۆیان نەبووە ، نموونەی ناو یەکێك لە کەمپەکان ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری**

**کچەکان کە لە لادێوە هاتوون لەناو کەمپەکاندا ئیشدەکەن زۆربەی زۆریان چوونەتە زانکۆ دەخوێنن کە ئێستا ببونەتە خاوەنکار لە مونەزەمات ئیشدەکەن ) و ( بەشێکی زۆریان ئامازەیان بەوە داوە کە پێیانخۆش نییە بگەرێنەوە بۆ جێگای خۆیان چونکە ئەم جۆرە کارانەیان لێ قبوڵ ناکەن ، ئەمە لە شارەکانیشدا هەبووە بەوەی جۆرێك تێروانین لەسەر ئاین وعەرەب هەبووە بەلأم لە ئێستادا بەجۆرێك لەجۆرەکان خەریکە ئەمە ئەرەوێتەوە بەهەمان شێوە ئەم کاریگەریەش هەیە وە گۆرانکاریەکەش بۆ ژن کە بێجگە لەو توندوتیژیەی کە کولتوور هەیەتی بەلأم چانسێکە بۆ ئەوەی سوود لەو ئازادیە ببینێت).**

گۆڕانکارییە بەرچاوەکان لە ڕووی بیرکردنەوە و شیکردنەوەی بەرامبەرەوە بۆ دۆخی کۆمەڵگەکە:

**(کۆچی ناوەکی ودەرەکی راستە کەسانێکن چوونەتە زروفێکی ناخۆشەوە بەلأم بۆ کۆمەڵگەی ئێمە تا حەدێك سوودی هەبووە بەوەی کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی تەعەصوبمان هەبوو جیاکاریمان هەبووە یاخود دەمارگیریمان هەبووە بەرامبەر بە عەرەب بەوەی لە مێژووی ئێمەیا عەرەب چەوسێنەر بووە ئەنفالی کردووین ئەگەر هەر هاولأتیەکی ئاسایی بێنیت ئەمە قسەکانی بووە پێشتر بەلأم بەهۆی ئەو جێگۆرکێیەی خەڵك بەهۆی ئاوارە بوونەوە ڕاستە لە زروفێکی سەختا بوون بەهۆی ئەم تێکەڵبوونەوە ئەم جیاکاریە ئەم تەعەصوبە تاحەدێکی زۆرباش کەمبۆتەوە پێشتر رەفاقەتکردنیان دراوسێیەتیکردنی کە هاو زمانی خۆت نەبوایە قورستربوو ئەم جێگۆرکێیە تاحەدێك ئەوەی ئاسایی کردۆتەوە لەلای خەڵکی ئێستا لەوانەیە زۆربەمان برادەری عەرەبمان هەبێت یان زۆربەی خەڵکی لە گەرەکەکانا زۆربەی دراوسێکانی عەرەب بن لە کۆلأنیکا لەوانەیە ئەگەر زیاتر نەبن کەمتر نیە لەو کەسانەی کە زمانی خۆمانن ئەم تەعەصوبەی کەمکردۆتەوە لەم ڕووەوە ئەویش یەکێکە لە پێوەرەکانی مەدەنیبوونی شار تۆ تەعەصەبت نیە بۆ کلتورێکیتر بۆ زمانێکیتر بۆ کەسێك کە لە مێژووی تۆیا هستری تۆیا ئەم کەسە چەوسێنەر بووە کەسێکە کە ئەویش پێویستی بە هاوکاری تۆیە شوێنتکردۆتەوە ئەمە یەعنی لەو ڕووەوە سودی هەبووە ).**

**ج-پەیوەندی نێوان کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی و گۆڕان لە ئاستی هۆشیاریی مەدەنییدا:**

**(هەتا کۆچەکانیش کە بۆ دەرەوە بووە تەئسیری ئیجابی هەبووە یەعنی خەڵك لێرە زۆر داخراوو بووە زۆرکەس کە چوونە دەرەوە هەرلە پرۆسەی تواناسازیەوە بیگرە فیکرەی جیاوازتریان هێنا لێرە**

**تەتبیقیان کرد لە دەرەوە ژیابوون بزنسی جیاوازتریان هێنایە ئێرە یەعنی زۆر پارمەتیدەربوو لەو ڕووەی کە بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنییەوە کۆچکردنەکەی کە خەڵکیش هەر هێناویەتی بۆ ناوەوە هیچ ئیستیفادەی خۆی هەبووە یارمەتیداوە یەعنی ئەم شەڕو ئاژاوە و کۆچی دەرەوە کۆچی ناوەوەیە یارمەتیدەر بووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مەدەنیدا بەهۆی تێکەڵبوونی کلتوریەوە چونکە ئەگەر هەر لە شوێنی خۆماندا بووینایە یەعنی گۆڕانکاریەکی وا ڕووی نەئەدا بەلاّم ئێمە گۆڕانکاریەکە دەبینیین ئەگەر ئێستا بگەڕێینەوە بۆ ٥ساڵ یان ١٠ساڵ لەمەوبەر یەعنی ئێرە لە ڕووی عەدەدەوە زۆر زۆربووە لە ڕووی فیکرەوە لە ڕووی ئیشەوە لەڕووی تێکەڵبوونەوە بە ئیجابی دەیبینین ئەم کۆچکردن و ئەم شتانەی کە ڕوویداوە کەمتر لایەنە سلبیەکەی دەبیینین).**

لەوەڵامی لێتوێژراوانی ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە شار شوێنی پێکەوە ژیانی گروپە کۆمەلاّیەتییەکانە لەگەڵیەکتریدا پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، شار دەرکەوتنی کۆمەڵێکی جیاواز لە گروپی کۆمەلاّیەتییە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و دیدی هاوبەش و سەرپێبوونی بۆ ئەو کۆمەڵە بچوکانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەن جا سەرپێبوونی ئاینی بێت یان سیاسی یان کۆمەلاّیەتییەکان .

لە ڕاستیدا شار شوێنی دەرکەوتنی گروپە جیاوازەکانە کە شار و بەشاریبوون و چۆنێتی هەڵکردنی ژیان وپێکەوە بوون بەرۆکیان دەگرێت، ئەم پێکەوە بوونە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر پەیوەستە بە ئایینەوە ئەگەر بێتو دەستی پارتەکان و دەرەکی لێ دووربێت ئەوا بەئاشتییانە پێکەوە دەژین، ئەمەش بەومانایە نەهاتووە کە بڵێین زوڵم و چەوسانەوە و جیاوازیکردن نییە بەلاّم نەگەیشتۆتە ئاستی پێکدادان، لە هەندێ کاتدا پارتەکان دەستیان هەبووە لە تێکچوونی ئەم پێکەوەیبوونە ئەم بابەتەیان زەقکردۆتەوە و شێواندوویانە بە هۆکاری ئایدیۆلۆژی، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تێکەڵبوونی ئەم کولتوورانە بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری پۆزەتیڤی کردۆتە سەر مێنتالێتی خەڵك و تاکی کوردی .

**دووەم: ڕۆڵی بوونی فرەیی ڕامیاری و لە ئاڕاستەکردنی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا:**

**أ-ڕۆڵی پارتە ڕامیاریەکان لە ئاڕاستەکردن و گەشەکردنی پڕۆسەی بەشاریبوون و دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی کوردستانیدا .**

بە شێوەیەکی گشتی هەموو بەژداربووانی چاوپێکەوتنە فۆکەس گروپپەکە لەسەر ئەم تەوەرەیە هاوڕابوون و بۆچوونەکانیان زۆر نزیکبوو لەیەکترەوە بەوەی پارتە ڕامیاریەکان کاریگەری جیاجیایان هەبووە لەسەر پڕۆسەی بەشاریبوون بەلاَم وەکو جەوهەر ڕۆڵێکی نێگەتیڤیان هەبووە کە وایکردووە کۆمەڵگەی کوردی بەرەو پێشەوە نەچێت و خێڵەکی و خێلاَیەتی لە کۆمەڵگەکەدا پەرەبستێنێت ، بونیادی شارەکانی هەرێمی کوردستان تەنها لە ڕووی ژمارەوە دەتوانرێت بوترێت کە شارە و کە مانای بەشاریبوونی تیادا بەرجەستە بێت:

**(هێزە سیاسیەکان ڕۆڵێکی خراپیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بینیووە و ناوی پارتی ڕامیاری تەنها وەك وەسیلەیەکی مەدەنیبوون و بەشاریبوون بەکارهێنراوە هەر ئەم پارتانە بەرپرس بوون لە گەڕانەوەی دۆخی کۆمەڵگەکە بۆ دواوە و گەڕانەوە بۆ ئەوەی وەکو خێڵەکی دەیەوێت جا ئەمە بەحیزبە کۆن وتازەکانیشەوە دەگرێتەوە کە ئەمانە وایانکردووە زۆرجار کێشەکان قوڵتربن و پەیوەستربن بە کۆمەڵێکەوە هەروەك سەرەتا بە دەستەیەکەوە و دروستبوونی حیزبەکان و دواتریش بەناوی ئایینەوە بە قوتبکردنی شیخەکان و سەرۆکی زانکۆ یان بنەماڵە یان سەرۆکی بەشێکی دەزگاکانی تەلەفزیۆن دەبنە بەشێك لەمانە دواجار گەڕانەوەیەکی زۆر بینراوە لە بابەتی مەدەنیەتدا ، دۆخی ژن یەکێکە لە بابەتەکانی بەشاریبوون بریتییە لە ئازادی دەربڕین یان دۆخی ڕۆژنامەوانی بەلاَم لەدوای شەڕی داعشەوە گەشەیەکی وادروستدەبێتەوە کە بەردەوام حیزبەکان دەگەڕێنەوە بۆ چەکداری و خێڵەکی و پیاو سالاری پیاو دەستەلاَتی کە لە هیچ حیزبێکدا لە کوردستان ژن لە پێگەی دەستەلاَتدا نیە )و (پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دیووە کلاسیکیەکەی دەبینین، وەکو ئاماژەدان بە کوڕی فلانە کەسە یان شێخ فلاَنە کەسە سەر بەو عەشیرەتەن کەواتە گەڕاینەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بەشاریبوون لەوەدایە کە تۆ لەناو شارەکەت ئەم شتانە نەدۆزرێتەوە نەبینرێت بەو مانایەی کە ئەمە**

**جیاکاریەکەیە تۆ کاتێك ئەچیتە شارێکی گەورە و خوێندنەوە بۆ شارنشینی دەکەیت لەمانە دەرچووە کە قۆناغی عەشیرەت و خێڵەکی ئەمانە ، بەڵام ئەوەی کە لە پارتە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆرتر تەرکیزیان هەرلەسەر ئەوە بووە و ئێستاش هەربەردەوامە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ئەندام زۆرترین دەنگ دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕەگو ڕیشەکە جا ڕەگو ڕیشەکەش لای ئێمە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی وعەشیرەت و ئەم گروپانە بووە کەواتە ئێمە ئەتوانین بڵێین پارتە سیاسییەکان ئەوە نەبووە کە ڕۆڵی عەشیرەت و خێلەکی بسڕێتەوە بگاتە ئەوەی شار بە مەدەنییەت بکات وە ئەمانە بسڕێتەوە تاوەکو شاری مۆدێرنمان پیشانبدات**

ئەوەی لە وەڵامی لێتوێژراوان بەڕوونی دەردەکەوێت و جەختی لەسەردەکەنەوە ئەوەیە کە گۆڕانکاریەکان بەپێی خواستی کۆمەڵگەکە و دانیشتوانەکەی نییە کە ئاواتەخوازبوون پێی لە ساتێك لەساتەکانی ژیانیاندا بەوەی زۆرجار ڕووبەڕووی کۆمەڵێك شتی نادیار دەبنەوە لەدۆخەکەدا کە نازانن بۆ چ هۆکارێکی بگەڕێننەوە بوونی ئەم دواکەوتوویەی کۆمەڵگەکەیان لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکە لەسەرەتاوە دۆخێکی خراپی هەبووە تەنها ئومێدی خەڵك تێپەڕاندنی ئەو دۆخە بووە، بەڵام دواجار قۆناغی دوای ئەو بارودۆخەیان بینی کە کەسانێك و چەند پارتێك بەڕێوەی دەبەن کە لە گۆشت وخوێنی خۆیانە و ئومێدیان لەسەر هەڵچنیووە و شتی جیاوازتریان بۆ دەکات، بەڵام لە ئێستادا لە ئاستی ئومێد و داواکارییەکانیاندا نییە، و ئەو گۆڕانکاریانەش کە بینراوە لە ئێستادا تەنها ڕواڵەتین ناوەرۆکی نەبووە هەروەك بوونی بینا و باڵەخانەکان وشێوازی جلوبەرگ و ئۆتۆمبیل و هەندێك شتیتریش.

**ب-ڕۆڵی پارتە ڕامیاریەکان لە گەشەسەندنی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا :**

لە کۆی لێدوانی چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپەکاندا کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە جارێکیتر فیکری خێڵەکی زاڵدەبێتەوە بەسەر پارتە ڕامیاریەکاندا (**ئەگەربێتو خوێندنەوەیەکی کلتوری بۆ ئەمە بکرێت دەبینرێت لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی کوردی هێشتا ئامادەیی نییە بۆ دروستکردنی هێزێکی سیاسی بڕوای بە مەدەنیەت و چەسپاندنی مەدەنیەت و بەشاریبوون هەبێت لە کۆمەڵگەدا بیانەوێت هۆشیاری مەدەنی بچەسپێنن تەنها ئەم هێزانە ناویان لەخۆیان ناوە هێزی سیاسی مەدەنی دیموکراتی**

**و سۆشالیستی و تا دواتر ئەم هێزە سیاسیانە هێشتا بەشداری لە گردبوونەوە کۆمەڵایەتیە عەشائیریەکان دەکەن و پارەیان بۆ سەرفدەکەن و پشتگیریان دەکەن و سوڵحی عەشائیری لە نێوان دوو هێزی سیاسیدا دەکەن ، پیان خۆشنەبووە کە خەڵك بەرەو پێشکەوتن بڕوات لە ڕووی هۆشیارییەوە ، هەرلەو خاڵەدا وەستاون کە لە سەرەتاوە دەستیانپێکردووە و بەرەو پێشەوە نەچوون ، لەساڵی ١٩٩١ تاکو ٢٠٠٧ ڕاستە گۆڕانکاری دروستبووە لەهەندێ شتدا ئەویش شێوازی نوێ و بەناوی نوێ و گروپی نوێووە دروستبوون و ماوەیەکیش لە ماوەکان ئومێدیانداوە بە خەڵك کە ئەمانە شتێکی جیاوازتر دەکەن و باشتر دەبێت لەوەی پێشوتر و سوودی بۆ کۆمەڵگە تیادا دەبێت بەڵام دواجار ئەمەش لەناودەچێت.**

لێتوێژراوانی ڕێکخراوی هاریکاری لە چاوپێکەوتنە فۆکەس گروپەکەیاندا ئاماژەیان بە چەند زانیاریەکیتر کرد کە کاریگەریان هەبووە لەسەر ئاستی هۆشیاریی و کارکردنی خۆشیان وەکو ڕێکخراوەیی **(پارتەکان بەگشتی ئاستی هۆشیاریان زۆر لاوازە هیچ شارەزاییەکیان نییە لەڕووی یاساییەوە و تەنها ئێمە وەکو ڕێکخراوەکان کار لەسەر یاسا دەکەین ، لەسەر مافەکانی ژن بەوەی زیاتر نیشانەگرتنمان ژنان بووە بەڵام ئەو ژنانەی کە لەناو پارتە ڕامیاریەکاندا بوون هۆشیاریی و زانیاری یاساییان نیە تەنانەت ئەو ژنانەش کە دەچنە ئاستە بەرزەکانەوە کاندید دەبن بۆ پەرلەمان ئەگەرچی چوونە ناو پەرلەمان نابێتە پێوەرێك بۆ بوونی هۆشیاری و شارەزاییان چونکە ئەوەندەی مەیلیان بۆ پارتەکانیان هەیە و پابەندەبن پێوەی ئەوەندە ئەزمونیان نییە لەناو کۆمەڵگەدا و کاریان تیادا نەکردووە ، هەموو ئەمانەش لەکاتێکدا هەستمان پێکردووە کە چووینەتە کۆمیتەیەك یاخود مەڵبەندێك ، کەواتە دەتوانین بڵێن کەوا پارتەکان کەسی شیاو پسپۆڕیان نییە بۆ ئەوەی هۆشیاری بڵاوبکەنەوە و تاکەکان ئاستی هۆشیاریان بەرزبێتەوە و هەستبکەن کە مافەکانیان چین و چۆنیش هەوڵی بۆ بدەن بەڵکو زۆرینەی کاتەکان پشتبەستووبوون بە پلەی یەکەم بە ڕێکخراوەکان و دواتریش بە کەرتی تایبەت لەلایەك) و )لەلایەکیتریشەوە ئێمە وای بۆ دەچین کە پارتە ڕامیاریەکان کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی لە کۆمەڵگەدا ناکەن نایانەوێت تاکەکانی کۆمەڵگە مافەکانی خۆیان بزانن و بەتایبەتیش ژنان چونکە کارمان زیاتر لەناو ژناندایە بەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەوێتە زەرەرەوە ، ئێمە وەکو ڕێکخراو زۆربەی کات کارمان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی**

**كردووە بەلاّم بەهۆی پارتەكانەوە زۆربەی كات ڕووبەڕووی قورسایی بوینەتەوە بەوەی وستوومانە سیمینار بكەین لەناو گوندێك سەرەتا لێیان پرسیوین ئێوە سەر بە چ حزبێكن یان ووتویانە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن هاتوون ؟یان ئەتانەوێت بچین دەنگتان بۆ بدەین؟ ئالێرەدا بۆمان دەركەوتووە كە حزبەكان تەنها بۆ مەبەستی هەڵبژاردن خەڵكیان كۆكردۆتەوە بۆیە زۆرجار تاقەتی ئەوەیان نەبووە لە بابەتێك لە بابەتەكانی ئێمەدا كۆببنەوە بەمەش حزبەكان كاریان لەسەر كاروبارەكانی ئێمەش كردووە چونكە پییانوایە هەدەفێكی لەپشتەوەیە كارەكانمان).**

لێتوێژراوانی ڕێكخراوی پی دی ئۆ بۆ ئەم تەوەرەیە جگەلەوەی كۆك بوونیان هەبووە لە وەلاّمەكانیاندا لەگەڵ گروپەكانیتردا بەلاّم لەلایەكیتریشەوە ئاماژەیان بە ڕۆڵی پارتە جیاوازەكان كردووە لە بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا :

**(كەلە كاتی ئینتیخاباتدا یەتە بەردەممان كەسێك شانازی دەكات بەوەی كەسەربە عەشیرەتێكە كە رەنگە عەشیرەتەكەی ڕەگوڕیشەكەی لە لادێیەكەوە بێت ئەوە بۆ ئەو قازانجترە كەلە شوێنێكی وادا بێت تاكەكانی ئەو خێڵە هێشتا لەو ئاستەدابن كە ڕا لە كەسێكیترەوە وەربگرن رەنگە لەم ڕووەوە ئەصڵەن هاوكاری مادیشیان بكەن مەسەلەن دیووە خانیان بۆ ئەكەنەوە یەعنی پارتەكان خۆیان نامانەوێت بە موتڵەق قسەبكەین پارتەكان ئەوەی كە هەیە كە ئەیبینین و ئەیبیستین ئەوەیە كە پارتی بالاّ دەستە دیووەخانی كردۆتەوە بۆ عەشیرەتەكان سالاّنە یادی عەشرەتەكان دەكرێتەوە یان گرنگی زیاتر بە عەشرەتەكان دەدەن بە خێڵ و گروپەكان ئەیەن بۆ ئەوەی لەكاتی ئینتیخاباتدا سوودیان لێوەربگرن زۆرجار كە لەكاتی كێشەیەكی قانونی ڕوودەدات خۆیان پارتەكان هاوكاردەبن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی سوڵحی عەشائیریەوە حەلی بكرێت ئەمە ڕێگریە و ڕێگریشدەكات لە بەشاریبوون و شارستانیەت لەكاتیكدا كە یاسا و ڕێنمای بۆ ولاّتێكی مەدەنی دائەنرێت ئەگەر ڕێگات خۆشكرد بۆ كۆمەڵێك شتی كۆمەلاّیەتی لەوانەیە هیچ مەرجێكی بەشاریبوونی تیا نەبێت ئەوا ڕێگریكرتنە لە بەشاریبوونی ئەو كۆمەڵگەیەش ،بەلاّم بۆ هەندێك شتیان بەڵێ بۆ هەندێكیشیان فیكرە خێڵەكیەكەیە بەلاّم بۆ حیزبە كەمینەكان حیزبە ئیسلامیەكانن زیاتر بەشدارن لەو پرۆسەیەیا بەلاّم حیزبەكانیتر ئەكتیڤیتیان زۆر لاوازن )**

لەوەڵامی کۆتایی لێتوێژراوانی بۆ ئەم تەوەرەیە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ئاستی هۆشیاریی لەلایەن پارتەکانەوە بە ڕێژەیی هیچ کارێکی بۆ نەکراوە لە ئاستێکی زۆرلاوازیشدایە تەنها بۆ ئامانجێکی دیاریکراوی خۆیان تێکەڵبوون بە خەڵکی کۆمەڵگەکەیان یان لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان بووە و هەرئەمانیش هۆکاربوون لەبەردەم کارکردنی ئەم ڕێکخراوانەدا کە نەتوانن بەتەواوەتی پەیامی خۆیان بگەیەننە ئەو تاکانەی کۆمەڵگە کە پێویستیان بە هۆشیارییە بەرامبەر ئەم دۆخەی کە دەگوزەرێت و تاکو بتوانن کاریگەریە نێگەتیڤەکانی لەسەریان تاڕادەیەکیش بێت کەمی بکەنەوە .

**ح ململانێی ڕامیاری و کاریگەری لەسەر ئاستی بەشاریبوون:**

لەسەر لێدوانی بەکۆمەڵی لێتوێژراوانی چاوپێکەوتنی فۆکەس گروپەکاندا لەسەر ئەم تەوەرەیە ئەوە نیشاندەدات کە ململانێکان سیمای کۆمەڵگە دواکەوتووەکانە کاریگەریەکی نێگەتیڤی هەبووە لەسەر دۆخی کۆمەڵگەکە بەگشتی بەوەی کە پێڕاناگەن بە کارکردن لەسەر پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەکەیان یان خزمەتکردنی کۆمەڵگەکەیان ئەوەندەی کاردەکەن بۆ توندکردن و بەهێزکردنی دەستەڵاتیان یاخود یادکردنەوەی ئەو کارانەی کەلە ڕابردوودا کردوویانە جا ئەو جۆرە دەستەڵاتەش کە بەڕواڵەت دیموکراسیە و لە ناوەرۆکیشدا پێچەوانەکەیەتی کە هەمان دەستورەکانی خێڵایەتی هەمان نەریتەکانی لەناوشاردا درێژەپێداوە کە کەمتر گوێ بۆ یاسا و مافی مەدەنییەت و مافەکانی ژنان و توێژەکانی یان تاکەکانی کۆمەڵگە دەگرێت ، نازین و شانازیەکانیشیان تەنها لە ڕێگەی میدیاکان و سۆشیاڵ میدیاکانەوە دەبێت بۆ کارەکانیان کە هەر پارتیك بۆخۆی ئەمە دەکات و لە ڕاگەیاندنەکاندا خۆیان وادەردەخەن کە دڵسۆز و نوێخوازن بۆ کۆمەڵگەکەیان سەرەڕای ئەوەی لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە هەوڵی شکاندنی لایەنی بەرامبەر دەدەن بۆ دەرکەوتنی خۆیان و شاردنەوەی کەموکورتیەکانیان ، لە لایەکیترەوە جیاوازی هەیە لەنێوان پارتە دەستەڵاتدارەکان و پارتەکانی تردا کە پچوکن و پرۆگرامی کارەکانیان جیاوازە لەیەکتری بەڵام ئەو مینتالێتیەی کاری پێدەکەن یان خێڵەکییە یان ئاینییە کە دواجار هەموویان هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە.

ڕوونکردنەوەی زیاتر لە وەڵامی لێتوێژراواندا دەبینرێت لە چاوپێکەوتنە فۆکەس گروپیە جیاوازەکاندا بۆ ئەم تەوەرە ئەوانیش:

**(بەداخەوەین بۆ ئەم دۆخەی کە بوونی هەیە لەکۆمەڵگەکەماندا بەوەی ململانێ لەنێوان حیزبەکاندا بوونیان هەیە وا دەزانین سەرەتایە و ئەگەڕێینەوە بۆ ئینتیفازە ، ئەگەرچی ئەو کات چەند حزبێك هەبوون خەڵکی بە قەناعەتەوە لەگەڵیاندابوون بەڵام بەردەوام بوونی ئەو ململانێیانە وادەکات بێز لە حیزب بکەیتەوە، لە وڵاتێکدا ئەژین ئەم حیزبانە بەڕێوەیدەبەن چەند خۆیان بە دیموکراسی و پێشکەوتوو نیشاندەدەن بەڵام بەردەوام لە صراعدان هەروەکو ئەو سەردەمە بیردەکەنەوە کە بەچەك کێشەکانیان چارەسەردەکرد بەمەش دەستبەسەرکردن و شاردنەوە و فڕاندن و کوشتنی خەڵك و بێسەرو شوێنکردنی خەڵك هەیە بەڵام لە ڕواڵەتدا خۆی بە پێشکەوتووخواز و بە قسەکردن لە سۆشیاڵ میدیادا ئازادیخوازن یان لە ڕووی باڵەخانەکانیانەوە سیمای هاوشێوەیان هەیە کە لە وولاتە پێشکەوتووەکاندا هەیە بەڵام لە حاڵەتێکی وا دا ئەگەڕێتەوە بۆ دواوە)**

(لێتوێژراوێکی ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی )

**(ئەم حیزبانە ئایدیۆلۆجیایی سیاسی پەخشدەکەن کە پێچراوەیە بە نەریتێکی خێڵەکی و باکگراوندێکی خێلەکی کە سەنتەری دونیا بینیەکەیان خێڵ و بنەماڵەیە یان زۆرجار شەخصێکی دیاریکراوە ناچنە ناو پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەوە بەڵکو بە موزەیفکردنی هۆشیاریەکەن و دەستکاری هۆشیاریی کۆمەڵگە دەکەن لەژێر هەژموونی گلۆباڵ و سەرمایەداری و بازاری کرانەوەی سەرمایەداری کاردەکەن و خەریکە مەسەلەی حیزب و ڕەوتی هۆشیاری کۆمەڵگە دەبێتە شانۆی هێزێك کە دەرمانخواردووی کۆمەڵگە کردنە بە ئایدۆلۆجیا هەریەکەشیان بۆخۆیان ئەمە دەکەن و ململانیکانیان درێژەپێدەدەن کۆمەڵگەش ڕۆژبەڕۆژ بەرەودواوە دەبەن ) و ( بەشاریبوون بریتییە لە فەرهەنگ سازی ئەگەر ئەو فەرهەنگ سازیە نەبێت ئەوا وەك هەندێك دەڵێن هەولێر دەبێتە گوند وبونیادێکی نەخەملیو و سلێمانی دەبێتە ئۆردوگایەکی سەربازی ، بەتەنها بینای بەرز وباڵەخانەکان نابنە ئیندیکەتەر بۆ ئەوەی بە شوێنێك بوترێت بەشاریبوون و سیاسەت بەرهەمی شارە لە قۆناغێکی سەرەتایی ململانێ و تۆڵەسەندنەوەی جێهێشتبێت و ژیانی مەدەنییەتی هەڵبژاردبێت ئەوا لە**

**کوردستان ئەوەندەی گلۆبالیزەیشن و میدیا وماس میدیا یان موسەلسەلە تورکییەکان شێوازی خەڵکیان گۆڕی بێت ڕەنگە حیزبەکان لە ئێستادا ئەو ڕۆڵەیان نەبینیووە ).**

(لێتوێژراوانی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی)

**(ئەوەی کە باسدەکرێت بۆ بەشاریبوون زیادکردنی عەدەدە ئەصڵەن کاتێك دامەزراندنیان کرد بۆ پۆلیس و ئاسایش خەڵکێکی زۆریان لە لادێکانەوە هێنا بۆ شارەکان بە بۆنەی ئەوەوە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان ناڕاستەوخۆ ئیشێکیانکرد بۆ ئەوەی شارەکان گەورەتر بێت مەسەلەن ئەو کۆمەڵە و گروپانەی کە هەیانبوو مەسەلەن لەناو دامەزراوەکاندا کە دەوراتی ئەکردەوە چالاکیان هەبوو بەڵام ئەوەی کە ئێستا ئەیبنین زیاتر حیزبە ئیسلامیەکانن کە زۆر ئیش لەسەر ئەو بەشاریبوونە دەکەن بەڵام بە عەقڵیەتی خۆیان کە بەسیستەماتیکی ئیشدەکەن زۆر دەوراتیان کردۆتەوە و گروپ و تۆڕیان دروستکردووە لەناویەکدا ئەوەی کە دەیبینین ئا هەوڵی زۆر دەبینم ، ململانێکەش لە زوودا سوودی لێبینرا تاڕادەیەك بەڵام لە ئێستادا ئەگەر بەشاریبوون لە هەلی کارو بینا وباڵەخانەکاندا بێت یان زانکۆکان و پەیمانگاکان کە بۆ ئیشکردنە بەڵێ هەستئەکەین کە هەریەکەیان لەبەرئەوی تریان داخی ئەویتر شتکراوە ئەویش کە ئەم پرۆژەیەکی جوانتری هەبێت هەر لەداخی ئەو ئەویش بەپێی ئەو دوو شارەی کە هەمانە ).**

(لێتوێژراوێکی ڕێکخراوی پی دی ئۆ)

**خ- فرەیی پارتە ڕامیاریەکان و زیادبوونی چالاکوانی ڕامیاری ئافرەتان:**

لە لیدوانی هەرسێ چاوپێکەوتنیە فۆکەس گروپیەکەدا لێتوێژراوان ئەوە بەدەردەخەن کە ژن ئەو ڕۆڵ و پێگەیەی پێنەدراوە لە سیستەمە عەشائیریەکەدا کە بتوانێت بە ئازادانە بێتە ناو کایەی ڕامیاریەوە کاربکات شان بەشانی پیاوان:

**( ئەگەرچی پارتەکان ڕێکخراوی تایبەتیشیان هەیە و دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەوان و فەندیشیان بۆ تەرخانکراوە بە ڕووکەشیەکەیدا دەتوانرێت بوترێت بەڵی ڕۆڵیان هەیە تاڕادەیەك لە زیادبووندان کاریگەریشی دروستکردووە بەهۆی بوونی فەزای ئازادی پارتەکانەوە بەڵام ((لە بنەڕەتدا لە مۆدێلێك دەچێت تەنها بۆ پیشاندانی نمونەیەکی جوانە ))ئەگەر نا مژدەبەخش نیە یاخود هەواڵەکان دیوێکی**

**پۆزەتیڤیان نییە بۆ ئەم لایەنە بەوەی پارت ئەجندای ڕامیاری خۆی هەیە و مەسەلەی ژن وبالأنسی جێندەری زۆر لە بابەتە گرنگ و سەرەتاییەکانی ئەم پارتانەدا نین).**

لێتوێژراوانی فۆکەس گروپەکان هەڵدەستن بە خستنەڕووی ئەم بابەتەش لە دیدێکی تایبەت بە خۆیانەوە و کارکردنیانەوە لە ڕێکخراوەکانیاندا و بەپێی ئەو ئەزموونەی هەیانە سەبارەت بە مەسەلەی کارکردنی ژنان و زیادبوونیان لە کایەی ڕامیاریدا باس لێوە دەکەن :

ڕەوشی ئامادەیی و کاریگەری ژنان لە ناو پارتە ڕامیاریەکاندا: **(زیادکردنی ژن لەناو حیزبەکاندا تەنها لەبەرژەوەندی خۆیان بووە بۆ هەڵبژاردن بووە نەك ئامانجیان ئەوەبێت ژن بێتە پێشەوە بۆئەوەی ئیش بکات یان ببێتە کادرێکی سیاسی ، پارتە سیاسیەکان حیزبێکی تێرن دەستەڵاتیان بەدەستە و حکومداری حیزب دەکەن لە دوای ٢٠٠٥-٢٠٠٦ ڕۆڵی ژن نەبووە تاکو (کۆتا) هاتە ناو پەرلەمانەوە بەژداربوونی ژنان زۆر کەمبوو لە پۆستەکاندا لەحیزبەکاندا هەبوون لەوەتەی ژن لە شاخ بووە و دوای ئینتیفازە ژن هەبووە لەناو کۆمیتە و مەڵبەندەکاندا بەلأم بۆ پۆستە گەورەکان ژن کەمبووە لەچەند وەزارەت یەك وەزارەت ژنمان هەبووە بۆیە دوای ئەوەی کە کۆتا خرایە ناو حیزبەکانەوە و هەموو حیزبێك پێویست بوو کە بە کۆتا ژن بنێرنە ناو حیزبەکانەوە بەلأم هێشتاش وەکو پێویست نیە ، ئەگەر بەپێی بڕیاری (١٣٢٥) ئەبێ هەموو حیزبە سیاسیەکان بە شێوەیەکی یەکسان بەشداری ژن و پیاویان هەبێت بالأنسی جێندەری هەبێت بەلأم تاکو ئێستا حیزبە سیاسیەکان ئیشیان لەسەر ئەمە نەکردووە ).**

بوونی ژنان دوور لە ئامادەیی شوناسی مرۆیی ژن: **(لە هیچ حزبێکی کوردستاندا ژن لە پێگەی دەستەڵاتدا نییە بە پەرلەمانیشەوە کەچەند بە زەعیفی سەیردەکرێت هیچ سیفەتێکی دۆستانە مێیینەی تیادا نییە یاسایەکی کەم دەردەچێت کە نزیك بێت لەوەی ئێمە هەمانە ، دۆخی ژن یەکێکە لەوەی کە حیزبەکان دەستیان هەبووە لەوەی کە زۆر بە سنوداری باسی لێوەدەکەن هەر کە لەوەی ڕێگری دەکەن بچنە پێشەوە هەر لە تەحەروج کردنەوە پیشاندانی مێیینە وەکو شتێکی سەیرو سەمەرە یان شتێك بۆ چێژ لە هیچ شوێنێکدا دەستەڵاتێکی دیاریکراوی نادەنێ ئەوەی پیشیانداوە لەبەر خاتری مێیینەکە نییە لەبەر خاتری بنەماڵەکەیەتی ئەوەی بینراوە لەناو یەکێتی و نەوەی**

**نوێدا بووە کە یەك دوو سەرکردەمان بینیووە کەچوونەتە پێشەوە ئەویش لەبەرخاتری بنەماڵەکەیان بووە نەك مێیینەبوونیان هەربۆیە کەمتر مێیینە دەبینین لەناو شوێن وپۆستەکانیتر).**

**د- بەژداریکردنی ئافرەتان لە کایەی ڕامیاریدا لەناو پارتە جیاوازەکان و ئاستی بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی :**

کۆك بوونی هەرسێ چاوپێکەوتنیە فۆکەس گروپیەکە لەوەدابوو کە بەژداریکردنی ئافرەتان لە کایەی ڕامیاریدا وەکو هەموو شتەکانیتر کە بوونیان هەیە لە کۆمەڵگەدا هەمووی ڕواڵەتییە و کارکردنیان وەکو خۆیان زۆر ئەستەمە بەوەی چی لە بەرژەوەندی ئەم پارتانەدا بێت ئەوە جێبەجێیدەکەن، ئافرەتەکان لە کایەی ڕامیاریدا دەبنە ئالەتێکی دەستی ئەم پارتانە و کۆنترۆڵەکەشی لای خۆیانە، ئالێرەدا تەنها خستنەڕووی بابەتی ئافرەتان لەکۆمەڵگەدا بۆ دوو مەبەستە ئەوانیش یەکەمیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی پارتەکانیان و دووەمیان بۆ ئەوەیە کە نیشانییدەن وەکو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانن کە یەکێك لە توخمە گرنگ و پێکهێنەرەکانی ناو کۆمەڵگەیان گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بزوێنەری دۆخەکەیە کە ئەوانیش ئافرەتان وچوونە دەرەوەیانە یاخود و چاوکرانەوەیانە بە دنیای دەرەوە بەلاّم لە ڕاستیدا ئافرەت ڕۆڵێکی پەراویزی هەیە لە پرۆسەی بەشاریبووندا:

**( پارتەکان چ موعارەزە بن یان دەستەلاّت ئافرەت تیایدا ڕۆڵێکی پەراوێزی هەیە و من واینابینم ئەو کاریگەریەی دروستکردبێت کە بەچاوی سەریی خۆمان ببینین بەشداریەکی ئەوتۆ کرابێت لە پرۆسەی بەشاریبوون بەلاّم بە دیوێکیتردا لە پرۆسەی بەشاریبوون ئەگەر مەبەستمان لە فەزای ئازاد ودونیای ئازادا داکۆکیکرن لە مافەکانی ژنان بێت و بوونی هەموو ئەو ڕێکخراوانە بەڵی تاڕادەیەك ئەو ڕێکخراوانەی سەربەدەستەلاّت وموعارەزەشن لەبواری ژناندا کاردەکەن کەم تا زۆر پێمان باش بێت یان نا جێگە دەستیان دیاربووە بەلاّم وەکو باقیەکانیتری ژنان دەتوانین بڵێین لە ئاستی پێویستدا نەبووە ) و ( هەندێ ژن کە کەسوکاری شەهیدبوون و هەندێکیتری لەبەرئەوەی لە کۆنەوە لەگەڵ ئەو حیزبەدا بوون کە پێشتر ڕێگەی پێنەدرابێ کە بێتە دەرەوە یان چانسی نەبوبێت بەلاّم لە ئێستادا دێتە ناو حیزبێکی سیاسیەوە پۆستێکی بەرزی دەدرێتێ ڕەنگە کۆمەڵێك ژنی تر چاویلێبکەن لە داهاتوودا ئەو تاڕادەیەك توانیویەتی پۆستێك وەرگرێت یان سەفەر دەکات یان یەتە دەرەوە یان شوێنەکەی دەگۆڕێت بۆ شوێنێکیتر بەمە هەندێك ژنی تر دەگۆڕێن، کە ئێمە پێمانوایە بەهۆی باوك**

**وبرای شەهیدیەوە توانیویانە بێنە دەرەوە و دۆخەکەیان بگۆڕن ئەگەرنا ئەوە ڕەنگە تەنها لەناو گوندێکدا بمایایەتەوە یان نەیتوانیایە ئەم گۆڕانکاریە دروستبکات ، ڕاستە دۆخەکەی گۆڕیووە بەڵام تەصەروفی وەکو پیاوێکە و قەناعەتیشی بە چوونە دەرەوەی ژنیشە بەڵام ئایا تاچەندە ئەم گۆڕانکاریە کاریگەری هەبووە وەکو ژنێك لەسەر ئاستی کۆمەڵگە ئەوا خۆی و کردارەکانی یەکلایدەکاتەوە بەوەی کە هیچ سوودێکی نیە بەوەی ژنایەتیەکەی لە چوارچێوەی خۆیدا دەمێنێتەوە تەنها خۆی دەڵێت گۆڕانکاریم کردووە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر ).**

**ر- هەماهەنگی پارتە ڕامیاریەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مەدەنی لای تاکی کورد:**

لەکۆی هەرسێ فۆکەس گرووپەکە لەسەر ئەوە کۆك بوون کە پارتە ڕامیاریەکان هەماهەنگ نەبووە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ( **ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگا ئەکادیمیەکانیش بە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاوە تا دوای ئەوا لەهەرێمی کوردستاندا لەبەردەم پاشەکشێیەکی خراپدایە لە بەها مۆدێرنەکان و بەها قووڵە ڕامیاریەکانیشدا ڕۆژ بە ڕۆژیش زۆنەکانی ئازادی لەسەر خەڵك لە ژێر ناوی جیاجیادا تەسکتردەبێتەوە ، لەگەڵئەمانەشدا چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەردەوام کۆت و بەندی زیاتری بۆ دادەنرێن و دەبنە دەزگای سیخوڕی بەسەر هاوڵاتیانەوە کە هەموو ئەمانەش دەبنە ڕێگری لە کارکردنی ڕێکخراوەکاندا و هاوڵاتی ئەم وڵاتەش بەرەو هەڵدێر دەبەن ) و ( ئەگەر لەبەرژەوەندی خۆیان بێت و ڕایان بۆ کۆ بکەینەوە بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن و قسەیان بۆ بکەین ئەوا هاوکاردەبن بەڵام دواجار ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە ئەصڵەمێنەوە و دوور دەبێت لە حیزبەکان لەلایەك و لەلایەکیتریشەوە کەمینەکان کە نەتەوەی جیاواز لەخۆدەگرێت لەگەڵ ئایینەکاندا هەریەك لە چوارچێوەی خۆی کاردەکات بۆ خۆی بەڵام حیزبە عەرەبەکان و ڕەوتی صەدر ئەیانەوێت زیاتر لە مجتەمەعی مەدەنی نزیکببنەوە و بەوەی کۆنفرانسێکیان کرد لە بەغدا و ئێمەشیان بانگێشتکرد ئەوانیش ڕاستە هەدەفێکیان لەپشتەوەیە بەڵام هەوڵدەدەن نزیکببنەوە بەوەی چەندجار بانگکراوین لەلایەنی شیعە ورەوتی صەدر و ڕەوتی حیکمە موئتەمەر بکەین و پەیوەندیمان هەبێت کەچی حیزبە سیاسیەکانی خۆمان خۆیان لە ئاستێکی بەرزتردا دەبیننەوە نایانەوێت موفاتەحەی ڕێکخراوەکان بکەن و هەماهەنگیمان بکەن بۆ کارکردن**

**لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاکی خۆمان ئێمە نالێین ئەوان کاریان نەکردووە بەڵکو ئیشیان بۆ ژن کردووە لەهەندێ شوێندا وەختی خۆی کە گۆڕینی یاسا و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بووە بەلاّم لە ئێستادا ئەوانیش لە ئیشوکارەکانیاندا چونەتە دواوە ).**

**سێیەم : ڕێکخراوە ناوچەییەکان و ڕێکخراوە جیهانییەکان و ڕۆڵیان لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا:**

لە وەڵامی هەرسێ گروپی فۆکەسیەکەدا لێتوێژراوان بۆ ئەم تەوەرەیە ئەوەیان خستەڕوو کە ڕێکخراوەکان لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی کاری زۆریان کردووە بۆ برەودان بە لێهاتووی و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی( **بەگشتی ئەو هۆشیاریەی کە هەبووە و بلاّوبۆتەوە بەتاکی کۆمەڵگەدا بەهۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بووە بە فەندی ئەوان بووە بە ڕێکخراوە لۆکاڵییەکان گەیشتووە بە هاوکاری ئەوان بووە کە ئێمە توانیومانە هۆشیارییان بۆ بلاّوبکەینەوە و بگەینە دوورترین شوێن ئەوان هاوکاربوون بەلاّم لە ئێستادا ڕێکخراوە ئینتەرناشناڵی و لۆکاڵیەکان پابەندبوون بە حیزبەوە ئەوانیش دابەشبوون بە پێی ناوچەکان و شوێنەکاندا بۆیە کەمتر دەستیان دەگات بە ڕێکخراوە لۆکاڵییەکان کە سەربەخۆنین، ڕێکخراوەکان خولی درێژخایەنیان هەبووە وەك ئینگلیزی و کۆمپیوتەر لە ڕووی کاپاسیتی بیولّدینگ بۆ ژنان دواتر هەلی کاری زیاتریان بۆ بدۆزینەوە تەنانەت ئەو ژنانەی دەهاتن بۆ ڕێکخراو پارەی ڕۆژانەشمان بۆ دابیندەکردن بەهۆی ئەمانەوە وا لە ژنەکان دەکەین تەشجیعیان بکەین بێنە دەرەوە کاربکەن یان دەورەی خەیاتیمان بۆ کردوونەتەوە لەپاڵ ئەوەشدا هۆشیاریی قانونی و کۆمەلاّیەتییان پێدەدەین بەهێزیان دەکەین لەڕووی زانیاریەوە بۆئەوەی ئەگەر ڕووبەڕووی توندوتیژی بووەوە بزانێت چۆن خۆی بپارێزێت لەدواجاریشدا فێری ئەوەشمان کردوون کە کاری خۆیان هەبێت ڕێکخراوەکان هەلی کاریان دابینکردووە لە ڕێگای خولەکانەوە نمونەشمان هەبووە لەیەکێك لە مونەزەماتە ئینتەرناشناڵیەکان بەشداریکردوو بڕێك پارەی بۆ دابینکراو بۆئەوەی هەلی کاری دەستکەوێت و دوکانێك دابنێت بۆخۆی) و (ڕێکخراوەکان بۆ خۆیان نیشانەی بە مەدەنی بوونی کۆمەڵگەیە کە لەدەرەوەی دەستەلاّت یان ئەحزاب گروپ ڕێکخراو دروست ئەکەن بۆ داکۆکیکردن لەبابەتێکی دیاریکراو لەو بابەتانە کە حکومەت یان نوێنەری حکومەت کاری لەسەر ناکەن بۆ خۆی نیشانەیەکی گرنگە ، نمونەی خاوەن پێداویستی**

**تایبەت لە دەرەوەی حکومەت داوای مافەکانی خۆیان دەکەن و شەڕ بۆ مافەمانی خۆیان دەکەن ، گروپی خوێندکاران و خۆپیشاندانەکان لە کوردستان دا کە نیشانەی مەدەنیەتە و مونەزەماتەکانیش ئەوانەی لەدەرەوەی ئەحزابی سیاسی ئیشدەکەن ، وە هیچ یاسایەك نییە لە شەرقی ئەوستدا کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بێت بەڵام ڕێکخراوەکان ئیشیان لەسەر کردووە و هەر ڕێکخراوەکانیشن کار لەسەر تەفعیلکردنی یاساکان دەکەن ).**

لە وەڵامی هەرسێ فۆکەس گروپەکەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ڕێکخراوە جیهانییەکان و ناوچەییەکان توانیویانە تاڕادەیەك هەستن بە کردنی کۆمەڵێك کار کە پارتە ڕامیاریەکان بیریشیان لێنەکردۆتەوە ، جا ئەم کارانەی ڕێکخراوەکان لایەنی پۆزەتیڤی تایبەت بەخۆی هەبووە کەوایکردووە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بەشێوەیەك لە شێوەکان بتوانن بگەن بە مافەکانیان ئەگەر هاتوو کەمیش بێت بەڵکو توانیویشیانە گۆڕانکاری بکەن تارادەیەك لە دۆخی مەعنەوی هەموو چین و توێژەکان و جێ پەنجەشیان زیاتربووە لەسەر ئیشکردنی مەدەنییەتبوونی کۆمەڵگەدا ، و هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی هێزێکی گەورەترەوە بووە کە هێزی بەجیهانیبوونە بووە بەڵام ڕێکخراوەکانیش لە دوای ئەمەوە هاتونەتە ئاراوە، و کارکردنی ڕێکخراوەکان و جێبەجێبوونی پڕۆژەکانیشیان وابەستەبوون بە بوونی ئەو فەند وپارەیەوە کە تەرخان کراوە بۆ هەر دیاردەیەك و بابەتێك کە تیشکی خراوەتە سەرو مەبەستیان بووە جێبەجێ بکرێت ، ئاماژەشیان بەوەکردووە بەوەی هەر ئەم ڕێکخراوانە وایانکردووە کە تاك چاوکراوە بێت و بتوانێ ڕەخنە بگرێت لەو شتانەی کە دەبنە هۆی چەوساندنەوە و مافخورانیان لەگەڵ ئەمانەشدا ڕێکخراوەکان کاریان لەسەر مەسەلەی جێندەری و توندوتیژی کردووە لە دۆخێکدا کە دەستەڵاتی پیاو سالاری بوونی هەبووە هەیە تاکو ئێستاش و هەمیشە دەستەڵات دەگەڕێننەوە بۆ دەستەڵاتی عەشائیری نێرینە کە یەك کەس بڕیار دەدات و بە دڵنیاییەوە ژن تیایدا زەرەرمەند دەبێت و کاری ڕێکخراوەیەکانیش قورستر کراوە سەرەڕای ئەمانەش هەر ئەم ڕێکخراوانەش یارمەتی دامودەزگاکانی حکومەتیانداوە کە نەیانتوانیوە هەستن بەکارەکانی خۆیان بەڵام ئەم ڕێکخراوانە دوورن لەو ڕێکخراوانەی کە سەربە پارتەکانن .

**چوارەم : ڕۆڵی دیاردە پەیوەستەکان بە بەشاریبوونەوە لە دیاریکردنی گەشەی بەشاریبوون و ئاستی هۆشیاریی مەدەنی:**

**أ-دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی و هاوکاربوونی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی:**

لە وەڵامی هەرسێ فۆکەس گروپەکەدا ئەوە نیشاندەدەن و کۆکن لەسەر ئەوەی کە دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی ڕێگر بووە لەبەردەم بەرەو پێشچوون و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مەدەنیدا بەوەی ئەم کۆمەڵگەیە تاکو ئێستاش پەیڕەو پرۆگرامی سیستەمە خێڵەکیەکەی پەیڕەو دەکات و درێژەپێدەرییەتی تەنانەت لە شاریدا وەکو گوندەکان بەکاریدەهێنێت ئەگەرچی یاساش هەبێت، ئەمەش زۆر ڕونتربووە لەکاتی کارکردنی ئەم ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەوەی بەرهەڵستی زۆر کراوە لەبەرامبەر کارکردنیاندا بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا لەلایەن پارتە دەستەلأتدارەکانەوە، بەلأم تاڕادەیەکی کەمیشبێت لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی کارکراوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مەدەنی و گۆڕینی دۆخی کۆمەڵگە و کەمپەکانیش لەڕێگەی ناساندنی بەند و یاساکانەوە :

**( بێگومان پێشکەوتنی کۆمەڵگە یان هەر گۆڕانکاریەك لە کۆمەڵگە دروستدەبێت کۆمەڵێك کەس دژی تۆ دەوەستنەوە یەعنی هەندێك پاڵپشتی لێدەکەن و هەندێکیشی دژی دەوەستنەوە بۆیە کاتێك ڕێکخراوەکان ئیشیان لەسەر ئەوە دەکرد کە ژن بگات بەسەرچاوەی دارایی خۆی هەندێ خەڵك دژی ڕێکخراوەکان وەستانەوە و ووتیان ژنیان لێ هارکردوین بەلأم هەندێکیشی هاوکاربوون، بمانەوێت ونەمانەوێت ڕێگریمان بۆ دروستدەبێت بەلأم کۆمەڵگەی کوردی لەبەرئەوەی ژن لە کۆنەوە کاریکردووە ئاسایی بووە بەلایەوە ڕێگریش هەرهەبووە بەلأم خۆشبەختانە هەندێکیشی ئیشی کردووە ) و ( هەمیشە دۆخی کۆمەڵگەی کوردی ناسەقامگیربووە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە هێز و دەستەلأتیان بەدەستبووە لەو ناوچانەدا بگرە هەر لە ئاغا وکوێخاو دەرەبەگدا خەڵکی بەجۆرێك لە جۆرەکان چەوسێنراونەتەوە و بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە لە ژێر ناوی دابونەریتدا هەمووئەمانەش بوونەتە هۆی زیادبوونی ناڕەزایی دەربڕین و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە هەموو ئەمانە تاکو ئەم سەردەمەشمان بەردەوامە، دابونەریت لە کۆمەڵگەی کوردیدا تێکەڵ بە ئایین کراوە کە لێك جیاکردنەوەیان کارێکی ئەستەمە هەربۆیە کاتێك ویسترابێت دابونەریت بسەپێنن بەسەرتاکەکاندا ئەوا هەوڵیانداوە پاساوی ئایینی بۆ بێننەوە بۆ ئەوەی جێبەجێبکرێت هەروەك کارکردنی هەردوو ڕەگەزەکە لە کۆمەڵگەدا هەر لەکۆنەوە تاکو ئێستا بەردەوام ڕێگریەکان**

**بوونیان هەیە بەمەش کاریگەری خراپ دەکاتە سەر تاکەکان بەڵام ڕاستە لە ئێستادا کاڵتربۆتەوە بەڵام ناتوانین بڵێین کەوا تەواو بنبڕ بووە چونکە ئێستاش لە هەندێك شوێندا کار بە یاسا ناکرێت ئەوەندەی کار بە دابوونەریت دەکرێت بەمەش زیاتر ڕۆژانە گوێبیستی کوشتن و ئازار و ئەشکەنجەی جۆراوجۆر دەبینەوە کە دەکرێت بەرامبەر ڕەگەزی مێیینە لەژێر ناوی کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا پەردە پۆش دەکرێن ).**

**ب-بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیای پەیوەندی کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی.**

لەوەڵامی هەرسێ فۆکەس گروپەکەدا کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە تەکنەلۆژیا دوولایەنی هەیە باش و خراپ بەڵام پارتەکان تەکنەلۆژیایان بەکارهێناوە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان **(حیزبە سیاسیەکان خراپیان کردووە باشیان نەکردووە کە توندو تیژی ڕەمزی زۆر خراپ پەرەی پێدراوە و گەشەی پێدەکات لە ڕێگەی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیەوە ئەمەش لە ئەنجامی ئەم ململانێ سیاسیەی لە ناوخۆی حیزبێك یان چەند حیزبێك لەم هەرێمەدا هەبووە ، ئەگەرچی هەندێ پەیجی سێبەریان هەیە توانیویانە کاریگەری دروستبکەن بەڵام لەو دیووە حەقیقیەی خۆیانەوە سیاسی و کاریگەر نەیانکردووە بەڵام سێکتەرەکانی تر ڕێکخراوەکان بەڕاستی توانیویانە سوود لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەربگرن لە دنیای مۆدێرن بۆ گەشەدان بەکۆمەڵگە ) و ( ئەحزابی سیاسی بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو دەستیانگرتووە بەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە تەنانەت بەم شێوازە تازەیەی کۆمینیکەیشنەوە کەتیادا لە دیجیتاڵ میدیا وتۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە، لە ئێستادا ڕاگەیاندنی ڕەسمی لەژێر هەژموونی گەورەی حیزبە سیاسیەکانەوەیە چونکە پارەیەکی زۆر و لەشکرێکی گەورەی کادری ئیعلامی دەوێت لەماوەی ڕابردوودا کە بەدەستی ئەحزابە سیاسیەکانەوە بووە کام حیزب گەورەتر بووە و دەسەڵاتدارتر بووە پارەی زیاتری لەبەردەستابووە زۆربەی جاریش بودجەی گشتی بووە لەبەردەستیابووە بۆ ئیعلامی میدیای زەبەلاح و دروستکردنی کاریگەری لەسەر جەماوەر بەو ئاڕاستەیەی کە خۆی دەیەوێت وە بە ئاڕاستەیەك کاریگەری دروستکردووە کە بیروباوەر و ئایدیۆلۆجیاکەی خۆی دۆگماکانی خۆی لە کۆمەڵگەدا بڵاوبکاتەوە ) و (میدیای نوێ لەسەردەمی سمارتفۆن و لەسەردەمی سۆشیاڵ میدیادا چانسێکی خستەدەستی خەڵکەوە کە ئەوانیش بتوانن**

**بەشداربن لەمەسەلەی دەستڕاگەیشتن بە ئامێرەکانی پەیوەندیدا بەشێوەیەکی کاریگەر، لەسەرەتای ساڵانی ٢٠٠٩ و ئەوانەوە بەشێوەیەکی کاریگەر خەڵکی دەرەوەی حیزبە سیاسیەکان یان ئۆپۆزسیۆن بەڕادەیەکی زیاتر دەستیان گرت بەسەر سۆشیاڵ میدیایا وە کاریگەر بوون بە سۆشیاڵ میدیاوە لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە دەیانتوانی بگەن بە خەڵك و مەرامەکانی خۆیان بگەیەنن بەڵام هەرزوو دەستەڵات بەمەترسی ئەمەیزانی درکی پێکرد ئێستا گروپی گەورە گەورە لەناو ئەحزابی سیاسیدا دروستکراون بۆ چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی سۆشیاڵ میدیا و هەزاران پەیج و ئەکاونتی تایبەت تەنانەت لەشکری فەیسبوك و لەشکری تایبەت  کە پێیدەڵێن لەشکری سوپای مێشولەکان دروستکردووە بۆبەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و زۆرجاریش بە ئاڕاستەی مەترسیدار دەستەڵات بەکاریهێناوە بۆ نموونە ساڵی ٢٠٢١ فەیسبوك ژمارەیەك ئەکاونت و پەیجی سڕیەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەستەڵات بەکاریهێناون بۆ لێدان لە نەیارەکانیان ).**

هۆیەکانی پەیوەندی کردن و تەکنەلۆژیا وکاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی هۆشیاریی مەدەنی( **ئەگەر کۆنفرانسەکان لە ڕێگەی فەیس توو فەیس بێ باشترە لە ڕێگای میدیاوە باشترە چونکە حیزبەکان میدیای خۆیان هەیە ئەتوانن هۆشیاری بلاوبکەنەوە بۆ تاکەکان بەڵام لەسەردەمی کۆرۆنادا شتەکان بوونە ئۆنلاین .. کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەردەمی کۆرۆنادا جۆرێك لە سڕبوونی بەخۆوە بینی، چونکە نەیتوانی خەڵك کۆبکاتەوە تۆ ناتوانی کۆمەڵێك ژن لە ڕێگای ئۆنلاینەوە کۆبکەینەوە ئەگەر چوونە ناو گەڕەکێکەوە ئاسان بێت ئەو ئۆنلاینە ئاسان نییە بۆیە کاریگەری هەبووە لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا سستی بەخۆوە بینی، چونکە ئەو پەیوەندیەی هەمان بوو لەگەڵ ژنی لادێنشین و کەمپەکاندا ساردبوویەوە بەڵام بەهاوکاری ڕێکخراو و حزبەکان ئەوەنەی کار لەسەر تەندروستی کرا کار لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی نەئەکرا).**

## باسی دووەم

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

توێژەر دوای خستنەڕووی شیکردنەوەی زانیاری پەیوەست بەهەردوو بەشی مەیدانی پرسیارنامە وچاوپێکەوتنی کۆمەڵی دەرئەنجامە گشتییەکانی و تایبەتیەکانی توێژینەوە دەخاتەڕوو لەوانە:

**یەکەم: ڕۆڵی کۆچ و کاریگەری لەسەر خاوبوونەوەی پڕۆسەی بەشاریبوون و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی هەروەك:**

أ-ئەنجامەکانی پێوانەکردن و چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپیەکە هاو ئەنجام بوون بۆ کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی و کاریگەری لەسەر خاوبوونەوەی پڕۆسەی بەشاریبوون بەوەی زیادبوونی چڕی دانیشتوانی بەشێوەیەکی هەڕەمەکییە بەهۆی هاتنی ئاوارە و پەنابەرەکانەوە .

ب-ئەنجامی پێوانەکردن لەگەڵ چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپیەکەدا هاوئەنجامە سەبارەت بە تێکەڵبوونی کولتووریی کە بۆتەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، ئەمەش بەهۆی هەردوو جۆری کۆچکردنەکەوە بووە کە ئەم تێکەڵبوونە کولتوورییە دروستبووە و وایکردووە گۆڕان لە شێوازی بیرو بۆچوون و بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بکات

ج-ئەنجامی پێوانەکردن لەگەڵ چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپیەکەدا هاوئەنجامە سەبارەت بە کۆچی دەرەکی و ناوخۆیی کە بۆتەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە جیاوازی لە چین و توێژەکانی سوودمەندبوون لێی لە ڕوانین و مامەڵەیان لەگەڵ عەرەب و کوردانی ڕۆژئاوا .

**دووەم : ڕۆڵی بوونی فرەیی ڕامیاری لە ئاڕاستەکردنی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا:**

أ-یەکەکانی نموونەی توێژینەوە فۆڕمی ڕاپرسیەکە لەگەڵ چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپیەکەدا هاو ئەنجامن بەوەی ڕۆڵی پارتە ڕامیارییەکان لە ئاڕاستەکردن و گەشەکردنی پڕۆسەی بەشاریبوون و دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی کوردستانیدا ڕۆڵێکی لاوازیان هەبووە .

ب-فرەیی ڕامیاری کاریگەری کەمی هەبووە لە گەشەکردنی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیدا ئەم ئەنجامەی پێوانەکردن هاوئەنجامە لەگەڵ چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپیەکە کە پێیانوابوو پارتە ڕامیارییەکان هەوڵەکانیان دژبووە بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مەدەنی لە ڕێی پشتیوانیان لە دەمارگیری لەناو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا.

ج-ڕێکەوتنێك هەیە لەنێوان ئەنجامی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە ململانێی ڕامیاری و نەبوونی کاریگەری لەسەر ئاستی بەشاریبوون، لەبەرامبەر ئەنجامی چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپیەکەیە بەمەش هاوئەنجامن (**بەشاریبوون بریتییە لە فەرهەنگ سازی ئەگەر ئەو فەرهەنگ سازیە نەبێت ئەوا وەك هەندێك دەڵێن هەولێر دەبێتە گوند وبونیادێکی نەخەملیو و سلێمانی دەبێتە ئۆردوگایەکی سەربازی، بەتەنها بینای بەرز و باڵەخانەکان نابنە ئیندیکەتەر بۆ ئەوەی بە شوێنێك بوترێت بەشاریبوون و سیاسەت بەرهەمی شارە لە قۆناغێکی سەرەتایی ململانێ و تۆڵەسەندنەوەی جێهێشتبێت و ژیانی مەدەنییەتی هەڵبژاردبێت ئەوا لە کوردستان ئەوەندەی گلۆباڵیزەیشن و میدیا وماس میدیا یان موسەلسەلە تورکیەکان شێوازی خەڵکیان گۆڕی بێت ڕەنگە حیزبەکان لە ئێستادا ئەو ڕۆڵەیان نەبینیووە**).

ح-ئەنجامی پێوانەکردن لەگەڵ چاوپێکەوتنە فۆکەس گرووپیەکەدا هاوئەنجامە سەبارەت بە بەوەی کە پارتە ڕامیارییەکان ڕێگە خۆشکەرنین لەبەردەم بەژداریکردنی ئافرەتان لەبواری سیاسەتدا بەمەبەستی برەودان بە ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی مەدەنییاندا کاریگەریەکی کەمیان هەبووە، ئامادەیی ئافرەتان بە هۆکار و پاساوی جیاوازبووە و سنوردار و هێمایی بووە.

د-پارتەکان بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکییەکانیان زیاتر پشتبەستوون بە کۆنفرانس.

